

# کۆمەڵێک وتارو لێداونەکانی

## هاوڕێ هەردی سەلیمی

بەشی دووهەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

## کۆمەڵێک وتارو لێدوانەکانی هاوڕێ هەردی سەلیمی - بەشی دووهەم

# پێڕست:

### بابەی ساڵی...............٢٠٢٤.............

١- بەردەوامیی تێکۆشانی مامۆستایان و بەردەوامیی شکستەکانی ڕێژیم.....
٢- دیاردەی کۆچ.....
٣- چەند پەیامی گرینگ لە ناخی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانەوە.....
٤- سەرۆککۆمارێک بە دەنگی ٢٥٪ی خەڵکی وڵات.....
٥- ترسی ڕێژیم لە قاسملوو.....
٦- ئێران؛ دۆزەخی پەنابەران.....
٧- جارێ باسێک لە دیپلۆماسی نییە، تۆڵە بژاردەی یەکەمە.....
٨- کۆمیتەی ڕاستیدۆزینەوە و چەند سەرنجێک.....
٩- پەیامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوونن.....
١٠- ئەندێشەی سەوزی "باجوەر" زیندووە.....
١١- ڕوانینی "عەلی ئینتزاری"، باوەڕی کۆماری ئیسلامییە.....
١٢- مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکرات.....
١٣- کوردستان؛ قوتابخانەیە، پێشڕەو و پێشەنگە.....
١٤- ساڵی نوێی خوێندن و سیاسەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی.....
١٥- قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران و چەند قسەیەک.....
١٦- "قووڵاییی ستراتێژیک" یا قووڵاییی شکست؟.....
١٧- کۆماری ئیسلامی فرچکی بە شەڕ و ئاژاوە گرتوە.....



سەرچاوە Serchawe

١٨- سێدارە، پێناسەی ٤٥ ساڵە.....
١٩- بەردەوامیی تێکۆشانی مامۆستایان و بەردەوامیی شکستەکانی ڕێژیم.....
٢٠- هەڵبژاردن یا هەڵخەڵەتاندن؟.....
٢١- خەمی مرۆڤ نییە، خەمی هیلالی شێعەیە.....
٢٢- دەوڵەتی پزشکیان پاش دوو مانگ.....
٢٣- بەردەوامیی نارەزایەتییەکان سەرەڕای مەترسیی شەڕ.....
٢٤- هەلومەرجی ئێران هەر ئینقلابییە.....
٢٥- خەسارناسییەک بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا.....
٢٦- دەرکەی دیپلۆماسی بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا داخراوە.....
٢٧- ئایا حیزبوڵڵا دەتوانێ هەستێتەوە؟.....
٢٨- یاسای حیجاب و ئەگەرەکانی.....
٢٩- قسەکانی خامنەیی؛ درۆ، دروشم، ترس و هەڕەشە.....
٣٠- بەشێک لە هەوڵەکانی دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم.....
٣١- ئەو دەرسانەی کۆماری ئیسلامی وەریانناگرێ.....
٣٢- زرمەی پێی فاشیزم لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا.....
٣٣- گرتن و لێدان و کوشتن، عامیلی ئازادییە".....
٣٤- خامنەیی تووشی وەهمی سەرکەوتن بووە یا ترساوە؟.....
٣٥- کوردستان؛ سەرباشقەی خەبات.....
٣٦- تێکۆشانی خەڵک دەبێ دەق بێ و ئەوانی دی پەڕاوێز.....
٣٧- ژنکوژی دیاردەیەکی دەوڵەتییە نەک نەتەوەیی.....
٣٨- زمانی دایک؛ داڵدەیەکە بۆ مانەوە و ملبادان لە بەرامبەر یەکدەستبووندا.....
٣٩- ئێستا نۆرەی تورکیەیە.....
٤٠- ٨ی مارس؛ خەبات بەردەوامە.....
٤١- نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی.....

بابەی ساڵی...............٢٠٢٥..............

٤٢- ئەوەی ڕابورد و ئەوەی دێ.....

٤٣- کۆماری ئیسلامی لە بەردەم پێملبوون یا ئامانجبووندا.....

٤٤- هەڵدانەوەی کۆنەبرین؛ کارێکی نابەرپرسیارانە.....

٤٥- نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان.....

٤٦- لەگەڵ "کفار" میهرەبانن.....

٤٧- دیاردەی کۆڵبەرکوژی.....

٤٨- مانگرتن بە جەماوەری بکرێ، چەکێکی کارایە.....

٤٩- بۆ ڕزگاری دەبێ ئیرادە بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە.....

٥٠- کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانخوڵقێنییەکانی خۆیدا.....

٥١- کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ تۆڵەیەکی توند لە خەڵک ئامادە دەکات.....

٥٢- "ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە".....

٥٣- بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی پاشاخوازی لە ئێراندا.....

٥٤- پێویستیی یەکویستیی کوردستان بەرامبەر بە ناوەند.....

٥٥- هەموو مێژووی هێزی پێشمەرگە شیاوی ڕێزلێنانە.....

٥٦- دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی؛ مافویست بەواتای تەواوی وشە.....

٥٧- مافی دیاریکردنی چارەنووس هەڵگری ستانداری دووانە نییە.....

٥٨- ورمێ؛ هێمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە.....

٥٩- حەوتی ئۆکتۆبر و لێکەوتەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی.....

٦٠- وەچەی ئاڵفاشمان تەیارە.....

٦١- ئازادیی ئەندێشە، قوربانیی هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تاران.....

٦٢- قەیرانی ئاو و قەیرانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی.....

٦٣- ٢٥ی نۆڤامبر؛ دەرفەتێکە بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی دەسەڵات و نەریتی دواکەوتووانە.....

٦٤- ئازادیی ڕاگەیاندن، ئازادیی کۆمەڵگەیە.....

٦٥- لەلای ئەوان مرۆڤی شیعەی فارسزمان تەوەری سەرەکییە.....

٢٣- "٩ی دەی" لە ڕۆژێکی حکوومەتییەوە بووە ڕۆژێکی خەڵکی.....

## بەردەوامیی تێکۆشانی مامۆستایان و بەردەوامیی شکستەکانی ڕێژیم



لە زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردووەوە ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران و لە کوردستان چالاکی بەردەوامیان هەبووە و هەیە. ئەگەرچی هەندێک جار بەهۆی بارودۆخ یان زەختی لایەنە ئەمنییەکان تووشی جۆرێک لە بێدەنگی بووە، بەڵام بەگشتی لەم ماوە زەمەنییەدا بەتایبەت لە کوردستان لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

ئەم ئەنجومەنە لەو سالانەوە چەندین داواکاریی گرینگی هەبووە کە وەک هێڵی سووری داواکارییەکانی سەیری کردووە، لەوانە: نەهێشتنی هەڵاواردن لە بواری پەروەردە و ڕاهێنان و هەوڵدان بۆ نەهێشتن و لابردنی هەر چەشنە پەروەردەیەک کە دەرخەری جیاوازیدانان لە نێوان قوتابییاندا بێ وەک خوێندنگەی جیاواز، پلان بۆ گۆڕینی کتێبە دەرسییەکان لە ڕووی سیما و نێوەرۆکەوە بەتایبەت بە مەبەستی سڕینەوەی ئیدئۆلۆژی لە کتێبەکان و هەروەها لابردنی کەشی تاکڕەگەزی لەسەر کتێبەکان، هەوڵدان بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک بەلووچستان و کوردستان کە لە ڕووی ئاوەدانییەوە بەئەنقەست دوا خراون، ناچارکردنی دەوڵەت بەوەی پەروەردە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە هەتا دوایین

قۆناغەکانی خوێندن بەخۆڕایی بێت، خوێندن بە زمانی دایکی لەو ناوچانەی وا نەتەوەی نافارسی لێیە و...

وەک دەبینن ئەم داواکارییانە هەموو لە خزمەتی قوتابییان و کۆمەڵگەکەدایە و تەنیا داوایەک کە لە بەرژەوەندیی خودی مامۆستایاندا بێ گەڵاڵەی پلەبەندییە کە ئەویش لەگەڵ ئەوەی مافی بێئەملاوئەولای خۆیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کێیە لەم ڕاستییە دڵنیا نەبێ کاتێک مامۆستایەک خەمی نان لێی گەڕێ دەرکەوتێکی باشتری نابێت لە کارەکەی خۆیدا کە پەروەردە و ڕاهێنانە؟! بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەوەی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە لە مامۆستایان دوور بخرێنەوە و هاوسۆزییەکیان لەگەڵیاندا نەبێ، بەئەنقەست و بەپێی پیلان ئەوە زەق دەکەنەوە کە بە وتەی ئەوان: "بۆ گیرفانی خۆیان نارەزایەتی دەردەبڕن، نەک ئەوەی لە خەمی منداڵانی خەڵکدا بن"! کە ئەم ڕوانینە، ڕوانینی دەسەڵاتە و بەمەبەستی تەریکخستنی نارەزایەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان ڕەنگە هەتا ئێستا بەو دەسکەوتانەی وا لە ئاسۆی ڕوانینیدایە نەگەیشتبێ، بەڵام دەستی لە تێکۆشان هەڵنەگرتووە و هەمیشە وەکوو سەرێشەیەکی جددی لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێناسە کراوە. لە گەرمەی شۆڕشەکەی ژینادا ئەنجومەنی مامۆستایان بەتەواوی و بە هەموو هێزی مەعنەوی و ماددیی خۆیەوە پاڵپشتیی لەو شۆڕشە کرد و تەنانەت لە شارێکی وەک سەقز ١٤٠ مامۆستای قوتابخانە بە کەمکردنەوەی مووچە سزا دراون، وەک باس کرا لە درێژەی ئەم ساڵانەدا هەر لە سەنگەری مافویستیدا بوون، ئێستا پرسیار ئەمەیە گەر ئەم نارەزایەتییانە تەنیا بەهۆی داواکاریی مووچە بووایە، بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی هێندە پێیان قەڵس دەبوون؟ لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان یەکێک لە دیارترین و پێشکەوتووترین ئەنجومەنەکانە وا لە نێوخۆی ئێراندا و سەرەڕای هەموو گوشارەکان درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە و دەدا؛ چون بەشێوەیەکی قووڵ و ڕیشەییش بۆ کێشەکان دەڕوانێ، هەربۆیە وەبەر غەزەبی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەوتووە.

گەڵاڵەی پلەبەندییەکە کە مافی سەرەکی و بنەڕەتیی مامۆستایانە، تەنانەت لەوەشدا دەستی هەڵواردنیان تێخستووە و وەک ئیمتیازێکیان لێ کردووە بۆ ئەوەی گوشارێک بێ لەسەر مامۆستایانی نارازی و چالاک، بۆ نموونە دەبێ ئیدارەی ئامووزش و پەروەرش و حەراسەتی ئەو بەشە کە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتە ئەو مامۆستایە تەئید یا ڕەد بکا بۆ ئەوەی ئەو مافەی پێبدرێ یا لێی بستێنرێ؛ بە خەیاڵی خاوی خۆیان دەیانەوێ ئەم بەبارمتەگرتنی مافە بکەنە گوشارێک بۆ ئەوەی مامۆستایان واز لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ بێنن!

لە ئاستی ئێراندا ٢٥ ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان هەیە کە سێ دانەیان لە کوردستاندان و لە شارەکانی سەقز و مەریوان و سنەدا چالاکن و دەتوانین بڵێین لە ڕووی تێکۆشانەوە سەرباشقەی هەموو ئەو ٢٢ ئەنجومەنەی دیکەن؛ لەخۆڕا نییە هەر لەم ماوەی پێشوودا چەندین مامۆستا لەم شارانە لەسەر کار لابران یا تووشی زیندان و دەسبەسەرکردن و کەمکردنەوەی مووچە و... بوون؛ بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە هەتا زیاتر مافیان پێشێل دەکرێ، مکوڕتر دەبن لەسەر تێکۆشانیان.

وەک دوایین وتەش دەبێ بوترێ سیستمی پەرەوەردەی کۆماری ئیسلامی پاش ئەم هەمووە ساڵە و ئەو هەمووە تێچووە، هەم مامۆستایانی دەرچوو لە سیستمی گوزینشییەکەی خۆی، بەدژی دەرکەوتوون، هەمیش ئەو وەچەی کە لەبەر دەستی ئەواندا و بە کتێبە ئیدئۆلۆژیلێدراوەکانی ویستی پەروەردەیان بکات، لەدژی ڕاسان، کە نموونەی بەرچاوی لە شۆڕشی ژینادا بەتەواوی دەرکەوت و کۆماری ئیسلامی لەم ڕووەشەوە دۆش داما.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## دیاردەی کۆچ



دیاردەی کۆچکردن دیاردەیەکی نوێ نییە و بە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە و هەر هەبووە. ئەم دیاردەیە دەتوانێ هۆکارگەلی زۆر لەخۆ بگرێ و هاندەرەکانی یەکودوو نین، بەڵام دەکرێ بەکورتی بڵێین مرۆڤەکان بۆ ڕزگاربوون لە کۆمەڵێک کێشە و ئارێشە و بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر و بێکێشەتر، کۆمەڵێک مەترسی قەبووڵ دەکەن و ڕێگەی کۆچکردن دەگرنە بەر.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە چەند برگەی مێژوویی‌دا شاڵاوی کۆچکردن ڕووی داوە، لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دوای شەڕی هەشتساڵەی ئێران و ئێراق، پاش ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ و ئەم دواییانەش. بەجۆرێک کە

ئێستا کارناسانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو باوەڕەدان ڕوو لە گەشەترین دیاردەی کۆمەڵایەتیی ئێران هەمان پرسی کۆچکردنە. جیاوازیی ئەم بڕگەیەی ئێستا لەگەڵ ڕابردوودا لەوەدایە کە ئێستا لاوانی شارەزا و خاوەنی بڕوانامە ئاکادێمییەکان زیاترین ویستیان لەسەر کۆچکردنە.

بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە بۆ ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی کۆچکردنی خەڵکانی خاوەن ناسنامەی وڵاتی ئێران ١٤١٪ هەڵکشاوە، واتە لە ساڵی ٢٠٢٠دا کە ٤٨ هەزار کەس کۆچیان کردووە، لە ساڵی ٢٠٢١دا ئەم ژمارەیە بووەتە ١١٥ هەزار کەس، ئەم ئامارە لە دوو ساڵی ڕابردووشدا هەر زیادی کردووە؛ بە جۆرێک کە شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن وڵاتی ئێران تووشی دیاردەی کۆچکردنی بەکۆمەڵی کونترۆڵنەکراو بووە.

چاوێک بەو دامەزراوانەی فێرکاریی زمانی ئینگلیسی و قوتابخانەی چەندزمانی و ئاسانکاری بۆ کۆچکردن وا لەم ساڵانەی دواییدا وەک کارگ هەڵتۆقیون بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ ئەمانە لە ئاکامی گەشەی داواکارییەکاندا بەو ڕادەیە زۆر بوون. بەپێی هەندێک ئاماری مەیدانی نزیک لە شەست٪ی ئەو کەسانەی خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە پەرستاران و پزشکان و مامۆستایانی زانکۆ پێکهاتوون و لەم ڕاپرسییە مەیدانییەدا وڵامیان داوەتەوە: ویستیان لەسەر ئەوە بووە لەو وڵاتە نەمێنن، ئەوەی کە چەندە بۆیان هەڵدەسووڕێ یان نا بابەتێکی دیکەیە، بەڵام زۆربەی نزیک بەتەواویان هۆکارگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەبەرچاو بووە بۆ ئەم ویست و بڕیارەیان.

هەر لەم بارەیەوە کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن ڕێژەی ئەم دیاردەیە نەک کەم ناکات، بەڵکوو لە داهاتوودا گەشەی زیاتریش دەکات و ئاسەواری ڕووخێنەری دەبێ بۆ ئەو وڵاتە کە یەک لەوان نەمان یا کەمبوونەوەی هێزی کار و هەروەها هێزی شارەزایە و شوێنی ئەم کەسانە بە کەسانی بێئەزموون پڕ دەکرێنەوە، کە خەساری زۆر بەتایبەتی بە بەشی تەندروستی و بەشی زانستی و زانکۆکان دەگەیەنێ، وەک چۆن تا ئێستا گەیاندوویەتی.

پرسیار ئەمەیە ئایا کۆماری ئیسلامی گرنگییەک بەم بابەتە دەدا و ڕێکارێکی بۆ نەهێشتنی هەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. چەندین جار کاربەدەستان و خاوەنئیمتیازە ورد و درشتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندووە ئەوانەی وا ناتوانن لەم وڵاتە و لەژێر سایەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا بژین، کەس پێشی پێنەگرتوون و دەتوانن بڕۆن! کۆماری ئیسلامی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو یەکدەستکردنی دەسەڵات و وڵات هەنگاو دەنێ، کەسانی ناڕازی وەک موزاحیمێک لەسەر ڕێی دابەزاندنی ویستەکانیدا دەبینێ، بۆیە تەنانەت بانگەشە و کارئاسانییشیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە جێبهێڵن. تەنانەت یەکێک لە کاربەدەستانیان جارێک وەک هەڕەشەیەک لە یەکیەتیی ئورووپا وتی: "گەر سنوورەکانمان ئاوەڵا کەین،

وڵاتانی ئورووپایی دەکەونە بەر لافاوی هێرشی کۆچبەران!" کە ئەم وتەیە ئێعترافێکی کوشندەیە بۆ دەوڵەتێکی بەرپرسیار، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەرگیز هەستی بە بەرپرسیاری نەکردووە، دەنا دەبێ لە خۆیان بپرسن چۆنە وەها دۆخێکیان پێک هێناوە کەوا بە کردنەوەی سنوورەکان وڵاتەکەیان چۆڵ دەبێ؟! کەسێک ئامادەیە ئیمتیازی شارۆمەندیی خۆی بگۆڕێتەوە بە پەنابەربوون! هەر ئەم ڕاستییە دەرخەری ئەوپەڕی بێکەفایەتیی بەڕێوەبەرانی وڵاتێکە.

ئەوانەی وا کۆچیان کردووە شێوە و سیستمی دەسەڵاتداری، ناجێگیربوون و دارمانی دۆخی ئابووری، نەبوونی ئازادیی سیاسی، هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی، نەبوونی دوورەدیمەنی دڵخۆشکەر و تەنانەت نەبوونی ئازادیی دەسڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و... وەک هۆکارە سەرەکییەکانیان بۆ جێهێشتنی ئێران ناو دەبەن. ئەمە بەو واتایە هەموو ئەو کەسانەی ئەم ڕێگەیە دەگرنە بەر کەموزۆر بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناڕازین و نایانەوێ لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا ژیان بەسەر بەرن. بە نەمانیان لە ئێران ئەو پۆتانسیەلەی ناڕەزایەتییە وا تێیاندایە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی نابێتەوە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای ئێران کە ناڕەزایەتییەکان بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە؛ هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەوڵیش دەدا کەسانی ناڕازی دوور بخاتەوە.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

## چەند پەیامی گرینگ لە ناخی شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانەوە




"بۆ نەتەوەیەک - وەک هەندێک لەو نەتەوانەی کەوا دەیانبینن بە هەموو دەماربەرزییەک وا هەیانە – شەرمە لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییەکەیاندا، ۳۵ یا ٤٠٪ی ئەوانەی دەتوانن بەشدار بن، بەشداری بکەن. ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەو خەڵکە نە متمانەیان بە سیستمی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان هەیە نە بۆیان گرینگە و نە هیواشیان پێیەتی." ئەمە بەشێک لە قسەکانی "عەلی خامنەیی"یە لە وتاری نوێژی هەینیی ڕۆژی ۲۸ـی بانەمەڕی ۱۳۸۰ لە تاران.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە لایەنگرەکانی بە "بەسیر" و "فەرزانە" ناوی دێنن، لەو کاتەدا سەرخۆش و لەخۆباییی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ٧٦ بوو، بۆیە ئاوا بە بڕوابەخۆبییەوە باسی لە بەوتەی ئەو "ئابڕووچوون"ـی نەتەوە و دەسەڵاتی وڵاتانی دیکە دەکرد، بەڵام دوێنێ سواڵی دەنگ و بەشداریی دەکرد و بینیشمان چەندە دەستی درێژبووی لەلایەن خەڵکەوە پڕ کرا! ئەگەر لە چەند بەناو هەڵبژاردنی ئەم ساڵانەی دوایی ورد بینەوە، ئەوەی بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ هەمان شکستی قۆناغ بە قۆناغ و بەردەوامی سیاسی و ڕەواییی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام دوێنێ وێڕای ئەوەی شکستێکی پشتشکێن بوو بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا وتەکەی خامنەیی بە پێوەر بگرین "ئابڕوو"شیان لەسەر دانا ئەڵبەت گەر وا دابنێین ئابڕوویەکیان بووبێ.

مەترسیی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل، دۆخی داڕماوی ئابووریی ئێران، کێشەی حیجاب وەک یەکێک لە سەرەکیترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دانـان بە کاریگەربوونی تەحریمەکان لەلایەن بەربژێرەکانەوە لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا، هاواری کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ ئەوەی وا بنوێنن لەدوای مردنی سەرۆککۆماری پێشوو ئێران لە قەیرانێک کەوتووە و دەبێ فریای کەون، باس لە پێویستیی گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە، ترساندنی خەڵک بۆ ئەوەی ڕەییسییەکی تر نەبێتەوە بە

سەرۆککۆمار، هێنانەوە مەیدانی ئیسلاحخوازانی حکوومەتی و زۆر هۆکار و هاندەری تریش کە ڕیز کرابوون بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری ببەنە سەرەوە، بەڵام بە بایکۆتی بەربڵاو و یەکدەستی خەڵک ئابڕووی پێشتر چوویان چووە سەفەرێکی دوورودرێژتر.

گەر لە ساڵی ٩٦ دروشمی سەر شەقام، تێپەڕین لە هەردوو باڵی بناژۆخواز و ئیسلاحخوازی ڕێژیم بوو، لە ئەمڕۆدا لە گۆڕەپانێک کە دەسەڵات دیاریی کردبوو، بەکردەوە نیشان درا ئەوە دروشمێکی نێوبەتاڵ نەبووە و پتر لە پێشووتر چەسپاوە و بووەتە باوەڕێکی نەگۆڕ، ئەمجار کارتی "خاتەمی"یش نەیخوارد و فریایان نەکەوت.

خوێندنەوەیەکی گرنگی تریش دەکرێ بۆ ئاکامی ئەم پرۆسەی دەنگەوەرگرتنە - دەنگەوەرگرتن و هەڵبژاردن دوو چەمکی لێکجیان - بکرێ. ئامارە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێژەی بەشداریی پارێزگاکانیشیان دیاری کردووە و پەیامی گرینگی تێدایە بۆ هەموو چاودێرانی سیاسیی ئێران. ڕاستە جگە لە لایەنگرانی دەسەڵات کەس بڕوای بە ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی نییە و بۆ پشتپێبەستن نابێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر ئەو ئامارە پەیامێکی ڕوونی پێیە.

لەگەڵ ئەوەی وەک باس کرا ڕێژەی بەشداری لە ئاستی سەرانسەری ئێراندا کەم بوو، بەڵام لەنێو ئەم کەمەشدا کەمترینەکانیش شایانی سەرنجن. پارێزگای سنە، شاری تاران، پارێزگاکانی خووزستان (عەرەبستانی ئێران)، بەلووچستان و گیلان لە ڕیزی یەک تا پێنجەمی کەمترین بەشداریدان. جگە لەوەی خودی شاری تاران حەشیمەتێکی زۆری لە نەتەوەکانی تر لەنێو خۆیدا جێکردووەتەوە یەک لەوانەش کورد کە چەند ملیۆن کەسێک دەبن، بەڵام دەکرێ خوێندنەوەی سیاسیی بۆ ئەم شارە بکرێ کە وەک پێتەختی سیاسیی ئێران و ناوەندی ئەو وڵاتە بەشدارییەکی زۆر کەمی هەبووە و نیشان لە بێهیواییەکی قووڵ و لەدەستدانی ڕەوایی کۆماری ئیسلامییە لە ناوەندی دەسەڵاتەکەیدا، بەڵام بابەتی ئەو چوار پارێزگای تر دەتوانێ جیاوازتر بێ.

لەگەڵ ئەوەی بێگومان بۆ ئەم خوێندنەوەیە دۆخی سیاسی و ئابووری و دواکەوتوویی پیشەیی و لەو چەشنە بابەتانە لەبەرچاو گیراون، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێ چوار نەتەوەی کورد، عەرەب، بەلووچ و گیلەک کە لەم ڕێژەیەدا بەرچاوترینن، شوناسخوازییەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران. دەنگنەدانی فارسێکی تارانی لەگەڵ دەنگنەدانی کورد و عەرەب و بەلووچ و گیلەکێک نابێتە یەک و خوێندنەوەی وەک یەکیان بۆ ناکرێ. ئەم بەشداری‌نەکردنە پرواتایە - لوڕ و تورکمەنیش دەگرێتەوە و ئەوانیش هەر ڕێژەی بەشداریکردنیان کەم بووە — لەگەڵ ئەوەی بەرچەسپێکی بەحەقی شەرمی ناوە بە نێوچاوانی خامنەیی و دەسەڵاتی کۆماری

ئیسلامییەوە، پشتی سیاسەتی ناوەندگەراییشی شکاندووە و پەیامێکی ڕوونە و وتنی نایەکی بەرزە بە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش کە خەون و خەیاڵی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای تر لە مێشک و دڵیاندایە؛ پەیامەکە ئەمەیە: هەتا بەدەستهێنانی مافە یەکسانەکان بۆ هەموو نەتەوە ژێردەستەکان ئەم نافەرمانی و هەوڵ و خەباتانە بەردەوام دەبن.

٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

## سەرۆککۆمارێک بە دەنگی ٢٥٪ی خەڵکی وڵات




خولی دووەمی دەنگوەرگرتنەکان بۆ سەرۆککۆماریی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوێنێ، هەینی ١٥ی جۆزەردان بەڕێوە چوو، کە لەوێدا و بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی نێوخۆی ئێران نزیکەی ٪٥٠ی ئەوانەی دەیانتوانی دەنگ بدەن، دەنگیان داوە و "پزشکیان" لە کێبەرکێ لەگەڵ "جەلیلی"دا براوەی ئەم دەنگوەرگرتنانە بووە. ئەو ڤیدیۆ و وێنە و ڕاپۆرتە خەڵکییانەی دوێنێ کەوا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بڵاو دەبوونەوە، دەرخەری درێژەی بایکۆتی حەوتووی پێشوو بوون، بەو حاڵەشەوە ڕێژیم کە دەستێکی باڵای لە بەراوەژووکردنی ڕاستییەکاندا هەیە، لەدوای قسەکانی دوێنێ بەیانیی "عەلی خامنەیی" کە وتی:

"بیستوومە ڕێژەی بەشداری هەڵکشاوە" ئەم بەشدارییە کزەشیان بە ناوی بەشدارییەکی بەناو حەماسەیی دەرخواردی خەڵک دا و خۆیان لێ بەخاوەن کرد.

هەر لەو کاتەوەی سەرۆککۆماری پێشوو بە شێوەیەکی گوماناوی نەما، هەتا ئەو کاتەی وا بەناو ئابڕووی دەسەڵاتەکەی گرێ دایەوە بە ڕێژەی بەشداریی خەڵک، کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە "عەلی خامنەیی" ڕیسکێکی پڕمەترسیی کرد. ئەو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەردەوام شایەدی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکی نارازیی ئێران بووە و بە سەدان جار دروشمی مەرگ و نەمانی دژبە خۆی و دەسەڵاتەکەی بیستووە، عەوداڵی گەڕاندنەوەی ڕەواییەک بوو کە لەمێژ بوو لەدەست چووبوو؛ ڕووهەڵماڵراوییەکەیان لەبەرچاو نەگیرێ، سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان دەستەبەر نەکرد.

بە هەرحاڵ لەم سنووقی دەنگدانە نائازاد و ناسالمەدا مەسعوودی پزشکیان هاتە دەر. مەسعوودی پزشکیان یەکێک لەو بەربژێرانە بووە کە هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو و وردی نییە، بە دەیان جار لە دیبەیتەکانیدا ئەم بێبەرنامەییەی دەرکەوت، بەپێچەوانەی "خاتەمی" و "ڕۆحانی" کە هەندێک بەڵێنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەدا، پزشکیان لە هەموو سات و لەسەر هەموو پرسە هەستیارەکاندا دەگەڕاوە بۆ عەلی خامنەیی و دەیکوت: "ئەو بابەتە پێوەندیی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە هەیە".

بەڵام بۆچی پزشکیان؟ هەرچەند پێشبینیی ئەم بابەتە ئاسان نەبوو و چاودێرانی سیاسیی ئێران زۆر لە ناوی سەرۆککۆماری داهاتووی کۆماری ئیسلامی دڵنیا نەبوون، بەڵام ناوکی دەسەڵاتی ڕێژیم لەدوای ئەوەی لە ئاستی نێوخۆییدا لە دوو ساڵی ڕابردوودا گەورەترین نارەزایەتیی بەدژیان بەڕێوە چوبوو و ئاسەوارەکانیشی هەر ماوە، پێویستیان بە گەرمکردنی هەڵبژاردن بوو، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەکەوە کەسێکیان هێنابوو کە درێژەدەری سیاسەتەکانی "ڕەییسی"یەک بێ کە لە کاتی دەوڵەتی ئەودا بەرینترین نارەزایەتیی مێژووی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا و بەدوای ئەوەدا سەرکوتێکی توند و دڕندانە – کە ئەم بەشە بۆ ترساندن بوو، لەلایەکی تریشەوە مەسعوودی پزشکیان وەک کەسێک کە سەر بە کەمینەیەکی نەتەوەییە و کوردییش دەزانێ و خۆشی بە داکۆکیکاری مافەکانی ئەو کەمینانە ناساندبوو، بۆ ئەوەی ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینزاییانە بگێڕێتەوە بۆ لای پرۆسەی دەنگدان، جگە لەوە وەک ئیسڵاحخوازێک ناسێنرا.

بۆ دەرچوواندنەکەشی دەکرێ بوترێ پزشکیان کەسێک بووە کە هەرگیز دەسەڵاتێکی بەهێزی پشتەوەی پەردەی لە کۆماری ئیسلامیدا نەبووە و کونترۆڵ و چاودێریکردنی لەلایەن بەیتی عەلی خامنەییەوە ئاسانترە لەچاو کەسێکی وەک جەلیلی کە لە "جبهەی پایداری"دا خاوەنی پێگەیە. سەرەڕای ئەوەش پشتیوانیی خەڵکیشی لەگەڵ نییە و لە گەشبینانەترین حاڵەتی

خۆیدا و بە وەرگرتنی ئامارەکانی ڕێژیم، ئێستا ئەو سەرۆککۆمارێکە کە تەنیا ٪۲۵ی خەڵکی ئەو وڵاتە دەنگی پێداوە و ناتوانێ خۆی بە نوێنەری ڕەهای خەڵک بزانێ. جگە لەم هۆکارانە، بێگومان یەکێک لە سەرەکیترین ئاسۆکانی ڕوانینیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم بووە، هەرچەند وەک هەمووان دەزانن و پزشکیانیش بە دەیان جار دانی پێدا نا، ئەم بەشە و زۆر بەشی تریش لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی خامنەییدایە، بەو حاڵەشەوە پێیان خراپ نییە دەورێکی تریش بچنەوە بەرەو وتوویژ لەگەڵ وڵاتانی زلهێز لە ڕێگەی دەوڵەتێکی بەناو میانەڕەووە. وا وێدەچێ و دەکرێ لە ئاستی ئاماژەیەکیشدا بووبێ بڵێین چاوێکیشیان لە پرۆسەی دەنگوەرگرتنی خولی داهاتووی مەجلیس هەیە و ئەمجار بەو بیانووەی دەبێ مەجلیسێک هەڵبژێررێ کە میانەڕەو بێ بۆ ئەوەی هاوکارێکی باشتر بن بۆ سەرۆککۆمارێکی میانەڕەو، لە ئێستاوە تەنووری ئەو بەناو هەڵبژاردنەش گەرم بکەن.

هەموو ئەوانەشی کە کەمینەیەک بوون، هاتن و بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی و سیاسەتی دێو و پەری ویستیان خەڵک فریو بدەن کە سەرکەوتوو نەبوون، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا هەموو پاساویان ئەوە دەبێ کە گەر جەلیلی دەنگی هێناباوە دۆخەکە زۆر لەوەی ئێستا هەیە خراپتر دەبوو! جگە لەوەش لەگەڵ مەجلیسێک کە هاوکار نەبێ ناکرێ سیاسەتەکان پیادە بکرێن! ئەمە سیکلی ئەو پرۆسەیە وا لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا بەناوی هەڵبژاردن دەرخواردی خەڵک دەدرێ و لە کۆتاییدا هیچ کەسێک لە بەرامبەر خەڵکدا وڵامدەر نەبووە و نابێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنانە و هەڵوێستی خەڵکی کوردستاندا، دەبێ بڵێین کوردستان بە کەمترین بەشداریی لە سەر ئاستی ئێران، وەک هەمیشە پەیامی خۆی ڕاشکاوانە بە تەواویەتی ئەم ڕێژیمە و ماهییەتە ئیدئۆلۆژیکە دژیگەلییەکەیدا. خەڵک لە کوردستان بە نەچوونە سەر سندوقەکانی دەندان و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بۆ جارێکی دیکە و ئەمجارەیان یەکگرتووانە و لێبراوانەتر لە هەمیشە پەیامی سیاسیی خۆی کە "نا" وتن بە سیاسەتی سەرکوت و حاشالێکردنی ڕێژیم و بەردەوامبوونی شێلگیرانەی لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیەتی گەیاند، کە جێی شانازی و ئافەرین پێ وتنە .

۱۶ی پووشپەڕی ۲۷۲٤

## ترسی ڕێژیم لە قاسملوو




٣٥ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور "عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو"دا تێپەڕ دەبێ، بەداخەوە ئێستاش پەروەندەی ئەو تێرۆرە نەچووەتە دادگایەکی سەربەخۆی مونسیف و بڕیارێکی دادپەروەرانەی لەسەر نەدراوە، هەتا بۆ ڕای گشتیی جیهان ڕوون بێتەوە کە چی ڕووی داوە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ـی هەتاویدا و لایەنی تاوانبار بە چ سزایەک گەیشتووە. ئەم پووش بەسەرداکردنە جگە لەوەی هاوکاریی ڕاستەوخۆی تێرۆر و تێرۆریزم بێ، هەڵگری هیچ واتا و ناوێکی تر نییە. ڕاگەیەنە گشتییەکان، داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان، بانگەشە و زاڵکردنی ڕوانگەکان هەمووی لە پاوانی دەوڵەتاندایە و ئەوان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیاریی دەکەن، تێرۆر کامەیە و تێرۆریزم چییە و تێرۆریست کێیە.

لێرەدا با جارێکیش ئاوڕ لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو وەک یەکێک لە دیارترین قوربانییەکانی تێرۆریزم بدەینەوە وا لەسەر مێزی وتووێژدا تێرۆر کرا، دوکتور قاسملوو لە وتوویژ لەگەڵ "عاتفە گورگین"دا لەبارەی تێرۆریزمەوە دەڵێ: "ئێمە پێمانوایە تێرۆریزم هەنگاوێکە کە ژیان و ئازادیی خەڵکی بێدفاع دەخاتە مەترسییەوە. دەوڵەتانی ڕۆژاوایی پێیان خۆشە تێرۆریزم لە بەبارمتەگرتن و بۆمبنانەوە لە شارە گەورەکاندا کورت کەنەوە. ئەڵبەت ئێمەش ئەمانە بە کردەوەیەکی تێرۆریستی دەزانین و ئیدانەشی دەکەین. ماوەی حەوت ساڵە لەدژی ڕێژیمێکی جەنایەتکاری وەک ڕێژیمی خومەینی لە شەڕداین، بەڵام هەمیشە خۆمان لەوە پاراستووە گیان و ئازادیی خەڵکی بێدفاع بخەینە مەترسییەوە. نەتەنیا هەرگیز پەنامان نەبردووەتە بەر بەبارمتەگرتن، تەنانەت یارمەتیمان بە ئازادیی چەندین بارمتەی ئورووپایی بەتایبەت فەڕانسەیی کردووە. بە ڕای ئێمە بۆمبنانەوە و بەبارمتەگرتن لە کورتماوەدا دەبێتە هۆی بانگەشە و تەبلیغاتێک بۆ

ڕێکخراوەیەک، بەڵام لە درێژماوەدا زیان بەو بزووتنەوەیە دەگەیەنێ و لە ڕێی دروست و ئوسوولی لای دەدا و لە نێوەوە هەڵیدەتەکێنێ.

هەر لەم ڕووەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر لە بنەڕەتڕا دژی بۆمبنانەوە و بەبارمتەگرتنە کە لەودا ژیان و ئازادیی کەسانێکی بێدفاع کەوا هیچ بەرپرسیارەتییەک نییە بکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی. بەڵام بە ڕای ئێمە دەوڵەتی "ئامریکا"ش هەر تێرۆریستە کە بەزۆر وڵاتی "گرانادا"ی داگیر کردووە و یارمەتی بە "کۆنتراکان" دەکات بۆ ئەوەی لە وڵاتی "نیکاراگووە" کردەوەی تێرۆریستی بکەن. دەوڵەتی "ئافریقای باشوور" کە خەباتکارانی دژی ئاپارتاید دەکوژێ هەر تێرۆریستە. ڕێژیمی خومەینی کەوا خەڵکی گوندەکانی کوردستان قەتڵوعام دەکات و تێرۆریزمی، بەکردەوە هەتا ئاستی سیاسەتی دەوڵەت هەڵکشاندووە، پێش لە هەمووان تێرۆریستە. لە ڕاستیدا ناساندنی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەت بزووتنەوە ڕزگاریخوازەلان وەک تێرۆریست، یەکێک لە شێوەکارەکانی سەرمایەدارییە. گەر فڵانە دەستەی "فەلەستین"ی لە شارە گەورەکاندا بۆمب دادەنێتەوە، فڕۆکە دەرفێنێ، تێرۆریستە، کەوایە دەبێ دەوڵەتی "ئیسرائیل"یش وا کەمپی پەنابەران بۆمباران دەکات، بە تێرۆریست بناسێنرێ. گەر بۆمبنانەوە لە "ستانبوڵ" کە بووەتە هۆی کوژرانی ٢٤ کەس، کردەوەیەکی تێرۆریستی دێتە ئەژمار و دەبێ ئیدانە بکرێت، دەبێ دەوڵەتی "تورکیە"ش بە تێرۆریست بزانن و ئیدانەی کەن کە بۆمبارانی خاکی باشووری کوردستان دەکات و دەبێتە هۆی کوژرانی ٢٥٠ کەسی بێدفاع و بێتاوان.
لەلایەکی تریشەوە نابێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو نەگیرێ کە تێرۆریزم لەنێو ناچێ هەتا ڕیشەکانی لەنێو نەچێ، تێرۆریزم مەعلوولە نەک عیللەت. هۆکارەکانیشی بۆ نادادپەروەری، قەیرانی کۆمەڵایەتی، ستەمی نەتەوەیی، هەڵاواردنی ئیتنیکی و... دەگەڕێتەوە. [...] دەبێ بۆ خەبات لەدژی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، نەتەنیا لەگەڵ گرووپ و تاقمەکاندا، بەڵکوو زیاتر بەدژی ئەو دەوڵەتانەی کە هاندەری تێرۆریزمن درێژە بە خەبات و بەربەرەکانێ بدرێ؛ گومانێک لەوەدا نییە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی هەموو ئەم دەوڵەتانەیە".

دوکتور قاسملوو لە ئاستێکی جیهانیدا خەمی لە نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری دەخوارد، بۆیە بەلایەوە گرنگ بوو کە دژی هەر چەشنە تێرۆریزمێک دەنگ هەڵێنێ و ئیدانەی بکات و هەڵوێستی هەبێ و بۆ نەهێشتنی هەوڵ بدات. سیاسەت و باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو بەپێی ئوسوول دارێژرابوو و لە قازانجی هیچ کەس و لایەن و وڵاتێکدا لەو ئەسوولانە لاینەدەدا. لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی بۆ بووە ئامانجی تێرۆری کۆماری ئیسلامی، دیسان دەبێ ئاوڕ لە هەڵوێست و کردەوەکانی ئەو سەردەمەی بدەینەوە؛ هەر لەو وتووێژەدا ئاماژە بە چەن خاڵی گرنگ دەکات کە بۆ ئێستاش جێی سەرنج و دەرخەری مەبەستی چەپەڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی دوکتور قاسملوویان کردە ئامانجی تێرۆرەکەیان.

ولامەکەی دوکتور قاسملوو بەو پرسیارانە لێرەدا بەکورتی هاتووە کە دەڵێ: "من لەو سیاسییانە نیم کە لەپێشدا ڕێکەوتێکی دیاریکراو بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی دابنێم، زۆر کەس کاتیان دیاری کرد و بە تێپەڕبوونی کات زانیمان هەڵەیان کردووە. من لەسەر واقعیەت سیاسەت دەکەم نەک لەسەر خەیاڵ و پێخۆشبوون، لە ڕاستیدا ئەم ڕێژیمە بە دەرکردنی بەیاننامە لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێ، بۆیە پێویستە و دەبێ بەرەیەک لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران پێک بێ، ئەوانەی کە دژی ڕێژیمی خومەینین و نایانەوێ هەوڵ بدەن بۆ هێنانەوەی سیستمی پاشایەتی، باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە و نایانەوێ دڵ بە دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە خۆش بکەن کە دواتر ملکەچیان بن، هەروەها باوەڕیان بە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی هەیە دەتوانن لەو بەرەیەدا بەشدار بن. ڕاستە ئێمە تەنیا حیزبی چالاکی مەیدانین و زیاترین گوشاریشمان بۆ ڕێژیم هێناوە، بەڵام دەبێ خەڵکانی تریش لە کاری سیاسییەوە بگلێن و مەرجیش نییە هەموو وەک ئێمە خەباتی چەکدارانە بەدژی ڕێژیم بکات، ئێمە تەنانەت لە شێوازی نەرێنیی خەباتیش پێشوازی دەکەین. ئەو ژنانەی ناچنە ژێر باری حیجابی زۆرەملییەوە، ئەو لاوانەی ئەو شێوازە لە ژیانیان پێخۆش نیە وا ڕێژیم بۆی دیاری کردوون و نارەزایەتی دەردەبڕن، تەنانەت ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان کە ناچن لە پشسەری پێشنوێژێکەوە کە حکوومەت دایناوە نوێژ بکەن، هەموو ئەمانە بە چەشنێک لە خەبات دەبینین و بە ئاکامی ئەم هەوڵانە گەشبینین".

لە چاو و زەینی وردبینی دوکتور قاسملوو هیچکام لەمانە دوور نەبوون، شرۆڤەی ڕووداوەکان و ڕێکخستنی جەماوەر تێوەگلاندنی چینی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی و نزیککردنەوەی خەباتکاران لە دەوری یەکتر و لە هەموویان گرنگتر خەباتێکی پێداگرانە و بێڕاوەستان لەو تایبەتمەندییانە بوون کە دوکتور قاسملووی کردبووە گەورەترین لەمپەر بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجەکانی، دەکرێ زۆر سادە بڵێین کۆماری ئیسلامی حیسابی بۆ دوکتور قاسملوو دەکرد و لە هێزی دەترسا، بۆیە کردییە ئامانج و تیرۆری کرد، کە بەداخەوە ئێستاش ئەو سیستمە جیهانییەی کە لە پشتەوە یا ڕاستەخۆ پاڵپشتی تیرۆریزمە یا بە بێدەنگییەکەی پاڵپشتیەتی و هەنووکەش زیندانیی لەگەڵ دەگۆڕێتەوە و دوکتور بەحەق ڕەخنەی لێ دەگرت و خەبات بەدژیشی وەک ئەرکێک دەزانی، هێشتا نایەوێ دەستی سووری جەنایەتکارانی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بۆ هەمووان ئاشکرا بکات.

٢٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران، دۆزەخی پەنابەران



مێژووی هاوچەرخی وڵاتی ئەفغانستان پڕە لە دەستاودەستبوونی توندوتیژانەی دەسەڵات و سەرهەڵدانی چەندین دیکتاتۆریی جۆراوجۆر. وڵاتی فرە نەتەوەی ئەفغانستان ساڵانێکی زۆرە لە شەڕ و ناسەقامگیرییەکی بەردەوامدا بەسەر دەبات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەم هێزە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە و هەمیش هێزە دەرەکی و تەنانەت دراوسێکانیشیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە شەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا بووبێ. لە نیو سەدەی ڕابردوودا هەردوو بلۆکەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات لەو وڵاتەدا تەراتێنیان کردووە و تووشی جەنایەتی جەنگی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک بوون، لەگەڵ ئەوەش کودەتا سەربازییەکان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە، ئەو وڵاتەی گیرۆدەی شەڕێکی بەرواڵەت بەردەوام کردووە.

بەدەر لەوەی کێشە و شەڕی ئەم هێزە سیاسییانە بە کوێ گەیشتووە و چ ئاکامێکی سیاسیی لێکەوتووەتەوە، لەم نێوەدا ئەوەی دیارە ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتە لە ڕاستیدا ڕووی ئاسایشیان بە خۆیانەوە نەبینیوە و بەردەوام یا لێیان کوژراوە یا ئاوارە بوون. لەنێو ئەم ئاوارانەدا بەشێکی هەرە زۆریان بەتایبەت لەدوای کودەتای ساڵی ١٣٥٨ بۆ سەر ئەفغانستان، ڕێی وڵاتانی دراوسێ واتە ئێران و پاکستان و بەشێکیش تاجیکستانیان گرتە بەر و ئێستا ئەوە چەند وەچەیە لەو وڵاتانە دەژین. دواتریش بە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن تاڵەبانەوە لە دەیەی نەوەدی زایینی، ڕێژەی ئەو کۆچە نادڵخوازانەیە زیاتری کرد؛ بەڵام لەدوای ئەوەی تاڵەبان بۆ دووەم جار دەسەڵاتی سیاسیی ئەفغانستانی بەدەستەوە گرت، خەڵکی ئەفغانستان ڕووبەڕووی ئاوارەبوونێکی تر بوونەوە کە ئەمجار لەچاو جارانی پێشوو بەکۆمەڵتر بوو.

ئەو پەنـابەرە ئـاوارانە کە سـاڵانێکی زۆرە لە ترسی شـەڕ و ململانێـی نێوخۆییی هێـزە سیاسییەکانی ئەفغانستان پەنایـان بردووەتە بەر وڵاتی ئێران، لە دژوارترین و نالەبارترین دۆخی پەنابەریدا بەسەر دەبەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیـز میواندارێکی باش نەبووە بـۆ ئەم ئـاوارە پەنـابەرانە. ئەفغانستانییەکان لە ئێراندا لە کەمترین مـافی سـەرەتاییی مرۆڤێک بێبەشن، مافی دیاریکردنی شوێنیان نییە، بۆیـان نییە هاتوچۆیەکیـان ببـێ، مـافی خوێنـدنیان نییە، ئێستاش کە زۆریەک لەوان پتر لە چل ساڵە لەو وڵاتەدا دەژیـن خـاوەنی ناسنامەیەک نین، منداڵەکانیان نـاتوانن بخوێنن و هەر لە تەمەنـی کەمەوە دەچنە ڕیزی منداڵانی کار و بەرەوڕووی مەترسیگەلێکی وەک دەسدرێژیی سێکسی و دەیان تـاوانی کۆمەڵایەتیی دیکە دەبنەوە، کۆمـاری ئیسلامی بەوەش نەوەستاوە و ئەو ستەمەی کە لێـی کـردوون پێـی کەم بـووە، بـۆیە لە شـەڕی نێوخۆییی سـووریەدا لە بەرامـبەر بەڵێنیـی ناسـنامەپێدان، ئەو ئەفغانسـتانییە بێناسـنامە و بێشوناسـانەی دەنـاردە بەرەی شـەڕی سـووریە؛ کە دڕنـدانەترین جـۆری معـامەلەیە لەگەڵ پەنابەرێـک و ڕێـک سـەردەمی بەردەداری بیـر دێنێـتەوە. هەر ئەو بێناسنامەیییە بووەتە هۆی ئەوەی لە هەر جۆرە مـافێکی کـۆمەڵایەتی و بیمە و دەرمـان و لە کەمترین مـافی تەندروستی و سلامەتیش بێبەش بن کە بەوتەی "مارتین لۆتێر کینگ" ئەم چەشنە لە نـاعەداڵەتی نامرۆڤانەترین جـۆری نـاعەداڵەتی و نایەکسانییە.

لەگەڵ ئەم شـێوە ژیـانە ئەسـتەمەی کە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بەسـەریانیدا سـەپاندووە، ئەوان لە کـۆمەڵگەشدا بەرەوڕووی هەڵاواردنێکی زۆر قـووڵ دەبـنەوە، کە ئەوەش لە جێـی خۆیدا هەر دەگەڕێتەوە بـۆ سیاسـەتەکانی دەسـەڵات لەو بارەیەوە، بەڵام ئەرک و ڕۆڵی تاکیش لێرەدا گرنگە. نەتەوەی فارسی کـۆمەڵگەی ئێران، کە لە ڕووی سیاسی و میـدیایی و کولتووری و ئابوورییەوە نەتەوەی خۆسەپێنی باڵادەستە، بەرەو فاشیزمێکی ڕووت هەنگاو دەنێ و کۆمـاری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەکەشـی ئەم دەنگانەیـان گـوێ لێبـووە و سیاسـەتەکانیان بەو پێیە دادەڕێـژن. ئێسـتا بەشـێکی زۆر لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕوونیش نییە سەر بەکوێن! بەردەوام هاشتەگی "دەرکردنـی ئەفغانستانییەکان وەک داواکارییەکی نیشتمانی"یان هەڵێناوە و گوشارێکی زۆریان خستووەتە سەر ئەو پەنـابەرە بێمافانە؛ کەشی سیاسییەکەیان وا لێکردووە کە هەم فارسەکانی دیاسپۆرا و هەمیش کاندیداکانی سەرۆککۆماری ئـاوڕیـان لەم بـابەتە داوەتەوە و دەیـانهەوێ دەربکرێن.

گرنگترین کێشەکانی بەردەمیان کە ئاماژەی پێکرا، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن خەڵکـانێکەوە هەم لێیـان دەکوژرێ و هەمیش ئـازار دەدرێـن و هـیچ دادگـایەکیش بەدواداچوونیـان بـۆ نـاکـات، زۆر جـاریش لە ترسـی دەرکـردن و ئاشکرابوونیان لە هـیچ حاڵەتێکدا نـاچنە لای پـۆلیس و دادگـا. ئێسـتا جۆرێـک هەسـتیاریی بێبنەمـا لەسـەریان دروست بـووە کە هێنـدەی دیکە

ژیانیانی خستووەتە مەترسییەوە، بۆ نموونە ماوەیەک لەمەوبەر پۆستێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاو بووەوە کە لەوێدا بەشێوەیەکی بێبنەما باس لە گولی (جۆزام)ـی کەسانی ئەفغانستانی کرابوو و لە ماوەیەکی کورتدا دەستاودەست دەبوو و وایرالْ دەکرا، کە هیچ بنەمایەکی پزشکیی نەبوو و تەنیا بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاوریهەستیاریی زیاتر لەدژی ئەفغانستانییەکان بەکار هاتبوو و بەداخەوە کاریگەریش بوو.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەی ڕابردوودا بەپێی ئامارەکان ٨٦٠ هەزار ئەفغانستانی لە وڵاتەکانی ئێران و پاکستانەوە چوونەتەوە وڵاتی خۆیان کە لەم ئامارەدا ٥٦٪یان بەزۆری نێردراونەتەوە و ٣٥٪یکیشیان بە ویستی خۆیان و لە ئاکامی گوشاری ئابووری و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی ئەم بڕیارەیان داوە و لەوێش ژیانێکی ناڕوون و پڕمەترسی چاوەڕێیانە.

لەم سەردەمەدا کە ڕاستی توندئاژۆ دیسان کەوتووەتەوە سەر دەور، هەم کۆماری ئیسلامی هیوای لەسەر هەڵچنیوە و هەمیش بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەکەی کە بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتانی ڕاست پێوەندی دەگرن و ئەم ڕاستخوازییەشیان لە دوژمنایەتیکردنی نەتەوە و کەمینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە کە یەک لەوان پەنابەرانی ئەفغانستانیی نێو ئێرانن و لە ئێستادا دیواری هەڵکوتانە سەر ئەوانیان زۆر پێ کورتە. ئەوان دەیانەوێ ئێرانێک چێ بکەن نەتەوە نافارسەکانی نێو ئەو ئێرانەیان تواندبێتەوە و هەر پەنابەرێکی بیانییش لەوێ نەمێنێ و دەربکرێن.

٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

---

## جارێ باسێک لە دیپلۆماسی نییە، تۆڵە بژاردەی یەکەمە

**بەشی دووهەم**



یەکەم کاردانەوەی "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆری "ئیسماعیل هەنیە، بەرپرسی دەفتەری سیاسیی "حەماس" لە تاران، وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارە، باس لە تۆڵەکردنەوە بوو. ڕوانینی فەرمیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم ڕووداوە، ئەوەیە کە "ئیسرائیل"، هەنیەی کوشتووە و لە ڕێگەی ئاسمانییشەوە ئەم کارەی کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل لەم پێوەندییەدا هیچ بەرپرسیارەتییەکی لە ئەستۆ نەگرتووە، لەولاشەوە کۆماری ئیسلامی هیچ بەڵگەیەک نادا بەدەستەوە کە نیشان بدات ئیسرائیل کردوویەتی. ڕێگەی بە کارناسانی نێودەوڵەتی نەداوە توێژینەوە لەو بارەوە بکەن کە دەبوو خۆی داوای کومیتەی ڕاستیدۆزینەوە بکات، هەروەها بابەتەکەی نەگواستووەتەوە بۆ شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هیچ سکاڵایەکی نەکردووە و تەنیا خۆی بە دادئەستێنی خوێنی هەنیە دەزانێ و دڵنیاشە لەوەی ئیسرائیل کردوویەتی.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە ڕاگەیەنە "ئامریکایی"یەکان پێداگرن لەسەر ئەوەی بڵێن ئەم ڕووداوە بەهۆی دانانی بۆمبەوە ڕووی داوە، ڕەوایەتێک لەدژی ڕەوایەتی فەرمیی کۆماری ئیسلامی. گەر وابێ قورساییی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی بەشی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی، هەرچەند لە حاڵەتی هێرشی ئاسمانییشدا ئەو بەرپرسیارەتییە هەر لەسەر شانی ئەو بەشە هەیە، بەڵام لە حاڵەتی بۆمبدانانەوە گەلێک زیاترە و ئاستی ئابڕووچوونەکە زۆرترە، جگە لەوەش تۆپەکە دەکەوێتە مەیدانی خودی کۆماری ئیسلامییەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕەوایەتەی قەبووڵ نییە و ئامادە نییە ئەو سەرشۆڕییە بێئەندازەیە قەبووڵ بکات، لەلایەکی تریشەوە دەیهەوێ وا نیشان بدات کە خاکەکەی بووەتە ئامانجی هێرشی دەوڵەتێک و بەم شێوەیە "هەق"ی بەدەست بێت.

بێجگە لە "پزشکیان" کە ئەویش بە هێڵی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا ڕۆیشت و نێوەرۆکی پەیامەکەی تۆڵاوی بوو و دیسان لایەنگرانی تووشی شۆک کرد کە لە بانگەشەکانیدا باسی لە دیپلۆماسی و وتوویژ دەکرد، "حەسەن نەسروڵڵا"، ڕێبەری "حیزبوڵڵا"ش، ئاورەکەی گەشاندەوە و وتی: "ئێران پێی وایە هێرش کراوەتە سەر شەرەف و ئابرووی"، کە ئەم لێدوانەش وەک لێدوانەکەی خامنەیی کە وتی: "میوانمان کوژراوە و ستاندنی خوێنی بووەتە ئەرکی سەرشانمان" لێکدانەوەکان زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە دەبات کە ڕوانینەکان هەستەکین و وەڵامدانەوەیەکی هەستەکییش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چاوەڕوان دەکرێت؛ بەتایبەت کە کەشی دەروونیی لایەنگرانیشیان ئەوەیان لێ دەخوازێ و هەروەها بە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی "ترساو/ شڵەژاو"ی خامنەیی لەلایەن دژبەرانییەوە، ئەم کەشە هەستەکییە زیاتر پەرەی ستاندووە و دەشتوانێ بەقەرا خۆی دەور ببینێ لەسەر بڕیارەکاندا.

پاش ئەم پەیام بڵاوکردنەوانە خامنەیی دیسان جەختی لەسەر "نەمان"ی ئیسرائیل کردەوە و لە تویتێکدا وتی کە ئیسرائیل نامێنێ، کۆماری ئیسلامی و هەروەها باڵە نیابەتییەکانی پێیانوایە وڵامێک بە ئیسرائیل نەدەنەوە، هیچ کامێکیان ئەمنیەتیان نامێنێ و دەتوانێ قوربانیی دوای هەنیە هەرکام لەوانی تر بێ، بۆیە وا دەخوازێ هەم بۆ پێشگیری و هەمیش بۆ تیماری غروری برینداریان وڵامێک لە خۆیان نیشان بدەن؛ "پێنتاگۆن"یش بۆ ئامادەکاریی زیاتر ئاڕایشی نیزامیی هێزەکانی لە ناوچەدا بەمەبەستی پاراستنی زیاتری ئیسرائیل گۆڕیوە و وا وێدەچی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی بەجددی وەرگرتووە. لە ڕووی نێوخۆییشەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوە و چەندین ڕووداوی هاوشێوەی تر کە دەستی باڵای دوژمنەکەیان لە ڕووی ئەمنیەت و زانیارییەوە نیشان دەدا، بەتەمان دەست بە تەسفییەیەکی کەموێنە بکەن و بەدەردی خۆیان بەشی ئەمنیەتیان پێویستی بە "خانەتەکانی"ی هەیە.

لە ئەگەری نیشاندانی دژکردەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، چاوەڕوان دەکرێ دژکردەوەکە لە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکەی پێشوو کاریگەرتر و بەربڵاوتر بێ و زۆر زیاتر لە ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە بێت کە "دەتوانم خاکت بکەمە ئامانج"، بەدوای ئەوەشدا وڵامی ئیسرائیلیش بە وەها دژکردەوەیەک بێگومان توند دەبێ و بۆ مانەوەی خۆی بە پێویستی دەزانێ هەموو کارە ناتەواوەکانی تەواو بکات، ئیتر سەرلەنوێ و بۆ جارێکی تر ئەم ڕێگەیە نەپێوێتەوە؛ دەبێ چاوەڕێ بکەین بزانین کۆماری ئیسلامی خۆ لەم ڕیسکە دەدات یان نا .

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمیتەی ڕاستیدۆزینەوە و چەند سەرنجێک



شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەزی ١٤٠١دا کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەی دامەزراند. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم کومیتەیە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت دژ بە ژنان و منداڵان لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو.

لە بەرەبەری نەورۆزی ١٤٠٢ی هەتاویدا "کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" ڕاپۆرتێکی تەواوی لەسەر ڕاپەڕینی سەرانسەری ژینا بڵاو کردەوە، لەم ڕاپۆرتەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی تاوانبار کرابوو و داواش لە دەوڵەتانی ئەندامی ئەو شۆڕایە کرابوو، ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی وڵامدەر بن لە بەرامبەر ئەو جەنایەتانەدا. ئەم ڕاپۆرتەی کومیتەی حەقیقەتیاب دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و بەتایبەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی ئێراندا ئاوڕێکی زۆری لێ درایەوە. لە بەرامبەردا دوایین ڕاپۆرتی ئەم کومیتەیە کە ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٣ بڵاو بووەوە و هەر لەسەر ئێران و ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١ و ئاستی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بوو، بەپێی پێویست بە گرنگ نەزانرا و بەلایدا زۆر ئاسایی تێپەڕین، بەڵام بۆچی؟

لە دوایین ڕاپۆرتی کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەدا هاتووە: "کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکانی ئێران، بەتایبەت کورد و بەلووچ، لە کاتی نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١دا پتر لە هەمووان لەژێر کاریگەریی سەرکوتەکانی حکوومەتدا بوون." هەروەها دەشڵێ: "ئەو کەمینانە لە جەرەیانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا بێجێ و نەگونجاو و بێئەندازە بوونەتە ئامانجی سەرکوتەکانی حکوومەت. ئەم لێکەوتانە ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵاواردنێکی دێرین و کۆنە کە دەبێ دەسبەجێ کۆتاییی پێ بێت." لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "هەرچەندە لەسەر کارتێکەریی نارەزایەتییەکان لەسەر کەمینەکان بوترێ، زیادە نییە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکان زیانی وێکەوتووە. ژنانی سەر بە کەمینە ئیتنیکی و ئایینییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک زیان و ئازاری تایبەتدا بەرەوڕوو دەبنەوە کە بەهۆی هەڵاواردن و توندوتیژیی دژ بەوان هەم وەکوو ژن و هەم وەکوو کەمینەیەک، ئەو ئازار و زیانانە چەندقات دەبنەوە. کاریگەریی ئەم سەرکوتانە لەسەر منداڵان لە سەرەوەی وەچەیەکە و زیانە چەندلایەنەکانی ڕەنگە هەتا دەیان ساڵ بەردەوام بێت." ڕاپۆرتی کومیتە لە درێژەدا هەندێک وردەکاریی وەک: ئەشکەنجە و دەسدرێژیی سێکسی و ڕەشبگیر یو هیتریش دێنێتە بەر باس کە بەرامبەر بە کەمینەکان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ڕوویان داوە.

وەک باس کرا ئەم ڕاپۆرتە نەتەنیا لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە ئاوڕی لێ نەدرایەوە، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەتدا دژایەتییشی کرا و ئیدانەش کرا. بۆ نموونە ئەم کومیتە سەربەخۆیە بەوە تاوانبار کرا کە بە وتەی ئەوان "انگیزەی تجزیەطلبی"ی هەیە و لەژێر کاریگەریی بیری چەپدایە! پێشیان وابوو هەموو خەڵکی ئێران بە یەک ئاست سەرکوت دەکرێن و تێچوو دەدەن! لەڕاستیدا خستنەپاڵی تاوانی سیاسیکاری بۆ ناوەندێکی چالاکی مافی مرۆڤ کە تەنیا ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤە و هەروەها دانی تۆمەتی ناسەربەخۆبوون لە وەها ناوەندێک کە هەموو ئێعتباری خۆی لە سەربەخۆبوونی وەردەگرێ، لە ڕاستیدا پێشتر هەر لە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان دەکرا، بەڵام وا دیارە لەو ڕووەوە جیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی دەستەڕاستیی ئەو ڕێژیمەدا.

ئەم کومیتەیە لە ڕاپۆرتی پێشووتریدا جەخت لەسەر ڕوودانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی دەکات، کە لەودا کوشتن، ئەشکەنجە، لەنێوبردن، بەکۆیلەکردن، دەسدرێژیی سێکسی و ئازار و ئەزیەتی ئامانجدار و هەروەها ئازاری جەستەیی ڕووی دابێ؛ بەڵام یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کە بتوانێ تاوانی جەنایەت لەدژی مرۆڤایەتی بسەلمێنێ و هەروەها بوار بۆ سکاڵا و مەحکوومکردن و تەنانەت دژکردەوەی دەوڵەتان خۆش بکات، ئەوەیە کە پاڵنەرێکی وەک دوژمنایەتی لە ڕووی ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و... بدۆزرێتەوە و بسەلمێنرێ. لە ڕاستیدا بۆ مەحکوومکردنی زیاتری کۆماری ئیسلامی زانین

و دەرخستن و سەلماندنی مەبەست و نییەت و ئەنگیزە و هاندەرەکانی گەلێک گرنگە، بەڵام وەک وترا بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە دەیانهەوێ ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکەنەوە.

گەر شۆڕای ئەمنیەت و ناوەندە پێوەندیدارەکان بیانهەوێ لەم پێوەندییەدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ڕابوەستن و لە هەر ڕوویەکەوە مەحکووم و ناچاری بکەن، ئەوە بێگومان قازانجی درێژماوەی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان دەبێ و هەر لە داهاتووشدا گەرەنتییەک دەبێ بۆ ئەوەی تووشی ستەم و هەڵاواردن نەبن؛ لەم چوارچێوەیەدا پرسی نەتەوەیی و ئایینییان دەبێتە پرسی گرنگی بیروڕای گشتیی جیهان، بەڵام کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە دوژمنانی لەو ڕووەوە وەک زۆر ڕووی دیکەش وەک یەک بیر دەکەنەوە و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە، بۆیە زراویان لەم ڕاپۆرتە چووە. هەڵبەت بێدەنگیی ئەوان لە گرنگیی ڕاپۆرتەکە کەم ناکاتەوە و تەنانەت زیاتریش گرنگییەکەی دەردەخات، ئەوەش بوترێ ئەمە بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیە کە دەیوت ستەملێکراویی کورد نابێ ببێتە "فضیلت"؛ کە دەبێ لە وڵامدا بڵێین باس لە فەزیلەت نییە، بەڵکوو باس لەوەیە کە دەبێ ڕاستییەکان وەک خۆیان ببینرێن

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---

## پەیامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوونن



"پزشکیان" هەر لە یەکەم ڕۆژی بەربژێرانیەوە لەسەر دوو تەوەری سەرەکیی بێبەرنامەیی و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ "خامنەیی" جەختی دەکردەوە و ڕۆژێکیش دوای ئەوەی ناوی لە سنووق هاتە دەر، لەو بەناو سەرکەوتنەیدا خۆی بە قەرزباری خامنەیی زانی و ئەم پێزانینەش ئەو دوو کەسەی لێک نزیکتر کردەوە و پزشکیانی منەتبارتر کرد.

خامنەیی لە کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و پزشکیاندا، فەرمانی بە مەجلیس کرد کە زۆر زوو ڕێکخەری کارەکانی دەوڵەتی نوێ بن و دەنگی متمانە بە وەزیرە پێشنیارکراوەکانی پزشکیان بدرێ. لەوەیدا کە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا تایبەتمەندییەکانی کەسێکی بەرپرسیشی دەسنیشان کرد و دیاریی کرد دەبێ چۆن کەسێک بێ وا بەرپرسیارەتیی پێ دەدرێ، دیار بوو بەپێچەوانەی دەوڵەتانی پێشووتر کە خامنەیی هەر لە هەڵبژاردنی چەند وەزیرێکدا دەمی لە بابەتەکە وەردەدا، ئەمجارە لەسەر دانە بە دانەی وەزیرەکان تێبینیی ڕاستەوخۆی هەبووە.

بەپێچەوانەی دروشمەکان و هەروەها هاژەوگیڤەی دواتری "جەوادی زەریف" و ٤٥٠ بەناو کارناسی پرسە سیاسییەکان کە بۆ ماوەی سێ حەوتوو کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بەوتەی ئەوان باشترین کەسەکان بۆ وەزارەتخانەکان پێشنیار بکەن، لە ئاکامدا دەرکەوت: نە ڕەگەز، نە تەمەن، نە نەتەوە و نە ئایینی کەسانی پێشنیارکراو هیچ ئیمتیازێکی نییە، بەڵکوو ئەوەی گوێڕایەڵی خامنەیی بێت سەرەنجام پۆستێکی وەک وەزارەتی پێ دەدرێ. کوردوتەنی: "زوڵم لە سکی خۆی ناکات" بۆیە خامنەیی هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕاشکاوی وتی کەسانێک کەوا ئاسۆی ڕوانینیان بەنسبەت کۆماری ئیسلامییەوە تەماوی و نائومێدانەیە، نابێ بەرپرسیارەتییان پێ بسپێررێ.

لە کاتی دەنگداندا پزشکیان باسی لە ڕێز و کەرامەتی ژنان کرد، ئەم لیستە پێشنیارکراوە تەنیا یەک ژنی تێدایە و ئەویش ئوسوولگەرایە و هیچ دڵنیاییەکیش نییە بۆ ئەوەی دەنگی متمانەی پێ بدرێ؛ لەگەڵ ئەوەش "محەممەدڕەزا عارف"، موعاونی پزشکیان لە لێدوانێکدا وتی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەیی ڕێبەریی ژنان نییە و بەم شێوەیە ئاوێکی بە دەستی ئەوانەدا کرد وا لەم ڕووەوە خۆیان دڵخۆش کردبوو. هەر لە کاتی بانگەشەدا ناوی بەلووچ و کورد و سوننی لە دەمی پزشکیان دانەدەکەوت - کە بەحەق "جەلیلی" دەنگی دا و وتی بە ناوهێنانیان دەنگیان لێ وەرمەگرە، ئێستا یەک وەزیری پێشنیارکراویش سەر بە هیچ کام لەم کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانە نین؛ ئەمەش بۆ ئیسلاحخوازانی حکوومەتیی کورد و بەلووچ و سوننی - گەر دەرس وەربگرن - پەیامێکی گرنگ بوو.

هەندێک کەس بۆیان گرنگ بوو شێوازێکی بەوتەی ئەوان گونجاوتر و نەرمتر لەلایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە پرسی بێحیجابی بگیرێتە بەر، پزشکیان "ئەسکەندەری موئمێنی"ی پێشنیار کردووە بۆ وەزارەتی نێوخۆ، ئەم ئەسکەندەری موئمێنییە یەکێک لە سەرکوتکەرانی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی و یەکێک لە دژبەرە سەرەکییەکانی حیجابی ئێختیارییە. ئەمە وڵامی پزشکیان بۆ ئەو چاوەڕوانانەی ئەم بوارەش.

سێ وەزیری دەوڵەتی "ڕەئیسی" دیسان پێشنیار کراونەتەوە، یەکیان بە گۆڕینی وەزارەتخانەکەی، بەڵام دووانیان هەر داوا کراوە لە پۆستی خۆیاندا بیانهێڵنەوە. ئەم دوو وەزیرە پێشووە وەزیری "ئیتلاعات" و "دادگوستەری"ی دەوڵەتی ڕەئیسی بوون. یانی ڕێک لە کاتێکدا کە بەرفراوانترین نارەزایەتیی دژی ڕێژیم لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕ نەبووە و سەرکوت و دەسبەسەرکردنی لەڕادەبەدەری بەدوادا بوو؛ داوا کراوە دوو لەو وەزیرە هەرە گرنگانەی وا بەشداری ڕاستەوخۆی گرتن و کوشتن و ئێعدام و پەروەندەسازین، لەسەر جێی خۆیان بمێننەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا ڕەنگە زیاترین نارەزایەتییەکان لەلایەن کرێکاران و مامۆستایانەوە بەڕێوە چووبێ، بۆ وەزارەتی پەروەردە وەزیرێکیان پێشنیار کردووە، کە تەنیا ئەزموونی لە بواری ئەمنیەتیدا هەیە؛ هەروەها وەزارەتەکانی پێوەندیدار بە بواری ئابوورییەوە کە دەتوانێ چەن وەزارەتخانە لە خۆ بگرێ، بە کەسانی ناکارامە و نەناسراو و بێئەزموون سپێرراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بوترێ کۆماری ئیسلامی دەنگی نارەزایەتیی توندی خەڵکی بیستووە و بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ بوارێکدا نایەوێ پاشەکشێ بکات، دەیهەوێ یەکدەستتر بێت، دەوڵەت هەتا ئاستی دەفتەری بەیتی ڕێبەریی هێناوەتە خوار، بە پێچەوانەی باوەڕی باو کە زووزوو دەوترێ دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامیدا کارەیەک نییە دەردەکەوێ کە دەوڵەت کارەیە و باڵی ئیجرایی بەیتی خامنەییە، گەر جگە لەمە چاوەڕوان بکرێ لە دەوڵەت ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

---

## ئەندێشەی سەوزی "باجوەر" زیندووە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم



ئەمڕۆ ٦ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینگەپارێزان "شەریف باجوەر"، "ئومید کۆنەپۆشی"، "محەممەد پژووهی" و "ڕەحمەت حەکیمی‌نیا" تێپەڕ دەبێ، کە بە شێوەیەکی گوماناوی گیانیان لەدەست دا. شەریف باجوەر یەکێک لە دیارترین و چالاکترین ژینگەپارێزانی کوردستان بوو کە لە بواری ڕێکخستن و چالاکی‌دا وێنەی کەم بوو و سەرباشقەیەک بوو و ئێستاش هەیە بۆ هاوڕێیانی و هەروەها وەچەکانی دوای خۆی.

لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاویدا لە درێژەی ئەو باوەڕە ڕاستەدا کە خەڵکی کوردستان خاوەنی نیشتمانی کوردستانن و کەس لەوان بۆ ئەو زێدە دڵسۆزتر نییە، هەوڵ درا چەند ناوەند و دامەزراوەی ژینگەپارێزی لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی‌دا لە کوردستان دابمەزرێ، یەکێک لەوانە "ئەنجومەنی چیای سەوزی مەریوان" بوو. هەرچەند لە دامەزرانییەوە هەتا دەسبەکاربوونی زۆری خایاند و دەوڵەت لەمپەری زۆری لەبەردەم دانان، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەم ناوەندە خەڵکییە زۆر زوو توانیی سەرنج و متمانەی خەڵک بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. ئەم ئەنجومەنە لە بوارەکانی ژینگەیی و فەرهەنگسازیی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان وەک ناوەندێکی بەرێکخراو ژینگەپارێز دەبینرێ، لە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی ئەم ناوەندانەیە.

شەهید شەریف باجوەر کە پێشتر چالاکی سیاسی بوو و بۆ ئەم مەبەستەش ژیانی سیاسیی خۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرێ دابوو، بەڵام دواتر بە گەڕانەوەی بۆ نێوخۆی وڵات تەرکیزێکی زیاتری خستبووە سەر خەباتێکی ژینگەیی و کولتووری و هەر بەبۆنەی ئەو پێشخانەیەوە لە ساڵەکانی ٩٠ هەتا ٩٥ی هەتاوی چەندین جار لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بانگهێشت و لێپێچینەوەی لێ کرابوو، یەک لەو کەسانە بوو کەوا ماندوویی‌نەناسانە و هەستیار و

نەترسانە لە بواری ژینگەیی و کولتووریدا هەوڵی دەدا، بۆ نموونە: کاتێک بۆ پاڵپشتیی ئاژەڵان مانگرتنی بەڕێوە برد و لە ڕێپێوانێکی نارەزایەتییانەدا لە مەریوانەوە بەرەو سەلاسی باوەجانی بەپێیان وەڕێ کەوتبوو، دووکانەکەی لە مەریوان بە شێوەیەکی گوماناوی ئاگری تێبەر بوو. یان کاتێک سەربازێکی گیانلەسەردەستی مەریوانی بەناوی "محەممەد باختەر" بۆ ڕزگارکردنی سەگێک، کەوتە سەر مین و لاقێکی خۆی لەدەست دا و لە نەخۆشخانەیەکی تەورێز خەوێنرا، لە هەوڵێکی سەمبۆلیکدا بۆ ڕێزلێنانی چوونە سەردانی. هەروەها لە خەرمانانی ساڵی ۱۳۹٦دا و هاوکات لەگەڵ مانگرتنی "ڕەزا شەهابی" و "ئاتێنا دائێمی" دوو زیندانیی سیاسیی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها نارەزایەتیدەربڕین بە دۆخی کۆڵبەرانی کوردستان، بە هەڵێنانی دروشمی "نەبوونی توندوتیژی، ڕێگەی سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە" ڕێگەی مەریوان بەرەو تارانی بە دووچەرخە بڕیی. شەریفی باجوەر لە بوومەلەرزەکەی کرماشان و دەوروبەریشیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی ئەو ناوچەیەدا گێڕا.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی ۳ی خەرمانانی ۱۳۹۷ لە دوایین هەوڵیدا کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان وێڕای هاوڕێیانی خۆبەخشانە و بە کەرەستەی کەمەوە خەریکی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە بوون، بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە خەڵک لە سەرانسەری کوردستانەوە لە مەریوان کۆ ببوونەوە بۆ بەخاکسپاردنی، لە ئامێزی خاکی کوردستاندا ئارامی گرت.

شەهید شەریفی باجوەر هەوڵەکانی تەنیا قەتیس نەبوو بە مەریوان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وێڕای سەردانکردن بۆ زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بانگەشە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەی خەڵکی و ژینگەپارێزی و یارمەتیدانی ئەو ڕێکخراوانە، تەنانەت لە چەند شوێنی باشووری کوردستانیش و یەک لەوانە شاری کۆیە ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی دامەزراند؛ مەبەستی شەهید باجوەر ئەوە بوو ژینگەپارێزی ببێتە کولتوورێکی جێگیر و تۆوی ئەم هەوڵە لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بچێنرێ و چەشنی بەڕوو بڕوێن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و بەداخەوە بەردەوامیی سووتانی ژینگەی کوردستان و دیسانیش قوربانیدانی زیاتر، لەگەڵ ئەوەی جێی بەتاڵی کەسانی وەک باجوەر پتر لە پێشووتر دەردەخات، هەست بە هەوڵێکی نەرم و پشتی پەردەش دەکرێ کە دەیانهەوێ "عادیسازی" بکەن لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەییدا و وەک کوژرانی کۆڵبەران ببێتە رووتینێکی ڕۆژانە، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە. بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەم بابەتە مەترسیدارە پێویستە یەکەم: خەڵک ژینگەپارێزان بەتەنیا جێ نەهێڵن، دووەم: چالاکییەکانیان تەنیا لە کوژاندنەوەی ئاگردا نەبینرێ، سێهەم: دروشمی "ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە" لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری پێوەندیدار بە ژینگەوە هەم زەقتر بکرێتەوە و هەمیش بەکردەوە مانا بکرێتەوە،



سەرچاوە
Serchawe

چوارەم: خۆشەویستیی نیشتمان و خۆشەویستیی ژینگە لێک جیا نەکرێنەوە، دەنا نیشتماندۆستانێکی زۆرمان دەبێ کە ژینگەدۆست نابن و لە بەرامبەر کاولیی ژینگەدا خۆ بە بەرپرسیار نازانن و لە بەرامبەر ئاوەدانیی ژینگەدا هەنگاو هەڵناهێننەوە.

لە سەردەمێکدا کە هەست دەکرێ بازنەی کاریگەریدانانی ڕێبەران کەم بووەتەوە، هەرچەند تەمەن مەودای کەمی دا بەڵام باجوەر دەبێتە ڕێبەرێکی مەیدانی و بەکردەوە و دەبێتە سەرباشقە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانهەوێ لە پێناو ئاوەدانیی نیشتماندا هەنگاو بنێن؛ یاد و ناوی شەهید باجوەر و هاوڕێیان و هەموو شەهیدانی ژینگە و نیشتمان بەرز و بەرزتر بێت.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## ڕوانینی "عەلی ئینتزاری"، باوەڕی کۆماری ئیسلامییە



"عەلی ئینتزاری"، سەرۆکی زانکۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانستگەی "طباطبایی" لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بەناوی "شیوە" لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، سووکایەتی و بێڕێزیی بە "ژینا ئەمینی" کرد؛ کە کاردانەوەی خەڵک و تەنانەت دەسەڵاتیشی لێکەوتەوە! ئەمە یەکەم جار نییە کە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی سووکایەتی بە نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکانی نێو ئەو وڵاتە دەکەن و هەموو جارێ نارەزایەتیی نەتەوەکانیشی بەدوادا بووە، ئایا دەکرێ پێمان وابێ هەڵەیەک ڕووی داوە؟ بێگومان ئەمە دیاردەیەکە و لە حاڵەت و هەڵە دەرچووە و باوەڕێکی چەسپاوە و هەندێک کەسی وەک ئینتزاری دەری‌دەبڕن و هەندێکی تر ئەو باوەڕەیان دەشارنەوە و نایدرکێنن، بۆیە وڵامی ئەو پرسیارە "نا"یەکی زەقە.
لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانی ئەمڕۆ دامەزراوە و هەر بەدوای شۆڕشی مەشرووتەدا یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە پەسەند کرا، ئەم یاسایە گوزارشی لە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی دەکرد، کە بە درێژایی ئەم ساڵانە هەوڵی بۆ دراوە و ئەم هەوڵەش بەردەوامە. سووکایەتییەکەی ئینتزاری باسی تەتەڵەی زمان نەبوو، باسی ئەوە نەبوو کە تاکی ژینا ئەمینی بداتە بەر ڕەخنە و گلەیی و سووکایەتیی پێبکات، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لەو باوەڕە بوو کە مرۆڤی ئیدەئال لەلای ئەوان "پیاوێکی فارسی شێعە"یە، بۆیە سروشتییە هەرکەسێکی تر لە هەرکام لەم پێوەرانە دوور بکەوێتەوە هەر بە هەمان ئەندازەش ڕێزی لەلای ئەوان دادەبەزێ. ئەم سێ تایبەتمەندییە وەک توخمی باوەڕەکە ئاماژەی پێکراوە و هەم ئەوەی کە لە قسەکانی ئینتزارییش‌دا جەخت لەسەر ئەم سێیە کرابووەوە، دەنا سنووربەندییەکان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئینتسابی و ئیکتسابی زۆر فراوانتر لەوەندەیە.

بە واتایەکی تر و بە شێوەیەکی ڕوونتر بیڵێین ترۆپکی مرۆڤایەتی و مرۆڤی خەونەکانیان، ئەو مرۆڤەیە کە یەکەم لە ڕووی ڕەگەزییەوە پیاو بێت، دووهەم لە ڕووی نەتەوەییەوە فارس بێت و سێهەمیش لە ڕووی ئایینییەوە موسوڵمانی شێعە



سەرچاوە
Serchawe

بێت. بۆیە ژنێک بەهۆی یاساوە ناتوانێ سەرکۆمار بێت، بۆیە لایەنگرانی دەسەڵاتی پێشووی ئێرانیش کە زیاتر لە نیو سەدە خزمەتیان بەو یاسا بنەڕەتییە کرد کەوا بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن چنداروە، دروشمی "مرد، میهن، آبادی"یان لە بەرامبەر دروشمی ئاڤانگاردی ژن، ژیان، ئازادیدا دانا. لەم بارەوە نموونە زۆرن بەڵام هەر ئەوەندەش دەرخەری قووڵایی ستراتیژیی بیرکردنەوەیانە؛ بۆیە ژنێکی کوردی سوننی، بە چەند قات لە مرۆڤی دڵخوازی ئەوان دوور دەکەوێتەوە هەتا ئەو جێیەی کە تەنانەت گومانیش دەخرێتە سەر مرۆڤبوونەکەی!

ئاوایە کە گیانی ژینا و ژیناکان لەلای خاوەنانی ئەو تێڕوانین و باوەڕە کەمترین نرخی هەیە و بۆیەش جۆری هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن جیاواز دەبێت. ئەمە ڕوانگەی بێتەقیە و بێسانسۆری لە گیووەمەدا "مامۆستا"یەکی زانکۆیە کە بەهەڵکەوت لە بەشی زانستی کۆمەڵایەتییشدا شارەزاییی هەیە! جا نەخوازە دەبێ ڕوانگەی فەرماندەیانی سپای پاسدارانیان چۆن بێت؟ ئەمە بەهەڵکەوت نییە کە لە دوایین ڕاپۆرتی کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێشێلکەری مافی مرۆیی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان تاوانبار کرا و زیاترین کوشتن و بێسەروشوێن کردن و گرتن و ئێعدامەکانیش هەر بەرامبەر بەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانە وەک کورد و بەلووچ کران؛ بەڵێ ئەم کردارانەی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی باوەڕ و ستراتیژییەکی بەرنامەداڕێژراوی لە پشتە کە هەرکەسێک بەپێی دوورکەوتنەوەی لە پیاوی فارسی شیعە، بە شێوەی ئۆتۆماتیک وەک دوژمن حیسابی بۆ دەکرێ، هەتا ئەم جیاوازییە زیاتر بێت، دوژمنایەتییەکە ڕووتتر دەبێ.

کەواتە گەر ئەمە باوەڕی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، بۆچی عەلی ئینتزاری لەکار لادرا و سزا درا؟ دەتوانێ ترسی ڕێژیم بێ لە کاردانەوە و ناڕەزایەتیی خەڵک، دەتوانێ پەردەپۆشکردنی ناوی ژینا و ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی بێت بەو واتایە کەس بۆی نییە بە چاکە و بە خراپە باسێک لەو بابەتە بکات و بیکاتە بابەتێکی بڤە تەنانەت بۆ بەناو کارناسە حکوومەتییەکانیش، دەتوانێ پاشەکشێی ڕێژیمیش بێت تەنانەت، بەڵام نابێ ئەم هۆکارەش لەبەرچاو نەگرین کە دەسەڵاتە پۆپۆلیستەکان بۆ ڕازیکردنی خەڵک هەندێک کردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێستای ئاڵمان و دەوڵەتی پێشووی بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی پەنابەراندا تووشی جۆرێک لە قەیران هاتن، لەجیاتی ڕێکارێکی ڕیشەیی پەنایان بردە بەر دەرکردن وەک بڕیاری دیپۆرتی ژمارەیەک لە ئەفغانستانییەکانی ئاڵمان و گەڵاڵەی ناردنی پەنابەران بۆ وڵاتی "ڕواندا" لەلایەن دەوڵەتی پێشووی بریتانیاوە؛ ئەم هەوڵانە بۆ ڕازیهێشتنەوەی کەسانێکە کە گلەییان لێدەکەن و ترسی دەربڕینی ناڕەزایەتییان لێیان هەیە، بۆیە بێبیرکردنەوە و بەپەلە بڕیارێکی بێبەرنامە دەدەن. هەر ئەم پۆپۆلیزمە خەریکە بە خشکە دەبێتە سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕاندنی دەوڵەتی پزشکیان؛ بەڵام بێگومان خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان فریوی ئەم هەوڵانەشیان ناخۆن، چونکە بەباشی لە باوەڕەکانیان

تێگەیشتوون کە لەسەرووی هەموویەوە دژایەتیی ژنان و نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە و ئەم باوەڕەش کە هەڵاواردن و دوژمنایەتیی لێ شین دەبێ هەمیشە و ئێستاش لە دەستووری کاریاندا بووە و هەیە .

١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکرات




پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای بەئامانگرتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی ئەم هێرشە تێرۆریستییەدا ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە بە ناوەکانی؛ کەریم مەهدەوی ناسراو بە "کەریم سەقزی"، ڕەحمان پیرۆتی، ئیبراهیم ئیبراهیمی ناسراو بە "برایم زێوەیی"، نەسرین حەدداد، سوهەیلا قادری، هاشم عەزیزی، محەممەد حەسەنپوور، عوسمان عوسمانی، قادر عیززەتی ناسراو بە "قالەڕیشە"، کەریم ڕەسووڵزادە ناسراو بە "مام شێرکۆ"، فاڕووق حەسەنخەیات، هاوڕێ کارساز، موختار قادرپوور، پێشەوا عەزیزپوور، جەماڵ

ئەکبەری و مەنسوور ئەکبەرپوور شەهید بوون و، نزیکەی چل کەسی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە ژن و منداڵیشیان لەنێودا بوو، بریندار بوون.

ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن دەوڵەتێکەوە بکەوێتە بەر هێرشی مووشەکی، جگە لە بۆمباران و تیرۆر و هێرشی نیزامیی چەندلایەنە بۆ سەر حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، پێشتریش و لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥دا ئەم ڕێژیمە چەکی شیمیایی بەدژی ئەم حیزبە بەکار هێنابوو، بەڵام ئەوەی کە لەو کاتەدا کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە بە مووشەکی بالستیک کرایە ئامانج، خۆی دەرخەری چەند خاڵی گرینگی شیاوی ئاماژەپێدانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پاشخانێکی دەوڵەمەند و سەرفرازانە لە ژیانی سیاسیی چەندین ساڵەی خۆی بەدرێژەی ئەم نزیک بە نیوسەدەیە هەمیشە چەقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی بووە و یەکێک لە لەسەرپێترین لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو ڕێژیمە بووە کە هەرگیز دەستی لە خەباتی چەندڕەهەندیی خۆی بەدژی ئەو ڕێژیمە هەڵنەگرتووە و لە پانتایی نفووزی خۆیدا خاوەنی پێگەیەکی حاشاهەڵنەگرە و جیا لە ئێعتبارێکی پڕ لە شانازی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکاندا لە سەر ئاستی جیهانیشدا لە کۆڕ کۆڕبەندە نێونەتەوەییەکانیشدا خاوەن پێگەیە و گوێی لێ دەگیردرێ.

بۆ ئەوەی پتر بۆمان ڕوون بێتەوە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆچی لە نفووز و پێگەی حیزبی دێموکرات دەترسێ، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەن کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەین؛

**یەکەم**: حیزبی دێموکراتی کورستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئێستا تەشخیس و لێکدانەوەی سیاسیی دروستی هەبووە، بەو واتایە کە ڕێی خەباتی لێ هەڵە نەبووە، چون پرسی یەکەم بۆ حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی بووە و لەڕێی چارەسەری ئەو پرس و کێشەیەدا هەنگاوی ناوە، بۆیە ئێستاش هەر لە ڕۆژەڤدایە و لێبڕاوانە و سەرەڕای بڕینی گەلێک هەوراز و نشێو درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.

**دووەم**: چ لە ڕووی ساختار و چوارچێوەوە و چ لە ڕووی ڕێباز و بەرنامەوە بەردەوام خۆی نوێ کردۆتەوە و سیگناڵەکانی کۆمەڵگەی خۆی وەرگرتووە و هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکان، ڕۆحی سەردەمیانەی لە خۆیدا ئۆرگانیزە کردوە.

**سێیەم**: بە هۆی پێوەندیی ڕۆژانە لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕێگای تەشکیلات و میدیا و گرتنەپێشی سیاسەتی دروست و واقعبینانە هەرگیز لە کۆمەڵگەی کوردستان دانەبڕاوە و پێوەندییەکی ئۆرگانیکی و نەپساوەی لەگەڵ جەماوەرانی کوردستاندا هەبووە کە ئەمە بۆ حیزبێک کە ڕێبەرییەکەی نێوخۆی وڵاتدا نیە، خاڵێکی بەهێز و ئەرێنییە.

**چوارەم**: تایبەتمەندییەکی تر کە دەتوانێ پێوەندیی هەبێ بە تایبەتمەندیی پێشترەوە، ئەوەیە کە بەردەوام هێز و خوێنی نوێی تێگەڕاوە و لە هەموو تەمەنەکاندا ئەندام و لایەنگری هەیە و خاوەنی چەندین وەچەیە. کچان و کوڕانی کوردستان لە هەموو چین و توێژ و ناوچەکانی نیشتمان ڕوویان تێکردوە و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

**پێنجەم**: بەردەوامیی و لێبراوبوونی حیزبی دێموکرات لە خەبات و درێژەدانی ڕێگای گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم حیزبەیە. ئەم حیزبە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە مەیداندا بووە و دژوارترین ڕۆژانی ژیانی سیاسیی بزووتنەوەیەکی مافخوازی تاقی کردۆتەوە. لەم ڕێگایەدا تێکۆشەرانی حیزب گیانفیدایی و گیانبازیی زۆریان کردوە و تێچووی قەرەبوونەکراوەیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە، لە هەزاران شەهیدی کادر و پێشمەرگەوە بگرە تا لەسێدارەدان و تێرۆری ڕێبەرانی.

**شەشەم**: خەڵکی بوونی حیزبی دێموکرات، بەومانایە کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی گشتگیری نەتەوایەتیی کردوە و تەنیا تایبەت بە چین و توێژێکی تایبەت نەبووە،یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بووە. ئەم تایبەتمەندییە حیزبی دێموکراتی لە ڕەوتێکی ئیدئۆلۆژیکی چوارچێوە بەرتەسکەدا نەهێشتۆتەوە و وەک حیزبێکی بەرینی جەماوەری خاوەنی هێز و توانای تایبەت بە خۆیەتی.

**حەوتەم**: ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو هەلومەرجێکدا، لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتدا ماوەتەوە و دۆخە دژوار و پڕتێچووەکانیش ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبەیان ناچار بە دوورەپەرێزی و مەیدانچۆڵکردن و خۆدورخستنەوە لە دژوارییەکان نەکردوە و شان بەشانی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزب، بەشداریی مەیدانیی خەباتیان کردوە.

**هەشتەم**: حیزبی دێموکرات وەک لە نێو دڵی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵقوڵی و پێیگرت، هەمیشە و لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا، خەڵکی کوردستانی بە پشت و پشتیوانی سەرەکیی خۆی زانیوە و قەت بێبەری و بێمنەت لە خەڵک نەبووە.

ئەمانە و زۆر تایبەتمەندیی تریش دەرخەری ئەو هەستیارییەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم حیزبەن، چونکی لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە باشی لە ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان تێگەیشتووە. بۆیە هیچ سەیر نییە کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران کە تا ئێستا بزووتنەوەی کوردستانیان لە گشتییەتی خۆیدا بۆ سەرکوت نەکراوە، ماکەی ئەو کێشانەی وا لە کوردستاندا لەگەڵی بەرەوڕوون بە حیزبی دێموکرات دەزانن و هێرشی هەمەجۆرەی دەکەنە سەر، چون ئەو دەسەڵاتە بەباشی لە تایبەتمەندییەکان و لە پێگە و نفووزی حیزبی دێموکرات ئاگادار و شارەزایە.

لەم ڕووەوە بوو کە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا هێرشی کردە سەر پلینۆمی کومیتە ناوەندیی ئەم حیزبە و پێیوابوو بەو هەنگاوە دەتوانێ حیزبی دێموکرات لەنێو بەرێ و ترسێک بنیشێنێتە دڵی خەڵکی کوردستان، بەڵام وڵامی چوار ڕۆژ دواتری خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان، لەسەر داوای حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە بە دروشمی "من کەرامەتی نەتەوەییم دەپارێزم و لە ماڵ نایێمە دەرەوە" داوا لە خەڵک کرابوو مانگرتن بەڕێوە بەرن؛ مانگرتنێکی سەرکەوتوو بەڕێوە چوو کە هەتا ئەوکات لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە یەکڕیزی و یەکدەستیدا بێوێنە بوو.

ڕاستە حیزبی دێموکرات لە ڕووی نیزامییەوە توانای وڵامدانەوەی ئەو هێرشەی نەبوو و زەبرێکی کاریگەریشی لێکەوت، بەڵام لە ڕووی سیاسی و جەماوەرییەوە نیشان درا کام لا دەتوانێ خاوەنی پێگە بێ و خەڵک بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت. کاردانەوەکان بەو هێرشە دڕندانەیە بەتەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵکوو هەم لە باشووری کوردستان و هەمیش لە وڵاتانی ئورووپایی شەپۆلێک لە هاوسۆزیی بەرینی بۆ حیزب بەدواوە بوو و ئیدانە و ڕسوابییەکی پتر لە پێشووتر بۆ کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی هەوڵە بێئاکامەکانیدا چەند جاری تریش هێرشی مووشەکیی کردەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێرشی مووشەکیی و درۆنیی ئەم ڕێژیمە لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی و ڕاست مانگێک دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، بەرچاوترینیان بوو. ئامانجی ئەم هێرشانانە هەم ئەوە بوو حیزب لە تێکۆشانی خۆی ڕابگرێ و هەمیش ئیرادەی خەڵکی کوردستان بە هێرشکردنە سەر حیزبی ڕێبەر و پێشەنگیان تێکبشکێنێ، هەروەها سەروەریی خاکی باشووری کوردستانیش ژێرپێ بنێ؛ بەڵام لەو پێوەندییەشدا دەرکەوت کە وەک هەمیشە خراپیان لێک داوەتەوە و ئەم دەستوەشاندن و پەلاماردانانە هێندەی دیکە حیزبی دێموکراتی لەلای خەڵکی کوردستان خۆشەویستتر کرد و لەم مەیدانەشدا ئەوەی تووشی شکست و ریسوایی بوو، کۆماری ئیسلامی سپای پاسداران بوو.

یاد و ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز و بەڕێز بێت و ئامانجەکانیان بێتە دی.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## کوردستان؛ قوتابخانەیە، پێشڕەو و پێشەنگە



مانگرتن کردەیەکی ناڕەزایەتیدەربڕانەیە کە هەنگاوێک دەچێتە ئەولای ناڕەزایەتییەوە، خودی مانگرتنیش بەسەر چەند جۆری جیاوازدا دابەش دەبێت، کە مەبەستی ئەم وتارە ناساندنی جۆرەکانی مانگرتن نییە، بەڵام مانگرتنی جەماوەری-سیاسی یەکێک لە جۆرەکانی مانگرتنە، کە مەبەستی ئەم وتارەیە. مانگرتنی جەماوەری-سیاسی پێش لە هەر شتێک

هەڵگری تایبەتمەندیی هێرشبەرانەیە، نەک بەرگریکارانە، کە ئەم خاڵە جەوهەرییە لە جۆرەکانی تری مانگرتنی جیا دەکاتەوە. ئیرادەتەوەرە و لە وشیاری و ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە لە مانگرتن ئەوەیە کە گلەیی لە کاربەدەست یا سەرمایەدارێک و خاوەنی کارگەیەک نییە، هەروەها لە بازنەیەکی بچووکی سێنفی و ئابوورییشدا خۆی قەتیس ناکات و وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، دەبێتە مانگرتنێکی جەماوەری و ویستەکانیشی بنەڕەتیترن؛ ئەم مانگرتنە بەتەواوی دژی دەسەڵاتی سیاسیی زاڵە و نووکەڕمبی هێرشەکەی بەرەو دەوڵەت و حاکمیەتە.

مانگرتنی جەماوەری - سیاسی بەپێچەوانەی جۆرەکانی تری مانگرتن تەنیا سەلبی نییە و لەگەڵ خۆیدا هەڵگری باری ئیجابییشە، بەو واتایە کە جگە لەوەی دەسەڵاتی حاکمیەت دەباتە ژێر پرسیار و بەجۆرێک ڕەدی دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشا لەو ڕێگەوە چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە دەگرێ چون خوازیاری چاککردن نییە بەڵکوو خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتیی سیستمی سیاسییە و دەسەڵات لە ڕەوایی دەشواتەوە؛ هەر لەم ڕووەوەیە کە زانایانی بواری زانستی سیاسەت لەو باوەڕەدان مانگرتنی جەماوەری-سیاسی دەبێتە هۆی بردنەسەری ئاستی وشیاریی سیاسیی جەماوەر و بەدوای ئەوەشدا بردنەسەری ڕادەی توانایی ڕێکخستن و خەڵکڕاکێشان.

لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی جەماوەری-سیاسیدا زۆر جار بابەتی ئەو دووانەیە دێتە پێش کە ئایا ئەم مانگرتنە "خۆڕسک"ـە یاخود پێوەندیی بە "حیزبایەتی" و "تەحەززوب"ـەوە هەیە؟ هەرکام لە لایەنگرانی ئەم دوو بیرۆکەیە ڕای تایبەت بە خۆیان هەیە لەم بارەوە و هەوڵ دەدەن ڕۆڵی بەشەکەی خۆیان بەرچاوتر کەن، بەڵام "ڕۆزا لۆکزامبۆرگ" ئەم دووانەسازییەی ڕەد کردەوە و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی نەخشی بەرچاوی پاڵنەری خۆڕسکانە لەو باوەڕەدایە پێوەندییەکی دیالێکتیک لە نێوان ئەم دوو پاڵنەرەدایە و بە هیچ شێوەیەک نەتەنیا هەڵوەشێنەری یەکتر نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن و هەردووک پێکەوە پێویستن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە چاوی داگیرکەر سەیری دەسەڵاتی ناوەندی دەکرێ، بابەتەکە جیاوازە و ناکرێ بەئاسانی خەڵک و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لێک جیا بکرێنەوە، بۆیە بەخۆشییەوە لە کوردستان ئەم دووانەیە نەک هەر لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنەکاندا بەڵکوو لە تەواوەتی خۆیدا بوونی نییە و یان لانیکەم دەنگێکی کپە و ناتوانێ پێش بەو یەکڕیزییە بگرێ کە لە جەریاندایە.

ئەمڕۆ ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی، دووەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی "ژینا ئەمینی"یە و کوردستان دیسان لە ئاستی گشتیدا مانگرتنێکی جەماوەری-سیاسی-گشتیی بەڕێوە برد و ئەم قۆناغە سیاسییەشی بەسەرکەوتووییەوە بڕی و هەنگاوێکی

تر لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیکتر بووەوە. ئەم کردە سیاسییە گرنگە ئاوێتەیەکە لە پێکهاتەی ئەکتی سیاسیی خۆڕسکانە و حیزبییانە، کە نیشان لە یەکدەنگیی نێومالّی کوردە لە هەموو ئاستی خۆیدا سەرەڕای بوونی جیاوازییەکانیش. بێگومان ئەم هەوڵانە بێبەرهەم نابن و کوردستان کە نیشانی داوە بەحەق پێشەنگی خەباتی جەماوەری و سیاسییە و لەم ڕووەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەی لە جانتادایە و شیاوترینە بۆ پێشەنگایەتی و سەرمەشقبوون، شێلگیرانە لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیدا ڕێگە دەبڕێ، کە قوتابخانە و وانەیەکە بۆ نەتەوەکانی تری نێو ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی تریش سەدان ماشین و بەکرێگیراو و چەکی نارد بۆ کوردستان، هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنیی دەسبەسەر کرد، تەنانەت دەستی لە گرتنی بنەماڵەی سەهیدانیش نەپاراست، هەڕەشە و گوڕەشەی زۆری لە بازاڕیان و خەڵکی دیکەی کوردستان کرد و هەموو ڕێکارە سەرکوتە هەمیشەییەکانی خۆی گرتە بەر، بەڵام دیسان شکست و ڕسواییەکی دیکەی بۆ خۆی تۆمار کرد. کوردستان بە تێگەیشتن لە ڕاستیی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا کارتی سەرکوتی هەیە، لەم قۆناغە لە خەبات لە ستراتێژیی خەباتێکی کەمتێچووتر کەلک وەردەگرێ کە بەرهەمی بەرچاوی هەبووە و بەحەق ژانەسەری سەرەکیی نێوخۆ بووە بۆ کۆماری ئیسلامی. وەک باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە لە مانگرتن کرا، پێویستە بڵێین نابێ ئەم حەماسەتە و حەماسەتی تری لەم چەشنە بتایبەتێنین بە ناردنی پەیامێک بۆ تاران، کە ئەوە تەنیا یەک بەش لەم پرۆسە مەزنەیە و زیاتر دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێکخستن و سازماندان بەهێزتر بکرێ و مانۆرێک بدرێ کە هەموو نەتەوەکانی تریش ئێعتراف بە پێشەنگایەتی و پێشڕەویی نەتەوەی کورد بکەن.

بژیی کوردستان و بژیی کورد کەوا هیچ ڕۆژێکی تاڵ و شیرینی ئەم مێژووە پڕهەورازەی خۆی لەبیر ناکات و جێی خۆیەتی سپاسی هەموو خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان بکرێ بۆ تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی جێی شانازیی تر.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## ساڵی نوێی خوێندن و سیاسەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی



لە بەرەبەری ساڵی نوێی خوێندنداین؛ ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران ساڵی خوێندنی ١٤٠٣- ١٤٠٤ دەست پێدەکات و دەبێ قوتابییان و بنەماڵەکانیان خۆیان بۆ ساڵێکی دیکەی خوێندن ئامادە بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە قەیرانە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکان وەک زۆربەی قەیرانەکانی تری کۆمەڵگەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نەتەنیا کۆتاییان پێنەهاتووە، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر زیاتریش بوون و هەر ئەمەش کاریگەریی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر بواری خوێندن داناوە.

قەیرانە کەڵەکەبووە ئابوورییەکان هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵکی ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە، هەر لە پێوەندی لەگەڵ خوێندندا بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە و لە ڕۆژنامەی "دنیای اقتصاد"ی ڕۆژی شەممە ٢٤ی خەرماناندا هاتووە: "نرخی کتێبی خوێندنی سەرەتایی لەچاو ساڵی پێشوو ٥٠ لەسەد زیادی کردووە." ئەمە تەنیا بۆ کتێبە دەرسییەکانە و کەلوپەلی پێویستی تر ناگرێتەوە. هەر ئەم ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە ١١٠ هەزار کەس لە قوتابییان لەچاو ساڵی خوێندنی ڕابردوو کەمیان کردووە و ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە.

هەر بەپێی ئامارە حکومەتییەکانی ڕێژیم، ٢١٦ هەزار و ٢٤٣ منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن لە ساڵی خوێندنی ١٤٠٢- ١٤٠٣ دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، کە ئامارێکی جێی نیگەرانییە. بەشێکی بەرچاو لە هۆکاری ئەم وازهێنان و

ناونەنووسینانە بۆ بواری لاوازی ئابووریی خەڵکی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەڵام جگە لەوەش دەتوانین ئاماژە بە هۆکارگەلێکی تر بکەین و نیشان بدەین ئەم دیاردەیە بەستێنی جۆراوجۆری لە پشتە.

لەم ساڵانەی ڕابردوودا مامۆستایان بەبەردەوامی ناڕەزایییان دەربڕیوە و تا ئێستاش دەنگیان نەبیستراوە، ئێمە دەزانین کەمیی مووچە و بردنە سەری تەمەنی خانەنشینی چەندە کاریگەریی خراپی لەسەر خوێندنی منداڵان دەبێ، ئەمە یەکێک لەو کێشانەیە کەوا سیستمی پەروەردە لە ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕووە.

شوێنی خوێندن و بینای قوتابخانەکان بەتایبەت لەو ناوچانەی وا بەئەنقەست لە ڕووی ئابوورییەوە دوا خراون و چەندین جار کارەساتی وەک "شیناوێ"یان لێکەوتووەتەوە، دیسان دەتوانێ هۆکارێکی تر بێ بۆ بێمەیلیی خوێندن و وازهێنان لە خوێندن، بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزخراوەکان.

نەخوێندن بە زمانی دایکی بۆ منداڵانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، یەکێکی تر و لە گرنگترین هۆکارەکانە بۆ ئەوەی منداڵان لە خوێندن دابڕێنێ، چون هەر بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە ناوچەی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ناوچە فارسنشینەکانی ئێران زۆر زیاترە.

نێوەرۆکی ئیدئۆلۆژی تەوەری کتێبە دەرسییەکانیش لەو هۆکارانەیە وا خوێندن لە سیستمی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ناشیرین دەکات و هیچ حەز و ئۆگرییەک بۆ قوتابی ناهێڵێتەوە. بەتایبەتتر گەر سەرنج بدەین کتێبەکان لەگەڵ ئەوەی لە خزمەت بیری نەتەوەییی نەتەوەی دەسەڵاتداردایە، لە ڕووی ئایینیشەوە بەتەواوی لە خزمەت بیری خوێندنەوەی دەسەڵاتە لە دین و ئایین، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دنیای ئەمڕۆدا زیاتر هەوڵ دەدرێ خوێندن و سیستمی پەروەردە سێکۆلاریزەتر بکرێ. لەگەڵ ئەوەش نێوەرۆکی کتێبەکان گوزارشت لە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی دەکەن و ئاوڕێک لە ژنان وەک کەسایەتی و ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی نادەنەوە.

لەبیرمان بێ لە چەند ساڵێک لەمەوبەرەوە "خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ستارتی قۆناغی دووهەمی بەناو "شۆڕشی فەرهەنگی"ی لێداوە و کۆمەڵێک دەستووری حکوومەتیی بە ناوەندە پێوەندیدارەکان ڕاگەیاندووە، کە کۆی ئەم سیاسەتە هەڵەیە وا چەند ساڵێکە لەسەری پێداگرە، کاردانەوەی زۆر خراپی هەبووە و کاریگەریی وێرانکەری لەسەر بواری خوێندن داناوە و سیستمی پەروەردەی ئەو وڵاتەی هێندەی دیکە لەبەرچاو خستووە.

دەرکرانی مامۆستایانی خوێندەوار و دڵسۆز بەبیانووی جۆراوجۆری ئەمنیەتی، دەتوانێ زەبرێکی کوشندە بێ، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەشاندنی ئەم زەبرەشدا کەمکاریی نەکردووە. لەوەش کوشندەتر ئەوە بووە کە جێی ئەم مامۆستایانەی بە دەیان هەزار ئاخوند و تەڵەبە پڕ کردووەتە و یەکشەوە ئەوانی لە مینبەر و حەوزەوە هێناوەتە سەر کلاسی دەرس! بێئەوەی ئەزموونێکی زانستی و دەروونناسانەیان لە بواری وانەوتنەوەدا هەبێ.

هەرکام لەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تریش کە لێرەدا باس نەکراون بەتەنیایی دەتوانن سیستمی پەروەردەی وڵاتێک لەکار بخەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەموو ئەم کێشانەی تەنیا لە بواری پەروەردەدا لەسەریەک کەڵەکە کردووە، چون مەبەستیان دژایەتی لەگەڵ زانست و تێگەیشتنە. ئەمەش لە قەوارەی فکری چەقبەستوو و پەرتووکاوی ڕێبەرەکەیان واتە خومەینییەوە سەرچاوە دەگرێ کە زانستە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکانی یان دەبەستەوە بە پیلانگێڕیی جیهانی یان بە هی ئاژەڵان.

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

## قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران و چەند قسەیەک

بەشی دووهەم




عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەر دوای ٥ ساڵ لە دوایین بەرنوێژییەکی هەینی کە کردبووی، هاتەوە و وتاری نوێژی هەینیی دا. دوایین جار بەدوای کوژرانی "قاسم سولەیمانی"، فەرماندەی "سپای قودس"دا پێشنوێژیی کردبوو. لەوێ و بە پێی حادەتی هەموو نوێژانەی هەینی لە تاران، قەناسەیەکی لەلای دەستیەوە دانابوو بە نیشانەی تۆڵە، هەروەها بە شێوەی سەمبولیکیش هەڕەشەیەک بوو لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت نەیارانی نێوخۆش.

عەلی خامنەیی لەو کاتەوەی بووەتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، تەنیا لەو کاتانەدا پێشنوێژیی کردووە کە بابەتێک لە ڕوانگەی ئەوەوە گرنگ هاتبێتە پێش و ویستبێتی یەکلای بکاتەوە چووەتە سەر مینبەر. لەم ٥ ساڵەدا کە لە دوایین نوێژی هەینیی عەلی خامنەیی تێپەڕ دەبێ، کۆمەڵێک گۆڕانی گرنگ ڕوویان داوە، لەوانە: بەڕێوەچوونی دوو خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری کە هەردووکیان کەمترین ئاستی بەشدارییان تۆمار کرد، هەڵبژاردنی مەجلیس بە هەمان شێوە، کوژرانی گوماناویی سەرۆککۆمارێکی کۆماری ئیسلامی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەرینی ناڕەزایەتییانەی ژن، ژیان، ئازادی، هێرشی "حەماس" بۆ سەر "ئیسرائیل" و بەدوای ئەوەدا شەڕی "غەزە" و زۆر ڕووداوی ورد و درشتی تریش، بەڵام عەلی خامنەیی بۆ هیچکام لەم ڕووداوانە لە نوێژی هەینیدا دەرنەکەوت، بەڵام کاریگەرییان داناوە لەسەری.

خامنەیی لەم وتارەی دوێنێیدا ڕوو لە لایەنگران و هەروەها ڕەخنەگران و نەیارانی نێوخۆی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵا و خودی ئیسرائیل و وڵاتان و ئەکتەرەکانی تری ناوچەش قسەی کرد. ئەمجار عەلی خامنەیی بە گومانی خۆی لە

بەرگی یەکێک لە ڕێبەرە ئایینییەکانی دنیای ئیسلامدا قسەی کرد، هەموو وڵاتانی ئیسلامیی بە یەکڕیزی لە بەرامبەر بەوتەی ئەو، "دوژمنی هاوبەش"دا بانگهێشت کرد، بەڵام بە ڕێبەریی خۆی. لێرەدا بێئەوەی ناوێک بێنێ پەیامێکی بۆ وڵاتانی ئیسلامیی کەنداویش هەبوو، پەیامەکەشی زیاتر ئامۆژگاری بوو بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە ئەو بەرەیەی وا خامنەیی ئیدیعای ڕێبەریکردنی دەکات.!

لەدوای ئەم ئامۆژگارییانە هەر لە وتارە فارسییەکەیدا باسی لە بەرگری و بەوتەی ئەو ڕەوایی بەرگری لە بەرامبەر ئیسرائیلدا کرد و بە مافێکی "لۆژیکی" و "ڕەوا" و "یاسایی"ی دانا، هەر بەو پێیە هاوکاریکردن و پاڵپشتییشی بەڕەوا لە قەڵەم دا، بۆیە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی لەمەڕ هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبردا بۆ سەر ئیسرائیل، دووبارە بەدروست زانی. هەر لەم بەشەدا باسێکی لە ولامدانەوە بە ئیسرائیل لە ئەگەری هێرشدا کرد، کە وەک تێئۆریی "نە شەڕ، نە ئاشتی"ـیەکەی پارادۆکسیکاڵ و دژبەیەک بوون، واتە شتێک لەو نێوانەدا کە ڕوون نییە دەبێتە چی. لێرەشدا وتی ولامدانەوەیان بە ئیسرائیل نە وەدرەنگی دەخەن و نە بەپەلەش دەیکەن، ڕووی دەمی لەم بەشەدا زیاتر لەوەی لە ئیسرائیل بێت، لە لایەنگرانی توندڕەوی خۆی بوو، کە گوشارێکی زۆریان بۆ هێنابوون لەدوای کوژرانی "هەنیە" لە تاران کارێک بکەن؛ بۆیە لە کۆتایی ئەم بەشە لە قسەکانیدا سووڕەی "عصر"ی هێنایەوە کە جەخت لەسەر ئامۆژگاری بۆ ڕێی حەق و سەبر دەکات، لەوانەیە بە هەمان "سەبری ستراتیژیک" ئەم سووڕەتەی قورئانی لێک دابێتەوە.

بەشی عەرەبیی قسەکانی وەک وتیشی ڕوو لە موسوڵمانانی "لوبنان" و "فەلەستین" بوو، بەڵام لە عەرەبییەکەدا بە پێچەوانەی فارسییەکەی کە باسی بەرگریی دەکرد، باسی لە "جهاد" کرد، واتە هێرشبردن نەک بەرگریکردن. ڕاستە خامنەیی وەک ڕێبەرێکی ئایینی و ڕیشسپیی دنیای ئیسلام خۆی دەرخست، بەڵام بەپێچەوانەی دۆکتۆرینی پێشووی کۆماری ئیسلامی، باسی لە ئوممەت نەکرد، بەڵکوو دەستەواژەی میللەتانی موسوڵمانی بەکار هێنا، خوێندنەوەی ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی ئەرکی خۆیان بە بەرگری و پاڵپشتی دادەنێ و ئەرکی لوبنانی و فەلەستینییەکانیش بە جەهاد. سەرەڕای ئەوە لەم بەشەدا باسی لە لەنێوچوون و نەمانی ئیسرائیل کرد، لە فارسییەکەیدا ئاماژەیەکی بەوە نەدا و وا دیارە ئەم ئەرکەی بە موسوڵمانانی جیهادیی ئەو دوو وڵاتە سپاردووە. لەم بەشەشدا سووڕەتێکی تری لە قورئان هێنایەوە کە هەمان سووڕەت بوو وا دوای سەرکەوتنی موسوڵمانان و چوونەوەیان بۆ مەککە هاتبوو و باسی لە سەرکەوتنی موسوڵمانان دەکرد، بەم پێیەش خامنەیی مزگێنیی سەرکەوتنی بە موسوڵمانان دا.

کۆی بابەتەکە دەتوانین بەم شێوەیە بێنین کە خامنەیی ئەم بەوتەی ئەو سەرکەوتنەی وا مزگێنیی دا لە گرەوی ئەوەدایە کە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لەژێر ڕێنوێنییەکانی خامنەییدا یەک بگرن، لایەنگرانی نەکەونە پەلەپەل و سەبوور بن، چون

ئەمان کاریان بەرگری و پشتیوانییە، هەروەها ئەو موسوڵمانانەی وا لە سنوورەکانی ئیسرائیل نزیکن و لە سەنگەری یەکەمدان جەهاد بکەن! بۆیە "مەحموود عەباس"، سەرۆکی دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند و داوای لە ئێران کرد، واز لە دۆزی فەلەستین بێنێ و لێگەڕێ خۆیان چارەسەریکی بۆ بدۆزنەوە. ئەمە بەو واتایە نەک وڵاتانی جیهان بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی فەلەستین و لوبنانیش بەم دەستێوەردانە تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی ڕازی نین. کەواتە دەتوانین بڵێین خامنەیی بە تێگەیشتن لەو تەنیاییە هەنگاوێک پاشەکشەی کردووە و ئەرکی لەنێوبردنی ئیسرائیلی لەسەر شانی کۆماری ئیسلامی لابرد و بە خەڵکی موسوڵمانی نزیک لە ئیسرائیلی سپارد، هەروەها شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتەی گرێ دایەوە بەو مەرجەی کە ئەگەر ئەوان هێرش بکەن، وڵام دەدرێنەوە.

لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش پاش چەندین ساڵ لە شەڕی ئێران و عێراق وەک شانازییەک باس لە تەنیاییی خۆیان لەو شەڕەدا دەکەن و دەڵێن ٣٧ وڵات لەگەڵ عێراق ڕێک کەوتبوون بەدژی ئێران، لە سەردەمی ئێستادا ئەوە وەک شانازییەک حەسابی بۆ ناکرێ، بەڵکوو دەرخەری لاوازیی لەڕادەبەدەری دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێکە کە بەو ڕادەیە پەراوێز بخرێ؛ ئێستا خامنەیی لەو تەنیاییە تێگەیشتووە، بۆیە سەرکەوتنیان لە گرەوی یەکریزی و یەکوتاریی میللەتانی موسوڵماندا دەبینێ و ئەرکی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهانی، بەخشکە لەسەر شانی کۆماری ئیسلامی لابرد، کە پاشەکشە و داننانە بە شکستێکی تری ئەم ڕێژیمە.

١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## "قووڵایی ستراتیژیک" یا قووڵایی شکست؟



کێشە و ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین لە ٧ی ئۆکتۆبرەوە دەستی پێنەکردووە، ئەم ململانێیە ئاکامی ساڵانێکی زۆر لە پەراوێزخستن و هەڵاواردنە، کە بەردەوام سەر هەڵدەداتەوە و چارەسەرێکی یەکجاریی نەبووە. نە ئیسرائیل توانیویەتی هەر جۆرە تێکۆشانێک لەوێ سەرکوت بکات، نە فەلەستینییەکانیش دەستیان لە خەبات کێشاوەتەوە. وەلێ ئەمجارە سەرەڕای شەڕ و تێچوویەکی قووڵ وا وێدەچێ گەلاڵەی دووڵاتی کە پێشنیارکەران و پاڵپشتانی نێودەوڵەتیی زۆری هەیە، بە ئەنجام بگات.

ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبووڵ بکەین، ڕۆڵ و دۆخی کۆماری ئیسلامی لە داهاتووی ئەم پێوەندییەدا چی و چۆن دەبێ؟ هەر لە ئێستاوە وڵاتانێکی زۆر ڕووی دەمیان لە "مەحموود عەباس"ـە و "فتح" بە بەرپرسیار دەزانن لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەی فەلەستیندا. بە واتایەکی تر "حماس" کە کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە باڵەکانی خۆیی دەزانی و بەپێی



سەرچاوە
Serchawe

بەڵگەکان لە دنەدانی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل ڕۆڵی هەبوو، وردەوردە سەرەڕای ئەوەی تێچوویەکی زۆری داوە و پرسی فەلەستینی دیسان ورووژاندووەتەوە، ئەوە هیچ لە ڕووی فیزیکییەوە خەریکە لەنێو دەچێ، لە ڕووی سیاسییشەوە هەر بە هەمان چارەنووس دوچار دەبێ؛ لەم حاڵەتەدا گەر حەماس بشمێنێ، بەم پێناسەی ئێستای نامێنێ و لە ڕاستیدا لە ڕووی ڕوویکەردەوە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا دێ، کەواتە دەتوانین بڵێین بەپێی ئەم گریمانەیە وڵاتێکی سەربەخۆ بەناوی فەلەستین دادەمەزرێ، بەڵام بە ڕێبەریی حزبی فەتح.

کۆماری ئیسلامی زەربەی جددیی لێکەوتووە و یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی کە هێزە نیابەتییەکانی بوو، لە بەردەم لەنێوچووندان و گەر لەنێویش نەچن، خەریکن بە خێراییەکی لەبەرچاو بەتاڵ دەبنەوە لەو کاراییەی کەوا بۆیان دیاری کرابوو. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەم ساڵانەی دواییدا دەستەواژەیەکی نوێیان هێنابووە کایەوە و چەند ساڵێک سکی لایەنگرانی خۆیان پێ تێر کرد، ئەویش "قووڵاییی ستراتێژیک" بوو، کە بەدوای شەڕی نێوخۆییی سووریە هاتە سەر زاران. ئەم دەستەواژە نیزامی-ئەمنیەتییە بەو واتا بوو کە شەڕ و کێشە بە چەندسەد کیلۆمەتر لە جوغرافیای ئێران دوور دەکەوێتەوە و ئەو هێزانەی سەر بە کۆماری ئیسلامین، دەبنە چەند شوورەی بەرگری و بەدەوری ئێراندا دەچنرێن. ئێستا بەکردەوە دەبینین ئەم هێزانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاوازتر دەبن، هەروەها ئەو شوورەیەی وا کۆماری ئیسلامی بەناوی قووڵاییی ستراتێژیک دەرخواردی خەڵکی دەدا، هەڵکەندراوە.

بەدەر لەوەش قووڵاییی ستراتێژیک زیاتر لەسەر زەوی واتای هەیە، ئێستا کە بەشی زۆری شەڕەکە ئاسمانییە، خۆی لە خۆیدا بێواتاتر دەبێ لە پێشووتری. چون کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئاسمانییەوە لاوازە و هەر لە سەرەتاوە بەهۆی تەحریم و گەمارۆکان، دەستی لە فڕۆکە شوشتەوە و ڕووی لە پیشەی مووشەکی کرد، کە ئەویشی تا ئێستا ولامدەر نەبووە بەپێی پێویست. ئەم ڕاستییە نیزامییەش لەبەرچاو نەگرین، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کۆماری ئیسلامی لەلایەن دوژمنی سەرەکیی خۆیەوە واتە ئیسرائیل، چەندین جار لە دڵی تاران و شارەکانی تری ئێراندا کراوەتە ئامانج و گورزی کوشندەی وێکەوتووە؛ ئێستا کەس ئامادە نییە بێ و وڵامێک بداتەوە و ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی سەرەڕای ئەم هەمووە تێچووە، ئاکامەکەی ئاوا دەرچوو.

حیزبوڵڵا کە لە سەرەتادا دەیکوت: "هەتا ئاگربەس نەکرێ لە غەززە بەردەوام دەبین لە هێرشەکانمان بۆ سەر ئیسرائیل"، ئێستا بەڕاشکاوی پێشوازی لە وتووێژ دەکات و مەرجی ئاگربەسی غەززەشی دانەناوە بۆ ئەو وتووێژە ئیحتمالییە، هەر لە بنەڕەتڕا لە ئاستێکدا نییە کە مەرج دیاری بکات. حووسییەکان دەیانهەویست پێش بە بازرگانیی جیهانی بگرن و هەتا ئاگربەس لە غەززە بەردەوام بن، بەڵام ئێستا دەنگیان لێ بڕاوە. کۆماری ئیسلامی کە پێشتر گلەییی لە وڵاتانی عەرەبی

کەنداو دەکرد و بەوە تاوانباری دەکردن پاڵپشتی لە دۆزی فەلەستین ناکەن، ئێستا وەزیری دەرەوەی دەنێرێ بۆ لایان بەشکوو تکایەکیان بۆ بکەن. هەر لەم پێوەندییەدا بەپێی هەواڵێک کە "شرق الاوسط" بڵاوی کردووەتەوە کۆماری ئیسلامی وتوویەتی: گەر وڵامدانەوەی ئیسرائیل زۆر توند نەبێ، وڵامی نادەنەوە.

کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا و سەرەڕای هاژەوگیڤەکانی بۆی دەرکەوت نەک هێزەکانی بەڵکوو خۆیشی ئەم شەڕەی پێناکرێ و گەر درێژە پێبدات لەنێویش دەچێ، لە ڕووی نیزامییەوە شکست لەدوای شکست تۆمار دەکات و لە ڕووی سیاسییشەوە تازە درەنگە بۆ ئەوەی دەستەوداوێنی عەرەبستانێک بێ کە چەند ساڵ لەمەوبەر باڵوێزخانەکەیان لە تاران ئاور تێبەردا. دێینەوە سەرەتای باسەکەمان مەحموود عەباس و بەشێکی زۆر لە چالاکانی سیاسیی عەرەب، ڕاشکاوانە داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە، واز لە پرسی فەلەستین بێنێ و چارەسەری ئەم کێشەیە بۆ خۆیان بێڵێتەوە. بۆیە دەبێ بڵێین لە ئەگەری دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، هەموو ئەو وڵاتانەی وا ئێستا بەرواڵەت بێدەنگن و هەر لە ڕێی دیپلۆماسییەوە هەوڵ دەدەن، لە داهاتووی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بە دەیان قات پلەیان بەرزتر دەبێ لە کۆماری ئیسلامی، ئەگەر هەتا ئەو کات کۆماری ئیسلامییەک مابێ؛ بەڵێ ئەوەی ناویان نابوو قووڵایی ستراتیژیک، ئێستا قووڵایی شکستێکە ئەوسەری نادیار.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

---

## کۆماری ئیسلامی فرچکی بە شەڕ و ئاژاوە گرتوە

بەشی دووهەم




دەبێ لە قسەکانی "محەممەد مەهدی میرباقری"دا تۆخمی باوەڕەکانی کۆماری ئیسلامی ببینینەوە. میرباقری نوێنەری مەجلیسی بەناو خوبرەگانی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە حەوتووی ڕابردوو و لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی کەناڵی یەکی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا دەرکەوت. لەم وتووێژەدا ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرینگ کرد، کە بەڕواڵەت لەگەڵ کەشی فەرمیی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا ناتەبان. میرباقری ئاماژەی بە وتەی ئەو "گەلاڵەی مەزنی خوا" کرد، کە هەمان شەڕی نێوان "باوەڕداران" و "بێباوەڕان"ـە کە ئەو پێیوایە ئەم شەڕە حەتمەن ڕوو دەدات و لە ئاکامیشدا باوەڕمەندان سەرکەوتوو دەبن. ئەو دەڵێ مەبەستی ئەم شەڕە نزیبوونەوە لە خوایە، جا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە "پیرۆز"ە گەر نیوەی خەڵکی جیهانیش تێدا بچن، هێشتا هەر بایەخی هەیە و کوژرانی ٤٢ هەزار فەلەستینی لەم پێناوەدا گرنگییەکی نییە.

ئەم ڕوانگەیە لەنێو ڕێبەرانی تری کۆماری ئیسلامییشدا بەهێزە، بەڕاستی ئەوانیش پێیانوایە دەبێ دنیا کاول بێ بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێ بۆ سەرهەڵدانی ئیمامی نادیار و غایبیان. لەم ڕووەوە بڕوانینە کردارەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە بڕێک بۆمان ڕوون بێتەوە کە مەبەست و نییەتی ئەم دەسەڵاتە لەو ئاژاوەگێڕییانەی وا بەردەوام دەیکات، چییە؟ هەرچەند وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی پزشکیان بووەتە یەکێک لە هەڵسووڕترین وەزیرە دەرەوەکان و بەردەوام لە دەرگای وڵاتان دەکوتێ، بەڵام کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە ئۆلیگارشییە لە ناخیاندا باوەڕیان وایە ئەو شەڕە بەوتەی ئەوان نیهاییە بەڕێوەیە و ئەمانیش دەبێ بەشداریی تێدا بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان وا بیر دەکەنەوە دەبێ دژایەتیی سیستمی ئاراییی جیهان کە دەوڵەت-میللەتی مۆدێرنە، لە ڕێگەی سیستمی ئۆممەت - ئیمامەتەوە بکرێ و هەموو وڵاتانی ئیسلامی بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئامریکادا - وەک جەمسەری سەرەکیی ئەو سیستمە - ڕابوەستن. ئەمە ئەو ویستە بوو کە لە وتارە هەینییەکەی خامنەییشدا دەرکەوت و داوای لە وڵاتانی ئیسلامیی هاوسنووری ئیسرائیل کرد، کە هێرش و جیهاد بکەن. بەدوای کوژرانی "یەحیا سینوار"، ڕێبەری ڕێکخراوی "حەماس" زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوایی ئومێدەوار بوون بەوەی ئاگربەسێک بێتە ئاراوە، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باسیان لە بەردەوامیی بەهێزتری بەوتەی ئەوان "موقاوەمەت" کرد؛ لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ هەتا زیاتر ناوچەکە ئاڵۆزتر و شەڕەنگێزتر بکەن، بە مەبەستەکەیان نزیکتر دەبنەوە.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە نیشان بدرێ کەوا ژیان و گیانی مرۆڤەکان و تەنانەت موسوڵمانان و غەززە و قودسیش بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە و بە لەنێوچوونیان خەمبار نابێت کە هیچ، تەنانەت بە پێوسیتییەکیشی دەزانێ. جیاوازیی ئێستای خامنەیی لەگەڵ خومەینیدا لەوەدایە کە خومەینی پێیوابوو شەڕ بۆ ئەوان نیعمەت بوو، بەڵام خامنەیی پێیوایە شەڕێک کە لەوان دوور بێ نیعمەتە بۆیان، دەنا لەوەدا کە شەڕەکە ببێ جیاوازییەکیان نییە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شەڕێکدا بزانێ دەتوانێ لە ڕووی نیزامییەوە دەستی باڵای تێدا هەبێ بێئیستخارەکردن دەیکات، ئەم هەوڵانەی وەزیری دەرەوەیان بۆ ئەوەیە ترسی لەنێوچوونیان ڕێ نیشتووە.

ئێستا کە ڕووداوەکانی ناوچە دەبینین، شایەدی بێبەزەییی لەڕادەبەدەر لەم شەڕانەداین، سەیری کاولکاری و وێرانیی بێسنووری ئەم شەڕانە دەکەین، دەبێ لای خۆمان بەراوردێکی مێژوویی بکەین. حیزبی دێموکرات کە باوەڕێکی قووڵی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران هەبووە و هەیە، لە یەکەم ڕۆژەکانەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و ئامانجەکانی، نەیویست خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمێک کە لە شەڕ دەگەڕا تووشی شەڕ بکات، ڕێژیمێک کە ئێستاش لە زاری بەرپرسانیەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی لای ئەوان بایەخی نەبێ ژیان و گیانی خەڵکە، ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێ ئاوەدانی و ئازادی و خۆشبژیوی تەنانەت ئەو خەڵکەیە وا بەرواڵەت پاڵپشتییان لێدەکەن، ڕێژیمێک کەوا بەردەوام لە تەپڵی ئاژاوە و ناسەقامگیری دەکوتێ، ڕێژیمێکی خوێنڕێژ کە گەر دەرفەتی وەچنگ کەوێ و خۆی بە باڵادەست بزانێ لە ڕشتنی هیچ خوێنێک درێغی ناکات، وەک لە کوردستان کردوویەتی و دەیکات، وەک لەسەر شەقامەکانی ئێران کرد، وەک ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی وا کردی، وەک ئەو خوێنانەی لە سووریە و ئێراق و لوبنان ڕشتی؛ کۆماری ئیسلامی خووی بە خوێنڕشتنەوە گرتوە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانیشی لە ترسە، نەک لە دژیشەڕبوونی .

٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## سێدارە، پێناسەی ٤٥ ساڵە




ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، "محەممەدی برووجێردی"، یەکێک لە فەرماندە گرینگەکانی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و دامەزرێنەری "قەرارگەی هەمزە" کە دەستێکی باڵای هەبوو لە جەنایەتی جەنگیی ئەو ساڵانەی کوردستاندا، لە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کوژرا. کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرلەبەیانیی سەرکەوتنی شۆڕشەوە و لە سەربانی قوتابخانەی "ڕفاه" لە تاران دەستی بە کوشتنی حکوومەتیی دژبەرانی کردبوو و لە ناوچە جیاکانی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان ئێعدامی بەکۆمەڵی دەست پێکردبوو، لەو بارەوە ئەزموونێکی زۆری بەدەست هێنابوو و چارەسەری هەموو کێشەکانیشی لە نەهێشتنی دژبەرانیدا دەبینی! بەم پێشخانە فکری و کردارییەوە بوو کە، لە تۆڵەی کوژرانی فەرماندەکەی و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی شاری مەهاباد، ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ١٣٦٢ "شۆڕای تەئمینی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی "لە ورمێ کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا بەمەبەستی وڵامدانەوەیەک بە کوژرانی برووجێردی. لەم کۆبوونەوەیەدا" سەردار محەممەدئیبراهیمی سەنجەقی" کە ئەوکات فەرماندەی قەرارگەی هەمزە بوو و هەروەها حەمیدڕەزا جەلایی‌پوور، فەرمانداری ئەوکاتی شاری مەهاباد بەشدار بوون.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە دەرکردنی بڕیارێک بوو کە لەودا ٥٩ کەس لە دەسبەسەرکراوانی شاری مەهاباد ئێعدام بکرێن. ئەم ٥٩ کەسە کە هەموو لاو بوون و مێرمنداڵیشیان تێدا بوو، بە سێ وەجبە و لە ٢٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ـەوە هەتا بانەمەڕی ١٣٦٢ گیرابوون و دوور و نزیک پێوەندییان بە کوژرانی برووجێردییەوە نەبوو. بەم حاڵەشەوە چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە ورمێوە برانە تەورێز و لە نادادگاییەکی یەکسەعاتەدا بڕیاری ئێعدامیان بۆ دەرچوو و لەسەریان جێبەجێش کرا. وەک زۆربەی هەرە زۆری چالاکانی سیاسی، ئەم ٥٩ کەسەش شاردرانەوە و ئێستا و ئێستاش بنەماڵەکانیان – سەرەڕای هەوڵ و تەقەللا و پرسیاری زۆر - نازانن ئازیزانیان لەکوێ ناژراون.

هەرچەند هەر ئەوکات و تەنانەت چەندین جاری تریش لەم ساڵانەی دواییدا بەرپرسانی ڕێژیم و خودی جەلایی‌پووریش ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردەوە، بەڵام یادگەی گشتیی خەڵکی کوردستان، ئەم جەنایەتەی لەبیر نەکردووە، هەروەک چۆن ساڵی ڕابردوو لە یادی چلساڵەی ئەم جەنایەتە دژەمرۆییەدا هەڵوێستیان نیشان دا و بنەماڵەکانیان جارێکی تر وەبیریان هێناوە کە لە خوێنی ئازیزانی خۆیان خۆش نابن و لەبیریان ناکەن.

کۆماری ئیسلامی هەموو کات پاش نارەزایەتی و ڕووداوە نائاساییەکان، تۆڵە لە خەڵکی ئەو وڵاتە دەکاتەوە، لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ئێران و ئێراق بە سەدان کەسی سیاسیی ئێعدام کرد، دوای شەڕەکە بە هەزاران کەسی لەسێدارە دا، لەدوای نارەزایەتییەکانی ساڵانی ٧٨ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ و ١٤٠١یش هەر بەو شێوەیە لە سیاسەتی خۆیدا بەردەوام بووە. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە نوێترین ئاماریدا ئاماژە بەوە دەکات: "کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردووی زایینیدا بەتەنیایی ڕێژەی ئێعدام یا هەمان کوشتنی حکوومەتیی لە ئاستی جیهاندا بردووەتە سەرێ، بە چەشنێک کە لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕووی نەداوە." لەو ماوەیەدا ژمارەی ٨٥٣ ئێعدام لە ئێران تۆمار کراون کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتریدا ٥٠٪ ئەم ڕێژەیە هەڵکشاوە. لەم ژمارە زۆرە ١٧٢ کەسیان بەلووچ بوون، بەلووچەکان ٥٪ی جەماوەری خەڵکی ئێران پێکدێنن، بەڵام ٢٠٪ی ئێعدامەکانی ئەمساڵ بەوان بڕاوە؛ ئەمە خۆی نیشانەیەکە لە تۆڵەکردنەوە و ترساندنی خەڵک، ئێمە دەزانین خەڵکی بەلووچستان لە جەریانی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادیدا، یەک لەو نەتەوانە بوون وا زیاترین بەشدارییەکانیان لە خۆیان نیشان دا و لە قوربانی‌دانیشدا هەر لە ڕیزی پێشەوە بوون.

ئەم ڕێژیمە لەژێر ڕێنوێنیی عەلی خامنەییدا ماکیاوێلیستییانە بیر دەکاتەوە و پێی‌وایە پاشەکشێ لە بەرامبەر نارەزایەتی‌دا بەواتای لەنێوچوونی دەسەڵاتەکەیانە، بۆیە بێ‌گرینگی‌دان بە ویستی خەڵک و نارەزایەتیی ناوەندەکانی مافی مرۆڤیش، ڕێیەک دەبڕن کە هەر لە سەرەتاوە بڕیویانە؛ بەڵام بێ‌ئاگا لەوەی گەر لەسێدارەدان و لەنێوبردن چارەسەر بووایە لەدوای ئێعدامەکانی سەربانی قوتابخانەی ڕفاه، دەبوو خەڵک ترسابان و هیچ چەشنە ناکۆکییەکیان لەگەڵ دەسەڵاتدا

نەبووایە، لە کاتێکدا ئێمە شایەدی ئەوەین ڕووداوەکان بەپێچەوانە ڕوو دەدەن و ئەم ئامێری ترساندن و تۆقاندنە هەرگیز وڵامدەر نییە و نەبووە و نابێ و نارەزایەتییەکان هەروا بەردەوام دەبن و کەس سڵیان لێ ناکات.

١٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

## بەردەوامیی تێکۆشانی مامۆستایان و بەردەوامیی شکستەکانی ڕێژیم



لە زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردووەوە ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران و لە کوردستان چالاکی بەردەوامیان هەبووە و هەیە. ئەگەرچی هەندێک جار بەهۆی بارودۆخ یان زەختی لایەنە ئەمنییەکان تووشی جۆرێک لە بێدەنگی بووە، بەڵام بەگشتی لەم ماوە زەمەنییەدا بەتایبەت لە کوردستان لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

ئەم ئەنجومەنە لەو سالانەوە چەندین داواکاریی گرینگی هەبووە کە وەک هێڵی سووری داواکارییەکانی سەیری کردووە، لەوانە: نەهێشتنی هەڵاواردن لە بواری پەروەردە و ڕاهێنان و هەوڵدان بۆ نەهێشتن و لابردنی هەر چەشنە پەروەردەیەک کە دەرخەری جیاوازیدانان لە نێوان قوتابییاندا بێ وەک خوێندنگەی جیاواز، پلان بۆ گۆڕینی کتێبە دەرسییەکان لە ڕووی



سەرچاوە
Serchawe

سیما و نێوەرۆکەوە بەتایبەت بە مەبەستی سڕینەوەی ئیدئۆلۆژی لە کتێبەکان و هەروەها لابردنی کەشی تاکڕەگەزی لەسەر کتێبەکان، هەوڵدان بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک بەلووچستان و کوردستان کە لە ڕووی ئاوەدانییەوە بەئەنقەست دوا خراون، ناچارکردنی دەوڵەت بەوەی پەروەردە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە هەتا دوایین قۆناغەکانی خوێندن بەخۆڕایی بێت، خوێندن بە زمانی دایکی لەو ناوچانەی وا نەتەوەی نافارسی لێیە و...

وەک دەبینن ئەم داواکارییانە هەموو لە خزمەتی قوتابییان و کۆمەڵگەکەدایە و تەنیا داوایەک کە لە بەرژەوەندیی خودی مامۆستایاندا بێ گەلاڵەی پلەبەندییە کە ئەویش لەگەڵ ئەوەی مافی بێئەملاوئەولای خۆیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کێیە لەم ڕاستییە دڵنیا نەبێ کاتێک مامۆستایەک خەمی نان لێی گەڕێ دەرکەوتێکی باشتری نابێت لە کارەکەی خۆیدا کە پەروەردە و ڕاهێنانە؟! بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەوەی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە لە مامۆستایان دوور بخرێنەوە و هاوسۆزییەکیان لەگەڵیاندا نەبێ، بەئەنقەست و بەپێی پیلان ئەوە زەق دەکەنەوە کە بە وتەی ئەوان: "بۆ گیرفانی خۆیان نـاڕەزایەتی دەردەبڕن، نەک ئەوەی لە خەمی منداڵانی خەڵکدا بن"! کە ئەم ڕوانینە، ڕوانینی دەسەڵاتە و بەمەبەستی تەریکخستنی نارەزایەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان ڕەنگە هەتا ئێستا بەو دەسکەوتانەی وا لە ئاسۆی ڕوانینیدایە نەگەیشتبێ، بەڵام دەستی لە تێکۆشان هەڵنەگرتووە و هەمیشە وەکوو سەرێشەیەکی جددی لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێناسە کراوە. لە گەرمەی شۆڕشەکەی ژینادا ئەنجومەنی مامۆستایان بەتەواوی و بە هەموو هێزی مەعنەوی و ماددیی خۆیەوە پاڵپشتیی لەو شۆڕشە کرد و تەنانەت لە شارێکی وەک سەقز ١٤٠ مامۆستای قوتابخانە بە کەمکردنەوەی مووچە سزا دراون، وەک باس کرا لە درێژەی ئەم ساڵانەدا هەر لە سەنگەری مافویستیدا بوون، ئێستا پرسیار ئەمەیە گەر ئەم ناڕەزایەتییانە تەنیا بەهۆی داواکاریی مووچە بووایە، بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی هێندە پێیان قەڵس دەبوون؟ لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان یەکێک لە دیارترین و پێشکەوتووترین ئەنجومەنەکانە وا لە نێوخۆی ئێراندا و سەرەڕای هەموو گوشارەکان درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە و دەدا؛ چون بەشێوەیەکی قووڵ و ڕیشەییش بۆ کێشەکان دەڕوانێ، هەربۆیە وەبەر غەزەبی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەوتووە.

گەلاڵەی پلەبەندییەکە کە مافی سەرەکی و بنەڕەتیی مامۆستایانە، تەنانەت لەوەشدا دەستی هەڵاواردنیان تێخستووە و وەک ئیمتیازێکیان لێ کردووە بۆ ئەوەی گوشارێک بێ لەسەر مامۆستایانی نـاڕازی و چالاک، بۆ نموونە دەبێ ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش و حەراسەتی ئەو بەشە کە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتە ئەو مامۆستایە تەئید یا ڕەد بکا بۆ ئەوەی

ئەو مافەی پێبدرێ یا لێی بستێنرێ؛ بە خەیاڵی خاوی خۆیان دەیانەوێ ئەم بەبارمتەگرتنی مافە بکەنە گوشارێک بۆ ئەوەی مامۆستایان واز لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ بێنن!

لە ئاستی ئێراندا ٢٥ ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان هەیە کە سێ دانەیان لە کوردستاندان و لە شارەکانی سەقز و مەریوان و سنەدا چالاکن و دەتوانین بڵێین لە ڕووی تێکۆشانەوە سەرباشقەی هەموو ئەو ٢٢ ئەنجومەنەی دیکەن؛ لەخۆڕا نییە هەر لەم ماوەی پێشوودا چەندین مامۆستا لەم شارانە لەسەر کار لابران یا تووشی زیندان و دەسبەسەرکردن و کەمکردنەوەی مووچە و... بوون؛ بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە هەتا زیاتر مافیان پێشێل دەکرێ، مکوڕتر دەبن لەسەر تێکۆشانیان.

وەک دوایین وتەش دەبێ بوترێ سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی پاش ئەم هەمووە ساڵە و ئەو هەمووە تێچووە، هەم مامۆستایانی دەرچوو لە سیستمی گوزینشییەکەی خۆی، بەدژی دەرکەوتوون، هەمیش ئەو وەچەی کە لەبەر دەستی ئەواندا و بە کتێبە ئیدئۆلۆژیلێدراوەکانی ویستی پەروەردەیان بکات، لەدژی ڕاسان، کە نموونەی بەرچاوی لە شۆڕشی ژینادا بەتەواوی دەرکەوت و کۆماری ئیسلامی لەم ڕووەشەوە دۆش داما.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## هەڵبژاردن یا هەڵخەڵەتاندن؟



لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ەوە هەتا ٨ـی پووشپەڕی ١٤٠٣ دەبێتە ١٦٥٧٥ ڕۆژ و بە ساڵیش دەکاتە ٤٥ ساڵ و ٤ مانگ و ١٧ ڕۆژ. ئەم ماوەیە لەگەڵ ئەوەیکە ماوەیەکی دوورودرێژە بەڵام لە هەمان کاتیشدا ماوەیەکی گونجاوە بۆ ناسینی هەر کەسێک یان دیاردە و سیستمێکی بەڕێوەبەری یان هەر شتێک کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە. سیستمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی ناوەتە ٤٦ ساڵ تەمەنی خۆی. لەم ماوەیەدا سەروو ٤٠ هەڵبژاردنی بەڕێوە بردووە، لە ڕێفراندۆمی ئەرێ یان نا بۆ کۆماری ئیسلامییەوە هەتا خوبرەگان و سەرکۆماری و مەجلیس و شۆڕای شار و گوندەکان.

لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لێژنەیەک لە ئەندامانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا" سەردانی ئێران دەکەن و لەوێ لەگەڵ دوو کەسایەتیی سیاسیی ئەو سەردەمەدا واتە "دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و "نوورەددینی کیانووری" سکرتێری حیزبی توودەی ئێران وتووێژ دەکەن و بیروڕایان لەسەر دۆخی سیاسیی ئەوکاتی ئێران دەپرسن. لە ڕاپۆرتەکەیاندا کیانووری بە کەسێکی گەشبین و دڵخۆش بە حکوومەتی نوێ دەبینن، بەڵام لە بەرامبەردا دوکتور قاسملوو بە کەسێکی سیاسیی خاوەن خوێندنەوەی قووڵ و لۆژیکی دێتە بەر چاویان. دوکتور قاسملوو لەو

دیدارەدا هەوڵ دەدا جیاوازیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ فاشیزمی ئورووپایی بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوە و دەڵێ: "باس لەوە نییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی فاشیزمدا دیموکراسی بەرەو لاوازییەکی کاتی چووە، بەڵکوو لێرەدا باس لەوەیە دەسەڵاتی مەلاکانی تاران هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ چەمکێکی وەک دیموکراسی نامۆیە..." و لە درێژەشدا باس لە دیداری خۆی و "خومەینی"یان بۆ دەکات و ئاماژە بەوە دەدا: "چۆن دەکرێ لەسەر بابەتگەلێکی وەک دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵکی و پلۆرالیزم و مافی کەمینەکان لەگەڵ کەسێک بدوێی کەوا خۆی بە جێنشینی خودا لەسەر عەرز دادەنێ؟"

لە ساڵی ١٩٤٥ و دوای شکستی ئاڵمانی نازی، نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئاڵمانیان برد لە نزیکەوە سەردانی یەکێک لە ئۆردووگاکان بکەن، ئەو خەڵکەی وا پێشتر سڵاویان بۆ هیتلێر دەنارد، پاش ئەوەی بە چاوی خۆیان بەشێک لە جەنایەتەکانیان بینی لە وڵامدا تەنیا وتیان: "ئاگامان لێنەبووە!" ئێستا و پاش ئەم هەمووە ساڵە و دوای ئەوەی بۆ هەموو خەڵک دەرکەوتووە کۆماری ئیسلامی چی دەوێ و بەتەمای چییە و بەکردەوەش ئەوەی سەلماندووە، لە سەردەمی میدیا و ڕاگەیاندنەکاندا و بەتایبەت پاش سەرهەڵدانەکان و سەرکوتی درندانەیان ئیتر هەڵەکردن و تێنەگەیشتنی هیچ کەسێک بۆ بەرگریلێکردن نابێ و کەس بۆی نییە بڵێ "نەمزانیوە" و "ئاگام لێنەبووە" و "نەمزانیوە وای لێ دێ."

لە ئێستەشدا کە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردانە و بەرەبەرە لە بەناوهەڵبژاردنی چوارەدیەمین سەرکۆمار بۆ ڕێژیم نیزیک دەبینەوە دەبینین کە هێشتا هەندێ کەسی ساویلکە سەرقاڵی پروپاگەندان بۆ هاندان و جۆشدانی خەڵک لەمەڕ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان. ئەمانە کە لە ڕابردووشدا بە ناوی ڕیفۆرمیستی و ئیسلاحخوازی هاتبوونە نێو گۆڕەپانەکە و زیاتر وەک سووپاپ ئیتمینانێک بۆ ڕێژیم چاویان لێ دەکرا دیسانەوە نایانهەوێ ڕاستی و کەتوارەکان وەک خۆی ببینن و پاش ئەو هەموو جینایەت و خەیانەتەی کە سەرانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک و خاکی ئیران و لەو نیوەشدا کوردستان کردوویانە و دەیکەن دەیانهەوێ پشکێکیان لەم دەسەڵاتە ئۆلیگارێشییە وەبەر بکەوێ . هەڵبەت بەشێک لەو کەسانە کە ئەم پروپاگەندایانە دەکەن ئەوە نەبێ ساویلکە بن و تەنیا بیانهەوێ خەڵک هان بدەن کە بەشداری شانۆگەرییەکە بن بەڵکوو زیاتر دەچنە خانەی کەسانێکەوە کە دەزانن بەشداریی کردن و گەرمکردنی تەنووری بەناو هەڵبژاردن بەواتای جۆرێک ڕەوایی بەخشینە بە دەسەڵاتی ناڕەوای کۆماری ئیسلامی و لە سێبەری ئەویشدا مانەوە و بەردەوامی خۆیان لە دەسەڵآت و هەبوون دەرەتانێکی زیاتر بۆ هەڵلووشینی خوێنی خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران.

هەندێک لەو بەناو ئیسلاحخوازانە دیسان بە فێڵی هەمیشەیی دەرکەوتوونەتەوە و بە پێی پلان و پیلان دەیانهەوێ کەشێک بخولقێنن وەک خولەکانی پێشوو و لە ترسی "ئاور" خەڵک هان بدەن بەرەو نەک ئاو بەڵکوو بەرەو لافاوێکی وێرانکەر پەنا ببەن. هاتوون و بە بڵاوکردنەوەی ئەم لێکدانەوەیە کە بە وتەی ئەوان دوای سەرکوتی سەرهەڵدانەکان "خەڵک بێهیوان" و

"تووشی پاسیفیزم بوون"، دەتوانن لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە چالاک ببنەوە و پەیامی خۆیان بۆ دەسەڵات بگوازنەوە گەر ئەمەش نەکەن چییان کردووە؟ و مەیدانیان بۆ تەراتێنی بناژۆخوازەکان چۆڵ کردووە! ئەمە دیسان هەمان دووانەی خراپ و خراپترە، بەڵام خەڵک نیشانیان دا لەوە دەرچوون و هەموو باڵەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە خراپترین دەبینن نەک خراپ و خراپتر.

بە پێچەوانەی ئەم لێکدانەوە و شرۆڤە دوور لە ڕاستییانە هەر ئێستا لە ئێراندا نارەزایەتییەکان و نافەرمانییە مەدەنییەکان ڕۆژانە بەردەوامن و لە شوێنە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانەی خەڵک و چینە جیاوازەکان لەگەڵ دەسەڵاتدا دەبینین، بەڵام بۆ ئەوەی بایکۆتی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکان ئاراستەیەکی پێشکەوتووانەتری هەبێ لەچاو بایکۆتەکانی پێشووتر، دەبێ بایکۆتەکە چالاک بێت، خەڵک هان بدرێن و ڕێک بخرێن بۆ مانگرتنی بەرفراوان، بۆ نیشاندانی نافەرمانیی مەدەنیی زیاتر و لە دوایین قۆناغدا بۆ چوونە شەقام؛ بەڵام پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بیر لەوە بکاتەوە بایکۆتی ئەمجارە دەبێ و پێویستە لە ناردنی پەیامێک و "نا"وتنیک زیاتر بێ. بۆ وڵامی ئەوەی کە دەڵێن دەنگ نادەن چ دەکەن؟ دەبێ بڵێین هەتا ئێستا ئەم پتر لە ٤٠ هەڵبژاردنە چ دەسکەوتێکی بەرهەستی بۆ خەڵک بووە جگە لەوەی بینای ڕێژیمی نۆژەن کردووەتەوە و داری سێدارەیانی ئاو داوە؟

٢٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

## خەمی مرۆڤ نییە، خەمی هیلالی شێعەیە



سەرچاوە
Serchawe



ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پەیامێکدا داوای لە موسوڵمانان کرد بە هەموو توانای خۆیان یارمەتیی شەڕکەرانی لوبنانی بدەن، هەندێک لە مەلا شیعەکان ئەم پەیامەی خامنەییان لێک دایەوە و وتیان ئەم فەرمانە، واجبی عەینییە و لەسەر هەموو موسوڵمانانە کە بە هەر شێوەیەک بتوانن یارمەتیی حیزبوڵڵا بکەن؛ جێی ئاماژەیە لەم پەیامەدا داوای یارمەتیی بۆ خەڵکی فەلەستین نەکراوە.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ ئەم پەیامە بکرێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی ئاوڕێکی خێرا و سەرپێیی بدرێتەوە لە دۆخی ئابووریی خەڵکی ئێران. پێش لە هەر شتێکی دیکە سەرانەی بەکارهێنانی گۆشتی سوور لە ئێراندا و بەپێی ئامارەکان ١٢ کیلۆیە کە بۆ سێ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ٢ کیلۆیە لە ساڵدا، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم ئامارە لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەدا سەروو شەست کیلۆ و حەفتا کیلۆیە. بە واتایەکی تر لە ئێراندا خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە ساڵدا توانای کڕینی دوو کیلۆ گۆشتیان نییە.

هەروەها هێڵی هەژاری لە ئێراندا گەیشتووەتە بیست میلیۆن تمەن و سێ لەسەر چواری خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بۆ تاران ئەم نرخە سی میلیۆن تمەنە. هەموو ئاگادارین وڵاتی ئێران لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی کانزاوە بە ئەژمار دێ، ئەم وڵاتە ٤ هێندەی وڵاتی تورکیە میلیۆنەری هەیە، میلیۆنەر بەپێی دۆلار؛ بەڵام ئەم سەرمایەدار و دەوڵەمەندانە هیچ سوودێکیان بۆ خەڵکی ئێران نییە و زۆربەی نزیک بە تەواویان لە وڵاتانی دەرەوە سەرمایوگوزاری دەکەن و خێرێکیان بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێران نییە.

کرێکاران لە ئێران لە بێئیمکاناتی و بێمووچەیی دەناڵێنن، هەر ماوەیەک لەمەوبەر کرێکارانی کانزای خەڵووز لە ئێران بەهۆی بێئیمکاناتییەوە تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوون و ٥٢ کەس لەوان گیانی لەدەست دا، کرێکارانی پێترۆشیمیی باشووری ئێران لە گەرمای سەروو ٥٠ سانتیگرادی هاوینی ئەمساڵدا تاقەتپڕووکێنانە کاریان دەکرد بۆ زیندوو مانەوەیان.

لە بەلووچستان خەڵک بەدەست بێئاوییەوە دەناڵێنێن و ساڵانە چەندین کەس بەتایبەتی منداڵانی ئەم ناوچەیە تەنیا بۆ دابینکردنی قومەئاوێک دەبنە قوربانیی گاندۆکان، کە جۆرە تمساحێکە لە بەلووچستان، سەرەڕای ئەمە و کەمی یا هەر نەبوونی ناوەندە تەندروستییەکان لەم ناوچەیە، بێئیمکاناتیی خوێندنگەکان و سیستمی پەروەردەی تاکزمانە و... منداڵانی ئەم ناوچەیەی بە نەخوێندەواری هێشتووەتەوە. لە کوردستانیش کە هەمیشە بە چاوێکی ئەمنیەتییەوە سەیری کراوە، نەتەنیا ژێرساختێکی ئابووریی نییە، بەڵکوو ساڵانە کاسبکارانێکی زۆری ئەم ناوجەیە بۆ دابینکردنی پاروو نانێک تامی تاڵی مەرگ دەچێژن.


گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتووش کە لەلایەن پزشکیانەوە بە مەجلیس درا، دەرخەری دۆخی نالەباری ئابووریی ئێران بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کێشە ئابوورییانە هەر لەو گەڵاڵەیەدا بەشی نیزامی زیاترین بەشی پێبڕاوە و بۆ پاساویشی دۆخی ئەمنیی ناوچەیان هێناوەتەوە.

ئەمە کورتە ئاماژەیەک بوو بە ڕادەی بەربڵاوی هەژاری لە هەموو ئێراندا و بەتایبەت ناوچە پەراوێزخراوەکان، ئەو هەژارییەی کە سەرەڕای بەڵێنە یەکبەدوای یەکەکان هەروا هەوسارپچڕاوانە هەڵدەکشێ و هیچ بەرنامە و ئیرادەیەکیش بۆ بنبڕکردن کە نا تەنانەت بۆ کەمکردنەوەشی نییە و گەشەی ئابووری ساڵانێکە لەم سیستمە گەندەڵ و ناڕوونەدا ماڵاواییی یەکجاری کردووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش خەڵک زیاتر تووشی چارەڕەشی و هەژاریی ڕەها دەبن.

لە وەها دۆخێکدایە کە خامنەیی فتوا دەدا و دەستووری شەرعی دەدا کە ئەو خەڵکە یارمەتیی شەڕکەرانی لوبنان بدەن! لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ لە خۆمان بپرسین دەبێ ئەم خەڵکە تێچوو بۆ کام سیاسەت و ستراتێژی بدەن؟ ئو بۆچی ئەو تێچووە بدەن؟ مەبەستی ئەم وتارە هاوڕابوون لەگەڵ دروشمی "نە غزە، نە لبنان..." نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە شارۆمەندانی ئەو وڵاتە لە هەژاریدا بەسەر دەبەن، بەڵام خامنەیی دەیهەوێ هێزێکی گێرەشێوێن بپووژێنێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام ناوچەکە ڕووی ئاشتەوایی و ئەمنیەت بە خۆیەوە نەبینێ و لە پێشدا وڵاتی لوبنان وێران بکەن جا وڵاتانی دەوروبەر، دەنا مەبەستی ئەو مرۆڤتەوەرانە نییە، گەر وا بووایێ چاوی بەسەر خەڵکی دەوروبەری خۆیدا نەدەقووچاند .

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# دەوڵەتی پزشکیان پاش دوو مانگ



یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئازادی و دیموکراسی، دەسڕاگەیشتن بە زانیارییە، یەک لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی پزشکیانیش، لابردنی فیلتێرینگ بوو. ئەو فیلتێرینگەی کە پێش بە ئاڵوگۆڕی ئازادی هەواڵ و زانیارییەکان دەگرێ و بەوتەی خۆیان ئەم فیلتێرینگە تا ئێستا زەرەری زیاتر لە ٢٠ هەزار میلیاردی لە ئابووریی ئەو وڵاتە داوە؛ بەم حاڵەشەوە هەتا ئێستاش کە ئەم وتارە ئامادە دەکرێ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و مافیاکانیان هێشتا کۆڵیان نەداوە و تەنانەت کۆبوونەوەی نارەزایی دەردەبڕن بۆ ئەوەی پێش بە ئەگەری لابردنی فیلتێرینگ بگرن! دەوڵەتی چواردەیەم ئەم بابەتەشی سواندووە و لەمەوە بۆ ئەو پاسی دەدا.

گەشەی نەختینەیی سەری لە ئاسمان داوە و ڕێکۆردەکانی شکاندووە، کە ئەمە هۆشدارێکی جددییە بۆ هەڵاوسانی زیاتر لە داهاتوویەکی نزیکدا، پرسی ئابووری و کونترۆڵی نەختینەیی و هەڵاوسانیش یەکێکی تر لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی پزشکیان بوو، کە ئێستا لەچاو پێشوو لە دۆخێکی خراپتردایە. دەوڵەت هێشتا قەرزی ساڵی ڕابردووی وەرزێرانی نەداوەتەوە و لە توانای‌دا نییە قەرزەکەی لەگەڵیان پاک بکات؛ بەم حاڵەوە لە بەشە دیارەکەی‌دا بوودجەی نیزامی سێ هێندە بووەتەوە. نرخی نان کە خواردنی سەرەکیی خەڵکە ٤٠ بۆ سەروو ٦٠٪ زیادی کردووە، لەگەڵ نان ئاو و خانوو و مریشک و هەموو پێویستی و پێداویستییە سەرەکییەکانی تریش بە شێوەیەکی بەرچاو گران بوون، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و سینفە جۆراوجۆرەکان ئێستاش بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان نارەزایەتی دەردەبڕن و هێشتا ئاوڕێکیان لێ نەدراوەتەوە، لە مامۆستایانەوە هەتا کرێکاران و خانەنشینان و پەرستاران؛ ئەمە لە کاتێکدایە لە کاتی دەنگدان‌دا بەڵێن دەدرا گرانیی هەوسارپچڕاو کونترۆڵ بکرێ.

دەیانکوت بەزۆری ناکرێ حیجاب بەسەر خەڵکدا بسەپێ، ئێستا زانکۆکان و هەموو شوێنە گشتییەکان ئێشکچییانی حیجابی لێ جێگیرە، نەوەک ژنێک حیجابی زۆرەملی لەسەر داماڵێ! پەیام بۆ ژنانی شۆفیر دەنێرن کە بێحیجاب ماشین لێنەخوڕن. گەشتی ئیرشاد ئارامش و ئاسایشی لە خەڵک تاراندووە.

دەوڵەتی پزشکیان لەدوای دوو مانگ کە لە دەسبەکاربوونی تێپەڕ دەبێ، بۆ هەموو ئەم کێشە بنەڕەتییە ئابووری و سیاسییانەی بەردەم خەڵکی ئەو وڵاتە، نە تەنیا هەنگاوێکی ئەرێنیی هەڵنەهێناوە، بەڵکوو دۆخەکەی خراپتریش کردووە؛ پرسیار ئەمە: ئایا ئەم دەوڵەتە لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا چ گەندەڵی و خراپبەڕێوەبەرییەکی نەکردووە، کەوا خەڵکیان لە دەوڵەتی سەعیدی جەلیلی دەترساند؟ جیا لەم کێشە ئابووری و سیاسییانە کەوا چاوێکی پێدا خشێنرا، پرسی نەتەوە زوڵملێکراوەکانیش هەر لە جێی خۆیەتی. پرس و کێشەی بەلووچستان بە دانانی ئوستاندارێکی سوننیی بەلووچ چارەسەر نابێت، گەر تەنانەت ئەو کەسە نزیک لە خۆیشیان نەبێت، چون هەر لە بنەڕەتڕا کێشەی کورد و بەلووچ و نەتەوەکانی تر، کێشەی ئەوە نییە کێ ئەو سیاسەتە ئاپارتایدییانە بەڕێوە دەبات و دایدەبەزێنێ، بەڵکوو کێشەی ئەوان ڕیشەییە بەم هەنگاوە پۆپۆلیستییانە چارەسەر نابێ و کەس فریو نادرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا ئەم دەوڵەتە لاوازترین کارنامەی هەیە. سێبەری شەڕێکی گشتگیر و ماڵوێرانکەر بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشراوە و دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیم لە دوورخستنەوەی ئەو شەڕەدا دۆشداماوە. پێوەندیی لەگەڵ وڵاتان نییە و تەریک کەوتووە، یەکیەتیی ئورووپا لە ماوەیەکی کورتدا چەندین هەڵوێستی دژبە ڕێژیم گرتووە: گەمارۆی خستووەتە سەر بەشێک لە هێڵی ئاسمانی و چەندین کەس و ناوەندی تریش، لەمەڕ ئەو سێ دوورگەوە پشتی وڵاتی ئیماراتی گرتووە و داوای لە ئێران کردووە دەست لە داگیرکاری هەڵگرێ، لەم دواییانەش وڵاتی ئاڵمان چەندین کۆنسوولخانەی ئێرانی لەو وڵاتە داخستووە و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان بەرەو گرژیی زیاتر چووە، لەگەڵ ئەوەی هێزە پرۆکسییەکانی لە لاوازترین حاڵەتی خۆیاندان لە یارگیری و دۆزینەوەی دۆستیشدا دۆشداماون و هیچکام لە وڵاتانی دەوروبەر لەم کێشانەدا بەلایاندا ناکشێن. هەرچەند کە کۆی بەڕێوەبەرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر دەبێ لەسەر ڕێژیم حیساب بکرێ و لەم نێوەدا جیاوازییەک دانەنرێ، بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە دوو مانگ لە دەسبەکاربوونی دوایین دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بووە، لێرەدا تیشک خرایە سەر کارنامەی لاوازی ئەم دەوڵەتە، کە بەشێک لە خەڵکیان لە ئاکامەکانی بەشدارینەکردن لە دەنگدان دەترساند !

١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان سەرەڕای مەترسیی شەڕ




پاش زیاتر لە دوو ساڵ لە دەسپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و پاش زیاتر لە ساڵێک لە سێبەری شەڕ کە قورسایی خۆی بەسەر وڵاتی ئێراندا سەپاندووە، ناڕەزایەتیی خەڵکی وڵات بە بۆنەی جیاوازەوە و لەلایەن چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە بەردەوام بەڕێوە دەچێت. شەڕ یاخود دۆخی شەڕاوی دەتوانێ لەمپەرێک بێ لەبەردەم گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نێوخۆی هەر وڵاتێکدا، چون دۆخێکی تایبەت و ئەمنیی ئەوتۆ پێک دێنێ کە هەموو ویست و خواستە ورد و درشتەکانی دیکە دەخاتە پەراوێزەوە و گرنگی بە ویستێکی ئۆرژانسیتر دەدرێ، کە هەمان شەڕە، بۆیە دەوڵەتانی شەڕخواز بەو پاساوەوە گوێی خۆیان لە بیستنی هەر هاوارێکی ناڕەزایەتیدەربڕانە دەئاخنن. حاڵەتێکی دیکەش هەیە کە ئێستای ئێران دەگرێتەوە، ئەویش بریتییە لە بوونی دەسەڵاتێکی تاسەرئێسک تۆتالیتێر کە دوژمنی خەڵکە و هیچ ویست و بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ خەڵکەکەیدا نییە، لەم حاڵەتەدا گەر دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتانی دوژمنیەوە هەڕەشەی لەسەر بێ و لەلایەن بەشێک لەو خەڵکەوە وەک ڕزگارییدەر سەیر بکرێن، دیسان مەترسیی زاڵبوونی کەشی مەند بەسەر



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا و مانەوەیان لە چاوەڕوانی و هیواهەڵچنیندا هەیە. بە واتایەکی تر دەبێ بڵێین لەم حاڵەتەدا مەترسیی ئەوە هەیە فاکتەری ئیرادە جێی خۆی بە چاوەڕوانی بدات.

بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین نیشان بدەین لەو ماوە زەمەنییەدا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا و سەرەڕای هەڕەشەی گرتن و زیندان و ئێعدام و دەنگۆی لێدان و لێنەدان و دەبێتە شەڕ و نابێتە شەڕ و دەڕووخێ یان ناڕووخێ، باس لە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کۆبوونەوە و بزووتنەوە ناڕەزایەتییانەی نێوخۆی ئێران لەم ماوەیەدا دەکەین، کە بەدەر لەو هەلومەرجەی وا باس کرا، لەسەرپێ و باوەڕبەخۆیانە و بە ئیرادەوە بەردەوام بوون.

- ناڕەزایەتیی بەردەوامی خانەنشینان: لە ساڵانی ڕابردووەوە تا ئێستا خانەنشینانی بەشە جیاوازەکان خوازیاری یەکدەستکردن و بردنەسەری مووچەکانیان، بیمەی دەرمانی و چاکسازیی دۆخی نەگونجاوی بژێویانن. ئەم چینە بەساڵاچووە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت لە پار و پێراردا، هەروەها لە زۆربەی شارەکانی ئێران بەردەوام لەسەر شەقام بوون و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە و ڕووی گازندەکانیان لە بەرێوەبەرانی سەرەکیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە.

- ناڕەزایەتیی بەردەوامی مامۆستایان: ئەم ناڕەزایەتییانەش بە شێوەیەکی موکوڕ و پێداگرانە و ڕێکخراوانە لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بەتایبەتی لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت و ویستەکانیان جار لەگەڵ جار ڕادیکاڵانەتر و هەمەلایەنەتر دەبێ. ویستە سەرەکییەکانی مامۆستایانیش بریتییە لە: پلەبەندیی مووچە، نوێژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، گۆڕینی نێوەرۆکە دەرسییەکان، خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک، خۆڕاییبوونی خوێندن و...

- ناڕەزایەتیی بێوێنەی پەرستاران: ناڕەزایەتیی پەرستاران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە، بە جۆرێک کە بەربڵاویی ئەم ناڕەزایەتییانە هەڕەشەیەکی جددیی بووە لەسەر سیستمی تەندروستیی ئێران. سەرەکیترین ناڕەزایەتیی ئەم چینەش کە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووەتەوە بە کەمبوونی مووچە و زۆریی کاتی کارە.

- ناڕەزایەتیی ڕۆژانەی ژنان لەدژی حیجابی ئیجباری: ژنان بە شێوەی ڕۆژانە و بەردەوام لەگەڵ یاسای پڕلە هەڵاواردنی حیجابی ئیجباریدا لە بەربەرەکانیدان، بە جۆرێک کە ڕۆژ نییە لە گۆشەیەک لەو وڵاتە ناڕەزایەتیی جددی بەرامبەر بەم یاسایە کە پێشێلکەری سەرەکیترین مافەکانە، بە شێوەی تاکییش بووبێ بەرێوە نەچێت. هەر لە دوایین نموونەدا ژنێک بەناوی "ئاهوو دەریایی" لە زانکۆی ئازادی تاران، بە ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە گشتییەتی سیستمی یاسایی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابی ئیجباریدا نەتەنیا بردە ژێر پرسیار، بەڵکوو وردوپردی کرد.

- نـارەزایەتیی خوێنـدکاران: چینـی خوێنـدکار لەو چینـانەیە کە سـتارتی نـارەزایەتیدەربڕین بەدژی سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسلامی پاش ماوەیەکی زۆر لە کپی و بێدەنگیی کۆمەڵگەی ئێرانی لێ دا، لە سـاڵی ٧٨ بەمولاوە ئەم چینە مۆرکی بەژێـر زۆربەی ڕووداوە سیاسـی و نارەزاییدەربڕینەکـانەوە بـووە و بە جۆرێـک متـۆڕی جووڵانـدن بووە،هەروەهـا لە پێوەنـدی لەگەڵ زۆربەی پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکـاندا خـاوەنی ڕا و خوێنـدنەوەی تـایبەت بە خۆیـان بوون؛ ئەمجـارە و لە دوایین نموونەدا نارەزایەتییان بەرامبەر بە سێقات بوونی تێچووی ناونووسین بۆ دەسپێکی ئەمساڵی خوێندن دەربڕیوە.

نـارەزایەتیی لەمێـژینەی کرێکـاران: کرێکـارانی ئێـران لەمێژینەتـرین و بەردەوامتـرین نارەزایەتییەکانیـان بەدژی دەسـەلاتی کۆمـاری ئیسلامی بەڕێوە بـردووە، بەتـایبەت کرێکـارانی حەوتتەپپە، کرێکـارانی هێپکۆی ئەراک، کرێکـارانی پـاڵاوگەکـانی پـارسـی جنـووبی و... کە زۆربەی ویسـتەکانیان زیـادکردنی مووچە و ئەمنیەتـی کـاری و ئیمەنیـی کـار و بـیمە و... بـووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.

دەتوانین چەندین چین و توێژی تری وەک: نـانەوا، وەرزێـران، ئاژەڵـداران، شۆفیران، کەمەنـدامان و تەنـانەت مردووشۆران و... کە ڕۆژانە لەگەڵ هەواڵی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانیان بەرەوڕوو دەبینەوە لەم لیستە زیاد کەین کە هەرکـام لەوانەش بە هۆکاری ئابووری جارناجار و بەجیاجیا نارەزایەتییـان دەربڕیـوە، هەروەهـا مـانگرتنی بەتـایبەت کوردستان لەسـەر داوای حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـی و مەدەنییەکـان لە یـادی دووسـاڵەی کـوژرانی ژینـا ئەمینـی و چەنـدین بـایکۆتی سـەرکەوتووانەی نمایشی هەڵبژاردن و کۆبوونەوە و سەردانی دایکانی شەهید و هەقخواز دەتوانن سـەرتۆپی نـارەزایەتییە بەردەوامەکـانی ئەم ماوەیە بن.

بۆمـان دەردەکەوێ ئەوان کە هێـزی وەجووڵەخسـتنی نارەزایەتییەکـانن بە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و پێـداگر و هەروەهـا بە باوەڕبەخۆییەوە وەدووی ویست و داخوازەکانیان دەکەون و هیچ دۆخێکی شەڕ و پەیامی هیچ دەسەڵاتدار و هەڵبژاردنـی هیچ وڵاتێکی زلهێز، ئەوان نە تووشی مەندی دەکات و نە تووشی وەهم و هیواهەڵچنینی بێجێ؛ لەبەر ئەوەی لەسەر پێی خۆیـان ڕاوەسـتاون و لەگەڵ واقعیـات و ڕاسـتییەکان بەرەوڕوون. لە کۆتـاییدا دوای زیـاتر لە تێپەڕینـی ١٠٠ ڕۆژ بەسـەر هـاتنە سـەرکاری دەوڵەتـی چواردەیەمدا، دەبینیـن هەمـوو ئەو بەڵێنە بەتـایبەت ئابووریـانەی کۆمـاری ئیسلامی کە لە زمـانی ئیسلاحتەڵەبەکانەوە بە خەڵک دران، چەندە لە ڕاستییەوە نزیکن.

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## هەلومەرجی ئێران هەر ئینقلابییە



بۆ ئەوەی ئاگاداری دۆخی گشتیی کۆمەڵگەیەک بین سێ ڕێگە لە بەردەمدایە، ڕێگەی یەکەم ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک ڕاپرسی بکرێ و ئاکامی کۆمەڵگە ئامارییەکە بەسەر هەمووانادا دابەش بکرێ، ڕێگەی دووەم لە ڕێگەی سەندیکا و دامەزراوە مەدەنییەکان و نوێنەرەکانیانەوەیە و ڕێگەی سێهەمیش نارەزایەتیی سەر شەقامە؛ لەم سێ ڕێگەوە دەکرێ ویستی خەڵک ببیسرێ. هەرچەند دوو ڕێگەی دوایی لە ئێراندا واتە سەندیکا و نارەزایەتیی گشتی، بەردەوام سەرکوت کراون و



سەرچاوە
Serchawe

ویستەکانیان بەلاڕێدا بـراوە یـان تـۆمەتی جۆراوجـۆر خـراوەتە پاڵیـان، بەڵام ڕێگەی یەکەم کە هەمـان ڕاپرسییە، بەو مەرجەی خەڵک ترسیان نەبێ و قسەی دڵیان بکەن، زۆر شت ڕوون دەکاتەوە؛ کە ئەڵبەت بەپێی ئەو نارەزایەتییـانەی لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویان داوە، پێویست بەوە ناکات بزانین زۆربەی خەڵکی ئێران چییان دەوێ، بەڵام لە هەمان کاتا ئامار جێی لێوردبوونەوەیە و ئەگەری ڕەدکردنەوەی سفرە.

لە پـاییزی سـاڵی پێشـوودا دەفـتەری گەلاڵە نیشـتمانییەکانی تـوێژینگەی فەرهەنـگ، هـونەر و پێوەنـدییەکانی ئێـران ڕاپرسییەکی لەژێر ناوی "شەپۆلی چوارەمی پێوانەی نیشتمانیی بایەخ و ڕوانینی ئێرانییەکـان" بڵاو کردەوە، کە بەپێی ئەو ڕاپرسییە کەوا لە ١٥ پارێزگای ئێراندا کرابوو، زیـاتر لە ٦١٪ی وڵامدەران دۆخی ئارایییـان پێ خراپ بـوو و وتبوویـان پێویستی بە چاکسازیی هەیە، پتر لە ٣٠٪ پێیانوابووە دۆخی وڵاتی ئێران چاک نابێ و هەشت لەسەدیش دۆخی ئێستایان پێ بـاش بـووە. ئەوەی لێـرەدا جێـی لێوردبـوونەوەیە ئەوەیە کە دوو پارێزگـای ورمێ و سـنە لەو سێزدە پارێزگـای تـر هیوابڕاوتر بوون بە چاکسازی و زیاتری خەڵکی ئەم دوو پارێزگـایە پێیـانوابووە ئەو دۆخە چاک نـابێ. لەبیرمـان بێ ئەم ڕاپرسییە ساڵی پێشوو کراوە و بە کەڵەکەبوونی قەیرانەکـانی ئەمسـاڵیش بێگومـان ئەو ڕادەیە زیـاتر بـووە، هەروەک چۆن بەنـاو هەڵبژاردنـی سەرۆککۆماری بـایکۆت کـرا، کە نیشـان لەوەیە ڕادەی بێهیوایـان لە چاکسـازی لە درێـژەی ئەو چەنـد مانگەدا زیاتری کردووە و کەمتر نەبووە. دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کەوا هەر بەپێی ئەو ئامارە سەروو ٩٠٪ی خەڵکی ئێران لە هەلومەرجی ئـارایی نـاڕازین و خوازیـاری گـۆڕانن، بەدەر لەوەی چ جـۆرە گۆڕانێـک بـێ، بەو دۆخە ڕازی نین، کە ئەمەش شایانی سەرنجی زیاترە.

بـا بەم ئامـارە ترسـی "مەرعەشی"، سکرتێری حیزبـی "کـارگزاران سازندگی ایران"یش زیـاد بکەیـن کە وتـوویەتی: "٧٥٪ی خەڵـک نـاڕازین و گەر بێت و بێنە سـەر شـەقام، کەس نـاتوانێ پێشیان پێبگـرێ." دۆخـی ئـابووریی ئێسـتای ئێـران لە دژوارتـرین دۆخـی مێـژوودایە، ئـابووری چـون لەگەڵ ژیـانی ڕۆژانەی خەڵـک بەرەوڕوویە زیـاترین کـاریگەری لەسـەر هەسـتی نـاڕەزایەتی دادەنـێ. گرانـی، هەڵاوسـان، ئەگەری گرانبـوونی بێنـزین، نەبـوونی بـرق و نەبـوونی گـاز کە گوشـارێکی زیـاتر دەخاتە سەر بەشی ئـابووری و ژیـانی ڕۆژانەی خەڵـک، لەو هۆکـارانەن کە ئـاستی نـاڕەزایەتی چەنـدقات دەکەن. خەڵـک لە ڕووی ئابوورییەوە نەتەنیا هیوای بە چاکبوونێک نییە، تەنـانەت هەمیشە چـاوەڕێی دۆخـی ئەستەمتریشـن، هەموو ڕۆژێ بە نگەرانییەوە سەیری نرخی دۆلار و زێڕ و بـاقیی پێویستی و پێداویستییەکان دەکەن.

لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییشەوە گشتیەتی کۆماری ئیسلامی ژیـانێکی پڕئـازاری بـۆ خەڵـک بەرهەم هێنـاوە. سـەرەڕای ئەوەی بەڵێنـی چـاکبوونی دۆخیـان بە خەڵـک دەدا بـۆ ئەوەی دەنـگ بە پزشکیان بـدەن، بەڵام لەو کـاتەوە دۆخ

خراپتر بووە. فیلتێرینگ لەسەر جێی خۆیەتی، حیجابی زۆرەملی هیچ وەک خۆی ماوە، خەریکن ڕێکاری نوێتر و سەرکوتی زیاتر بۆ ژێرپێنانی دادەنێن. لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە مۆتەکەی شەڕ بەسەر ئاسمانی ئێرانەوە دەخولێتەوە، دەسبەسەرکران و ئێعدام و خۆکوژییە سیاسییەکان زیاتر بوون، کۆی ئەمانە هۆکاری نارەزایەتی و تووڕەبوونی زیاتری خەڵکی لێدەکەوێتەوە.

جگە لەوانەی ئاماژەی پێ کرا دەتوانین بڵێین چەند کەلێنی گرنگ لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە کە بەردەوام ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەرفراوان بەهێزتر دەکەن. کەلێنی نەتەوایەتی: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هیچکام لە نەتەوەکان لە ڕووی مافەوە خۆیانی تێدا نابیننەوە و بەردەوام هەستی نارەزایەتییان هەیە کە ئەگەرێکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی نارەزایەتیی تر. کەلێنی چینایەتی: وەک باس کرا دۆخی ئابووریی ئەو وڵاتە بەڕاستی دارماوە و زۆرینەی خەڵک هەست بە بێبەشی دەکەن و هێڵی هەژاری حەشیمەتێکی زۆری گرتووەتەوە؛ ئەم هەستی هەژاری و بێبەشییەش بزوێنەرێکی سەرەکیی دیکەیە بۆ نارەزایەتیی زیاتر. کەلێنی ڕەگەزی: لەو کەلێنانەیە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییش جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەشێکی زۆر لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١ـی لەخۆ گرتبوو و یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکان بوو. کەلێنی باوەڕ و ڕەوایی: لە نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدا کەلێنێکی قووڵی بڕوا و متمانە و ڕەوایی هاتووەتە گۆڕێ کە وەک وێدەچێ بە هیچ پڕ نابێتەوە و خەڵک لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕیون.

کۆی ئەم کێشانە کەوا یەخەی بە کۆماری ئیسلامی گرتووە، خەڵک هەتا دێ نارازیتر دەکات و دەسەڵاتیش دەستەوەستانتر، کێشەکان لە ئاستێکدا قووڵن کە گەر حکوومەت تەنانەت ویستی چاکسازییشی بێ، بۆی ناکرێ و ئەمەش وڵات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو نارەزایەتیی گشتی پاڵ پێوە دەنێ، بۆیە بەهەق پتر لە ٩٠٪ی خەڵک نارازین و جار لەگەڵ جار زیاتریش بێهیوان بەوەی لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی کێشەیەک چاک ببێ .

٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم



لەدوای دوو ساڵ لە بزووتنەوەی نارەزایی و شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێ مافی ئەو پرسیارە بە خۆمان بدەین، کە چۆنە وا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوە تا ئێستاش و نەبوو بە شۆڕش؟ مادام ئەو مافەمان هەیە دەبێ پرسیارەکە لەلای خۆمان تەتەڵە بکەین و وەڵامێکی بۆ بدۆزینەوە؛ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەکرێ چەندین هۆکار بوترێ، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدرێ سەرەکیترین و دیارترین هۆکارەکان دەسنیشان بکرێ.

پێویست بە وتنە مەبەستی ئەم نووسراوە شیکردنەوەی دۆخی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییە، ڕەنگە خاڵی وای تێدا بێ بۆ کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بشێ و ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام مەبەستەکە هەڵسەنگاندنی کرداری هێز و کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییەکان بووە لە ماوەی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان و تا ئێستاش.

با سەرەتا بزانین شۆڕش چییە و بریتی لە چی؟ لە زمان و فەرهەنگە سیاسییە جیاوازەکاندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی شۆڕش کراوە، "فەڕانسە"وییەکان دەڵێن: "گۆڕانی کوتوپڕ و توندوتیژانەی چوارچێوە و قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتێکە، کە لەودا کۆمەڵێک بەدژی بەرپرسانی وڵاتێک شۆڕش دەکەن و دەسەڵاتەکە دەگرنە دەست." "ئینگلیس"ـییەکان دەڵێن: "شۆڕش بریتییە لە پێکهاتنی گۆڕان لە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵاتێکدا، کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەم گۆڕانە بە هاتنە سەرکاری سیستمێکی سیاسیی جیاواز و دەکرێ و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێکەڵ بە توندوتیژی و شەڕە." لە فەرهەنگی سیاسیی "مێکزیک"دا هاتووە: "شۆڕش بزووتنەوەیەلی سیاسییە کەوا زیاتر ئاوێتە بە خەباتێکی چەکدارانەیە و

دەبێتە هۆی پچڕان لە دۆخی پێشووی کۆمەڵگەیەک و هەروەها شێوەی نوێ لە دەسەڵات و یاسا و هەڵسوکەوت بەدوای خۆیدا دێنێ." "چینی"ـیەکانیش دەڵێن: "چینی ستەملێکراو لە ڕێی توندوتیژییەوە هێز و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆن هەڵدەتەکێنێ و سیستمێکی نوێی پێشکەوتوو دێنێتە جێی ئەو سیستمە کۆنە. هەروەها شۆڕش پێوەندیی بەرهەمهێنانی پێشوو لەنێو دەبات و کۆمەڵێک پێوەندیی نوێ دادەمەزرێنێ، هێزی بەرهەمهێنان ئازاد دەکات و گەشەی کۆمەڵایەتی هەڵدەکشێنێ".

لێرەدا نامانهەوێ زۆر ورد بچینە نێو باسی چییەتیی شۆڕشەوە، چون ڕای خاوەنڕایان لەم بارەوە جیاوازی و جۆراوجۆریی زۆری هەیە، بەڵام بۆ چوونە نێو باسەکەوە پێویست بوو چەند نموونەیەکی پێناسەیی و بێلایەن هەتا لایەنگرانەی چینی بێنینەوە بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەم ڕوانگانە بدۆزینەوە و ئەوەی پێویستمانە، لێیان هەڵێنجین. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ شۆڕش بریتییە لە گۆڕانێکی بنەڕەتیی تێکەڵ بە توندوتیژی کە دەبێتە هۆی لابردنی دەسەڵاتی ئارایی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی نوێ.

لە بەرامبەر ئەم پرسیارەشدا کە بۆچی کۆمەڵگەیەک بەرەو شۆڕش دەچێ و لە ئاکامدا چ دۆخێک دێتە ئاراوە کە دەتوانین وەک شۆڕش پێناسەی بۆ بکەین؟ کارناسانی بواری کۆمەڵناسی و سیاسەت و... وڵامی جۆراوجۆریان هەیە و لە هۆکاری دەروونناسییەوە هەتا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە ڕوانگەیاندا دەور دەبینێ، بەڵام هەموو لەم بارەوە کۆکن کە کۆمەڵێک بەستێن پێویستە لە کۆمەڵگەیەکدا هەبن بۆ ئەوەی بوار بۆ شۆڕشێک برەخسێ، لەوانە: قەیرانی ئابووریی قووڵ، هەستی بێبەشبوون، درز کەوتنێتە نێوان پێوەندیی دەسەڵاتدارانەوە، لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە خواستی گۆڕانی ئەو دەسەڵاتە هەبێ، ئیدئۆلۆژییەکی کۆکەرەوە بۆ دەرچوون لە سیستمی هەنووکەیی هەبێ.

ئەمانەی ناومان هێنان گەر هەمووشیان هەبن بەواتای شۆڕش نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە دەباتە دۆخێکەوە کە پێی دەڵێن: "دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیر"؛ لەم دۆخەدا یەک پریشک و جووڵە دەتوانێ ئاگر و جووڵەی تر بەدوای خۆیدا بێنێ و ناڕەزایەتی و ناڕەزایەتییەکان دەست پێبکەن.

لەگەڵ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکاندا ئەمجار قۆناغێکی تر دەمێنێ بۆ نزیکبوونەوە لە شۆڕش، ئەویش بریتییە لەوەی ڕێکخراو و جەریانە سیاسییە جیاوازەکان تەنانەت بە ڕوانگەی جیاوازیشەوە لە دەوری یەکتر و ئامانجێک کە نەهێشتنی دەسەڵاتی ئارایییە کۆ ببنەوە؛ لەم حاڵەتەدا ستارتی شۆڕش لێدەدرێ. لە بەرامبەردا هێزی سەرکوت، یا ئەو هێزە کە دەسەڵاتی ئارایی پشتی پێبەستووە، بەرگری لە دەسەڵات نەکات، یا بێلایەن بمێنێتەوە و یاخود لە باشترین حاڵەتی

خۆیدا پاڵ بدا بە خەڵکەوە، ئەوە شۆڕش سەر دەکەوێ؛ ئەمە ڕەوتی گووران و فراژووی دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بەناوی شۆڕشە؛ کە ڕوون نییە ئەم ڕەوتە چەندە درێژە دەکێشێ.

بەم پێشەکییەوە چاوکراوەتر دەبین بۆ ئەوەی بزانین لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا یا "ژن، ژیان، ئازادی"دا چی ڕووی دا و بۆ بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشت. ئەوەی کە ناوی دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیریان لێناوە، لە ئێرانی ١٤٠١ و ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوت، واتە قەیرانە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە ترۆپکی خۆیدا بوو، کۆماری ئیسلامی لە ڕوو و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتێکی تاککەوتوو بوو، خەڵک هەستیان بە هەڵاواردن و بێبەشی دەکرد؛ ئەو پریشکەش کەوا بۆ هەڵگیرسان پێویست بوو بە کوژرانی ژینا لێدرا و ناڕەزایەتییشی بەدوای خۆیدا هێنا و هەموو لەم بارەوە هاوڕاین گەورەترین و بەرفرەوانترین بزووتنەوەی ناڕەزایەتیدەربڕانەی مێژووی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بۆچی نەیتوانیوە تا ئێستاش دوایین قۆناغەکان ببڕێ؟

**پێویستە بوترێتەوە ئەم وتارە هەوڵ دەدا تیشک بخاتە سەر ئاستی سەراسەریی ئێران.**

## ئاسایینواندنی ڕووخاندنی دەسەڵات:

ئێمە شایەد بووین هەتا ساڵێک لە دەسپێکی ناڕەزایەتییەکانیش، هەموو شتێک سادە دەبینرا و ئەو جددییەتەی بۆ شۆڕشێک پێویستییەکی حەیاتییە لە ئارادا نەبوو. دروشمەکان بۆ ڕووخاندن بوون، لێ خوازیاری ڕێفراندۆم بوون! کە بەتەواوی ویستێکی ڕیفۆرمیستییە نەک گۆڕانخوازانە، کە ئەمە دەرخەری نەبوونی بەرنامە و هەروەها جددییەتێکە کە وەک وتمان پێویستە هەبێ.

## داواکاریی مانگرتنی بێئامانج:

لەم حاڵەدا زۆربەی ڕۆژەکانی حەوتوو داواکارییەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دیزاینێکی سادە و بێسەرچاوەی ڕوون و بێدیاریکردنی ئامانجێک بڵاو دەبووە و دەیهەویست خەڵکی ئێران مان بگرن - بەدەر لەوەی کە خەڵک وڵامدەر نەبوون -

بەڵام زۆریی داواکاریی مانگرتن، مانگرتنی کردبووە شتێکی ئاسایی و لە هەمان کاتیشدا گۆڕیبوویان بۆ ویستێکی ڕێفۆرمیستی و بەرگریکارانە نەک شۆڕشگێڕانە، ئەمە لە کاتێکدایە مانگرتن دەتوانێ بناغەی ئابووریی وڵاتێک هەڵتەکێنێ و دەسەڵاتێک بخات؛ بەو مەرجەی ڕێکخستن و پشتیوانیی لەگەڵ بێ.



سەرچاوە
Serchawe

### زۆریی ڕیفرێنس:

بەو واتایە کە مەرجەع زۆر بوو، هەرکەسێک کەوا خاوەنی چەند هەزار کەس شوێنکەوتوو بوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەستی دەکرد ڕێبەرێکە و دەتوانێ ئامۆژگاریی هەبێ بۆ خەڵکی ناڕازی. هەرکام لەمانەش لە ئاڵۆزاندنی ڕای گشتیدا دەوری خۆیان دەبینی؛ گەر بتوانین لەم دەستەواژەیە کەڵک وەربگرین دەبێ بڵێین "بەرەڵڵایی"ـیەک بەم بەشەوە دیار بوو، کە دەبووە هۆی پەرتەوازەکردنی خەڵک.

### بڵاوکردنەوەی هەواڵی فەیک و درۆیین:

چەندین جار لە سەرچاوەکانی هەواڵ باسی هەڵاتنی دەسەڵاتدارانی پلەباڵای کۆماری ئیسلامی کرا و تەنانەت باس لە چوونیان بۆ وڵاتی "ڤێنێزوێلا" دەکرا، یاخود گەڕانەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ لای خەڵک، لە کاتێکدا یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە هێزی سەرکوتەکەی تەنانەت دوودڵیش نەبوو لە سەرکوتکردن یا نەکردنی ناڕەزایەتییەکاندا و بەڕاستی دەستیان نەدەپاراست. ئەم بڵاوکردنەوەی درۆیانە، لە خزمەتی سادەسازیی شۆڕشدا بوو، بەو واتایە کە خەڵکانێک بیریان دەکردەوە کەواتە هەر بەو ڕادەیە خەڵکەی وا ڕژاونەتە سەر شەقام، هەموو شتێک کۆتاییی پێهاتووە و پێویست ناکات کەسانی تر پەیوەست بن.

### بڵاوکردنەوەی هیوای جوان و درۆیین:

ئەم خاڵەش لەگەڵ هەواڵی درۆییندا لە یەک ڕیزدان و هەردووک لە خزمەتی ئاساننواندنی شۆڕشدان، بەڵام ئەم ئاساننواندنە بۆچی بە مەترسی دێتە ئەژمار لەم وتارەدا؟ چون بە دەرکەوتنی ڕاستییەکان، ئەو ڕاستییانەی وا مرۆڤی ژێر کاریگەریی هەواڵ و هیوای درۆیین کەوا پێشتر خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیان ئامادە نەکردووە، زۆر زوو لەوپەڕی هیواوە دەگاتە بێهیواییەکی ڕەها و توانای هەستانەوەی نامێنێ؛ بەم پێیە بڵاوکردنەوەی هیوا و ئومێدی درۆیین و بێبنەماش دەبێتە هۆی نابەردەوامیی تاکی شۆڕشگێڕ بۆ شۆڕشکردن.

### هێنانەوەی نموونەی مێژوویی نابەجێ:

هێنانەوەی نموونەکان خوێندنەوەی لەپشت نەبوو و تەنیا چەند بڕگەی سەرکەوتووانەی شۆڕشەکان لەبەرچاو دەگیران، کە خوێندنەوەیەکی بڕگەییە لە مێژوو و ئەم خوێندنەوەیە زیاتر بۆ خۆفریودان دەبێ نەک بۆ بەرچاوڕوونی. بۆ نموونە کاتێک باسی ڕێفراندۆم دەکرا، نموونەی "ئافریقای باشوور"یان دەهێناوە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵێک بەستێنی لەپشت بوو کە لە ئێراندا هەر نەبوو و نەدەبینرا. یا نموونەی وڵاتی "توونس"، کە وایان دەنواند بە خۆسووتانی "محەممەد بووعەزیزی" دەسەڵاتی "بێن عەلی" لە توونس ڕووخاوە، لە کاتێکدا ئەو خۆسووتانە تەنیا پریشکێک بوو وەک کوشتنی ژینا. وڵاتی توونس خاوەنی چەندین ڕێکخراو و سەندیکای بەهێزی بەڕابردوو بوو کە جڵەوی شۆڕشەکەیان بەدەستەوە گرت. نموونەی دیکەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕۆمانی و ئەوانەش زۆر بوون، کە هەموویان بە هەمان شێوەی کە باس کرا بێخوێندنەوەی قووڵ بوون و لە ڕاستیدا لە ڕاستای ئەو سادەنواندنەدا بوون کەوا پێشتر وەک خاڵێکی سەربەخۆ ئاماژەی پێکرا.

## ڕۆژژمێرتەوەری و ژمارەتەوەری:

لەم حاڵەتەدا کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات بێبەرنامە بوو و بەرنامەیەکی تایبەتی نەبوو، ڕووی کردبووە ڕۆژژمێر و ژمارە و ڕەقەم، بەو واتایە حەوتە و مانگانە و چلە و هیتری دەکردە بنەمایەک بۆ شاردنەوەی بێبەرنامەیی خۆی. نموونە و فەکت دێنینەوە بۆ ئەوەی ڕوونتر بێتەوە: سەری ساڵی زایینییان کردە بیانوویەک بۆ ئێڵدانی زیاتری کوورەی شۆڕش! لە کاتێکدا ئەو سەری ساڵە بۆ خەڵکی ئێران زۆر گرنگ نییە. بۆنەکانی چوارشەممەسووری و نەورۆزیش بە هەمان شێوە. لە هەندێک حاڵەتدا وا چوونە پێش کە زیاتر بۆ پێکەنین دەبێ، دەوترا لەو ساڵەدا وا تیمی فووتباڵی ئێران لە مۆندیالدا بەشداریی کرد و "ئارژانتین" بووە یەکەم، لە ئێران شۆڕش ڕووی دا، ئەم ساڵیش (٢٠٢٢) کە ئارژانتین بووە یەکەم، ئەوە شۆڕشێکی تریش لە ئێران سەر دەکەوێ! ئەم جۆرە فاڵگرتنەوە و ژمارەتەوەری و کایە بە پیتەکانی ئەبجەد کردن، لەوانەیە لە "حەسەنی سەباح"ەوە بە میرات مابێتەوە.

هەتا نەچووینەتە سەر خاڵێکی تر با چەند شتێک لێرەدا ڕوون بکەینەوە کە پێوەندیی بەم خاڵەوە هەیە: باس لەوە دەکرا ڕێژیمی شا بە چلە بە چلەی شەهیدانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ ڕووخا! لە کاتێکدا وا نەبوو. ڕاستە کوورەی خەباتی ئێڵ دا، بەڵام وەها ساکاریش نەبوو. لەگەڵ ئەوە دەوترا ڕێژیمی شا لە کوشتنی خەڵکدا دەستی دەپاراست، ئەویش هەر بەپێی ئامارەکان وا نەبوو. ڕاستە سەرەتا حەوتە بە حەوتە و چلە بە چلە و بۆنە بە بۆنە چوونە پێش، بەڵام کاتێک هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی شا لە دوایین خۆپیشاندانەکاندا کەسیان نەکوشت لە جۆزەردانی ٥٧دا ئەوە تەواو بوو، لەڕاستیدا دەستی ئینقلابییەکان لەم ڕووەوە بەسترا. لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی هەمان ساڵدا مەلایەک بەناوی "شێخ ئەحمەدی کافی" بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست دا، ئەوەیان هێنا بەسەر ساواکدا و دیسان نارەزایەتیی تری بەدوادا هات،

ئەوەش تەواو بوو نۆرەی ڕووداوی "سینەما ڕێکس" هات، کە ئینقلابییەکان ئەوەشیان لەدژی دەسەڵاتی شا قۆستەوە و نارەزایەتیی تری بەدوادا هات، جارێکیش بۆنەی ئاییینیی جەژنی ڕەمەزان بووە ناونیشانی بەردەوامیی شۆڕش، ئەمە بووە هۆی پاشەکشێی دەسەڵات و کەمتر سەرکوتکردن. ئەم سەرکوتنەکردنە پێوەندیی بە "دڵی بەبەزەیی"ی شاوە نەبوو، بەڵکوو دەیانهەویست ئەو زنجیری چلە بۆ چلە بپسێنن، لێ هەر ئەم سەرکوتنەکردنە پاشەکشێی سیاسیی ڕێژیمی بەدوادا هات و خەڵک بوێرتر بوون. بۆیە لە ١٦ و ١٧ی خەرمانانی ١٥٧دا خەڵک بێهیچ هۆیەک و تەنیا بۆ نەمانی ڕێژیمی شا هاتنە سەر شەقام، نەک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی کەس یا کەسانێک، ئەمە بەو واتایە شۆڕش گشتگیرتر بووەوە و ویستی گشتیی لەپشت بوو، نەک سۆزی لەدەستدانی کەس یا کەسانێک. هەرچەند لە ١٧ی خەرمانانداو لە مەیدانی "ژاڵە"ی "تاران" دەیان کەس کوژران، بەڵام تازە پێش بەو شاڵاوە نەدەگیرا. لە ڕاستیدا لە هەردوو ڕووەوە دەستی ڕێژیمی شا بەسترا و نەیتوانی خۆ بۆ سەرکوت ئامادە و تەیار بکات. پێشتر لە بۆنەکاندا ئاگادار بوو و زیاتری کونترۆڵ دەکرد، بەڵام لەوەبەدوا ڕەوتەکە گۆڕا.

لە بەفرانباری ساڵی ٥٦ەوە هەتا گەلاوێژی ساڵی ٥٧، ٣٥ کەس لە هەموو نارەزایەتییەکاندا کوژران، هەر لە خەرمانانی ساڵی ٥٧دا ڕۆژی ١٧یەمی لێلابدەین کە دەیان کەس کوژران، هەر لەو مانگەدا ٣٣ کەس کوژران. لە ڕەزبەردا ١٨ کەس و خەزەڵوەر ٤٥ کەس و سەرماوەز ٨٥ کەس و بەفرانبار ١٣٧ و ڕێبەندان ١٧٩ کەس کوژران؛ کەواتە ئەو ڕوانگەیەش بە بەڵگە ڕەد دەکرێتەوە کە پێیوایە "دەزگای سەرکوتی ڕێژیمی شا خەڵکی کەمی کوشت."

## پڕیشکەتەوەری لەجیات ڕێکخستن:

ڕاستە ئەو شێوازەی کە باس کرا چلە بۆ چلە دەتوانێ گەرمیی شۆڕش ڕاگرێ، یا بۆنەیەک بێ بۆ هارووژاندن و هاندانی زیاتری خەڵک، لەگەڵ ئەوەش شێوازێکی کلاسیکی و باوی شۆڕشە لە هەموو دنیادا هەر تایبەت بە ئێران نییە، بەڵام وەک باس کرا هەتا ماوەیەک کاریگەرە و دەبێتە بابەتێکی دووپاتە و خەڵک لە ڕووی دەروونییەوە ڕاناکێشێ؛ بۆیە لەجیات ئەوە و لە گەرمەی ئەوانەدا دەبێ بیر لە ڕێکخستن و ڕۆژانی دواتر بکرێتەوە، بیرێک کە هیچکام لە ئۆپۆزیسیۆن نەیانکردەوە و خەمیان لێنەخوارد و لایانوابوو هەر بە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدان دەکرێ کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنن. وەک سەرەتا باس کرا، پڕیشک بۆ دەسپێکە نەک بۆ بەردەوامی، بۆ بەردەوامی ڕێکخستن و وشیاری و باوەڕ پێویستە.

## کردەوەی دژکردەوانە:

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو ماوەیە و دواتریشدا نەیتوانی هەرگیز دەسپێشخەری بکات و بەردەوام دژکردەوەی نیشان داوە. بەو واتایە هەمیشە چاوی لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بووە، هەتا دژکردەوەی لەگوێن خۆی گونجاو نیشان بدات، بۆ نموونە چاو و گوێی لە وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە هەتا ڕێکەوتی ئینتخابات دیاری بکات و ئەمانیش لەملاوە بە خەڵک بڵێن لەو ڕۆژەدا بەشداری مەکەن؛ بە واتایەکی تر هەتا زیاتر دوور کەوتینەوە لە جۆشوخرۆشی نارەزایەتییەکان، زیاتر بێبەرنامەیی و دەستەوەستانیی ئۆپۆزیسیۆنمان بۆ دەرکەوت.

## سیاسەتی پاسیڤ:

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی چاوی بڕیوەتە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێز، بە جۆرێک بەتەواوی ئەوەی لا بووەتە باوەڕ کە هیچی لەدەست نایە و توانای ڕێکخستن و گوشارهێنانی نییە، کەواتە بەشکوو یەک لەو وڵاتانە کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنن و پێی بڵێن فەرموو بچۆ سەر تەختی دەسەڵات! سەردەمانێک یەکێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێران زیاترین چالاکییەکانی بەدژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بەڕێوە دەبرد، ئێستا چاوەڕێیە سیاسەتمەدارێکی لەدەورکەوتووی وڵاتانی ڕۆژاوایی سێمینارێک بۆ ئەندامەکانیان پێک بێنێ! پێشیانوایە بەم کارە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان شڵەژاندووە! ئەم خاڵەی ئاماژەی پێکرا زیاتر هۆکاری شادیدەربڕینە لەڕادەبەدەرەکان بەبۆنەی هێرشەکانی "ئیسرائیل" بۆ سەر دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیمان بۆ دەردەخات؛ لێرەدایە دەزانین هۆکاری ئەم شادییە یەکجار زۆرە بۆ بێدەسەڵاتیی خۆیان دەگەڕێتەوە نەک سۆزداریی زۆر بۆ ئیسرائیل.

## خۆگەورەکردنەوەی بێبنەما:

هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان و تەنانەت هەندێک لە هێزە سیاسییەکانیش خۆیان زۆر گەورە و گرنگ دەکردەوە و ئێستاش دەیکەن، ئەمە لە یەکەم ڕوانیندا بەواتای تێنەگەیشتن لە ڕاستییە و نیشان لەوەیە لە وەهمدا دەژین، دواتریش بەرپرسیارەتیگەل و کۆمەڵێک قورسایی دەخاتە سەر شان کە زوو دەردەکەوێ لە هەڵگرتنیدا لاوازن، کە ئەمەش هەم دڵساردیی خۆیانی بەدواوەیە و هەمیش دڵساردیی لایەنگرانیان. ئەم ڕوانینە کە دروست دەبێ کاریگەریی نەرێنیی چەند ڕەهەند لەسەر خەڵک دادەنێ.

## نەهاتنە مەیدانی چینی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە:

ئەم چینە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، لە ڕەوتی ئەم نارەزایەتییانەدا بەگوێرەی پێویست نەهاتە مەیدانەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەم نەهاتنە مەیدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئۆپۆزیسیۆن نە توانای ڕێکخستن و ڕاکێشانی خەڵکی هەبوو و نە ئەوانیش متمانەی قەلبییان بە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە بوو، بۆیە ئامادە نەبوون تێچوویەک بدەن.

## نەبوونی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن:

ئەم خاڵە گرینگترین هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە بوو. لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە گەر ئۆپۆزیسیۆن یەکریز بوو، ئینجا ستارتی شۆڕش لێدەدرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەشە لەو ڕەوتەدا ڕووی نەدا کە هیچ، تەنانەت پێچەوانەکەشی ڕووی دا. وا دیار بوو کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاشەوە بەم خاڵی لاوازی و کێشەیەی ئۆپۆزیسیۆنی دەزانی و ئاگاداری بوو و هیواشی لەسەر هەڵچنیبوو و تەنانەت بەرنامەشی بۆی هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی ئێستا کە پاش دوو ساڵ سەرنجی ڕەوتی ڕووداوەکان دەدەین بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بە خۆیانەوە سەرقاڵن هەتا بەوەی بە کۆماری ئیسلامییەوە سەرقاڵ بن.

دەکرێ خودی ئەم بابەتە بەجیا خەسارناسیی بۆ بکرێ، بەڵام لێرەدا با بوترێ پاوانخوازیی بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە هەردەم ڕێگر دەبێ لە پێکهاتنی یەکڕیزییەک بۆ دەرچوون لە ڕێژیمی ئێستای ئێران، لەگەڵ ئەوە ناروونیی بەرنامەکان، نەدانی متمانە و گەرەنتی لە دواڕۆژدا بۆ بەشدارکردنی هێزەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ڕێگری سەرەکی بوو بۆ سەرنەگرتنی هاوپەیمانییەک کە پێویست بوو.

## نەبوونی ڕێکخراو و تەشەککول و فەرهەنگی حیزبایەتی:

ئەم خاڵەش یەکێکی تر لە گرینگترین خاڵەکانە کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ، لەوێدا کە وتمان یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپەیمانیی ئەوان دەبێتە خاڵی دەسپێک، مەبەستمان لە ڕێکخراو و تەشەککول و حیزب بوو؛ نەک سیما و کەسایەتی و ناو. ئەمەش لەو خاڵە گرنگانەیە وا کۆماری ئیسلامی بە درێژەی تەمەنی گرنگیی پێداوە و بۆ نەهێشتنی هەموو هەوڵێکی داوە، تەنانەت ئەم هەوڵانەی هەر لە نەهێشتنی حیزبە سیاسییەکاندا بەرتەسک نەکردووەتەوە، بەڵکوو تەحەممولی ئێن‌جی‌ئۆ و سەندیکا و کانوونەکانیش ناکات و بەردەوام هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان دەدات. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە کاری جەمعی و بەکۆمەڵ دەترسێ و یەکێک لە گەورەترین مۆتەکەکانی ژیانی سیاسییەتی.

## کولتووری تاکتەوەری:

ئیندیڤیجوالیزم یا هەمان تاکتەوەری، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی وا پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە نەبینیوە، خەساری گەورەی بەدواوەیە. ئەم کولتوورە کاتێک زاڵ بوو، مرۆڤ لە سۆز و هاوسۆزی بەتاڵ دەکات و ناتوانێ بۆ قازانجە گشتییەکان هەنگاو بنێ. بە واتایەکی تر کاتێک مرۆڤێک خەمی دەبێتە خەمی خۆی و ئەوەی پێی دەڵێن "دەس بە کڵاوی خۆوەگرتن"، ئیتر ناتوانێ لە خەمی کۆمەڵ و سوودی گشتی و سۆزی هاوشێوە و هاونەوع تێبگات و مرۆڤەکان لەم حاڵەتەدا لێک بڵاو دەبنەوە و ئەم پەرتەوازەییەش بۆ بەشی سەرکوتی دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئاسانتر و لەبارترە. بەداخەوە ئەم کولتوورە دزەی کردووەتە نێو کۆمەڵەکانیشەوە، چۆن؟ بەو واتایە کە گەر تەنانەت کەسێکیش ئامادە دەبێ بە کۆمەڵێک کەسی ترەوە پەیوەست بێ، ئەو کولتوور و ئارکیتایپە لەگەڵ خۆی دەبات و سوود و قازانجی ئەو کۆمەڵە کەسەی پەیوەستیان بووە دەخاتە ئەولەویەتەوە و تەنانەت بۆ سوودی ئەو کۆمەڵە کەسە لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیش لادەدات. ئەمە ڕێک خاڵی بەرامبەر بە کار و چالاکیی هەرەوەزی و بەکۆمەڵە.

## ئاکامگیری:

لە کۆتاییدا وەک چاوەڕوان دەکرێ، بەرەوڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: دەی کەواتە ئێستا دەبێ چ بکەین؟ پرسیارێکی بەجێیە و هەوڵ دەدرێ بەکورتی وڵامی پێبدرێتەوە و هیوایەکی ڕاستەقینە بگەڕێتەوە بۆ بەردەنگ. پێش لە هەرشت دەبێ بڵێین ئەم خاڵانەی وا لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا هەموویان بەشێکی ئیجابییشیان لە خۆیاندا حەشار داوە، واتە ئەوەی کە لاواز بووە لەو ڕەوتەدا دەبێ بەهێز بکرێ، ئەوەی کە هەبووە و زەرەری گەیاندووە دەبێ نەمێنێ، ئەوەی هەبووە و ناتەواو بووە دەبێ بەتەواوی بکرێ، ئەوەی نەکراوە پێویستە بکرێ. بەدەر لەوە با بچینەوە خاڵی سەرەتا و ڕەوتی سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێنینەوە بەرچاومان یانی دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیر – کە ئێستاش هەیە، چەخماخەیەک، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخستنی جەماوەر لەلایەن ئەوانەوە، بەچۆکداهاتنی هێزی سەرکوت؛ ئەمە ڕەوتە سروشتییەکەی سەرکەوتن و گەیشتن بە قۆناغی شۆڕشە.

کۆمەڵگەی ئێران لەمێژە لە دۆخی شۆڕشدایە، ئەوەی لە شەقام دەبینرا و دەبینرێ بەشە دیارەکەی ئەو کێوە بەفرە بوو کە سەری لە ئاو هێنابووە دەر؛ کەواتە دۆخەکە هێشتا دۆخێکی ناجێگیرە بۆ کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامییش پێیوانییە توانیبێتی بەتەواوی ئەو گڕە بکوژێنێتەوە، بەڵام لە هەموو توانا و پێداویستییەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەردەگرێ. بەواتایەکی دیکە هەم خەڵک دەزانن ئەو بزووتنەوەیە کۆتایی پێنەهاتووە، هەمیش دەسەڵات ئەوە باش دەزانێ. دەسەڵات وەک باس کرا خۆی ئامادە کردووە و دەکات، خەڵکیش هەروەتر، ئەوانیش خەریکی خۆئامادەکردنن و دەرفەتەکان هەڵدەسەنگێنن و لێکی دەدەنەوە، لەم نێوەدا ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێ خۆ ئامادە بکات، زیاتر لە پێشووتریش؛ بە

یەک هۆکاری سادە، چون ئۆپۆزیسیۆن لەچاو پێش لە دەسپێکی ئەم نارەزایەتییانە، نەتەنیا بەرەو پێش نەچووە بەڵکوو چەند هەنگاویکیش بەرەو پاش گەڕاوەتەوە. پێش لەو سەرهەڵدانە هەستیان دەکرد هێز و جەریانێکن، وردەوردە خۆیان لە ئاستی نفووز و خۆشەویستیی خۆیان لەنێو خەڵکدا تێگەیشتن و بۆ خۆدزینەوە لە ڕاستیی کەمکاری و کەمتەرخەمیی ڕابردوویان، دەیانهەویست بە ئاسانترین شێوە و بە دروشمی "یەک جار بۆ هەمیشە" فوو لە ئاگرەکە کەن و سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بن و لەسەر شانی خەڵک بچنە سەر کورسیی دەسەلات و دانیشن، ئەوە نەکرا بەڵام دواکەوتنی قۆناغی سەرکەوتن، ئەو دەرفەتەی داوە بۆ خۆتەیارکردن.

بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بۆ لەباوەشگرتنی کۆرپەی ئازادی کاتیان دەوێ، ئەم بزووتنەوەیەش بە هەمان شێوە، بەڵام بۆ ئەوەی زووتر ئەو کۆرپەیە لە باوەش بگرن پێویست بە سێزاریەنە. وشیاری، باوەڕ، ئومێد، تێکۆشان، مکوڕبوون، تەحەززوب و ڕێکخستن ئامێرە سەرەکییەکانی ئەم نەشتەرگەرییەن. بە وتەیەکی "ئانتۆنیۆ گرامشی" کۆتاییی بە بابەتەکە دێنین، کە لە گۆڤاری "سیستمی نوێ" و لە ڕێکەوتی ٨ی مەیی ١٩٢٠دا دەڵێ: "خۆبەدەستەوەدانی کرێکارانی کارگەی "فیات" شەرمێکی تێدا نییە. ئەوەی دەبوو ڕوو بدات، بێبەزەییانە ڕووی دا... هەتا کەی؟ گەر وشیاری و باوەڕ لە جێی خۆیدا بێ، ئەگەر جەستەکان خۆیان بەدەستەوە دابێ نەک گیانەکان، ئەوە هێشتا هیچ شتێک لەکیس نەچووە".

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## دەرکەی دیپلۆماسی بە ڕووی کۆماری ئیسلامی‌دا داخراوە




لەدوای چاوەڕوانییەکان و سەرەڕای هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە بەرامبەریشدا بەڵێنی کەمکردنەوەی ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، بەڵام شۆڕای حۆککامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی شەوی پێنجشەممە لەسەر جومعەی حەوتووی

ڕابردوو، لە دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران بڕیارنامەیەکی پەسند کرد. ئێران پێشتر چەندین جار بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی گۆڕینی دوکتورینی بەرنامەی ناوکیی کردبوو، هەروەها پێش لە پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیەش سەرەڕای هەوڵەکانی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی چواردەیەم واتە "عراقچی" کە لەگەڵ چەندین وڵاتی وەک ئافریقای باشوور، بەنگلادش و برزیل و ئەلجەزایر و... قسەی کردبوو بۆ ئەوەی پاشگەزیان بکاتەوە لە پەسندکردنی ئەو بڕیارنامە پێشنیارکراوە، بەڵام وەک زۆربەی هەوڵە بێدەرەنجامە دیپلۆماتیکەکانی ئەم ماوەیان، ئەم هەوڵەش بێئاکام بوو و بڕیارنامەکە بە زۆرینەی دەنگ لەدژی ئێران پەسند کرا.

لەم بڕیارنامەدا هاتووە کە ئێران دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ دوو شوێن کەوا لەوێدا پیتاندنی ئۆرانیۆم بەشاراوەیی کراوە، ڕوونکردنەوە بدات و هەموو بەڵگە و شوێنەکان بنێتە ئیختیار بازرەس و لێکۆڵەرەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، هەروەها داوا لە ئێران کراوە ڕوونکردنەوەیەک بدات لەو بارەوە کە بۆچی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستیی زۆرەوە لە "تورقوزآباد" و "ورامین" کراوە، بەڵام وەزارەتی دەرەوە و ڕێکخراوی وزەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی لە وڵامدا لە ڕاگەیەنراوێکدا ئەم هەنگاوەی شۆڕای حۆککامی بە "سیاسی" و "نابەرپرسیارانە" و "نابەجێ" و "ڕووخێنەر" هەڵسەنگاندووە و لە بەرامبەریشدا داوا کراوە کۆمەڵێک سانتریفیووژی نوێ و پێشکەوتووی دیکە وەکار بکەون.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی ئەو وڵاتانە بەتایبەت بریتانیا و فەڕانسە و ئاڵمان بەوە تاوانبار دەکات کە دەیانهەوێ لە ڕێگەی ئەم بڕیارنامەوە بوار بۆ "سنەپبەک" یا هێنانەوەی مکانیزمی ماشە خۆش بکەن. ئەم مکانیزمە ئەو گەمارۆیانەی وا ساڵی ٢٠١٨ لەسەر ئێران لابراون، دێنێتەوە سەر جێی خۆی، کە کۆماری ئیسلامی لەمە ترساوە و لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە هەوڵی داوە لەگەڵ ئاژانس و ئەو سێ وڵاتە ئورووپاییەی ئەندامی ئەو شۆڕایە ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ پێشگرتن لە هاتنەوەی گەمارۆکان بە ئەنجام بگەیەنن. جگە لە بابەتی وزەی ناوکیی ئێران، هەر لەم ماوەی ڕابردوودا چەندین بەرکەوتنی دیکە لە نێوان ئێران و ئەو چەند وڵاتە ئورووپاییەدا ڕووی داوە کە نیشان لە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانیان هەتا ئاستێکی بەرفرەوان دەدات: پاڵپشتیی یەکیەتیی ئورووپا لە ئیمارات لەسەر پرسی ئەو سێ دوورگەی باشووری ئێران و ناوهێنانی ئێران وەک وڵاتێکی داگیرکەر، ئابلۆقەی بەشی کەشتی و فڕۆکەی ئێران، داخرانی کۆنسوولی ئێران لە ئاڵمان، پرسی هاوکاریی ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین لەلایەن ئێرانەوە ئەمانە چەندین بەرەوڕووبوونەوەی تری ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی بووە کە هەموو لەدژی ئێران شکاوەتەوە.

سەرەڕای گرتنەپێشی هاوکاتی سیاسەتی هەڕەشە و سازان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وا دەردەکەوێ هیچ کام لە ویستەکانی بەرەو ئەنجامێکی دڵخواز ناچن. گەیشتنە لووتکەی شەڕ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ وڵاتی ئیسرائیل و چەندین

گەمارۆ و پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە و ئەگەری گەڕانەوەی مکانیزمی ماشە و هەروەها هەڵبژێرانەوەی ترامپ، بەتەواوی نیشان لە ئاسۆی تاککەوتنی کۆماری ئیسلامییە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شکستهێنانی دیپلۆماسیی ئەو ڕێژیمە؛ بۆیە دەبێ لەو ڕووەوە چاوەڕێی گوشاری زیاتر و ڕۆژانێکی ئەستەمتر بکەین بۆ کۆماری ئیسلامی. گەر بێت و کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری زیاتربوونی گوشارەکان وەک پێشتر گوتوویانە ڕوو لە گۆڕینی دوکتورینی ناوکیی بەرنامەکەیان بکەن، بە هاتنەوەی ترامپ وا وێدەچێ ئامریکا کێشەیەکی لەگەڵ لێدانی دامەزراوە نەوتی و ناوکییەکانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە نەبێ؛ کە ئەمەش هێندەی دیکە دۆخەکە لە کۆماری ئیسلامی ئاڵۆزتر دەکات.

٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

---

## ئایا حیزبوڵڵا دەتوانێ هەستێتەوە؟



پاش گوشارەکانی ئەم دواییانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئاگربەس لە لوبنان و غەززە و ئیسرائیل، ئاگربەسێکی دوومانگە بۆ بەرەی شەڕی ئیسرائیل و لوبنان ڕاگەیەندرا. لەم ئاگربەسەدا کە ئامریکا و فەڕانسە پێشنیاریان کردووە، حیزبوڵڵا ناچار کراوە بەوەی حزووری چەکدارانەی لە باشووری لوبناندا نەبێ و هەتا باکووری ڕووباری لیتانی کە لە ٣٠ کیلۆمەتریی سنووردایە، هێزەکانی بکشێنێتەوە. پاراستنی ئەو سنوورەش کەوتووەتە ئەستۆی هێزەکانی ئەرتەشی لوبنان و هێزەکانی پاراستنی ئاشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئامریکا چاودێری بەسەر بەڕێوەچوونی ئاگربەسەکەدا دەکات.

بەدوای ڕاگەیاندنی ئەم ئاگربەسەدا لایەنگرانی حیزبوڵڵا شادییان دەربڕی و وەک سەرکەوتنێک پێناسەیان کرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە شەڕی ئەمجارەی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل بەپێچەوانەی شەڕی ساڵی ٢٠٠٦، زۆر پرتێچوو بوو بۆ ئەم ڕێکخراوەیە. جگە لە حیزبوڵڵا دەوڵەتی بایدێنیش پاش ساڵێک بەڵێنی ئاگربەس، ئەم ئاگربەسەی بە سەرکەوتنێکی دیپلۆماتیک بۆ خۆی لەقەڵەم دا. بەڵام پاش زیاتر لە ساڵێک لەم شەڕە بۆمان دەردەکەوێ هیچکام لەم دوو لایەنە، بەتەواوی بەو ئامانج و ویستانەی وا پێش لە شەڕەکە دیارییان کردبوو، نەگەیشتوون. ئیسرائیل باسی لە چەککردن و بەجۆرێک لەنێوبردنی یەکجاریی حیزبوڵڵا دەکرد، لە بەرامبەریشدا حیزبوڵڵا بەڵێنی دابوو هەتا ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە غەززە لە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل بەردەوام دەبێ. هەرچەند ئەم ئاگربەسەش زۆر لەرزۆکە و هەر لەم سەرەتاوە لایەنەکان یەکتر بە ژێرپێنانی ڕێکەوتنەکە تاوانبار دەکەن، بەڵام دەبێ هەتا کۆتاییی مۆڵەتە دیاریکراوەکە چاوەڕوان بین بزانین چ ڕوو دەدات.

نەتانیاهوو سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە یەکەم دژکردەوەیدا ڕایگەیاند ئەم ئاگربەسە دەبێتە هۆی تەریکبوونی حەماس و هەروەها تەرکیزی زیاتری ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. لەگەڵ ئەوەش بەپێی قسەی کاربەدەستانی ئیسرائیل، ئەم وڵاتە لە ئەگەری هەستکردن بە مەترسی بۆی هەیە ڕێکەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە و هێرشەکان دەست پێبکاتەوە، کە ئەم ئیدعایە لەلایەن حیزبوڵڵاوە ڕەد کراوەتەوە؛ لە هەر حاڵدا لێرەدا بەخێرایی بەراوردێک لە نێوان پاش شەڕی ٣٣ ڕۆژە و پاش ئەم شەڕەی ئێستا دەکەین، بزانین حیزبوڵڵا لە چ دۆخێکدایە.

ساڵی ٢٠٠٦ حیزبوڵڵا خۆی وەک براوەی شەڕەکە ناساند و ڕەمزێکیان لە بەوتەی خۆیان خۆڕاگریی حیزبوڵڵا دروست کرد، هەروەها حەسەن نەسروڵڵا وەک ڕێبەری ئەم خۆڕاگرییە، دەرخواردی لایەنگرانیان درا کە کاریگەریش بوو. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان وێرانییەکی زۆری لێکەتەوە، ناوەندی چاککردنەوەی حیزبوڵڵا ناسراو بە "جهادالبنا" بەپێچەوانەی دەوڵەتی لوبنان زۆر بەخێرایی کاولکارییەکانی ئاوەدان کردەوە و توانیی ئاوارەکان جێگیر بکاتەوە، کە ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنێکی دیی ئەم حیزبە لەنێو خەڵک و لایەنگرانی. پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی و لۆجیستیکیی سووریە و ئێران، بووە هۆی ئەوەی زۆر زوو بتوانن لە ڕووی چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی شەڕکەرەکانیان خۆیان بەهێز بکەن، بەجۆرێک کە بوونە خاوەنی ١٥٠ هەزار مووشەک. نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز لەلایەن زلهێزانەوە بۆ بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی ئەو بەرەیەی خۆیان بە بەرەی موقاوەمەت دەزانن، یارمەتیی حیزبوڵڵای دا زووتر خۆ ڕێک بخاتەوە و زیاتریش خۆی تەیار بکات. لەگەڵ ئەمەشدا لە کەمتر لە دوو ساڵ لەو شەڕە و هەر بەبۆنەی ئەو خۆ بەسەرکەوتوو ناساندنە توانیی پێگەی خۆی لە دەوڵەتی لوبناندا بەهێزتر بکات. کۆی ئەم هۆکار و فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی حیزبوڵڵا بەهێزتر بێت لەچاو ئەوکاتەی کە شەڕەکە ڕووی نەدابوو.

بەپێچەوانەی نزیک بە دوو دەیە لەمەوبەر ئێستا حیزبوڵڵا بۆ خۆبەهێزکردنەوە، لەمپەری زۆر جددیی لەبەردەم دایە: ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر نەبوونی ڕێبەرییەکی بەهێز بێت، لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەری و کادری پلەسەری ئەم حیزبە بەتەواوی توانای خۆڕێکخستنەوەی ئەم حیزبەی لاواز کردووە. ئەمجار تێزی "سەرکەوتن" دەرخواردی خەڵک نادرێ، چون نەتەنیا سەرکەوتنێکی تێدا نەبوو تەنانەت بە شەڕهەڵایسێنەریش دەزانرێ و لەو شەڕهەڵایسانەشدا ناچار بە دانی تێچووی زۆر و پاشەکشێی زیاتر بووە، کە ئەمەش تا ئێستا لە ڕوانگەی گشتیدا کاریگەریی نەرێنیی هەبووە. لە ڕووی نیزامییەوە زەبری کوشندەی لێکەوتووە و چەکوچۆڵ و سەکۆی مووشەکی و تونێلێکی زۆری بەتەواوی لەنێو چووە. ئامریکا و فەڕانسە بەپێچەوانەی جاری پێشوو دەیانهەوێ مووبەمووی بڕیارنامەی ١٧٠١ی شۆڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە بچێت، کە ئەمەش بەربەستێکی جددیی ترە بۆ چالاکییەکانی حیزبوڵڵا. دەستێوەردانی حیزبوڵڵا لە شەڕی نێوخۆیی

سووریە و هەروەها دەرکەوتنی زیاتری پرۆکسیبوونی، پێگەی ئەم ڕێکخراوەی پتر لە پێشووتر لەلای وڵاتە عەرەبییەکان دابەزاندووە و سەمپاتییەکییان بۆی نییە. یەکێکی دیکە لە لەمپەرە هەرە گرنگەکانی بەردەمی حیزبوڵڵا لە ئێستادا، دەستئاوەڵا نەبوونی کۆماری ئیسلامییە بۆ یارمەتیدان. کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدایە و هەروەها قەیرانی ئابووریی ئێرانیش کارێکی کردووە، ئێران نەتوانێ وەک پێشووتر یارمەتیی حیزبوڵڵا بدات. لەگەڵ ئەوەش شەڕی چەند ڕۆژی ڕابردووی سووریە و توانایی نیزامیی ئەم وڵاتەی لاوازتر کردووە و کوریدۆری سووریە وەک جاران ناتوانێ فریای حیزبوڵڵا بکەوێ، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سووریە لە هەڕەشەکانی ئیسرائیلیش ترساوە و هەوڵ دەدات لە کۆماری ئیسلامییش دوورتر بکەوێتەوە.

هەرچەند ئەستەمە حیزبوڵڵا بە لەنێوچوو بزانین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکار و فاکتەرانە بۆمان دەردەکەوێ هەستانەوەی ئەم ڕێکخراوە و خۆبەهێزکردنەوەی زۆر دوور لە چاوەڕوانییە. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گرنگترین پرۆکسییەکانی لاواز بووە، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامییش لە ڕووی نیزامییەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لاوازتر بووە، کە ئەمەش دەچێتە سەر دەفتەری حیسابی شکستەکانی ئەم دواییانەی ئەم ڕێژیمە.

١٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## یاسای حیجاب و ئەگەرەکانی



تا ئێستا کاردانەوەکان بە پەسەندکردنی یاسای ناسراو بە حیجابی زۆرەملێ زۆر بوون، لە نووسینی وتاری جۆراوجۆرەوە هەتا نامەی چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی ئێران و نامەی سەرئاوەڵا بۆ سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران. لێرەدا نامانەوێ ئەم ڕەخنە و کاردانەوانە شرۆڤە بکەین، بەڵکوو جەختێکی زیاتر دەخەینە سەر چەند لایەنێکی یاساکە و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لەدژی ئەم یاسایە.

عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەم دواییانەدا وتی: "لابردنی حیجاب حەرامی سیاسی و شەرعییە" واتە هەم لە ڕووی شەرعەوە ڕێگەپێنەدراوە هەمیش لە ڕووی سیاسەت و یاساوە، ئەمە قسەی کۆتایی بوو بۆ بەرپرسان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی. ڕاستە تا ئێستاش دەوڵەت بە قسەش بووبێ دەڵێ نەچووینەتە ژێر باری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و ناشمانەوێ جێبەجێی کەین، لە لایەکی تریشەوە چەند ئیمام جومعەیەک هێرشیان کردە سەر پزشکیان لە کاتی وتاری

ڕۆژی هەینییاندا، بەڵام پێش لە هەر شتێک نابێ پەسندکردنی ئەم یاسایە لە شەڕێکی جناحی‌دا بچووک بکەینەوە، چون هەموو باڵەکانی ڕێژیم باوەڕی قووڵیان بە پاراستنی ئەو حیجابە هەیە، بەڵام ڕەنگە لە میکانیزمی سەپاندنەکەیدا بەتەواوی هاوڕا نەبن؛ بۆیە لێرەدا و تا هەڵوێستی ڕوونی دەوڵەت، ئێمە لەسەر ئەم قانوونە وەک بەڵگە و نەخشەڕێیەک بۆ دژایەتیی حیجابی ئیختیاری قسە دەکەین.

هەندێک پێیانوابوو ئەم قانوونە نائەقڵانییە و تێچووی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ، بەڵام دەبێ بڵێین گەڵاڵەکردنی ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆری خایاند و بیرێکی زۆری لێ کراوەتەوە، کەواتە ناتوانین بەئاسانی بڵێین بێ‌لێکدانەوە بووە؛ دەکرێ بڵێین ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابدا بۆ خۆی ناوەتەوە لە بنەڕەتەوە کارێکی نائەقڵانییە، بەڵام خودی ئەم یاسایە بۆ ڕێژیمێک کەوا پاراستنی حیجابی زۆرەملێی کردووەتە هێڵی سووری خۆی، دەتوانین بڵێین تەنانەت دژکردەوەیەکی سروشتی و ئەقڵانییشە.

ئەم دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ دژکردەوەیەکە بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، کە لەوێدا گشتییەتی ڕێژیم و بەتایبەتییش یەکێک لە سەرەکیترین ئێلێمانەکانی کۆماری ئیسلامی واتە حیجابی زۆرەملێ چووە ژێر پرسیار و ڕەد کراوە. وردەکاریی زۆری ئەم یاسایە نیشان لەوەیە کارێکی زۆری لەسەر کراوە و خوێندنەوەیەکی قووڵ کراوە بۆ نارەزایەتییەکانی خەڵک بەتایبەت نارەزایەتیی ساڵی ١٤٠١. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سزای داناوە بۆ شۆفیرتاکسی، دووکاندار، ڕۆژنامەنووس، سێلێبریتی، چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... بۆمان دەردەخات خاڵ بە خاڵ و مەکۆ بە مەکۆی نارەزایەتییەکانی ناسیوە؛ بەڵام هەر ئەمەش دەریدەخات کە چەندە ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و نافەرمانانی مەدەنی بەربڵاوە و هەموو چین و توێژ و سێنفێکی گرتووەتەوە. کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەوە دەیهەوێ هەموو ڕۆچن و کەلێنەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەک کەوا لە ڕێگەی لابردنی حیجابەوە بکرێ، بئاخنێ؛ جا بەدوای ئەوەشدا ویست و ئامانجەکانی تریشی لە هەنگاوەکانی دواتریدا جێبەجێ بکات.

کەواتە تا ئێستا بۆمان ڕوون بووەوە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ ئەم هێڵە سوورەی ببەزێ و هەموو ڕێکارێکیشی بۆ گرتووەتە بەر و جلی یاساشی بەسەردا کردووە، کە نیشاندەری ئەوەیە خۆی بۆ شەڕێکی تەواوعەیار لەگەڵ خەڵک ئامادە کردووە، لە قسەی کاربەدەستانی ڕێژیمیشدا دەردەکەوێ خۆیان بۆ کاردانەوە و تێچووەکانی ئەم بڕیارەیان ئامادە کردووە و بە هەڵسەنگاندنی خۆیان پێیانوایە دەتوانن بەسەر نارەزایەتییە ئیحتمالییەکاندا زاڵ بن، بەڵام ئەم خوێندنەوە قووڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا ناتەبایە. ئێمە دەزانین ئەو شێوازە ژیانەی کۆماری ئیسلامی لە دەنگوڕەنگی خۆیدا لە بنەماڵەکانی نێو ئێران بڵاوی دەکاتەوە و هەمووان بۆ ڕەچاوکردنی ئەو شێوازە لە ژیان

بانگهێشت دەکات، لەگەڵ ڕاستییەکان نائێکن، هەر لەم دواییيانەدا بڵاوبوونەوەی دوو فیلمی "دانەی انجیر معابد" و "کیک محبوب من" پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرنەوە ژیانی خەڵک لەگەڵ نۆرمەکانی کۆماری ئیسلامیدا نایەتەوە و وەک یەک نین؛ بە واتایەکی تر دەستوورەکان شتێکن و ڕاستییەکانی ژیانی خەڵکیش شتێکی تر. ئەم پارادۆکسەی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت کە ئێستا وەچەی نوێ وشیاریی هەیە، خۆڕاگریی خەڵکی لە بەرامبەر ئەو یاسایەدا لێدەکەوێتەوە.

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم یاسایە ئەوەیە کە سزاتەوەرە، ئەمە بەو واتایە بۆیان دەرکەوتووە خەڵک بە ویستی خۆیان گوێڕایەڵیان نابن کەواتە سزایان بەسەردا دەسەپێنن، کۆماری ئیسلامی لەم بەشەشدا کۆمەڵێک دانپێدانانی هەیە کە بریتین لەوەی خۆی لە بەرامبەر خزمەتگوزاری بە خەڵک بە بەرپرسیار نازانێ، یان وڵاتی ئێران وەک زیندانێک دەبینێ و خۆی وەک دەرکەوانی ئەو زیندانە، چون یەکێک لە سزاکانی ئەوەیە پاسپۆرت نادا بەو کەسانەی لەم یاسایە پێڕەوی نەکەن! یا لە خزمەتە گشتییەکانی دیکەش بێبەشیان دەکات، واتە هەم خۆی بە بەرپرسیار نازانێ و هەمیش دەیهەوێ بڵێ ئەوەی پێتان دەدرێ لوتفێکە و گەر لەگەڵم نەبن ئەو لوتفەتان لەگەڵ ناکەم!

ئەوەی کە خەڵکیشی لە بەرامبەر خەڵک داناوە، نیشان لەوەیە بەتەواوی ئاگاداری تێچووی ئەم یاسا و هەروەها بەدوای ئەویشدا کاردانەوەی خەڵکە، بەڵام ئەمە ڕیسکێکە و کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، چون ئەم بڕیارانە دژکردەوەی لەدوا دەبێ، هەرچەند خۆی بە براوەی ئەو شەڕە دەزانێ بەڵام نیشانەکان وا نائێن. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لاوازە و لەژێر زۆرترین گوشاری دەرەکی و نێوخۆییدایە، خۆڕاگری و بزووتنەوە مەدەنییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن، قەیرانەکانی تریش کەڵەکە بوون و هەرکام لەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بزوێنەرێکن بۆ ناڕەزایەتیی تر و ئەزموونی ناڕەزایەتییەکانی پێشووش توێشوویەکن بۆ ئەم ڕێیە، وەچە گۆڕاوە و ڕۆحی سەردەم لەگەڵ ویستەکانی کۆماری ئیسلامیدا نایەتەوە و پێش بە شاڵاوی ناڕەزایەتیی ئەمجارە ناگیرێ، چون خەڵک بەئەزموونتر بوون و هەم دەزانن چییان ناوێ و هەمیش دەزانن چییان دەوێ.

١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# قسەکانی خامنەیی؛ درۆ، دروشم، ترس و هەڕەشە



حەوتووی ڕابردوو ڕێژیمی بنەماڵەی ئەسەد پاش پتر لە نیو سەدە دیکتاتۆری لە وڵاتی سووریە، ڕووخا و بۆ هەمیشە چووە زبڵدانی مێژووەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی زۆری دا ئەو ڕێژیمە بپارێزێ، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی لە ئاکامدا دەسەڵاتی ئەسەد کۆتاییی پێهات.

زۆر بەکورتی بڵێین کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی ئەو بەرەیەی وا پێی دەڵێ "مقاومت" پێویستییەکی زۆری بە وڵاتی سووریە بوو. ئەو وڵاتە کۆریدۆرێکیستراتێژیکی گرینگ بوو بۆ کۆماری ئیسلامی و پێوەندییان لەگەڵ حیزبوڵڵا و نزیکبوونەوەیان لە سنوورەکانی ئیسرائیل، بۆیە دەتوانین بڵێین وڵاتی سووریە یەکێک لە ستادە گرینگەکانی فەرماندەییی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو. ئەم شکستە گەورەیە، زۆر گران بۆیان تەواو بوو و تەنانەت لەلایەن لایەنگرانی خۆشیانەوە کەوتنە بەر ڕەخنەی توند، کە هەوڵ و تێچووی ئەم چەندین ساڵە چۆن دەبێ ئاوا بەئاسانی بەفیڕۆ بچێ؟!
سەرەتا "عێراقچی"، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە لێدوانێکدا هەڵوێستی بەشێک لە کۆماری ئیسلامیی لەمەڕ ڕووخانی ڕێژیمی سووریە ڕوون کردەوە، بەڵام دواتر و لە ڕۆژی چوارشەممەدا "عەلی خامنەیی" لەو پێوەندییەدا بۆ یەکەمجار قسەی کرد؛ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین باسێک لەو دوو لێدوانە فەرمییە بەتایبەت ئەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەین.

پێش لە هەر شتێک ئەوەی جێی پرسیار بوو، ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار وتاری خامنەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڵاو نەبۆوە کە دەنگۆ و ئەگەری زۆری لێ دروست بوو و هۆکارە سەرەکییەکەشی ڕوون نەبۆوە، لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی دەروونییەوە زۆر تووڕە دیار بوو و هەوڵی زۆری دەدا ئەو تووڕەیییەی بشارێتەوە؛ بەدەر لەوانەش قسەکانی ئەو گیراییەی نەبوو و ئاڵۆزتر لە هەمیشە دەهاتە پێش چاو.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا وتی نایهەوێ لێکدانەوەی دۆخی سووریە بکات، بەڵکوو ڕوونکردنەوە و نواندنێکی لەو دۆخە دەبێ، بەڵام لە درێژەدا بەپێچەوانەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی هەبوو و تەنانەت ناڕاستەوخۆ جەختیشی کردەوە کە بەدەر لەو گێڕانەوەیەی ئەو، هیچ شرۆڤەیەکی تر نابێ قەبووڵ بکرێ.

خامنەیی چون لە خەیاڵی خۆیدا بەردەوام دۆخی سووریە و ڕێژیمەکەی لەگەڵ ئێران و ڕێژیمەکەی بەراورد کردبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ئەو وێنای پێکگرتنە کە لەلای خەڵکیش درووست بووە، بسڕێتەوە. یەکێک لەو هەوڵانەی لەم پێناوەدا دای، ئەوە بوو ئێلێمان و فاکتۆری گرینگ و چارەنووسسازی خەڵکیی لەم هاوکێشەیەی سووریەدا بەتەواوی لابردبوو، بەو واتایە کە هیچ ڕۆڵێکی لەم گۆڕانی ڕێژیمەدا بە خەڵک نەدابوو و هەمووی بە نەخشە و "پیلان"ی ئامریکا و ئیسرائیل

دەزانی. لە کاتێکدا عێراقچی باسی لەوە کرد کە پێشتر بە دەوڵەتی سووریەیان وتووە لەگەڵ خەڵکدا کێشەکانیان چارەسەر بکەن، کە ئەمە دەرخەری ئەوە بوو عێراقچی ڕۆڵی خەڵکی لەم ڕووخانەی ڕێژیمی ئەسەددا لەبەرچاو گرتبوو.

خامنەیی هەر بەدوای ئەوەدا چون خەیاڵی لای ئەگەری هاوشێوەبوونی چارەنووسی ئێران و سووریە بوو، بە دروشمێکی پووچەڵ وتی ئێران بەهێزە و بەهێزتریش دەبێ، ئەم قسەیەی لەگەڵ ئەوەی دەرخەری ترسە دەروونییەکەی بوو، لای خۆی پێی‌وابوو مادام فاکتۆری خەڵکی لەو ڕووخانەی ئەسەددا لابردووە، بەڵام خۆ ئامریکا و ئیسرائیل مادام ئەوە دەتوانن بکەن لەگەڵ سووریە، بۆ لەگەڵ ئێران نەتوانن ئەوە بکەن، لە کاتێکدا ئێران هەمیشە هەڕەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیلی کردوە؟ بۆیە ویستی بەو دروشمە درگای ئەو ئەگەرەش گاڵە بدات.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێ‌لێکدانەوە و بێ‌لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکان، کۆمەڵێک دروشمی دڵخۆشکەری بۆ لایەنگرەکانی هەڵرشت، ئەویش بریتی بوو لە بەهێزتربوونی بەرەی بەناو موقاوەمەت لە داهاتوودا. هەمووان ئاگادارن لەدوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە ئەو بەرەیە گەورەترین خەسارەکانی وێکەوتووە، کە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە تا ئێستا چڵەپۆپەکەی بووە، بەڵام خامنەیی ئەم ڕاستییانە نابینێ و پێی‌وایە بەهێزتریش بوون. جیاوازیی نێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری لەوەدایە؛ لە دێموکراسیدا چون دەسەڵات وڵامدەرە بە خەڵک ناتوانێ شکستەکانی بشارێتەوە، بەڵام لە دیکتاتۆریدا پێداگر دەبن لەسەر شکستەکانیان و تەنانەت بەناوی سەرکەوتنیشەوە دەرخواردی خەڵکی دەدەن؛ لەم پێناوەدا ڕاستییەکانیش لە پێش چاوان چەواشە دەکەن، هەروەک خامنەیی لەم بارەوە کردی و وتی حیزبوڵڵا بە خۆڕاگریی خۆی، ناچاری کردن پێشنیاری ئاگربەست بدەن! ئەمە لە کاتێکدا بوو حیزبوڵڵا لەبەر ئەوەی پشتی ڕاست نەدەبۆوە مەرجی وەستاندنی شەڕ لە غەززەی پشتگوێ خست و دەسپێشخەریش بوو بۆ داواکردنی ئاگربەست.

لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا ئاوڕ لەوە دەداتەوە کە بۆچی لە سووریە و شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا بەشدارییان کردوە؟ لە وڵامدا دیسان ڕاستییەکان بەراوەژوو دەکاتەوە و سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو حزوورە نیزامییەیان دێنێتەوە، یەکەم: قەرزدانەوە. دووەم: شەڕی داعش کە درۆیە و کۆماری ئیسلامی سێ ساڵ زووتر لە سەرهەڵدانی داعش لە سووریە بوو. سێیەم: بۆ پاراستنی مەزارگە، کە ئەمەشیان جێ هێشت و ئاماژەی پێ‌ناکات. لەسەر چۆنیەتیی حوزوورە نیزامییەکەشیان دەڵێ لە ئاستی ڕاوێژکاری و ڕاوێژداندا بووە، کە ئەم ئیدیعایەشی ڕاست نییە. هەر لەم بەشەشدا حەدیسێک لە ئیمامی یەکەمی شیعەیان دادەتاشێ بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ ئەو حزوورەیان بێنێتەوە. سەرەڕای ئەمانە هیوا بە لایەنگرانی دەبەخشێ و دەڵێ ئەم دۆخە وا نامێنێ و ئەمجار فاکتۆری خەڵک دێنێتەوە و بە دڵنیابییەکی زۆرەوە دەڵێ لاوانی سووری، لێیان ڕاست دەبنەوە و دۆخی ئەو وڵاتە وەک خۆی لێ دەکەنەوە! ئەمەش بۆ ئەوە دەڵێ نیشان بدات کە خەڵکی سووریە لەگەڵ ئەم

گۆڕانەدا نەبوون و زلهێزان کردوویانە. لەگەڵ ئەوەی عێراقچی لە لێدوانەکەیدا باسی لە بڕیارنامەی ۲۲۵٤ و بووژاندنەوەی ئەو بڕیارنامەیە کرد کە کاتی خۆی هەر ئەم کۆماری ئیسلامییە نەیهێشت جێبەجێ بێت، بەڵام ئەویش بە شێوەی خامنەیی هەڕەشەی لە داهاتووی ناسەقامگیری سووریە کرد و وتی شەڕ و نائارامییەکان ناوچەی زیاتریش لە خۆ دەگرن؛ ئەم دوو قسەی خامنەیی و عێراقچی وا نیشان دەدا پیلانیان بۆ ئاژاوەگێڕیی نوێ بۆ ناوچەکە و ناسەقامگیریی سووریە بەدەستەوەیە.

سەرەڕای ئەوەی لە کۆتاییی قسەکانیدا دەڵێ دەبێ لەم ڕووداوانە دەرس وەربگرین و لە دوژمن خافڵ نەبین و سەرکەوتنەکان لووتبەرزمان نەکات و شکستەکانیش نائومێدمان نەکات و پاسیڤیش نەبین، بەڵام وەک بە قسەکانیدا دیارە نە دەرسی وەرگرتوە و توانیویەتی بەسەر بێهیواییی ئەم شکستانەدا زاڵ بێت، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی ئیدیعای سەرەتای قسەکانی لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لەسەر دۆخەکە هەبوو و تەنانەت لە کۆتاییی قسەکانیشیدا هەڕەشەی لە هەموو خەڵکی ئێران کرد و بەتایبەت و شرۆڤەکاران و ڕۆژنامەنووسان کرد کە گەر بێت و وەکوو ئەو ڕەوتی ڕووداوەکان نەبینن، تووشی تاوان بوون و دەبێ لێپرسینەوەیان لێ بکرێت! "مەحموودی سادقی" لە نامەیەکدا ڕۆژێک پێش لە قسەکانی خامنەیی باسی لەوە کردبوو کە ئیدارەی ئیتلاعات دەنگیان داوە و وتوویانە نابێ لە هیچ لێکدانەوەیەکدا دۆخی سووریە و ئێران هاوشێوە ببینی و زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیی نێوخۆیان لەم بارەوە دەنگ داوە.

خامنەیی لەو چارەنووسە ترساوە و زۆریش بە نزیکی دەبینێ، بۆیە نایهەوێ کەس باس لەو مۆتەکەیەی ژیانی سیاسیی ئەم ڕۆژانەی ئەو بکات.

۲٤ی سەرماوەزی ۲۷۲٤

---

## بەشێک لە هەوڵەکانی دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe



پرۆپاگاندا لە وشەدا بەواتای هەڵخڕاندن دێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە واتای بەربڵاوتری لە خۆ گرتووە، لەوانەش: بانگەشە، بەقەناعەتگەیاندن، شانتاژ، کەشخولقێنی و... لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتان و بەتایبەت دەوڵەتە دیکتاتۆری و تۆتالیتاریستەکان گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدەن. پرۆپاگاندا دەیهەوێ لە ڕێی ئەندازیاریی ڕای گشتییەوە، بە ئامانجە لەپێشدا دیاریکراوەکانی بگات، کە باس دێتە سەر ئەندازیاریی ڕای گشتی، بەو واتایە کە بیر و زەین ئامادە دەبن بۆ قەبووڵکردنی هەندێک باوەڕ و سووژە کە پێشتر بۆیان دیاری کراوە و خۆیان نازانن لە دروستبوونی ئەو باوەڕ و بیرۆکانەدا ڕۆڵێکیان نییە و نەبووە.

کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەی سەردەمە کەوا زیاترین پرۆپاگاندای هەیە و لە زۆربەی بوارەکاندا بەکاری هێناوە. پێش لە هەر شتێک دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکە، پاشان دەسەڵاتێکی سیاسییە، چون لەپێشدا لەڕێی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەوە خۆی ناساندووە و ڕیشەیەکی مێژووییشی هەیە لەم بارەوە. بە واتایەکی تر ئایینزای شیعەی داوزدە ئیمامی کە خوێندنەوەی فەرمیی کۆماری ئیسلامی لە ئایینی ئیسلامە، ساڵانێکی زۆر پێش لە بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتێک لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە، هەر هەبووە و لە مزگەوت و حوسەینییەکان و لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی خەڵکدا ڕۆڵی گێڕاوە و دەوری هەبووە، ئەم ڕۆڵگێڕانەشی بە بانگەشەکردن و لەسەر بەستێنێکی کولتووری و لەڕێی مینبەرەوە بووە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنە سەر کارییەوە، زۆر زوو توانیی پەرە بە وتاربێژی و مەدداحی و بانگەشەکردن و تەبلیغات بدات، چون هەم بەستێنیان هەبوو و بەجۆرێک دەتوانین بڵێین یەکێک لە شارەزاییە دیارەکانیشیان بوو، هەمیش دەیانزانی لەم ڕێگەوە دەتوانن لەسەر ڕای گشتیی خەڵک کاریگەری و شوێندانەرییان هەبێ. ئەوەش بڵێین لەم بوارەدا چەقبەستوو نەبوون و هەر لەسەر شێوە کلاسیکییەکەیان ڕانەوەستاون، بەڵکوو پەرەیان پێداوە و لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم، ئەوانیش لە ئامرازە مودێرنەکان بۆ بڵاوکردنەوە بیروبۆچوونە چەوتەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە و ڕەهەندی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

بانگەشەکەرانی کۆماری ئیسلامی لە وتاربێژانی سەر مینبەر و مەدداحان و سرووودبێژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، گەیشتن بە "هونەرمەند" و "نووسەر" و "ڕووناکبیر" و "مامۆستای زانکۆ" و "بەرپرواڵەت دژبەر" و هەتا ئەم دواییانەش ئینفلۆئینسەر و بلۆگێر و ڤلۆگێرەکان؛ ئەم کەسە تیپیکاڵانە هەموویان یەک ئامانج دەپێکن، بەڵام لە ڕێگەی جیاوازەوە.

لە دەیەی پێنجەمی ژیانی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەری لەنێوچوونی ئەم دەسەڵاتە چەندقات زیادی کردووە، بۆیە ئامانجی سەرەکیی تەواوییەتی ڕێژیم ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە بپارێزێ، هەر لەو ڕووەشەوەیە کە ئەرک و ئامانجی هەموو ئەم کەسانە پاراستنی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام وەک وترا بە شێوە و بەردەنگی جیاوازەوە؛ بەو واتایە کە هەرکام لەمانە ڕووی دەمیان لە کۆمەڵێک کەسە. ئەرکە سەرەکییەکانیان بریتییە لە: بانگەشەکردن، نانەوەی چەندبەرەکی لەنێو خەڵکی نارازی، بەقەناعەتگەیاندن، درۆکردن، بڵاوکردنەوەی نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکێ، خەمساردکردنی خەڵک و دەیان ئەرکی دیکە.

نامانەوێ لێرەدا ئاماژە بە هەموو شێواز و ئەرک و تاکتیکەکانیان بکەین، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ چەند خاڵێکدا چەند ئاماژەیەکمان دەبێ بۆ وریایی زیاتر لە بەرامبەر ئەم سیستمەدا.

**یەکەم**: نەهێشتنی یەکیەتی و یەکریزی لەنێو دژبەراندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە چەندین شێواز کەڵک وەردەگرن کە لەیبڵلێدان واتە بەرچەسپلێدان یەکێک لەو شێوازانەیە، بۆ نموونە کاتێک لە ڕووی مەنتقییەوە وڵامیان بۆ کەسێک پێ نییە و ناتوانن لە ڕووی سیاسییەوە بە قەناعەتی بگەیەنن خێرا بەرچەسپی "پرۆژەیی"، "تجزیەطلبی"، "چەپیبوون" و "بەستراوە بە ئەم وڵاتە و ئەو دوژمن" و هتدی لێدەدەن، بۆ ئەوەی هەستی ترس و هەڕەشە و ڕق و دەمارگرژیی خەڵک بەرامبەریان هەڵخڕێنن و لەو کەسانە بیانکشێننەوە و بەم شێوەیە بتوانن کەلێن بخەنە نێو دژبەرانەوە.

**دووەم**: چاندنی هەستی ترس و دڵەڕاوکێیە کە لەم بەشەدا و لەم ساڵانەدا کۆماری ئیسلامی مانۆڕێکی زۆری لەسەر داوە، بە دەیان لاپەڕە و کاناڵی جۆراوجۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەم مەبەستە چالاکن و دەیانهەوێ خەڵکی ئەو وڵاتە لە داهاتوو بترسێنن و چارەنووسیان هاوشێوەی خەڵکی سووریە و لیبی و عێراق و... وێنا بکەن. ئەم تاکتیکەیان وەک وترا زیاترین مانۆری لەسەر لێدەدرێ و تا ئێستاش کاریگەریی زۆری هەبووە. ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە لە مێژوو هیچ چارەنووسێکی هاوشێوە و هاوبەشمان نییە و هەر ڕووداوێکی مێژوویی جیاوازیی خۆی هەیە و ناتوانین دوو دەرهاویشتەی یەکسان لە مێژوودا بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوەش بەستێنە جوغرافیایی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و مێژووییەکانی هەر وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە و هەر بەم پێیە لە ئەگەری گۆڕانەکاندا ئاکامی جیاوازیشی دەبێ.

**سێیەم**: دوایین خاڵ لێرەدا سەرنجی دەخەینە سەر ئادرەسی هەڵە دانە، واتە هەندێک ناونیشان هەن بەڕواڵەت گۆڕانخواز و دژبەری ڕێژیمن و دەیانهەوێ سەرکەوتووش بن، بەڵام کە لێی دەکۆڵییەوە، دەزانی لە نێوەرۆکدا زیاتر لە تراویلکەیەک دەچن. یەک لەو نموونانە ئەوەیە کەوا دەیانهەوێ شەپۆلێک وەڕێ بخەن بۆ ئەوەی هەوڵی دیپلۆماتیکی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوی بێننە ژێر پرسیار و بە کارێکی بێئاکام و نابەجێی بناسێنن. یەکێکی تر لە دیارترین هەڵەکان کە لە ڕاستیدا لەلایەن ئازادیخوازانیشەوە هاتە ئاراوە بەڵام دەسەڵات قۆستییەوە و ئێستاش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری دێنێ، ئەوە بوو کە دژایەتیی ڕۆڵی "ڕێبەری"ی لە نارەزایەتییەکاندا دەکرد و هیوای لەسەر سەرکەوتنی بزووتنەوەی بێسەر یا بێڕێبەر هەڵچنیبوو، کە لە ژماری یەکێک لەو ناونیشانانەیە وا لێرەدا بە ناونیشانی هەڵە ناوزەدمان کردووە؛ چون هیچ بزووتنەوەیەک ناتوانێ بێڕێبەر، بێئامانج، بێڕێکخستن، بێستراتیژی، بێڕێباز، بێتاکتیک و بێتیۆری سەرکەوتوو بێت. هەر لەم ڕووەوەیە پێویستە بە وشیارییەکی زیاترەوە چاودێریی هەوڵەکانی بەشی پرۆپاگاندای ڕێژیم بکەین و دڵنیا بین لەوەی زۆربەی کاتەکان لە بەرگی دژبەرێکی ڕێژیمدا دێنە مەیدانەوە، بۆ ئەوەی بیروڕاکان بە لاڕێدا بەرن.

١ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو دەرسانەی کۆماری ئیسلامی وەریان‌ناگرێ



کۆماری ئیسلامی لەدوای ئەوەی نەیتوانی لە شەڕی هەشتساڵەدا ئێراق شکست بدات و لە کەربەلاوە بچێ بۆ قودس و بەناچاری ئاگربەستی قەبووڵ کرد، بە شێوەیەکی مەیدانیتر و کرداریتر تەرکیزی خستە سەر هێزی پرۆکسی لە ناوچەدا. بەدرێژاییی هەموو ئەم ساڵانە ئەم هێزانەی بەرهەم هێنا و بەخێوی کردن و گەشەی پێدان؛ هەموو ئەم هەوڵانەش لە پاڵ بەرنامەی مووشەکییەکەیدا، پەیامێک بوو بۆ ئیسرائیل و ئامریکا. هێندێک سەرکەوتنی کاتی لە ناوچەدا، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ئەم ڕێژیمەی وەها سەرمەست کردبوو کە جارناجارێ دەردەکەوتن و شانازییان بە هەبوونی شەش ئەرتەشی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دەکرد.

وێڕای ئەم دوو بەرنامەیە واتە بەرنامەی مووشەکی و بەرنامەی پرۆکسی‌سازی، بەرنامەی ناوکییشیان هێنابووە ئاراوە؛ بۆ ئەمانە بە کرداری ڕابردوو باس دەکەین؟ چون لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ـەوە تا ئێستا گۆڕانی زۆر ڕوویان داوە و هاوکێشەکان بەتەواوی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. کۆماری ئیسلامی کە سەرەتا دڵی بە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی ئەقسا خۆش کردبوو و خامنەیی باسی لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قازانجی کۆماری ئیسلامی و بە زەرەری

ئامریکا دەکرد، ئێستا پاش زیاتر لە یەک ساڵ دەبینین ئەو پێشبینییانە ناڕاست دەرچوون و هەر گۆڕانێک ڕوو دەدات بەتەواوی لە زەرەری کۆماری ئیسلامی‌دایە.

گەورەترین هێزی پرۆکسیی کۆماری ئیسلامی کە هەمان حیزبوڵڵای لوبنان بوو، گەورەترین خەسارەکانی بەرکەوت، بە جۆرێک کە وێناچێ بتوانێ خۆی ڕاست بکاتەوە، بەتایبەتی بەو پێناسە و تەشکیلاتەی پێشوویەوە. دەوڵەتی بەشار ئەسەد ڕووخاوە و کۆریدۆری سەرەکیی هیلالی شیعە بە ڕووی کۆماری ئیسلامی‌دا داخراوە، بەشێک لە ژێرساختە نیزامییە گرینگەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوایین هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە لەنێو چوون؛ لەمانەش گرینگتر بوونی فاکتۆری زیندووی ناڕەزایەتیی بەردەوامی خەڵکی ئێرانە لەدژی ئەو دەسەڵاتە؛ بۆیە دەبێ لەمەبەدواوە هەموو دەسکەوتە کاتی و بەرتەسکەکانی کۆماری ئیسلامی کە ببووە مایەی شانازییان بە بەشێک لە مێژوو بزانین.

بەم بەرچاوڕوونییەوە کۆماری ئیسلامی دوو ڕێی لە بەردەمدایە یا پاشەکشێ لە بەرنامەی ناوکی و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ناوچە و پاشەکشێ لە بەردەم خەڵکی ئێراندا، یا درێژەدان بەو سیاسەتەی وا لەمێژە گرتوویەتە بەر. ڕاستە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە لێدوانەکانیاندا بەپارێزتر بوون و تەنانەت بوونی هێزی پرۆکسی ڕەد دەکەنەوە، بەڵام نیشانەکان وا دەنوێنن کۆماری ئیسلامی دەست لەو سیاسەتانەی ناکێشێتەوە. عەلی خامنەیی باسی لە دەرسێک کرد کە لە ڕووخانی ئەسەد وەریانگرتووە، بەڵام ئەم دەرسەیان بە باری نەرێنییەکەی‌دا وەرگرتووە. بە واتایەکی تر نەهاتوون بڵێن ئەوە ئەسەدیش پاش ئەو هەمووە سەرکوتەی – کە بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی - کردی لە ئاکامدا هەر شکستی خوارد و ئەم ڕێگەیە ئاکامەکەی هەر شکست و دۆڕانە! نا بەڵکوو خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی پەلەقاژە بکەن و ئەو دەسەڵاتەیان بەر نەدەن. خامنەیی باسی لە لاوانی دەروەستی سووریە کرد کە بەدژی ئەم ڕووداوانەی سووریە هەڵدەستن و گۆڕانکاری پێک دێنن، موحسین ڕەزایی پاش چەند ڕۆژ لەم قسانە وتی هەتا ساڵێکی تر سووریە وەک خۆی لێ دێتەوە، لەملاولەولاش باس لە پێویستیی گۆڕینی دوکتورینی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، لەوەش گرنگتر هۆکاری سەرەکیی شکستی ئەسەد بۆ کەمکاریی هێزە نیزامییەکانی دەگەڕێننەوە نەک هۆکاری ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی سووریە. کەواتە کۆماری ئیسلامی کە سەرمەستی ئەوەیە بەهۆی وەفاداریی هێزی سەرکوتەکەیەوە چەندین ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێرانی سەرکوت کردووە، بەو چارەنووسەی ئەسەد تووشی بوو دووچار نابێت!


وێکچوونەکانی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سووریە و ئێران هێندە زۆرن، کە هەم خەڵک و هەمیش دەسەڵاتدارانی ئێران بە بەشێک لە گۆڕانکاریی نێو ئێرانی دەبینن؛ جیا لەوەی هاوپەیمانێکی گرنگی ناوچەییی کۆماری ئیسلامی لەنێو چووە، هەر لە زۆر ڕووەوە هاوشێوە و بە ئەگەری زۆر زۆرەوە هاوچارەنووسیشن. سووریەش وەک ئێران

وڵاتێکی فرەچەشن و فرەنەتەوەیەوە، دەسەڵاتەکەی هەروەک ئێران دەسەڵاتی کەمینەیەک بوو بەسەر زۆرینەیەکدا — لە ئێراندا کەمینە لە ڕووی ڕەوایی و سیاسییەوە، دەسەڵاتی سووریەش پشتئەستوور بە ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە سەرکوتکەرەکانی بوو، ئابووریی سووریەش لە پاوانی کەمینەیەکی گەندەڵدا بوو و خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەژاریدا بەسەریان دەبرد، دەسەڵاتی سووریە دەسەڵاتی بنەماڵەیەک بوو و ئێرانیش بەتەمایە دەسەڵاتی بنەماڵەی خامنەیی بەردەوام بکات و... ئەم هەموو لێکچوونانە نەستی هەمووانی بردووەتە سەر ئەو قەناعەتەی یەک چارەنووسیش چاوەڕوانیانە.

بۆیە لەم ڕووەوەیە کە خوێندنەوەی بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی لە سەرووی هەموویانەوە، خوێندنەوەیەکی سەقەت و ناتەواوە و نایانهەوێ هۆکارەکانی ناڕەزایەتیی خەڵکی سووریە وەک فاکتەری سەرەکی ببینن، بەڵکوو وەفادارنەبوونی هێزە نیزامییەکانی ئەسەد بە هۆکاری سەرەکی دەزانن. هەروەک خوێندنەوەی پاشماوەی دەسەڵاتی پەهلەوی کە دانیشتنی گوادلۆپ و خۆڕادەستکردنی ئەرتەش وەک هۆکاری سەرەکیی نەمانی دەسەڵاتیان دەزانن. هەموو دیکتاتۆرەکان و کۆماری ئیسلامییش یەک لەوان بەباشی دەزانن کە کار گەیشتە ئەم قۆناغە هەرچی ویستی خەڵک لە سیاسەتەکانیاندا ڕەچاو بکەن، هەر بەو ئەندازەیە و زیاتریش کۆمەڵگە ڕادیکاڵتر دەبێ و ئەگەری ڕووخانیان هەڵدەکشێ، بۆیە تاقەڕێگەی بەردەمیان سەرکوتی زیاتر و پەلەقاژەیەکی زۆرترە، کە بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێگەیەش نایانگەیەنەتە شوێنی مەبەست و ئاکامەکەی لە ئێستاوە ڕوونە چی و چۆن دەبێ.

٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## زرمەی پێی فاشیزم لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا




پێناسەی "فاشیزم" لە چەمکە سیاسییەکەیدا هەڵگری چەند واتایە و خاوەنڕایان لەم بارەوە زۆر کۆک نین و هەندێکیان دەیگشتێنن و هەندێکیشیان بەرتەسکی دەکەنەوە، بەڵام پێناسەیەکی گشتی بۆ فاشیزم ئەوەیە تێئۆرییەکی سیاسیی ڕاستی توندئاژۆیانە و ناوەندگەرایە کە پاڵپشتی لە دەسەڵاتێکی بەهێز دەکات. فاشیزم لە واتا گشتێنراوەکەشیدا دەتوانێ بریتی

بێ لە هەر جۆرە بیر و بیرۆکەیەک کە نەیارانی خۆی سەرکوت بکات و بیانسڕێتەوە و دووانەی "من/ ئەویدی" دروست بکات، هەر لەم ڕووەوەیە زۆر جار دەبیستین فاشیزمی مەزهەبییش بەکار دەهێنرێ، نەتەنیا هەر فاشیزمی نەتەوەیی.

بەدوای شەڕی مالّوێرانکەری دووەمی جیهانییەوە هەتا نزیک بە نیوسەدە بیرۆکەی فاشیستی بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووی لە کزی دا، لە سەدەی بیستویەکدا کە چاوەڕوان دەکرا جیهان بەرەو ئاشتەوایی و شارستانییەتێکی زیاتر هەنگاو بنێ، پێشبینییەکان ڕاست دەرنەچوون و بەتایبەت لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەدا بیری فاشیستی و شۆڤینیستی گەشەی کردووە و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە. ئەم بیرۆکە بەرچاوتەنگە لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی ئێرانیش سەری هەڵداوەتەوە و ڕێکخراو و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان بەچڕی خەریکن کاری بۆ دەکەن.

بیرۆکەی فاشیزم لەو بیرۆکانەیە کە زۆربەی کاتەکان بەدوای شکست و سەرنەکەوتنەکان و بێهیوایی کۆمەڵگە سەر هەڵدەدا و لەم نێوەدا کەسانێک بە مەبەستی دیاریکراو و بە کەڵکاوەژووەرگرتن لە هەستی بریندارى خەڵکانێک و هەروەها بە پڕوپاگاندای پۆپۆلیستی سەرنجی کەسانێک بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، وەک ئەو نموونانەی وا لە ئاڵمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بینیمان، کە پێشوازییشی لێکرا. فاشیزم بەنەرمی دێتە مەیدانەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا گەر چاو و گیانێکی هەستیار نەبێ، هەستی پێناکرێ؛ پڕوپاگاندا و بانگەشەی سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سڕینەوەی وشیاری و بێداریی ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانیدا دەگێڕێ، بۆیە پێویستە ڕەسالەت و بەرپرسیارەتیی سەرەکیی میدیا کە ئاگاییبەخشین لە پێناوی گەیشتن بە بەختەوەریدایە، بگەڕێتەوە و هەوڵ و تەقەلای بانگەشەکەرانی داگیرکاری و سڕینەوە، پووچەڵ بکرێتەوە. لە سەردەمی ئێستادا هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، داگیرکاریی ئیسرائیل، بیرۆکەی بووژانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی ئەردۆغان، پەلهاویشتنی تاران بۆ داگیرکردنی چەندین پێتەختی وڵاتانی ناوچە لە ساڵانی دواییدا، هەڕەشە و تەماحی بەردەوامی چین بۆ سەر تایوان و... هەموو نیشان لە داگیرکاری و فاشیزمێکی نوێن، کە هەموویشیان بە پاساوی سەردەمیانە و ناوی جۆراوجۆرەوە لەبەر چاوی جیهاندا جێبەجێ دەکرێن.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی سپای قودسەوە لە وڵاتانی ناوچەدا تەراتێنی دەکرد، تەنانەت هەستی ئافەرینبێژیی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشی هەڵخڕاندبوو و پێیانوابوو دیسان ئیمپراتۆریی هەخامەنشییان بۆ زیندوو دەبێتەوە، واتە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو ڕێژیمە لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتانە لە خوێن دەگەوزێنێ، کەسانی وەک ئەردەشیری زاهیدی، زاوای شا و وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی پێشووی ئێران، چەپڵەیان بۆ قاسمی سولەیمانی لێدەدا و هیوای سەرفرازییان بۆ دەخواست، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بە گومانی ئەوان لەو ڕێگەیەوە ناوی ئێران بەرز دەبۆوە!



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە بەخۆڕایی نییە کە دروشمی وەک "دەرکردنی ئەفغانستانی داواکاریی میللییە" دەبێتە ترێند، یا لەیبڵی "تجزیەطلبی" لە کورد و بەلووچ و عەرەب لێدان بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێن، لەخۆڕا سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو بیرۆکەی شۆڤێنیستی و سڕینەوەی جیاوازییەکانی لەپشتە. نوێترین کرداری ناڕەوای ئەم کۆمەڵە کەسە بێڕێزیکردن بە گۆڕی نووسەری گەورە "غلامحسین ساعدی" لە پێرلاشیزی فەڕانسە بوو، کە تەنیا هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاوە، ساعدی نووسەرێکی دژی دەسەڵاتی ئیستبدادیی پەهلەوی بوو.

فاشیزم هەوڵێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر مرۆڤایەتیدا و لەنێوبردنی هەرچەشنە جۆراوجۆرییەک و یەکدەستکردنی کۆمەڵگە، ئێستا زرمەی پێی فاشیزم لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا بەرزتر لە هەر کاتێک دێتە گوێ، هەموو کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە دێموکرات و پێشکەوتووەکان لەسەریانە لە بەرامبەر ئەم بیرۆکە بەرچاوتەنگ و کوشندەیەدا ڕابوەستن و هەڵوێستی ڕوونیان هەبێ. کارەسات کاتێک ڕوو دەدا کە چاودێرانی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی سیاسی نەتوانن ڕۆڵگێڕانی سیاسیی سەردەمی خۆیان بناسن و بوارڕەخساندنەکانیان نەبینن یان بە بیانووی ئەوەی پێیان ناگرنگ بێت، چاوپۆشی لە ئاکاریان بکەن. پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ دواخستن نابێ و بە بیانووی یەکریزییەوە نابێ، هەموو کێشەکان بۆ دوارۆژ بمێنێتەوە و ئەمڕۆ هەڵوێستی ڕوونیان لەسەر نەگیرێ.

١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٤

---

## گرتن و لێدان و کوشتن، عامیلی ئازادییە"

**بەشی دووهەم**



ئەمە بەشێک لە شێعرەکەی مامۆستا "قانع"ـە کە لە شێعر دەرچووە و بووەتە شوعار و تەنانەت بووەتە وێردی سەر زمانی هەر کوردێک کە گاگۆڵکێی خەبات دەکات. ئایا بەڕاستی گرتن و لێدان و کوشتن دەتوانێ عامیلی ئازادی بێت؟ یان ئاوا بپرسین: ئازادی مەعلوولێکە لە گرتن و لێدان و کوشتن؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین بەڵێ یەکێک لە هۆکارەکانە، گرتن و لێدان و کوشتن یا گەیشتن بە ئازادی خێراتر دەکاتەوە، یان هێورتری دەکاتەوە؛ بەڵام ناتوانێ پێش بەو کەسە بگرێ کە ڕێبواری ڕێی ئازادییە. ئەمە ڕاستییەکە و ڕەوتی مێژوو بێئیستسنا نیشانی داوین و بەردەوامیشە لە نیشاندانی ئەم ڕاستییە. لەم حاڵەدا پرسیار ئەمەیە ئەی بۆچی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بۆ مانەوەیان پەنا دەبەنە بەر گرتن و لێدان و کوشتن؟ ئەگەر بەکورتی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێ بڵێین بۆ ئەوەی گەیشتن بە ئازادییەکە هێورتر کەنەوە.

وەک چۆن هیچ ڕووداوێک یەک هۆکاری نییە، زۆربەی ئاکارەکانیش چەندین هۆکاریان لەپشتە، وەک سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. دەکرێ زۆر هۆکار بوترێ بەڵام لێرەدا سەرەکیترین هۆکارەکان باس دەکەین:

**یەکەم**: ڕازیکردنی لایەنگرانیان. بۆ دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک زۆر گرنگە لایەنگران و پاڵپشتانی خۆی ڕازی بکات و نیشان بدات کە بە دڵی ئەوان دەجووڵێتەوە.

**دووهەم**: بردنەسەری تێچووی کار و تێکۆشانی سیاسی. دەیانهەوێ بە سیاسەتی گرتن و لێدان و کوشتن تێچووی هەر جۆرە چالاکییەک کە لەدژیان دەکرێ، ببەنە سەر و لە ڕێگەی ئەو گیراوانەوە پەیامێک بۆ نەگیراوەکانیش بنێرن.

**سێهەم هۆکار**: بڵاوکردنەوەی ترس و بەدوای ئەودا ناچالاکبوونی نارازییان و کونترۆڵی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئەمە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانە، لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا "کا.گێ.بێ"یان هێندە گەورە کردبۆوە بۆ ئەوەی خەڵک بترسێ و لە ئاکامیشدا پێش لەوەی هەوڵێک بدەن خۆ بە شکستخواردوو بزانن لە بەرامبەر دەسەڵاتدا.

**چوارەم**: یەکڕیزیی نێو ماڵی دەسەڵات، ئەمە کە دەتوانێ سەرەکیترین هۆکار بێت، بۆ ئەوەیە کە هەموو باڵەکان لێک نزیک کاتەوە و ئەسڵی "حفظ نظام"یان بیر بێنێتەوە، لە ڕێگەی ئەم پەروەندەسازییانەوە بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ کە دەسەڵاتەکەیان لە مەترسیدایە و دەبێ وەخۆ کەون بۆ پاراستنی.

بۆیە کۆماری ئیسلامی کە ئێستا هەتا بینەقاقا لە قوڕی قەیرانی جۆراوجۆردا چەقیوە، دەیهەوێ لە ڕێگەی سەرکوتەوە کێشەکانی "چارەسەر" بکات. بەپێی ئامارێک کە لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو"ەوە بڵاو بووەتەوە لە ساڵی زایینیی ڕابردوودا ١٢٣٥ کەس لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراون و هەروەها ٥٠٦ چالاکی سیاسی، ئایینی و مەدەنی سزا دراون. هەر لەم پێوەندییەدا "هرانا"ش ڕایگەیاندوە کە ٥٤ کەس سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە. لە بەرامبەر ئەم دڕەندەیییەی دەسەڵاتدا خۆڕاگریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی هەر بەردەوامە و تەنانەت لە نێو زیندانەکاندا کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە هەر بەردەوامە و ئێستا پتر لە ٥٠ حەوتووی تێپەڕاندوە و ٣٠ بەندیخانە بەم کەمپەینەوە پەیوەست بوون.

لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی سزای لەسێدارەدانی "پەخشان عەزیزی" ژنە کوردی چالاکی مەدەنی، دوو زیندانیی دیکەش بە ناوەکانی "بێهرووز ئێحسانی" و "مێهدی حەسەنی" بە تۆمەتی لایەنگری لە "سازمانی موجاهیدینی خەلق" سزای لەسێدارەدانیان پشتڕاست کراوەتەوە. بێهرووز ئێحسانی، ٧٠ ساڵ تەمەنیەتی و لە دەیەی شەستی هەتاوییشدا هەر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. ناوبراو لە نامەیەکدا کە لە زیندانی "ئێڤین"ەوە بڵاوی کردووەتەوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم سزایەیدا دەڵێ: "سەرەنجام پاش ٢٢ مانگ، ئێستا بێئەوەی بەڵگەیەکیان هەبێ سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکردووم، چاوەڕوانییەکی تریشمان لە دەسەڵاتی پەتوسێدارە نییە. من هەروەک لە کاتی لێپرسینەوەکانیشدا وتوومە بە دەردی شەهید "خسرو گلسرخی" لەسەر گیانم ئەویش بە حەفتا ساڵ تەمەنەوە چەنە لێنادەم و ئامادەم گیانی بێبایەخم فیدای ڕێی ڕزگاریی خەڵکی ئێران بکەم." ئەم ئاستە لە باوەڕ و نەترسان و هاتنە مەیدانەوە دەریدەخات کۆماری ئیسلامی

بەشی دووهەم

ناتوانێ هیچکام لەو مەبەستانەی وا لە سەرکوتکردن هەیەتی، بیانپێکێ و نەیپێکاوە تا ئێستا، بۆیەشە ئێمە شایەدی نموونەی ئاوا و وەڕێخستنی کەمپەین و شادی و سەماین لەنێو دڵی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

لەم نێوەدا بابەتی ڕێژیم جیاوازە و بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام کۆمەڵگەش لە پێوەندی لەگەڵ سزای لەسێدارەداندا چەند بەرپرسیارەتی لەسەرشانە. دەبێ ئێمە بەتەواوی دژی ئەم سزا نامرۆڤانە و ئەم کوشتنە بەئەنقەست و حکوومەتییە بین، نەک تەنیا نارەزایەتی بۆ کەسانێک هەڵبڕین کە پێمانوایە بێتاوانن، بەڵکوو دەبێ ئەم سزایە لە گشتییەتی خۆیدا ئیدانە بکرێ بێلەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە جیاوازییەکی ئەو کەسانە، واتە نابێ ڕوانگەیەکی هەڵبژێرانە لەم بارەوە هەبێ و کەسانێک بەهۆی بیر، ئایین، نەتەوە، ڕەگەز و هتدیانەوە زەقتر بکەینەوە یان پەراوێزیان بخەین. لە کۆتاییدا و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵات ناتوانێ بە گرتن و لێدان و کوشتن بەردەوام بێت، سەرەتا قسەی باوکی شەهید "یەحیا ڕەحیمی" لە شەهیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بێنینەوە کە ڕوو بە عەلی خامنەیی لە دژایەتی لەگەڵ سزای لەسێدارەدان وتی: "ئیتر بەسە ئێعدام مەکە بیکە خاتر گیان ئەو "بەشار ئەسەد" ڕفێقتە!" کە بەم قسەیە وەبیری دێنێتەوە چەندە دەتوانن بە ئێعدام دەسەڵاتیان بپارێزن هەروەک ئەسەد، ئینجا قسەیەکیش لە "تالیران"، دیپلۆماتی فەڕانسەوی بێنینەوە کە لە وڵامی سەرکوتکەراندا وتی: "ئێوە دەتوانن بە سەرنێزەکانتان هەموو کارێک بکەن، بەڵام ناتوانن لەسەریان دانیشن "!

٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## خامنەیی تووشی وەهمی سەرکەوتن بووە یا ترساوە؟



ڕووداوە خێرا و یەک لەدوای یەکەکانی ئەم ماوەیەی ناوچەکە زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسیی تووشی سەرسوڕمان کردووە. بەجۆرێک کە کەمتر کەسێک ئامادەیە بەدڵنیاییەوە باس لە داهاتووی ئاڵۆزی ئەم ناوچەیە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک دڵنیان لەوەی کە کۆماری ئیسلامی، ئەو کۆماری ئیسلامییەی پێشووتر نییە و چەندین شکستی قووڵی ئەزموون کردووە و جارێ ماویشیەتی و شکستی دیکەشی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بە جۆرێک کە هەموو کێشە و قەیرانەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی یەکجێ گوشراون و کورت بوونەتەوە و لە ئێستادا یەخەیان گرتووە. لەو شکست و دۆشداماوییانەی کۆماری ئیسلامی کە لەم ماوەیەدا زۆریان ئاماژە پێکراوە و بۆ هەمووان ڕوونن، دەگەڕێین، دەکرێ ئێستا شکستی ئاگربەستی شەڕی غەززەشی لێ زیاد بکەین.

ئاگربەستی ئەمجارە بەدەر لەوەی بۆ حەماس و ئیسرائیل چ ئاکامێکی هەبووە و کام لایان دەتوانین بە براوە بزانین، دەبێ بڵێین نەفسی ئەم ئاگربەستە شکستێکی ترە بۆ کارنامەی کۆماری ئیسلامی. بەڕواڵەت هەردووک لا باس لەوە دەکەن کە سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە ڕاستیدا نە ئیسرائیل توانی بەتەواوی بە ویستەکانی خۆی بگات و نە حەماسیش؛ هەردووک لا لە شوێنێکدا چەقین. بەڵام وەک چۆن کۆماری ئیسلامی ئاگربەستی لوبنانیشی وەک سەرکەوتنێک باس کرد، دەیهەوێ ئەمەی غەززەش بە هەمان شێوە دەرخواردی لایەنگرانی خۆی بدات؛ لێرەدا دەبێ بڵێین ئەگەر ئەو گریمانەیەش قەبووڵ بکەین کە

حەماس سەرکەوتوو بووە، ناتوانێ ئەم "سەرکەوتن"ە بچێتە سەر حیساب و کارنامەی کۆماری ئیسلامی. بۆ؟ چونکە کۆماری ئیسلامی تاکە دەوڵەتێکی جیهان بوو کە بە شێوەی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ پاڵپشتی حەماس بوو، بەڵام لە هەموو دەوری ئەم وتووێژانەدا بچووکترین حیسابی لەسەر نەکرا و ئەوە دەوڵەتانی میسر و قەتەر بوون ڕۆڵی نێوبژیوانی و دەمڕاستیان گێڕا، هەروەک چۆن لەسەر داهاتووی سووریەش، کۆماری ئیسلامی کە بە میلیاردەها دۆلاری لەو وڵاتەدا خەرج کردبوو، هیچ ڕۆڵێکی بۆ لەبەرچاو نەگیرا و وەک ئەسەد لەو وڵاتە وەدەر نرا.

بەم پێشەکییەوە هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیی بۆ قسەکانی ئەم دواییانەی عەلی خامنەیی دەکەین، لەم پەنجەرەوە دەڕوانینە قووڵایی شکستەکانی کۆماری ئیسلامی. خامنەیی لە ٢١ـی سەرماوەزی ئەمساڵەوە هەتا ١٩ی بەفرانبار، واتە کەمتر لە مانگێک، ٥ جار بۆ لایەنگرانی سوخەنرانیی کردووە. لێرەدا کورتەیەک لە هەر پێنجیان دێنینەوە: ٢١ی سەرماوەز وتی؛ دەڵێن بەرەی موقاوەمەت لاواز بووە... بەتەواوی لە هەڵەدان.

٢٧ی سەرماوەز وتی: پێیانوایە بابەتی مەقاوەمەت کۆتاییی پێهاتووە: بەتەواوی لە هەڵەدان.

٣ی بەفرانبار ڕووبە ئیسرائیلییەکانی وتی؛ قسەی قۆڕ دەکەن، ئێوە کەی سەر کەوتوون داماوانە؟!

١٢ی بەفرانبار وتی: پێیانوایە ئەو خوێنانەی لە ڕێی پاراستنی حەرەمدا ڕژاون، بەفیڕۆ چوون... هەڵەیەکی گەورەیە.

١٩ی بەفرانباریش خامنەیی وتی: دوژمن بە بانگەشە دەڵێ ئێوە خەریکە لاواز دەبن. خۆی خەریکە لاواز دەبێ... موقاوەمەت زیندووە.

ئەم دووبارەبێژییە بێسوودانەی عەلی خامنەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی لە ڕووی وێژمان، چەمک، زمان، سیاسەت، بانگەشەوە تووشی قەیران و شکستێکی قووڵ بووە و ئەم وتاردانە دوابەدوای یەکانەی ڕێبەری ڕێژیم تەنیا هێورکەرەوەیەکە بۆ لایەنگرانیان؛ ئەڵبەت لەوانەیە زیاتر لەوەی بۆ لایەنگرانی هێورکەرەوە بێت، بۆ خودی خامنەیی هێورکەرەوەیە. بە واتایەکی تر لێرەدا ڕوون نییە خامنەیی ورە بەوان دەدات یان کۆبوونەوەی ئەوان لە دەوری خامنەیی ورەیەکە بۆ ئەم؟

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ترسێکی زۆری لێ نیشتووە و بەحەق پێیوایە خەڵکی ئێران لە تەدارەکی ناڕەزایەتیدەربڕینێکی دیکەدان، بۆیە بەردەوام هەڕەشە لە خەڵک دەکات و ڕێوشوێن دادەنێ بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە گەر بێت و

کەسێک گومان، نائومێدی، دووبەرەکی یا ترس بڵاو بکاتەوە، دەبێ ئەو کەسە بەدواداچوونی بۆ بکرێ و سزا بدرێت. بەڵام کام گومان و نائومێدی و ترس و دووبەرەکی؟ ڕێک ئەوانەی وا سەرتاپای لایەنگرانی داگرتووە، ئەوان گومانیان بۆ دروست بووە لەوەی بۆچی چەند ساڵ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بەکوشت دران؟ نائومێد بوون لەوەی کە سەرەڕای تێچووی ماددی و گیانی زۆریان شکستیشان خواردووە، ترس دایگرتوون لەبەر ئەوەی چارەنووسی لایەنگرانی ئەسەد چاوەڕوانیانە، هەر ئەمانەش دووبەرەکیی خستووەتە نێویانەوە؛ بۆیە گەر قەرار بێ کەسێک سزا بدرێ لەوانەیە کەسی بە دەوری خامنەییەوە نەمێنێ، چون ئەم چوار تایبەتمەندییە و زیاتریش هەموو یارانی دەسەڵاتی داگرتووە. خامنەیی لەمانە تۆقیوە بۆیە بەردەوام وەک کەسێکی ئالزایمێری دێ و دووپاتەبێژی دەکات.

دوو خاڵی تریش کە جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە خامنەیی دەستەوداوێنی مەدداح و پەسنبێژان بووە بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ سیاسەتەکانی بکەن و ڕوونکردنەوە بۆ خەڵک بدەن، ئەمە خۆی گرینگە کە کۆماری ئیسلامی لە عەللامە و ئایەتوڵلاوە هەتا ئەم ئاستە داکشاوە – ئەڵبەت نەک بڵێین ئەوان پلەیان بەرز بووبێت، بەڵام مەدداح و عەللامە جیاوازن لە کۆنتێکستی هەمان کۆماری ئیسلامیدا - یەکی تریش ئەوەیە ئەدەبیاتی خامنەیی لە ترس و دۆڕاویدا گۆڕاوە و نزم بووەتەوە، وا وێدەچێ ماوەیەکی تر لە دەسەڵاتدا بێ و شکستی تریش ببینێ و بچێژێ، کاری دەگاتە جنێو و جنێوکاری؛ چون هەر ئێستاش وشەی وەک بەدبەخت و داماو و نەفام و... لە دەمی داناکەوێ و دژبەرانی خۆی بەم وشە ئاستنزمانە ناو دێنێت. ئەگەر خامنەیی وەک سەمبولێک لە کۆماری ئیسلامی ببینین، نیشان لەوەیە ئەم قەیران و شکستانە هەتا ناخیان ڕۆچووە و تووشی گرفتی دەروونییشی کردوون، سەرەڕای تێکڕمانی قەبارەیان.

٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## کوردستان؛ سەرباشقەی خەبات



مانگرتنی شکۆمەند و سەرکەوتووانەی ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان کە لەسەر داوای شەش لایەن و حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، لاپەڕەیەکی گرنگی تری لە دەفتەری بزووتنەوەی کوردستاندا نەخشاند. کوردستان جارێکی دی نیشانی دا کە لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە بە چەندین قات لە پێشەوەی شوێنەکانی تری ئێرانە. بۆ دەرکەوتنی زیاتری گرنگیی مانگرتنی ئەم جارە دەبێ باس لەوەش بکەین کە لەگەڵ ئەوەی هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵک و کاسبکاران لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە زۆر چڕتر لە جاران بوو، بەو حاڵەشەوە خەڵک پێشوازییان لەو داوا بەجێیە کرد.

کۆماری ئیسلامی کە لە ڕووی سیاسی و ڕەوایی و نیزامی و دیپلۆماسی و ئابووری و هەموو ڕەهەندەکانی تری دەسەڵاتدارییەوە تووشی شکستی سەرشۆڕکەرانە بووە، دەیهەوێ بە ئامێری سەرکوت و ترساندنی خەڵکی ئازادیخواز لە ڕێگەی زیندان و ئێعدامەوە پشتی چەماوی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاست بکاتەوە، ئەم جاریش بە دەرکردنی سزای بەکۆمەڵی ئێعدام بۆ چەندین زیندانیی سیاسی، بەتەمایە تۆڵەی شکستەکانی لە خەڵکی ئازادیخواز بکاتەوە؛ هەر بەم بۆنەوە و بە دەرکردنی ئەم سزایانە بەرەوڕووی کۆمەڵێک ناڕەزایەتی بۆوە. ناڕەزایەتیی پتر لە یازدە ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان و کرێکاران وەک سەندیکای کرێکارانی "شرکت واحد اتوبوسرانی" و سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوتتەپە، پاڵپشتیی ٣٤٠٠ هونەرمەند و نووسەر و چالاکی مەدەنی. ئایینی، سیاسی و خوێندکاری، ڕۆژنامەنووسان و پارێزەران لەو بەندییە سیاسییانەی وا لەژێر مەترسیی بەڕێوەچوونی سزای سێدارەدان، هەروەها بەرینتربوونی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، ویژدانی کۆمەڵگەی ئێرانی زیاتر لە هەر کاتێک لە بەرامبەر ئەم سزا نامرۆڤانە و ئەم کوشتنە حوکوومەتییەدا ئاگادار کردووەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەم ناڕەزایەتییانە داواکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتنێکی گشتی لەدژی ئەم سزا ناعادڵانە سەرتۆپی هەموو ئەو ناڕەزایەتیدەربڕینانە بوو.

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای جیاوازیی ڕا و ڕوانینی سیاسییان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ویستە هاوبەشەدا بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەکی حەیاتی و گرنگ و مێژوویی، داواکاریی خۆیان ڕوو بە خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگییەوە ڕاگەیاند، کە لەلایەن خەڵکی کوردستانیشەوە بە هەمان شێوە وڵام درایەوە. جگە لە گرنگیی یەکهەڵوێستیی چەندین حیزبی سیاسیی کوردستان لە ڕاگەیەندراوی ئەم جارەدا کە جێی دڵخۆشیی هەموو خەمخۆرانی پرسی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم داواکارییە دژکردەوەیی نەبوو و پێشگیرانە بوو، کە خۆی هەنگاوێکی گرنگ و دەسپێشخەرانەیە. هەروا بێتەوە پەیامێکی جێی سەرنجی بۆ ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دەرەوەی وڵات تێدا بوو کە دەبێ باش بزانن لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ کوردستانێکی یەکڕیز و ئەحزابێکی خاوەنفووزدا بەرەوڕوون؛ کۆماری ئیسلامی پەیامەکانی کوردستانی وەرگرتووە و بەباشییش ئاگاداری ئەم خاڵە بەهێزانەی کۆی بزووتنەوەی کوردستانە، بەڵام گرنگە هاوکات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنیش ئەم سیگناڵانە وەربگرن.

هەر لەم پێوەندییەدا چەند حیزب و ڕێکخراوێکی فارس پاڵپشتیی خۆیان لە مانگرتنی ئەم جارەی کوردستان ڕاگەیاند، ناوەندی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار) و کومیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا وێڕای بانگهێشتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و... بۆ پاڵپشتیی مانگرتنی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە داواکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. ناوەندی سیاسی-بەڕێوەبەریی حیزبی چەپی ئێرانیش کە لە تێکەڵبوونی سێ ڕێکخراو پێک هاتووە لە ڕاگەیەندراوێکدا بەبۆنەی پاڵپشتی لە داواکاریی

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوایان لە هەموو خەڵکی ئێران کردبوو لەگەڵ مانگرتنی کوردستان کەون. بەدەر لەوەی ئەم حیزبانە کەم بوون و بەردەنگەکانیان لەم پێوەندییەدا بەدەمیانەوە نەچوون، بەڵام ئەم هەڵوێستە جێی ڕێزە و دەکرێ هەنگاوێک بێ بۆ ئەوەی لایەنە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی دیکەش بە سەرسامی و هاودڵییەوە بڕواننە تێکۆشان و خەباتی کوردستان و میراتی خەباتی کوردستان بکەنە ئۆلگوویەکی بەهەقی موبارزاتیی خۆیان بۆ ئەندامان و لایەنگرانیان، هەتا زووتر کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێ و کوردستانیش لە خەباتی خۆیدا بەدژی ئەو ڕێژیمە بەتەنیا نەبێت.

٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

---

## تێکۆشانی خەڵک دەبێ دەق بێ و ئەوانی دی پەڕاوێز



"عەلی خامنەیی" لە دوایین دەرکەوتن و قسەکردنیدا بە شەرمەوە ڕێگەی بە دەوڵەتی "پزشکیان" دا لەگەڵ "ئەمریکا" وتوویژ بکات، ئەم ڕێگەپێدانە ناڕاستەوخۆ بوو، بەڵام هێندە ڕوون بوو، تەنانەت ڕۆژنامەی "کیهان"یش نەیتوانی شتێک وەک دژایەتیی خامنەیی لەگەڵ وتوویژدا لەو قسانە هەڵکرێنێ و باسەکە هەمان لێدانی قەوانە کۆنەکە بوو کە "نابێ فریوی پێکەنینیان بخۆن"، لە ڕاستیدا ئەمە ڕێنوێنییە و تۆێشووی ڕێی وتوویژکەرانە، نەک فەرمانێک بۆ نەکردن و ئیزننەدان. عەلی خامنەیی لە دۆخی نالەباری ئابووریی "ئێران" ئاگادارە و پێی وتراوە ئەمە دەتوانێ "پاژنەی ئاشیل"ی دەسەلات بێ، بۆیە دیسان نەرمیی نواند و ئەم جارەیان نەرمییەکەی "قارەمانانە"ش نەبوو و بگرە زۆریش کلۆڵانەتر بوو لە چاو جاری پێشوو و لەوپەڕی بێدەسەڵاتییەوە سەرچاوەی دەگرت.

هێشتا زووە بۆ ئەوەی بزانین دەوڵەتی نوێی ئەمریکا چیی لەم وتوویژانە دەوێ و خواستەکانی کامانەن، بەڵام ئەوەی ڕوونە یەکەمیان بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمە و بەدوای ئەویشدا سیاسەتی ناوچەیی و بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامییە، ئەمە بێگومان ئەو تەوەرە سەرەکییانە دەبن کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران دەیانهێنێتە بەر باس، لێ ڕوون نییە دەیهەوێ چ دارولەلەیەکیان بۆ دانێت. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تازە و چیی تر ئەو کۆماری ئیسلامییەی پێش لە حەوتی ئۆکتۆبر نییە، کۆی ڕووداوەکانی ئەم کەمتر لە دوو ساڵەش وەک نەمانی سەرۆککۆمار، بەڕێوەبردنی دەنگوەرگرتنێکی کەساد، لەنێوچوون و زەبرلێکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە هاوپەیمانەکانی و... کۆماری ئیسلامییان خستووەتە حاڵەت و مەوزەعی لاوازییەوە.

دەبێ چاوەڕوان بین بۆ ئەوەی بزانین ئەم خولە لە وتوویژ کە ئەگەری بەڕێوەچوونی زۆرە چیی لێ شین دەبێ، بەڵام ئەم ڕاستییە ببینین کە "ترامپ" ئەو کەسە نییە وا پێناسەیەکی سفر و سەدی بۆ دەکرێ. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێیانوابوو یان حەزیان دەکرد ئەو باوەڕە بڵاو بکەنەوە کە ئەمڕۆ ترامپ بێتە سەر کار، بۆ سبەینێی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ، کە هیواهەڵچنینێکی زۆر خەیاڵاوی و دوور لە ڕاستییە، لە بەرامبەریشدا بەشێک لە خوازیارانی وتوویژ لە دەوڵەتی پزشکیاندا ترامپیان وەک کەسێکی گونجاو بۆ معامەلە پێناسە کردووە، کە هیچ کام لەمانە ناتوانن ئەسڵی بابەتەکە بن. جارێ زووە بۆ لێکدانەوەی ڕەها لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ترامپ، چون هێشتا نازانین ئەولەویەتی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەدا چییە و پێش لە هەموو شتێک بەدوای چییەوەیە؛ بەڵام ئەوەی ڕوونە ویستی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا زۆر لەبەرچاو دەگیرێ.

بەدەر لەوەی ئاکامی ئەم وتوویژانە بە کوێ دەگەن، ئەوەی دەبێ بۆ خەڵکی ئێران گرنگ بێت و لە پێشەوەی هەموو ویستەکانیان بێ، پرسی ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، کە بێگومان گرنگییەکی کەمتریان هەیە لەم جۆرە وتوویژانەدا. ئەوەی

دەبێ باوەڕی پێ بێنن ئەوەیە کە بەپێچەوانەی بانگەشەی ڕەوتی میدیای سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، پێویستە خەڵک بۆخۆیان چارەنووسی سیاسییان بەدەستەوە بگرن، چون لە ڕاستیدا گەر ئەو گوشارانەی وا چاوەڕێ دەکرێ بخرێنە سەر کۆماری ئیسلامی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژاواییەوە، تەنیا کۆماری ئیسلامی لاواز دەکەن، نەک ئەوەی پێمان وابێ سفرە و خوانێک دەڕازێنرێتەوە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە، ئو لە بەرامبەریشدا نابێ فریوی دەوڵەتی پزشکیان بخۆن کە وا دەنوێنن بە بەئاکامگەیاندنی وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوایی، دۆخی خەڵکی ئێران بەرەو باشترین حاڵەت دەگۆڕێ؛ کۆی ئەم دوو باوەڕە خەڵک لە ڕاستییەکان و چارەنووس بەدەستەوەگرتن دوور دەخاتەوە.

وەک دوایین وتە: ئەوەی وا بەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا مەندییەکی بەرچاو هەست پێکرا، بەشێک لە هۆکارەکەی بۆ ئەو چاولەدەستی و چاولەدەمییە دەگەڕاوە، کە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم هیوا کاڵانەوە تووشی خەڵکی ئەو وڵاتەیان کردبوو. بەخۆشییەوە خەڵکی کوردستان لەم دواییانەدا بە مانگرتنی بوێرانە و سەرکەوتووانەی خۆیان ئەو مەندییەیان شڵەژاند و بۆ چەندەمین جار وانەی خەبات و تێکۆشان و ئەکتی سیاسیی دروستیان بە هەموو خەڵکی بەشەکانی تری ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی بێبەرنامەی کۆماری ئیسلامی دا و بۆ جارێکی دیکەش سەلماندیان کە باوەڕبەخۆیی دەتوانێ لە سەرەوەی هەموو کردارێکی سیاسیی دیکە بێ و لە هەمان کاتدا لە هەمووان بەکەڵکتر و بەسوودتریش بێت. بۆیە هیچ کام لەم بابەتانە نابێ گرنگیی گەڕانەوە بۆ ئیرادەی تاک و کۆمەڵ کاڵ بکاتەوە و مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا بیڵێتەوە، بەڵکوو دەبێ دەرفەتەکان بخولقێنرێن.

۱۳ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤

# ژنکوژی دیاردەیەکی دەوڵەتییە نەک نەتەوەیی

بەشی دووهەم



بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆڕبەندی جیهانیی ئابووری ناسراو بە "داووس" لە پیوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانیی ژن و پیاودا، وڵاتی ئێران هەموو ساڵێک و بەردەوام لە کۆتاییی خشتەکەدایە. پێوەر و فاکتۆرەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە چوار بەشی پەروەردە، تەندروستی، ئابووری و سیاسەتدایە و جگە لەم چوار بەشە نییە. هەر بۆیەشە لەلایەن چالاکانی مافی ژنانەوە بایەخێکی زۆری پێ نادرێ، لەبەر ئەوەی پێیان وایە فاکتۆرەکانی زیاتر پێوەندی لەگەڵ ئامار و ئەژماردایە و ڕۆ ناچێتە نێو قووڵاییی ئەم پرسەوە و زۆر پێوەری گرینگی تریش هەن کە لەبەرچاویان ناگرێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە و هەر ئەم ئامارە سەرپێیەش دەریدەخات درز و کەلێنی ڕەگەزی لە ئێراندا چەندە قووڵە.

ئەم ئامارانە نیشانی دەدەن ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک وەلا نراون و لەبەرچاو نەگیراون، کە بەداخەوە ڕێگەخۆشکەریش بووە بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالاریشەوە بە ڕەگەزی پلەخوار لێی بڕوانن و بەدوای ئەوەشدا لە بەرامبەریدا هەڵسوکەوتێکی تێکەڵ بە توندوتیژییان هەبێ و یاساش بەربەستێک نەبێ بۆیان، بەڵام ئەم ئاستە لە پەراوێزخستن تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا سیستمی پاشایەتییش لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ڕوانگەیە لەسەر ژنان هەر ئەو ڕێیەی پێواوە وا کۆماری ئیسلامی خەریکە دەیپێوێ.

نزیک بە سەدەیەکە ئەم دوو دەسەڵاتە لە ڕێگەی پەروەردە، سینەما، ئەدەبیات، ڕۆژنامە، یاسا و زۆر ڕێگەی تریشەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەدژی ژنان و مافەکانیان و هەروەها ئاسانکاری بۆ توندوتیژی لەلایەن پیاوانەوە کاریان کردووە.

سینەمای فارسی بە شێوەیەکی سیستماتیک بانگەشەکەری توندوتیژیی دژی ژنان بووە و کەسایەتیی قارەمانی لە کەسانی چەقۆبەدەست و ژنکوژ نیشان داوە و سیکلی توندوتیژیی بەرهەم هێناوەتەوە.

ئاماری ژنکوژی لە ئێراندا لەژێر کاریگەریی ساڵانێکی دووردرێژ لە پەروەردەی ئاوا سەقەتدا ڕوو لە زیادبوونە، تەنانەت ئامارەکان نیشانی دەدەن لەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناشەوە کە دروشمە سەرەکییەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو، ژنکوژییەکان زیاتریشیان کردووە و کەمتر نەبوونەتەوە. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا بەنسبەتی ساڵی ٢٠٢٣، شەست لەسەد زیاتر حاڵەتی ژنکوژی ڕووی داوە و تۆمار کراوە، لە دەسپێکی ساڵی ١٤٠٣ هەتا ئێستاش کە هێشتا تەواو نەبووە، لانیکەم ١٤٣ ژن کوژراون. لەم ئامارانەدا کە بێگومان حاڵەتی تۆمارنەکراویشیان تێدایە، دەوڵەت لەژێر ناوی "ناکۆکیی بنەماڵەیی" و "کوشتنی نامووسی"، خۆی لە بەرپرسیارەتی دەدزێتەوە و کێشەکان بۆ خودی بنەماڵەکان دەگەڕێنێتەوە. لەم نێوەدا پتر لە دە ساڵە گەلاڵەی بەناو پشتیوانی لە ژنانیش لە نێوان سێ هێزی دەسەلاتدا دەستاودەست دەبێ و هەر نابێتە یاسا! کە دەرخەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی عەمەلەن پاڵپشتی لە توندوتیژی دژی ژنان دەکات و ڕێگر نییە لە بەردەم ئەم توندوتیژییانەدا.

کوردستانیش بەشێکی لەم ئامارانە هەیە و بەتایبەتی لە ماوەی پێشوودا چەندین حاڵەتی توندوتیژی و ژنکوژی لە شارە جیاوازەکانی کوردستانیش ڕوویان داوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەمی کەسانی دژەکورد بکرێتەوە و ئەم ئاکارانە لە پارادۆکسیکاڵبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەگەڵ ڕووتینی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بزانن و ڕوو لە بەشەکانی تری ئێران وا نیشان بدەن ئەم دروشمە لە نێوەرۆکدا پووچەڵ و بێواتا و ڤیترینییە. لە ڕاستیدا نکوڵی لەوە ناکرێ لە کوردستاندا ئێمە شایەدی ئەو توندوتیژییانە هەین، بەڵام دەکرێ ئەو حاڵەتانە بگشتێنین؟ بێگومان وڵامەکە نایە؛ لەگەڵ ئەوە پێویستە هەندێک ڕوونکردنەوە بدەین. لە کوردستان بەهۆی حزووری چالاکی ئێن‌جی‌ئۆ و ڕێکخراوەی مافی مرۆیی و ئەحزابی سیاسییەوە، هەواڵ و ڕاپۆرتی ژنکوژییەکان بڵاو دەبنەوە و بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ئێران، پەردەپۆش و سانسۆر ناکرێن، بۆیە دیمەنێکی وا لە کوردستان نیشان دەدرێ کە زاتەن ناوچەیەکی ژنکوژە. جگە لەوە هەڵگرتنی دروشم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نییە و دەبێ هەبێ، واتە کاتێک کەسێک دروشمی ئازادی دەدات کە هەست بە بەندبوون بکات؛ بۆیە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بەو واتایە کە بێمافیی ژنانمان هەیە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی ئابووری و خۆشبژێویمان هەیە و ئازادیش نین. کەواتە ئەم دروشمە بەشێکە لە تەشخیس و دیاریکردنی کێشە و ئینجا بەدوای ئەوەشدا چارەسەرە، بە واتایەکی تر هەم سەلبییە و هەمیش ئیجابییە.

## بەشی دووهەم

هەندێک لە خاوەنڕایانی بواری کۆمەڵناسی لەو باوەڕەدان، وشیاریی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانیاندا و هەروەها ئامادەنەبوونی پیاوانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر دانانان بەو مافانەدا بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، دەتوانێ ڕێژەی توندوتیژیی پیاوان بەرامبەر بە ژنان بەرێتەوە سەرترەوە، کە ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانیشدا ڕاستە، بەڵام لەم کاتەدا کە دەسەڵات و یاسادانان لە دەرەوەی ئیختیاراتی خەڵکدایە، پێویستە لە ڕووی فەرهەنگسازی و پتەوکردنی بەستێنە کولتوورییەکان و هەروەها پەروەردە و بانگەشە و میدیا و... کۆمەڵگە و بەتایبەتی پیاوان وشیارتر بکرێنەوە بۆ ئەوەی پێش بەم ڕووداوە تاڵانە بگیرێ و چیی تر شایەدیان نەبین.

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## زمانی دایک، داڵدەیەکە بۆ مانەوە و ملبادان لە بەرامبەر یەکدەستبووندا




ئەمساڵیش لە کاتێکدا ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکمان بەڕێ کرد، کە هەر ئێستا لە دنیای بەناو پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، سەدان میلیۆن کەس لە مافی پەروەردە و ڕاهێنان بە زمانی دایک و خوێندنی زمانی خۆیان، بێبەشن. هەر ئێستا و ڕۆژانە چەند زمان لە ئاستی جیهاندا لە بەرەبەری لەنێوچووندان. زمانێک کە تاکە ئامرازی پێوەندیی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەری خۆی. مرۆڤ ئەم بوونەوەرە بیرمەندە لە ڕێی زمانەوەیە کە دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی و مرۆڤەکانی تردا ساز بکات و هەر لەم ڕێیەوە خۆی بناسێ و ژینگەی بناسێ و بناسێنێ.

کاتێک مرۆڤێک دەبینین کەوا بە شێوەی زگماک یا بەبۆنەی ڕووداوێکەوە توانای قسەکردنی نییە و لە ڕاستیدا کەسێکی لاڵە، هەستی بەزەییمان هەڵدەخڕێنێ و ئەو کەمایەسییە بە غەدرێکی گەورە دەبینین کە لە هەقی ئەو مرۆڤەدا کراوە؛ بەڵام با بێنینە پێش چاوی خۆمان کاتێک دەوڵەتێک، دەسەڵاتێک و هێزێک، کۆمەڵە مرۆیەک مەنع دەکەن کە بە زمانی خۆیان بئاخفن و بخوێنن و بنووسن، واتە مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بێبەش بکرێ، چەندە قورستر و دڵتەزێنتر نائەخلاقیترە.

لە ڕاستیدا دیاریکردن و تەرخانکردنی ڕۆژێک لە ڕۆژژمێری جیهانی بۆ زمانی دایک، پێش لە هەر شتێک دەرخەر و نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە دۆخی زمانەکان دۆخێکی قەیراناوی و ترسناکە. دەوڵەت-نەتەوە مۆدێرن و ناوەندگەراکان، تەنیا بەوە ڕازی نەبوون کە یەک ئاییینیان هەبێ، یەک کولتووریان هەبێ، یەک سپایان هەبێ، یەک ئاڵایان هەبێ، یەک ناوەندی ڕاهێنانیان هەبێ، یەک دراویان هەبێ و... بەڵکوو بە زۆر و دەسەڵاتێکی خۆسەپێنانە کولتووری تاکزمانییش بڵاو دەکەنەوە و بێشەرمانە شانازییشی پێوە دەکەن. بۆ نموونە زمانگەلێکی وەک "ئالزانسی" و "ئۆکسیتانی" کە لە زمانە هەرە کۆنەکانی ئورووپان، بەبۆنەی یاسای سەقەت و فاشیستییانەی بنەڕەتیی وڵاتی فەڕانسە لەمەڕ زمانەوە، خەریکە بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن. هەروەک ئەو سیاسەتە چەوتەی کە ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی سەدەیەکە لەم ڕووەوە گرتوویانەتە بەر و زیاتر لە بیست زمانی نێو ئەم جوغرافیایە کە لە ڕابردوویەکی نەزۆر دووردا زیاتر لە سی زمان بوون، بەکردەوە بەرەو لەنێوچوون پاڵ پێوە دەنێن.

ئەوەی کە لە ئێراندا و لەلایەن کەسانی فاشیستی پۆزیسیۆن و ئۆپۆزیسیۆنەوە دەوترێ زمانی فارسی زمانی فەرمی و هاوبەشی مێژوویی دانیشتووانی ئێرانە، درۆیەکی رووتە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێ. هەر ئێستاش لە کوردستان و بەلووچستان و ئازەربایجان و... پیرەپیاو و پیرەژنی زۆرمان هەیە جگە لە زمانی خۆیان هیچ زمانێکی تر نازانن، کەواتە کام زمانی هاوبەشی مێژوویی؟ ئەوەی نەچووبێتە قوتابخانە و لە ڕابردووشدا لە حوجرە نەیخوێندبێ و نەبووبێتە خوێندەوار هەرگیز زمانێکی تر فێر نەبووە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەم زمانە لە ڕێگەی سیستمی پەروەردە و بە زۆرەملێ داسەپاوە بەسەر نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتەدا. گەر ئەو گریمانەیەمان قەبووڵ بێت، بۆچی هەر ئێستاش مامۆستایانی زمانی دایک دەسبەسەر دەکرێن؟ گەر خەڵک خۆی بە ویست و حەزی خۆی و لە ڕێگەیەکی دێموکراتیک و لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا فێری زمانی فارسی دەبێت، بۆچی زراویان لە فێرگەی زمانە نافارسییەکان چووە؟ یان با پرسیارێکی تر بکەین، هەر لە بنەڕەتڕا فەرمی و نافەرمی یانی چی؟ کێ دیاریی دەکات زمانێک نافەرمییە و زمانێکی تر فەرمی؟ کێ ئەو مافەی پێ داوە؟ ئەم ئیستدلالە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئیستدلالی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی حیجابدا هەیە کە دەڵێ ئێران وڵاتێکی ئیسلامییە و بەپێی یاسای ئەم وڵاتە دەبێ پۆششی "فەرمی"تان هەبێ؟ بۆ لێرەدا ئەم فەرمییە نافەرمییە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ زمانی فارسی‌دا فەرمییەکەی نێو یاسای کۆماری ئیسلامی نابێتە نافەرمی؟

پێشەوا و سەرۆککۆماری مەزنمان، شەهید قازی محەممەد لە بەشێک لە وتارەکەیدا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا دەڵێ؛ "چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە. مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران، چەندسەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن، لەجیاتی ئەوەی شەشحەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی فارسی بن، لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە

و دەنووسن." لە پێشدا بەداخەوە کە پاش هەشتا ساڵ لەو ڕێکەوتە، ئێمە هێشتاش دەبێ لە هەوڵدا بین بۆ ئەستاندنی سەرەتاییترین مافمان و لابردنی بێئەخلاقانەترین ستەم و سیاسەتێک کە لەسەرمان پیادە دەکرێ، بەڵام سەرنج بدەینە ئەو بەشە لە وتەی پێشەوا کاتێک باس لەوە دەکات کە کەسێک بە دوو مانگ دەبێتە خوێندەوار چون زمانی خۆی دەخوێنێ، لە بەرامبەریشدا هەمان کەس چەند ساڵی پێدەچێ و هەر نابێتە خوێندەوار چون زمانی خۆی ناخوێنێ و بۆی نامۆیە. ئەم قسەیە بەپێی ئەزموون وتراوە، بەڵام ئێستا دەزانین پشتڕاستکردنەوەی زانستیشی لەگەڵە.

بەخۆشییەوە لەدوای نزیک بە سەدەیەک تێچووی ماددیی زۆر و زەبەند و سیاسەتی تواندنەوە و فاشیستیی دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران، وشیاریی سیاسی و شوناسخوازانە و نەتەوەییی نەتەوەکانی جوغرافیای سیاسیی ئەم وڵاتە، گەورەترین لەمپەرێک بووە لە بەردەم سیاسەت و بەرنامەکانیاندا و دیسان بەخۆشییەوە ڕۆژانە شایەدی ئەوەین ئەوان لە پاشەکشێدان و ئێمە لە بەرەوپێشچووندا. بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە کە ژیانی هەموو ڕۆژێکی ئێمەیە، دەبێ پیرۆزبایی بکەین لە هەموو ئەو کەسانەی لە زیندووڕاگرتن و پەرەپێدان بە زمانی خۆیاندا هەوڵ دەدەن.

٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## ئێستا نۆرەی تورکیەیە




لەدوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، لایەنی سەرکەوتووی شەڕەکە کەوتنە سەر لەتوکوتکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی و وڵاتانێکی نوێ لەدایک بوون. بەدوای ئەم ڕووداوە و کاریگەرییەکانی دواتری لەنێو ئەم وڵاتانەدا کۆماری تورکیەش وەک وڵاتێکی سەربەخۆ پێی نایە سەر خەریتەی جیهان. ئەم کۆمارە هەر لە سەرەتاوە و لەسەر بنەمای حاشای

نەتەوە ناتورکەکان خۆی پێناسە کرد و ئەو وڵاتەی بە وڵاتی تورکان دانا و لە سیاسەتی فەرمیی خۆیدا نەتەوەی کوردی - وەک گەورەترین کەمینەی ئەو وڵاتە - بە "تورکی چیایی" ناو هێنا و بە دەیان ساڵ هەوڵی نەرم و ڕەقی بۆ تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە دا. بە چەندین بزووتنەوەی شوناسخوازانەی کوردانی نێو تورکیەیان بەتوندی سەرکوت کرد و تەنانەت لەم پێوەندییەدا دەستیان لە ژێنۆسایدکردنیش نەپاراست.

لە وەها دۆخێکی سیاسی و ئەمنیدا بوو کە ڕێکخراوی "پارتی کرێکارانی کوردستان" لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزرا و شەش ساڵ دواتریش واتە لە ساڵی ١٩٨٤دا دەستی بە خەباتی چەکداری لەدژی دەوڵەتی ناوەندیی تورکیە کرد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە ٤١ ساڵ ڕادەبرێ ئەم بزووتنەوەیە هەر بەردەوام بووە و کۆتاییی پێ نەهاتووە. لەم نێوەدا و بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتی تورکیە و هەروەها ئاڵوگۆڕی ناوچە و تێکچوونی نەزمی پێشووتر و لەگەڵ ئەوەش خوازیاریی تورکیە بۆ چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا، ئەوەی لە ئێمەوە دیارە ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری وردی تریش ئەم وڵاتەی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی ئاوڕێک لە پرسی کورد لە تورکیە بداتەوە.

تا ئێستاش دەوڵەتی تورکیە سەرەڕای ئەوەی تێچوویەکی ماددیی زۆری بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی ئەم بزووتنەوەیە سەرف کردووە، بەڵام نەیتوانیوە ئامانجی سەرەکیی خۆی بپێکێ. ئەوە بوو کە "دەوڵەت باخچەلی" وەک یەکێک لە دیارترین ناسیۆنالیستەکانی مەیدانی سیاسەتی تورکیە، وەک یەکەم کەس لەم پرۆسە نوێیەی ئاشتیدا باسی لە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بەڕێزعەبدوڵڵا ئوجالان، ڕێبەری بەندکراوی پەکەکە لە پێوەندی لەگەڵ کۆتاییهێنان بە کێشەی کورد لە تورکیەدا کرد، بەدوای ئەوەدا کە خۆی دانپێدانانێک بوو بەسەر ئەم ڕاستییەدا کە کێشەی کورد وەک هەموو بەشەکانی تری کوردستان کێشەیەکی سیاسییە نەک ئەمنیەتی، زنجیرە وتووێژێکی نهێنی لە نێوان "ئانکارا" و "ئیمرالی"دا دەستی پێکرد.

ئاکامی ئەم چاوپێکەوتنانە هەتا ئێستا لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئوجالاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئوجالان لە نامەکەیدا وێڕای لێکدانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دۆخی پەنجا ساڵ لەمەوبەری جیهان و ناوچە و بەتایبەت تورکیە لەچاو ئێستا، باسی لەوە کردبوو کە فەزای داخراوی سیاسی و سیاسەتی نادێموکراتیکی حاشاکەرانەی کۆماری تورکیە کە پێکەوەژیانی هەزارساڵەی ئەم دوو نەتەوەیەی تێک دابوو، ئەوانی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی ستارتی خەباتێکی چەکدارانە لێبدەن، بەڵام ئەو خەباتە بۆ قۆناغی یەکەمی خەباتەکەیان بووە و ئێستا پاش ئەو ساڵانە کە دەوڵەتی تورکیە دان بە بوونی نەتەوەی کورددا دەنێ و هەروەها دان بەوەشدا دەنێ کە پرسی کورد لەو وڵاتەدا پرسێکی سیاسییە و چەندین گۆڕانی گرنگی سیاسی و دێموکراتیکی دیکەش، ئەوی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەو ڕەسالەتەی پێشووتر بۆ خۆیان پێناسە کردووە، کاتی بەسەر چووە و ئێستا پێویستە بە شێوەیەکی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا چالاکی بکەن.

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ ئەم پەیامە لە خۆیدا پەیامێکی بوێرانە بوو هەر بۆیە بە ئاگاییەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە بەرپرسیارەتیی ئەم بڕیارە مێژووییە لە ئەستۆ دەگرێت و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەی ئاشتییشی بە ئاکار و ڕەفتاری دەوڵەتی تورکیە لە داهاتوودا بەستبووەوە. وەک چاوەڕوان دەکرا پەکەکە پێشوازیی لە پەیامی سەرۆکی خۆی کرد و بە شێوەی یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند و ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئوجالانیشیان کردە مەرجی جێبەجێکردنی باقیی داواکارییەکان. لە ئێستادا دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دەوڵەتی تورکیە لەم پێوەندییەدا چ هەنگاوێک هەڵدێنێتەوە و چۆن بەرەوپیری ئەم پەیامە دەچێ. ئەوەی لە ئێستادا ڕوونە ئەوەیە کە لایەنی کورد لەم کێشەیەدا نیشانی داوە ڕێگەچارەی لە ئاشتیدا دۆزیوەتەوە، بێگومان هەنگاوەکانی دواتری ئەم پرۆسەیەش بەستراوەتەوە بە دژکردەوەی فەرمیی دەوڵەتی تورکیە. هەر لەم پێوەندییەدا دەرکردنی ئەم پەیامە لەلایەن بەڕێز ئوجالانەوە شەپۆلێک لە شادی و خۆشی و پیرۆزباییی بەدوای خۆیدا هێنا و گەلی کورد بەتایبەتی لە باکوور و ڕۆژاڤا پێشوازییەکی کەموێنەیان لەم پەیامە کرد. جگە لە لە کورد کە خۆی بە خاوەنی پرس و قەزیەکە دەزانێ، وڵاتانی ئەمریکا، ئاڵمان، سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دیکەش لە هەموو جیهان ئەم هەنگاوەیان بە هەنگاوێکی ئەرێنی زانی و پاڵپشتییان لێ کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە هەردەم خوازیاری بە ئەنجامگەیشتن و سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بووە و هەمیشەش وەک پرەنسیپێک باوەڕی بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستان و ئاشتییەوەیە، ئەم هەنگاوەی بە باش هەڵسەنگاند و هیوای خواست ئەنجامێکی دڵخوازی هەبێ.

١٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# ٨ی مارس؛ خەبات بەردەوامە




هەشتی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، ڕۆژێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەردەوامیی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ژن و پیاو و هەروەها سڕینەوە و نەهێشتنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، ڕۆژێک کە لە ١١٥ ساڵ لەمەوبەرەوە هەموو ساڵێ یاد دەکرێتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان لە هەموو جیهاندا و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی ماف، پێشکەوتنی زۆری بە خۆوە بینیوە و ئێستا لە ئاستێکی حاشا لێنەکراودایە. سەرەتای بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ژنان لە جیهاندا زیاتر لایەنی ئابووری و نەهێشتنی ستەمی چینایەتیی دەگرتەوە، هاوکات بۆ مافە سەرەتاییە سیاسییەکانیش ئەم هەوڵانە دەبینران، وەک بەدەستهێنانی مافی دەنگدان و خۆبەربژێرکردن و... بەڵام هەتا هات ئەم خەبات و هەوڵانە وێڕای پاراستنی دەسکەوتەکانی پێشوو و بەردەوامی لەو داوایانە بۆ هەموو شوێنێکی جیهان، هەم لایەنی زیاتری لێ دەرکەوت و هەمیش پەرەی زۆرتری ستاند.

هەر ئێستاش و تەنانەت لە جیهانی مۆدێرنی ڕۆژاواشدا ژنان هێشتا لەگەڵ کۆمەڵێک ستەم و نایەکسانیی زۆر بەرەوڕوون و ئاسۆی گەیشتن بە یەکسانییەکی نەتەنیا ڕەها بەڵکوو ڕێژەییش هەر بەدەست نەهاتووە. بۆ نموونە هەر ئێستاش دنیای سیاسەت و دەوڵەتداری و... لە پاوانی پیاواندایە، هەنووکەش لە زۆر وڵاتی جیهان و یەک لەوان ئەمریکا ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی لەباربردنی مناڵ لە شەڕدان. ئەم کێشە و کەموکوورییانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە چەند قات زیاترن و بەدەستهێنانی سەرەکیترین مافەکان، زۆر دوورتر دەنوێنن، بەڵام نائەگەر نا، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بەردەوامیی خەباتە.

ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تەنانەت لە مافی سەرەتایی هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشێشدا بێبەشن و ئەوە ٤٦ ساڵە لەم پێناوەدا خەبات دەکەن و نافەرمانیی مەدەنی بەڕێوە دەبەن. پڕبوونی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانییانی ژن و سەپاندنی حوکمی سێدارە بەسەر چالاکانی سیاسیی ژن لەو وڵاتەدا، نیشان لە بەردەوامی و مکوڕبوونی ئەم خەباتەیە. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەئامانجگرتنی گشتییەتی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران و بەتایبەتی پرسی حیجابی زۆرەملێ وەک یەکێک لە سوورترین هێڵەکانی ئەم دەسەڵاتە، شایەدێکە بۆ شێلگیریی ئەم بزووتنەوەیە و ڕادەی پێشکەوتن و بەرینبوونەوەکەی؛ ئەم بەردەوامی و پێشکەوتنە گەرەنتییەکە بۆ دەستەبەربوونی کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخ و لەدایکبوونی کۆمەڵێکی تر داواکاریی نوێ و زیاتر.

لە ئێستای ئێراندا بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان ڕاستە سەرکوتێکی زۆری لەسەرە و دەسەڵات لە ڕووی سیاسییەوە دان بە پاشەکشێدا نانێ و تەنانەت لە هەوڵی پەسەندکردنی یاسای دژەژنانەی زیاتریشە، بەڵام بەکردەوە ناچار بە پاشەکشێی زۆر بووە. هەر ئەم بابەتەش بووەتە هۆی ئەوە باوەڕبەخۆیی بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتەدا گەشە بکات و شوێنپێی قایمتر بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئاماژەیەک بە کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان لەم ڕۆژەدا بکرێ، ئەوەش بڵێین کە لە بەشێک لە بزووتنەوەی ژنانی ناوەندا کە خەمی خاکیان نییە ئەوە دەبینین کە لە بیرۆکەی بزووتنەوە فیمینیستییە لیبرالییەکانی دنیا نزیک دەبنەوە، بۆیە هەندێک لە بەناو چالاکانی ناوەندگەرای مافی ژنان بە ناهەق و ناڕەوا پێیانوایە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بزووتنەوەی ژنانی خستووەتە ژێر سێبەری خۆی و نەیهێشتووە گەشە بکات، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەیە، چون یەکەم ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە هیچ چەشنێک - لانیکەم لە وێژمانی خۆیدا - پیاوسالارانە نییە و لەسەر بنەمای پاشایەتی و میراتگریی نێرینە و دروشمی وەک "مرد، میهن، آبادی" دانەمەزراوە و هەوڵ دەدا لەگەڵ ڕزگاریی نەتەوەیی، هەموو زنجیرەکانی دیلیی دیکەش بپچڕێنێ. زۆربەی زۆری ژنانی کورد توانیویانە دووانەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ستەمی ڕەگەزی و نەتەوایەتی لە دەروونی خۆیاندا جێگیر بکەن و لە یەک ڕێوە هەنگاو بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییانە هەڵێنن. ئەمە مێژووی خەباتی سیاسیی کوردستان نیشانی داوە و ئەم مێژووە شایەدە بۆ ئەوەی ژنان لەم پرۆسەیەدا نەتەنیا پەراوێزخراو و قوربانی نەبوون، بەڵکوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکان بوون. لێرە بزووتنەوەی ژنان تایبەتمەندیی بزووتنەوەی فیمینستیی دژەداگیرکاریی پێوە دیارە، بۆیە بە شێوەی هاوتەریب و هاوکات هەموو ڕەهەندەکانی دەسەڵات و باڵادەستی ڕەد دەکاتەوە و لەدژی ڕادەوەستێ.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی دووهەم**

وەک باس کرا هێشتاش ژنان لە هیچ کوێی ئەم گۆی زەوییە بەو مافانەی وا شیاویانە نەگەیشتوون و ڕێیەکی پڕهەورازیان لە بەردەمدایە، لە هەندێک شوێن زیاتر چوونەتە پێش و لە هەندێک شوێنیش جارێ دارەدارەیانە و لە سەرەتای ڕێبڕیندان؛ لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی جیهانیی ژنە وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی هەموو ژنان لە هەموو جیهاندا، هیوا دەخوازین و دڵنیاشین لەوەی ئەم ڕەوتە هەتا گەیشتن بە دوامزڵی مەبەست هەر درێژەی دەبێت.

**١٨ی رەشەمەی ٢٧٢٤**

## نەورۆزی کوردستان و پەیامەکانی



نەورۆز لە کۆنزەمانەوە و لە بەرامبەر هێرشی هەموو سپا بێگانەکان بۆ سەر کوردستان، خۆی پاراستوە و لەگەڵ ئەوەش نەتەوەیەکی لەگەڵ خۆی پاراستوە. ئێمە بەباشی ئاگاداری ڕۆڵی نەورۆز لە ڕابردوویەکی دووردا نیین، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخ و لە سەردەمی مۆدێرندا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی کەسانی ڕووناکبیری وەک "پیرەمێرد" و "فایەق بێکەس" بکەین، کە لە یەکەمین کەسەکان بوون کەوا لەنێو نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بە نەورۆز بەخشێوە.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دوورخستنەوەیان، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان سەری هەڵدا و لە بواری جۆراوجۆری وەک ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکیی پیشەیی و... وێژمانی خۆی و کوردستانی بەرهەم هێناوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕێوڕەسمی نەورۆز لە کوردستاندا و بە دەسپێشخەری و داهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووژانەوەیەکی بەخۆوە بینی و لە شکلێکی فەرهەنگییەوە بۆ بەربەرەکانی و بەرخۆدانێکی سیاسی گۆڕا و گوورا. لەمەبەدوا نەورۆز دەرفەتێک بوو بۆ خۆنواندنێکی نوێ و ڕیزکردنەوەی خواستەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەو

خواستە سیاسییانە لە ڕێگەی بڵێندگۆی نەورۆزەوە.

لەم نێوەدا و لەم چەند ساڵەدا هەم دەسەڵات و هەم بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات وێڕای ئەوەی سەرسام بوون بەو ئاستە لە یەکریزی و ڕێکخراوبوونی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان، ترسیشیان ڕێ نیشتوە و هەوڵیان داوە نەورۆز "خالس" بکەنەوە و ئەو تایبەتمەندییانەی کە کوردستان پێی داوە، لێی بسڕنەوە. ئەم هەوڵانەشیان لە ڕێگەی تیئۆریک و لە ڕێگەی هەڕەشە و گرتنیشەوە داوە، لە چەند حاڵەتێکیشدا ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هەوڵیان داوە ئیبتکاری کارەکە بەدەستەوە بگرن و بۆ خۆیان بەڕێوەبەری ئەم ڕێوڕەسمە بن! بۆ ئەوەی کونترۆڵی بکەن و خسڵەت و تایبەتمەندیی سیاسی و خۆڕاگرانە و شوناسخوازانەی نەورۆز بسڕنەوە و بیکەنە بۆنەیەکی کولتووریی ڕووت؛ کە تا ئێستاش لەم هەوڵانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ئەمساڵیش هەموو ئەم هەوڵانەیان دا و تاقییشیان کردەوە، بۆ نموونە لە شنۆ و بۆکان هەوڵیان دا بە زۆری چەک و هێز پێش بە گرتنی نەورۆز بگرن، لە ئیلام و کرماشانیش هەروەها و تەنانەت فەرماندەکانی سپا هەڕەشەیان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە ئیلام کرد، بەڵام بە پێچەوانەی ویستی ئەوان ئەم تەوژمی وشیاریی نەتەوەییە لە ماکۆوە هەتا ئیلام و دێلوڕانی گرتووەتەوە و تا دێ بەهێزتریش دەبێت. هەر لە یەکدوو ڕۆژی ڕابردوودا لە مەڵکشای ئیلام و بە دروشمی "ئیمە کوردیم" و "بژیی کورد و بژیی کوردستان" ئاوری نەورۆزی ئەمساڵیشیان هەڵکرد و مۆرکی شوناسخوازانەی خۆیان لێ دا.

سەرنج بدەینە ئەو ڕێوڕەسمانەی تا ئێستا لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە چوون، هەموو هێمای بەرخۆدان و موقاوەمەت و نەتوانەوە و شوناسخوازییان تێدا زەق بووە و لە جلوبەرگ و دروشم و بەکۆمەڵ بەڕێوەبردنیانەوە هەموو دەرخەر و نیشانەی ئەوەیە نەورۆز لە کوردستاندا ڕێوڕەسمێکی سیاسی - مەدەنی - کولتوورییە و توانیویەتی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و هەڵگری هەموویان بێ، بەبێ ئەوەی یەکتر ڕەد بکەنەوە. زۆر جار هەوڵ دراوە نەورۆزی کوردستان وەک سەرنجڕاکێشییەکی توریستی و گەشتیاری نیشان بدرێ، بەڵام ساڵ لەگەڵ ساڵ خەڵکی کوردستان یەکدەستتر و خۆبەڕێوەبەرتر و ڕادیکاڵانەتر نەورۆزی خۆیان بەڕێوە بردوە، هەتا ئەو جێیەی ڕۆژی ڕابردوو لە شاری سەقز دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" و "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم ئەوێ" درا کە بەردەنگەکەی بێگومان دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتەیە کە هەوڵی بێوچانی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی ئەمری سیاسی لە نەورۆزی کوردستان بسڕنەوە، بەڵام لەگەڵ وڵامی ئاوا ڕاشکاودا بەرەوڕوو بوونەوە.

بەشی دووهەم

وەک دوایین وتە ئەوەی کە ئەمساڵ لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانەوە ناوی "خاکیپۆشان" لەم نەورۆزە نراوە، نە لەژێر گوشار و بانگەشەی لایەنێکی سیاسیدا بووە و نە بە واتای سڕینەوەی فرەڕەنگی و یەکدەستکردن بووە، بەڵکوو بەو واتایە بووە کە ناوێکی ڕەمز بێ لە بەرامبەر هێژمۆنیی ئەو دەسەڵاتەدا کە دەیهەوێ نەورۆزی ئێمە بەکولتووری بکات و تایبەتمەندیی سیاسی و بەرخۆدانەکەی لێ داماڵێ.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

---

## ٢٠٢٥

## ئەوەی ڕابورد و ئەوەی دێ

بەشی دووهەم



ساڵی ١٤٠٣ساڵێکی پڕکێشە و پڕقەیران بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. هەر لە دەسپێکی ساڵدا کۆنسوولیی کۆماری ئیسلامی لە سووریە کرایە ئامانج و چەندین فەرماندەی سپای پاسداران لەو هێرشەدا کوژران. دوابەدوای ئەو هێرشەی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامییش بۆ یەکەم جار هێرشی ڕاستەوخۆی کردە سەر وڵاتی ئیسرائیل، ئەڵبەت ئەم هێرشە هێرشێکی کۆنترۆڵکراو بوو بەو هیوایەی کە وەڵامی ئیسرائیل توند نەبێت. هەر بەو هیوایە هێرشێکی تری لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر ئیسرائیل کرد، کە ئەم جار وەڵامی ئیسرائیل توندتر بوو و چەند کەسێکیش لە ئاکامی ئەو هێرشەدا کوژران، بەڵام ئێران وەڵامی ئەم پینگ‌پۆنگەی نەداوە و "وەعدەی سادق"ی سێیان تۆزی فەرامۆشیی لەسەر نیشت.

هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا "ئیبراهیم ڕەئیسی" سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گوماناوی تێدا چوو، پاشان لە هەڵبژاردنێکی کەساد و بێڕەونەقدا "پزشکیان"یان هێنا کە بە بەڵێنی چاکسازی دەستی بەکار کرد. لەگەڵ ئەوە لەم ساڵەی کە تێپەڕ بوو گرووپەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و بەتایبەت لە لوبنان، زەبری کوشندەیان وێکەوت، بە جۆرێک کە کادری پلەباڵای ئەم ڕێکخراوەیە بەشی هەرە زۆریان کوژران و لە سەرووی هەموویانەوە "حەسەن نەسروڵڵا". کێشەکان بەوەندە کۆتایی نەهات، لە سووریەش دەسەڵاتی بنەماڵەی "ئەسەد" ڕووخا و بەکردەوە کۆماری ئیسلامی ڕێگەی زەوینیی بۆ لوبنان لەدەست دا. هەرچەند چەندین جار لە زمانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بەڵێنی ئەوە درا "لاوانی سووری" وەخۆ دەکەون و دەسەڵاتی نوێی سووریە تێکەوە دەپێچن و ئەسەد دێننەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەم بەڵێنەی خامنەیی هەر بەقەد بەڵێنی سادقی سێکەیان و تۆڵەسەندنەوەی "هەنیە" کە لە تاراندا کرایە ئامانج، وەڕاست گەڕاوە.

لەگەڵ ئەم کێشە ناوچەییانە، کێشەیەکی دەرەکیی تری کۆماری ئیسلامی هاتنەوەی "ترامپ" بوو، کە دوو بژاردەی ملدان و شەڕی خستووەتە بەردەمی خامنەیی و حکوومەتەکەی، کە دووڕییانێکی ئەستەمە بۆیان. هەر ئێستاش کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا خۆی لە بایەخی ڕیاڵدا دەرخستووە.

عەلی خامنەیی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا بۆ ساڵی ١٤٠٤، بە ئاماژەدان بە کێشەکانی ساڵی ١٤٠٣، ئەو ساڵەی بە ساڵی ١٣٦٠ شوبهاند، ئەمە دووەم جارە لەم ماوەیەدا باس لە ساڵی ١٣٦٠ دەکات، جارێکی تریش وتبووی: "خوای ئێستا هەمان خوای ساڵی شەستە" کە بەدیاریکراوی مەبەستی لە هەڕەشە بوو بۆ سەر ناڕازییان و زیندان و سەرکوت و ئێعدامی ئەو ساڵەی وەبیر دێنانەوە؛ لێرەشدا ویستی بڵێ دیسان دەتوانن ئەم پێچەش ببڕن، وەک چۆن پێچی ساڵی ٦٠یان بڕیوە! بەڵام خامنەیی باشتر لە هەر کەسێک دەزانێ، کێشە و قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا زۆر بەرفراوانترن و ئەم قسانە هیچ تۆوی هیوایەکی لێ شین نابێت بۆ لایەنگرانی.

هەر ئێستا دۆخی ئابووریی وڵاتی ئێران لە لاوازترین و ناجێگیرترین دۆخی خۆیدایە، هەڵاوسان و داتەپینی نرخی ڕیاڵ و بێکاری و... گەیشتوونەتە ترۆپکی خۆیان، لەم ساڵەی کە ڕابورد ئێران تووشی قەیرانی دابینکردنی گاز و برق بوو، بە جۆرێک کە لە زۆربەک لە ڕۆژەکانی ساڵدا ئیدارە و قوتابخانەکان داخران، دۆخێک کە لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراقیشدا ئەزموون نەکرابوو. لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەردەوام ناڕەزایەتیی ڕۆژانە لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەڕێوە دەچن و هیچ بەرنامە و ڕێکارێکی ڕوون و ناڕوونیش بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشانە نابینرێ.

عەلی خامنەیی کە بەشی هەرە زۆری دروشمەکانی ئەم دوو دەیەی دواییی تایبەت کردووە بە بواری بژێو و ئابوورییەوە و هەتا هاتووە دۆخەکە خراپتریش بووە، ئەمساڵیش لە پەیامی خۆیدا بێلێکدانەوە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ڕووکەش وتی: "هەربۆیە دروشمی ئەمساڵ "سەرمایەگوزاری بۆ بەرهەمهێنان"ە کە ئەمە ئینشائەڵڵا دەبێتە هۆی کرانەوەیەک بۆ بژێوی خەڵک و بەرنامەداڕشتنی دەوڵەت لەگەڵ بەشداریی خەڵک پێکەوە ئینشائەڵڵا کێشەکە چارەسەر دەکەن." مەبەستی لە بەشداریی خەڵکیش ئاوا ڕوون کردەوە کە نابێ زێڕ و دراو بکڕن، بەڵکوو سامانی خۆیان بێنن لە ڕێی بە وتەی ئەو بەرهەمهێناندا خەرجی بکەن.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕاستە دانی نا بەو کێشە و شکستانەی وا لە ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە، بەڵام ڕێکارەکانی بۆ بازدان بەسەر ئەو کێشانە و قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستانە هەمان ڕێکار بوون وا ئەم

دۆخەیان هێناوەتە گۆڕ، نووسان بە بەرنامەی ناوکییەوە وەک بەرنامەیەکی حەیسییەتی، ملنەدان بە وتوویژ و بەکارهێنانی ئەدەبیاتی هەڕەشەیی بەرامبەر بە ئەمریکا و هەروەها بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەدان بە یارمەتیی پرۆکسییەکانیان واتە بەردەوامیی سیاسەتی ناوچەییی کۆماری ئیسلامی. لە ڕووی ئابوورییشەوە کە وەک باس کرا ئەمە ڕێکارەکەی بوو کە خەڵک هەوڵ بدەن بە دانانی کارگەی بچووک بچووک ئابووریی ئێران خۆژیو و خۆبەڕێوەبەر بکەن! لەم نێوەدا نە باسێک لە سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، سیاسەتی پڕتێچووی بەرنامەی ناوکی، سیاسەتی پڕتێچووی دوژمنایەتیی ڕۆژاوا، ئابلۆقەی ئابووری، ئابووریی ڕانتی و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و... هەر ئاماژەشی پێ ناکرێ کە ماکەی هەموو ئەو کێشانەی ئێستای ئەو وڵاتەن. وا وێدەچێ ئەم قەوانە کۆنە هەر لێ دەدرێتەوە و دەبێ چاوەڕێی دۆخی زۆر پرکێشەتر بین بۆ کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## کۆماری ئیسلامی لە بەردەم پێملبوون یا ئامانجبووندا



ماوەیەکی کورت بەدوای هاتنەوە سەرکاری "دۆناڵد ترامپ" لە ئەمریکا، وەک چاوەڕوان دەکرا بەشێک لە سیاسەت و بەرنامە و سەرنجەکانی دەوڵەتی ئەمریکا چڕ کراونەتەوە سەر ئێران و کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتداری ئێران. دۆخ و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران لە چاو خولی پێشووی سەرۆککۆماریی ترامپ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. لەم ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی شایەدی گەورەترین نارەزایەتیی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتەکەی بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە بەتەواوی تێک تەپاوە و تووشی قەیرانێکی ئەوسەرنادیار بووە، خەڵکی ئێران ڕۆژانە و بەردەوام نارازین. پێشتر گەر کەسێکی وەک "جەوادی زەریف" دەیگوت: "خەڵکی ئێران خۆیان هەڵیانبژاردووە ژیانیان بەم جۆرە بێت." کە زۆر ناڕاستە ئەم قسەیە، بەڵام گەر ئەو قسەیەش بە شێوەیەکی زۆر کاتی بە بنەما وەربگرین، هەر ئەوە خەڵکە ئێستا نایانەوێ وا بژین و ئەمەشیان نەتەنیا نیشان داوە بەڵکوو سەلماندووشیانە.

بەرنامەی ناوکیی ئێران کە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە هەوڵی بۆ دراوە، هەتا ئێستا بچووکترین قازانجی بە خەڵک نەگەیاندووە کە هیچ، هەر باری سەرێشە و گرانی و قاتوقڕی و زیانیش بووە. سیاسەتی هەناردەی ئایدۆلۆژیی دژەئەویدی و بشێونانەی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ سوودێکی نەبووە، بەڵکوو هێزی مرۆیی ئەو وڵاتە و سامانی ئەو وڵاتە و ئێعتباری ئەو وڵاتەی بەفیڕۆ داوە و هەمووی هەر زەرەر بووە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەم بەشە زیانی بە خودی کۆماری ئیسلامییش گەیاندووە، شکستی پرۆکسییەکانی لە ناوچەدا باڵی درێژی تێرۆر و نائەمنکردن و گێرەشێوێنیی کۆماری

ئیسلامی قرتاوە، یان هەر نەبێ لە گەچ گیراوە؛ ئەم کارتی گوشارەشی چووە. هەر لەم بارەوە فەرمانـدەیەکی سپای پاسداران لە دەنگووڕەنگی کۆماری ئیسلامی دەرکەوت و دانی بەوەدا نا کە چیی تر لە ڕێگەی حیزبوڵڵاوە ناتوانن هەڕەشە لە ئیسرائیل بکەن.

ئەوسا واتە ساڵی ٩٨ی هەتاوی کە دۆلارێک بە سێزدە هەزار تمەن بوو و "شینزۆ ئابێ"ی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ژاپۆن دەیهەویست بکەوێتە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، "عەلی خامنەیی" بە خۆبەزلزانییەوە وتی: "ترامپ لەو ئاستەدا نابینم، قسەیەکم بۆی هەبێ." بەڵام ئێستا دەستەوداوێنی دیپلۆماتکارێکی پلەخواری وڵاتی عوممان دەبن نامەیان بۆ بگەیەنەتە دەست ئەمریکاییەکان و هەروەها دۆلارێکیشیان بە یەک ملیۆن ڕیاڵ بۆ ناکڕدرێ!


داواکارییەکانی ئەمریکا جیاوازتر و زیاترە، ئێستا تەنیا کێشەی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی نییە، بەپێی ئەو خاڵانەی وا لە نامەکەدا بڵاو بوونەتەوە هەم لابردن و نەهێشتنی بەرنامەکەی ئامانجە و هەمیش دەستهەڵگرتن لە یارمەتیی پرۆکسییەکان و هەڵوەشاندنەوەیان و هەروەها سنووردارکردنی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەم بڕیارە گرنگ و حەیاتییەش تەنیا دوو مانگی دیاری کردووە و دەبێ کۆماری ئیسلامی لەم ماوە زەمەنییەدا خۆی ساغ بکاتەوە کە ئایا پاشەکشێ دەکات و پێمل دەبێت، یان هێرشی نیزامی بە گیان دەکڕێت؟ لەمەدا موختارە کامیان هەڵبژێرێت!

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پاشەکشێی پێوە دیارە و دەیهەوێ ناڕاستەوخۆ بە نێوەنجیگەریی لایەنێک بکەوێتە وتووێژەوە لەگەڵ ئەمریکا، ئەم کارەش ڕەنگە بۆ ئەوە بکات کە بیهەوێ خاڵەکانی جێی وتووێژ و مشتومڕ کەم و بەرتەسک بکاتەوە، بەڵام ئەمە لایەکی بابەتەکەیە و لایەکی تری کە ئەزقەزا گرنگتریشە بەندە بە بڕیاری ئەمریکاوە، نەک ویستی کۆماری ئیسلامی، دەبێ بزانین ئایا ئەمریکا بە وتووێژی ناڕاستەوخۆ ڕازی دەبێ یان نا، گەر ڕازییش بێت میکانیزمەکانی چۆن دەبن؟ هەرچەند دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرۆکی مەجلیسەوە هەتا وەزیری دەرەوە باسیان لەوە کرد کە ناچنە ژێر باری هەڕەشە و گوڕەشەوە و تەنانەت بە هەڕەشەی پێچەوانە وەڵامیان داوەتەوە. کە دەرخەری جۆرێک کایەی سیاسی و هەروەها ناهاواهەنگییانە لەم پرسەدا، بەڵام نیشانەکان دەرخەری ئەوەن کۆماری ئیسلامی بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ وتووێژکردن دەگەڕێ، دوێنێ ئێوارەش ترامپ دیسان سیاسەتی تێکەڵ بە ئامۆژگاری و زەبروزەنگی هاوکاتی خۆی دووبارە کردەوە و وتی گەر کۆماری ئیسلامی نەسازێ زۆر زۆر گران لەسەری دەکەوێ.

وەک لە سـەرەتادا وتـرا دۆخـی سیاسـی، نـاوچەیی و ئـابووریی کۆمـاری ئیسـلامی دۆخێکـی زۆر نـاجێگیر و قەیرانـاوییە نارەزایەتییەکان بەدژی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوامە، تەنـانەت لەنێو دەسەڵاتدارانیشدا دوو وێژمـانی جیـاواز هەیە، ئەوەی گرنگە کۆماری ئیسلامی زیـاتر لە هەمووان ئاگـاداری ئەو ڕاستییەیە کە کـارتی فشـارەکانی لێ خەرج بـووە و دەبێ بیـر لە بڕیـارێکی چارەنووسـاز بکـاتەوە؛ سـاڵی ١٤٠٤ سـاڵێکی ئاسـان نییە بـۆ کۆمـاری ئیسلامی، دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی سەخت بێت.

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## هەڵدانەوەی کۆنەبرین، کارێکی نابەرپرسیارانە



لە مێژووی وڵاتانی جیهاندا شەڕی نێوخۆیی زۆر ڕووی داوە، کە ئەم شەڕانە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هۆکاری زاڵکردنی دەسەڵات و هێژمۆنیی زیاترەوە هەڵگیرساون. نموونە بۆ ئەم بابەتە بە ئەندازەی لاپەڕەکانی مێژوو لەبەردەستە و هەر ئێستاش بەردەوامە و وڵاتی وا هەیە ئێستاش دەرگیر و گیرۆدەی شەڕی نێوخۆییە؛ وڵاتانی وەک؛ ئەمریکا، کۆرە، ڤییەتنام، چین، فەڕانسە، ڕووسیە و ئێران و... لەو وڵاتانەن کە شەڕی نێوخۆیی خوێنین تێیاندا ڕووی داوە. خاڵی هەرە گرنگ لە ئاکامی ئەم شەڕانەدا بەپێچەوانەی بیری باو لەم بارەوە نەک خەسارناسی و ناساندنی تاوانبار یا تاوانباران، بەڵکوو کونترۆڵ و کۆتایی‌هێنان بەو شەڕانە بووە، دەنا لە حاڵەتەکەی تریدا یا لایەنێک بەتەواوی سەر کەوتوە و لایەنەکەی دیکەی سڕیوەتەوە یان ئەوەی کە لەتبوونی وەک کۆرەی باکوور و باشووری لێکەوتووەتەوە.

کوردستانیش یەکێک لەو شوێنانەی ئەم گۆی زەوییە بووە کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئەم دواییانە و لە بەشە جیاوازەکانیدا لەم جۆرە شەڕە تێیدا ڕووی داوە و خەساری گەورەشی پێگەیاندوە. لانیکەم لەمانەی دواییدا هیچ کام لە لایەنەکانی دەرگیری ئەم شەڕە نێوخۆییانە نەیانتوانیوە لایەنەکەی بەرامبەریان بەتەواوی شکست پێ بێنن؛ بۆیە گەر بمانەوێ واقعبین بین پێویستە هەمووان خۆمان بەو قەناعەتە بگەیەنین کە بیری سڕینەوە و شوشتنەوە دەبێ بۆ هەمیشە نەمێنێ و لەنێو بچێ. ئەمە بەو واتایە نیە کە بڵێین مادام کەس یا لایەنێک لە هێزی خۆی دڵنیا بوو و زانیی دەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات، کەواتە ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی شەڕێک هەڵایسێنێ، نا بە هیچ شێوازێک بەو واتایە نیە، بەڵکوو بەو مانایە کە لە بنەڕەتڕا کارێکی هەڵە و بێسەرەنجام و بێدەسکەوتە و هیچ سەرکەوتنێکی سیاسی و نیزامی و مادی و مەعنەوی بەدوای خۆیدا ناهێنێ و ئەمەش مێژووی هاوچەرخمان نیشانی داوە.

لە ئێستادا و بەداخێکی زۆرەوە هەندێک کۆنەبرینی قەتماغەبەستووی لەبیرکراو لەژێر پاساوی نابەرپرسیارانە و ناڕاستانەی "نەشاردنەوەی مێژوو"دا هەڵدەدرێنەوە ئەویش بە گێڕانەوەی بیستراو و دەم بە دەم و بێبەڵگە و بەوپەڕی ئێغراق و زیدەبێژییەوە، کە نە سوود و قازانجی بۆ ئەو مێژووە هەیە کە باسی دەکەن و نە لەپێناو یەکڕیزیی نەتەوەیی و تەنانەت و لە گیوومەدا بۆ "سەرکەوتن"ی لایەنێکیش بەکەڵکە؛ بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەیە و ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕی و ئەمانەتداریی ئەو کەس یا کەسانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو دەسەڵاتەی کە کوردستان نزیکەی نیو سەدەیە بە شێوەیەکی شێلگیرانە لەدژی خەبات دەکات لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە، هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاویان لە یەکڕیزیی نەتەوەی کوردە، خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان بە یەکگرتووانەترین شێوە و بێلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی بیروڕا دەست لەنێو دەستی یەکتر و بە داهێنەرانەترین جۆرەکان هەروا لەسەرڕێیە و بەردەوام پەیامی یەکڕیزی و سەرفرازی دەگوازێتەوە. ئایا ڕەوایە لە وەها حاڵەتێکدا لەجیات ئەوەی وەک ئەوان بەرەو پێش هەنگاو بندرێ، سەرنج بخرێتە سەر تاریکترین وەرزی مێژوومان و لەوێدا بچەقین؟! ئەمە کام بیری ژیر هەڵگریەتی؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەزموونە تاڵەکانمان دووبارە نەبنەوە ئەمە ڕێگەی نییە، چون لەبیر کراون و ئەم وەبیرهێنانەوە و یەکتر تۆمەتبارکردنە گرژی و ناهاودڵیی لێ دەکەوێتەوە. مێژووی ئەم نیو سەدەی ڕابردووی کوردستان هێندە خاڵی جێی شانازیی تێدایە کە پێویستمان بە ئاوڕدانەوە لەو خاڵە نەبێت. لە ئێستادا بەرەوپێشچوون و یەکڕیزیمان پێویستە نەک چەقین و ڕاوەستان و قامکی تۆمەت بۆ یەکتر درێژکردن، دەبێ پلان و بەرنامەمان بۆ داهاتووی ئەو نەتەوەیە بێ، نەک لەتاو بێبەرنامەیی وەک کۆنەڕۆڵگێڕێکی لەکەڵککەوتوو خەڵکێک دڵسارد بکەینەوە و هۆپێک بکەین و بڵێین بەرەوپێش مەچن و بچنەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر!

**کۆتاقسە:** بە سەرنجدان بەو خەسارانەی کە لێمان دەکەوێ بۆیە دەبێ بێینەوە سەر ئەوەی کە بەتایبەت لە ئێستادا کونترۆڵکردن و لەبیرکردنی ئەو شەڕە نێوخۆیییانەی کوردستان ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانییە، گەر ڕۆژگارانێکیش هەوڵی خەسارناسی درا ئەوە با کەسانی شارەزا و لێزان و هەروەها شایەدحاڵان با قسەیەکیان پێ بێ نەک بە دەنگۆ و دەمگۆ مێژووەکە بەلاڕێدا بەرین. لەوەش گرنگتر با کاتی تیڤییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی بینەران و بیسەران بە هەموو نرخێک پڕ نەکەینەوە و ڕانەکێشین، گەر سکاڵایەکیشمان هەیە با لەبەردەم کەس یا کەسانێکا بکرێ کە هەر نەبێ لە پێوەندی لەگەڵ سکاڵاکەدا بگونجێن. ئەم جۆرە دەربڕینە نابەرپرسیارانە خەساری دەروونیی زۆر بە کۆی بزووتنەوەکەمان و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ و دەرفەتە زێڕینەیەکیشە بۆ کەسانی هەلپەرست بۆ کەڵکاوەژۆوەرگرتن. ساڵانێکە بەهەق و بەبەڵگە ئەو تاوانانە دراونەتە پاڵ کۆماری ئیسلامی و سەلمێنراویشن و بوونەتە فەکتێکی مێژوویی لەسەر ئەو ڕێژیمە، چۆن وا بەئاسانی و بەناهەق و بێبەڵگە بیانکەینە تۆمەت و بیدەینە پاڵ لایەنێکی جەماوەری و خۆشەویستی خەڵک کە هەمیشە بۆ بەپرەنسیپبوون و ئەخلاقمەداری بەناوبانگ بووە؟! ئەم ڕێکارانە سوودی نییە تەنانەت ئەگەر بۆ خۆنواندنێکی کاتییش بووبێ.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان



گەر هەندێک کەس لایان وابوو کوردستان بەدوای سەرکوتی بەربڵاوی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا و هەروەها ئەو گوشارەی کە لەسەر حیزبەکانی کوردستان بوو، دۆخێکی ماتەمینی بەسەردا زاڵ دەبێ لە چەشنی ئەوەی بەدوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا هات، ئەوە ئەم سێ نەورۆزەی دوایی سەلمێنەری ئەوەن کە کوردستان ئەم هەورە ڕەشەی داماڵی و

زیندوویەتیی خۆی نواندەوە. لەگەڵ ئەوە ڕوانگەیەکی دیکەشمان هەبوو کە پێی وابوو ئەو پێشوازییەی کوردستان لە نەورۆزی ١٤٠٣ی کرد، بیانوویەک و هەوڵێکی وشیارانە بوو بۆ لابردنی خەم و کەسەر و هەروەها ڕێگەپێدانی دەسەڵاتیش هەوڵێکی ناڕاستەوخۆی ئەو دەزگایە بوو بۆ ئاشتیی دوای ئەو شەڕە قورسە؛ ئەو پێشبینییە هەڵە بوو و کوردستان هۆنراوەی "زستانە"ی ئەخەوان‌سالسانەی نەهۆنیەوە، لێکدانەوەکەش زۆر لەسەر جێی خۆیدا نەبوو، چون کوردستان تەنیا بەهۆی شادییەوە هەڵنەپەڕی.

ڕۆحی نەورۆز، ڕۆحی بەرخودانە، ئەو شادییەی لە نەورۆزدا دەکرێ، لەسەر شین شین بووە، کوردستان خەم و تراژیدییەکانی خۆی لەبیر نەکردووە، بەڵام شادیی بەکۆمەڵی خۆی لەسەر خەمی بەکۆمەڵ هەڵچنیوە، هاواری نەورۆز لە کوردستاندا هاواری سەرکەوتنی گەرما بەسەر سەرما و ڕووناکایی بەسەر تنۆکیدایە، هاواری سەرکەوتنی بەرخودان و کۆڵنەدانە لە بەرامبەر دێوی دزێوی شەڕ و تاریکی و سەغڵەتدا؛ ئێمە گەر ڕابردوو لەبیر کەین و نوقمی شادییەکانمان بین، داهاتووشمان لەدەست چووە، ئەم بیرۆکەیە لەم یەکدوو ساڵەی نەورۆزدا بەجوانی و بەکرداری شی کرایەوە؛ نیشان درا کوردستان پێش لە هەر شتێک ڕۆحی بەرخودانی نەورۆزی زیندوو ڕاگرتووە، ئینجا شادی و خۆشییەکەی. بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە چییە؟ کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەرەوپیری ڕۆژ و ساڵێکی نوێ هەنگاو دەنێ، بەڵام لەو گەرمەی پێشوازییەیدا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لەبیرە، واتە چاوێکی لە ڕابردووش هەیە و دەزانێ دەبێ لەو ڕۆژەدا چ بکات بۆ ئەوەی بەرنامەی تێکۆشانی دادێی خۆی واتادارتر بکات و لە هەڵپەڕینێکی ڕووتدا خۆ قەتیس نەکات.

ئەم وشیاریی سیاسی و فۆرماسیۆنی هێزەیە کە بووەتە هۆی کەڵکەڵەمەندبوون و دڵنگەرانیی ٨٠٠ کەس. بەخۆشییەوە لەم نێوەدا دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمین جارەکان بوو کە کوردستان دوای کردەوەکەی و دژکردەوەی نەیارانی، بێدەنگیی هەڵنەبژارد و دیسان دژکردەوەی بە دژکردەوەی وان نیشان دا. کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە وەڕێخستنی هەڵمەت و کەمپەینێکی کەموێنە لەژێر ناوی "نا بۆ فاشیزم" بە ڕێکخراوانەترین و وشیارانەترین و جوانترین شێوە هەڵوێستی گرت و وڵامی دەمبەستانەی بەو هەڕەشەنامە ناشارستانی و فاشیستییە دایەوە و تێی گەیاندن کە نەورۆزی بەرخودان و کولتووری شادیی گشتیی ئێمە، هێڵی سوورمانە و ناهێڵین بەئەمنیەتیی بکەن. بەڕێوەچوونی نەورۆزی کوردەواریی کارەزان لە پارێزگای ئیلامیش واژۆیەکی کرداریی تایبەت و پڕبەپێست بوو کە لەژێر ئەو کەمپەینی نا بۆ فاشیزمەدا وەک گەورەترین واژۆ تۆمار کرا.

وەک دوایین قسە با بزانین ئەم کەمپەینە بۆ ناوی نا بۆ فاشیزمی لێ نرا و چیی وت؟ هەرکەسێک یەک جار بتوانێ و خۆی ڕابگرێت هەتا کۆتایی خوێنەری ئەو بەیاننامە هەشسەد واژۆییە بێ، لە یەکەم وشەکان و یەکەم دێڕەکان و یەکەم

بەندەکانەوە بۆی دەردەکەوێ کە لەگەڵ چ نووسراوەیەکی سەرتاسەر ڕەگەزپەرەستانەدا بەرەوڕووویە، ئەوان بە دەرکردنی ئەم گورەشەنامەیە پێش لە هەر شتێک ئەوەیان سەلماند کە هیچ توانای قەبووڵکردن و بەفەرمیناسینی شتێکی جیاوازلەخۆیان نییە، بۆیەشە زۆر بەهەق ئەو ناوە لەو کەمپەینە نراوە. چون ئێمە بەرەوڕووی کۆمەڵێک کەس بووینەتەوە کە بە بیر و کردار دژەئەویدین. لەگەڵ ئەوەشدا و بەو حاڵەشەوە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان "نیچە" وتەنی "لە کاتی شەڕ لەگەڵ دێوەزمەدا خۆی نەبووەتە دێوەزمە" و بە زمانی خۆی وڵامی داوەتەوە نەک زمانی ئەوان، چون لە بنەڕەتڕا ناسیۆنالیزمی کورد ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ نییە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پێی لەسەر هێڵە سوورەکان داگرتووە و هەر لە ئێستاوە خواستوویەتی نەورۆزی داهاتوو بێگوێدانە ئەو هەڕەشانە گەشتر و بەرینتر بەڕێوە بچێت، هاوکات داوای لێ کردوون وەک دەرفەتێک لە ئیمکانی کوردستان بڕوانن نەک بە چاوی هەڕەشەوە.

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

---

## لەگەڵ "کفار" میهرەبانن

**بەشی دووهەم**



کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر هەمان ڕێچکەی پەهلەوی بەرنامەی خەیاڵاویی گەشە و پێشکەوتنی بۆ چارەگە سەدەیەک دواتر دادەڕشت، کات نەوەستاوە و گەیشتووینەتە ئەو وێستگانەی وا ئەوان پێشبینییان کردبوو. "ڕەفسەنجانی" لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاویدا "گەڵاڵەی پێکهێنانی شارستانیەتی ئیسلامیی ١٤٠٠"ی هێنایە بەرباس و وتی: "خەڵک ئاگادارن کە دەوڵەت بۆ ساڵی ١٤٠٠، واتە ٢٥ ساڵی تر گەڵاڵەیەک ئامادە دەکات کە لەو ڕۆژەدا شارستانیەتی ڕاستەقینەی ئیسلام، کە هەرگیز لە درێژەی مێژووی ئیسلامدا لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا نەهاتووەتە دی، لە ئێراندا دێتە دی." ڕەفسەنجانی نەما ساڵی ١٤٠٠ ببینێ، بەڵام دەیەیەک زووتر نیشانەکانی دیار بوون بۆ ئەویش، کە چەندە ئەو گەشبینی و پێشبینییەی ئەو ناڕاست بوو، ئێستا کە سی ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا تێپەڕ دەبێ، دەزانین نەتەنیا ئێران پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدیوە بەڵکوو بە واتای تەواوی وشە لە هەموو بوارەکاندا زۆر بەرەو دواوە چووە.

دوای سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانی و لە سەردەمی "خاتەمی"دا، "خامنەیی" پێشنیاری بە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کرد کە گەڵاڵەی سەنەدێکی دوورەدیمەنی بیست ساڵە ئامادە بکەن، ئەم گەڵاڵەیە لە کۆتاییی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا ئامادە بوو و بڕیار وا بوو و مزگێنیی ئەوە درابوو لە ساڵی ١٤٠٤دا، ئێران بە لەبەرچاوگرتنی خەڵکسالاریی ئایینی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئازادییە ڕەواکان، مافی مرۆڤ و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و... بگاتە ئاستێکی باڵا لە بەرهەمهێنانی زانست و تەکنەلۆژی، خەڵک بە ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و ئەمنیەتی خواردن و دەرفەتی یەکسان و دابەشکردنی گونجاوی داهات و نەمانی هەژاری و گەندەڵی و هەڵاواردن و بوونی ژینگەیەکی باش و زۆر دەسکەوتی دیکە



سەرچاوە
Serchawe

بگەن؛ بەڵام ئەمڕۆ ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوییە و ڕێک ئەو بەشانەی وا دیارییان کردبوو و مزگێنییان دابوو، لەگەڵ گەورەترین قەیرانەکان بەرەوڕوون.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بەو خۆبژێوی و "خودکفایی"یە بگات کە چەندین ساڵە بانگەشەی بۆ دەکات و بەو بیانووەوە ئەو وڵاتەی لە بازاڕە جیهانییەکان دوور خستووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی ئابوورییەکی گەندەڵی ڕانتی سەر هەڵبدات و بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و بەرنامەی ناوکییەوە ژیانی خەڵک بەم ڕادەیە خراپ بێت و بەشێکی زۆری بچنە ژێر هێڵی هەژاری، نەتەنیا هیچ کەسێک وڵامدەر نییە و ناڵێ چۆنە تەنانەت یەک ئامانجیان لەو دوورەدیمەنانە نەپێکاوە، بەڵکوو باوەشیان بۆ وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا کردووەتەوە و تازە دەیانهەوێ بڵێن سیاسەتی خۆدابینکردن و خۆبژێوی، ئەو سیاسەتە دروستە نەبووە.

ئەڵبەت وا بیر نەکەینەوە کە بەردی ڕاستییەکان و ناکارامەیییەکانیان وەئاگای هێناون، نا تەنانەت لەوەشدا ڕاست ناکەن، ئەمە ئاکامی گوشار و ئەو ترسەیە کە بە بێدەسەڵاتکردنی پرۆکسییەکانیان و هەست بە نزیکبوونی هێرشی نیزامی کەتووەتە لەشیانەوە. عەلی خامنەیی دوێنێ دیسان بیری هاتەوە لە مێژووی ئیسلامدا ئاشتیی ئیمامی دووەمی شیعەیانیش هەیە و دەتوانن دەستەوداوێنی ئەوە بن، ئەوەی کە بۆچی "ترامپ"ێک کە ئەو هەمووە بە هێمای شەڕ و خراپە دادەنرێ، دەکاتە "معاویە" و خۆی دەکاتە "ئیمامی حەسەن"، دەبێ هەر لەو سیاسەتە دژە سوننییەدا بۆ وڵامەکەی بگەڕێین کە دیسانیش لەم ڕۆژانەدا بە هێرشکردنە سەر پیرۆزییەکانی سوننییەکان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە، نیشانەکانی دەرکەوت.

بەدەر لەوە لەم قسانەیدا دانی بەوەدا نا کە ئەو دوژمنەی وا ساڵانێک دەیانگوت "هیچ غەڵەتێکی پێ ناکرێ"، بەهێزە و وا دیارە زۆر شتی پێ دەکرێ! بۆیە ئەم ڕێککەوتنە وەک ئەو ئاشتییە مێژووییە بەوتەی ئەو کاتی دەبێ، ئەمەش بەو واتایە کە گەر دوژمن دیسان بێهێز بوو، کۆماری ئیسلامی دیسان هەر ڕێی خۆی یانی هەمان سیاسەتی ئاژاوەگێڕی دەگرێتەوە بەر. ئەم قسانەی دوێنێی خامنەیی "چرا سەوز"ێک نەبوو بۆ وتوویژ و موزاکەرە، بەڵکوو هەڵێنانی ئاڵای سپیی تەسلیمبوون بوو، بۆیە دەستی پێشی گرت و هەر لە قسەکانیدا هێرشی کردە سەر ئەو لایەنگرە خەستانەی خۆی و دایمرکاندن و وتی "دەمدڕاو" نەبن و "لێکدانەوەی هەڵە"یان نەبێ و "ناڕەزایەتیی بێجێ" دەرنەبڕن!

وا دیارە سیاسەتیان دووبارە داڕشتووەتەوە و چیی تر لەگەڵ "کفار"دا بە "شددت" ڕەفتار ناکەن، بەڵکوو لە بێدەسەڵاتییاندا بە ڕەحم و مێهرەبانییەوە لەگەڵیان دەجووڵێنەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لەگەڵ شارۆمەندانی بێدیفاعدا بە

توندوتیژییەوە هەڵسوکەوت دەکەن، هەر لەم ڕۆژانەشدا و لە گەرمەی هەواڵی دانوستانەکاندا بەبێدەنگی بەندییەکی سیاسیی کوردیان بەناوی "حەمید حوسێننژاد حەیدەرانلوو" خەڵکی پارێزگای ورمێ لە دار دا. هەر لەم پێوەندییەدا ئامارەکان پێمان دەڵێن لەو کاتەوە دەوڵەتی "پزشکیان" هاتووەتە سەر کار ١٠٥١ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون؛ کە چاو لێ دەکەین کۆماری ئیسلامی تەنیا لە بەرنامەیەکیدا پێداگر بووە و پێی وەفادار ماوەتەوە، ئەویش ئێعدام و تێرۆری کەسانی نارازیی نێوخۆیە، عەلی خامنەیی بۆ ئەوانەی پێیان ناوێرێ دەبێتە ئیمامی حەسەن، بۆ باقیی بێدیفاعانیش "موختاری سەقەفی"یە.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

---

## دیاردەی کۆڵبەرکوژی



فیلمی کوژران و پێکانی دوو کۆڵبەری دیکەی کورد لەم ماوەیەدا جارێکی تر چاوەکانی هێناوە سەر ژیانی پڕ لە کارەساتی ئەم توێژە پەراوێزخراوە، کە ئەم لاوە گیانلەسەردەستانە بۆ بەدەستهێنانی پارووە نانێک کەوتوونەتە چ دۆخێکەوە. ئەو هەلاتهەلاتە فیلمی سینەمایی نیە و ئەوانیش بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئۆسکار هەڵنایەن، بەڵکوو بۆ دەربازکردنی خۆیان لەژێر ڕەهێڵەی فیشەکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدێن.

ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت پێش لە کۆماری ئیسلامییش چەند کورد لە سنوورە دەسکردەکانی ئەم وڵاتە و بەهۆی ئەمبارە و بارکردنی کاڵایەک بوونەتە ئامانجی فیشەکی هێزەکانی ئەم ڕێژیمە، ئەوەی کە لەم ماوەیەدا چەند بنەماڵەی هەژار تاسەباری ئەم تەقە کەوکوژییانە بوون، چەند منداڵ هەتیو بوون، جەرگی چەندەها دایک سووتاوە و سۆماییی چاوی چیها باوک بڕاوە بەبۆنەی کوژرانی ڕۆڵەکانیانەوە، ئامارێکمان بە دەستەوە نییە.

بەڵام ئەوەی بڵاو بووەتەوە نیشان دەدا هەر لە ساڵی ۱٤۰۳دا ۱۸۳ کۆڵبەر بوونەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران، کە لەم نێوانەدا ٥۲ کەس واتە ۲۸٪یان کوژراون و ۱۳۱ کەسیشیان بریندار بوون؛ هەر لەم نێوەدا تەقە لە ۱٤۳ کەسیان ڕاستەوخۆ و بەمەبەستی کوشتن بووە. لەمەش ترسناکتر ئەوەیە ٦٪یان منداڵ بوون، واتە تەمەنیان کەمتر لە ۱۸ ساڵ بووە. ئەم ئامارەی ساڵی ۱٤۰۳ لەچاو ساڵی پێشووی ۱۹٪ زیادی کردوە، لەسەریەک و لە نێوان ساڵانی ۹۹ هەتا ۱٤۰۳، ۱۳۱٤ کۆڵبەر لە خوێن گەوزیون، کە ۲٥۹ کەسیشیان کوژراون و ۱۰٥٥ کەسیان بریندار بوون؛ خاڵی جێی سەرنج لە دڵی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەدا ئەوەیە کە ۷۷٪ی تەقەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و کەوکوژی بووە.

**پرسیارەکە ئەمەیە بۆ ئەو کۆڵبەر و کاسبکارە کوردانە دەکوژرێن و کوشتنیان بۆ هێندە ئاسان و بێتێچووە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی؟**

لە پێشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کوردستان زۆنێکی ئەمنیەتییە و هەمیشە بە چاوی هەڕەشەوە لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە سەیر کراوە، بۆیە هیچ هەوڵێک بۆ بنبڕکردن نا، بەڵکوو کەمکردنەوەی هەژاری نەدراوە، هیچ کارگە و کارخانەیەک، هیچ ئاوەدانی و پێشکەوتنێک و هیچ پرۆسەیەکی ئابووری بۆ کوردستان لەبەرچاو نەگیراوە و خەڵکی ئەم ناوچەیان بەئەنقەست لە دۆخێکی هەژارانەدا هێشتووەتەوە؛ بۆیە لە وەها حاڵەتێکدایە لەتاو برسیەتی پەنا بۆ کارێکی وەها پڕمەترسی دەبەن.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا بەرەورووی هیچ نارەزایەتییەک نابێتەوە، کوشتنی ئەم کۆڵبەرانەی وا بە ناشارۆمەندی پێشێلکەری یاسایان دەزانێ، زۆر ئاسانتر دەبێ بۆی. هەر سیستمێکی سەرکوتکەر بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی و چاوترسێنکردنی خەڵکانی تر، پڕ دەداتە لاوازترین و بێدیفاعترین توێژی کۆمەڵگەکەی، لەگەڵ ئەوە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکیشەوە شەرعییەت و ڕەواییی بەو کوردکوژییە داوە. یاسایەک کەوا کۆماری ئیسلامی باسی دەکات و لە هیچ کوێیدا مافی ئەم ناشارۆمەندانەی نەپاراستووە و خێروبێرێکی بۆیان نەبووە، بۆ دەبێ لەلایەن ئەمانەوە ڕێزی لێ بگیرێ و بپارێزرێ؟ پاشانیش کاتێک کە دەشکێنرێ بۆ دەبێ سزا و بەناو تاوانەکە لەگەڵ یەک نەخوێندرێنەوە و سزاکە بە دەیان قات قورستر لەو بەناو تاوانە بێ؟

بەداخەوە کۆڵبەری کورد بە کرێکاریش نایەتە ئەژمار و نە سەندیکای هەیە و نە بیمە و نە ماف و نە ناو و نە هیچ شتێکی دیکە جگە لە لەشێک کە دەبێتە سیبلی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. تەنانەت لەنێو ئەو ڕێکخراو و گرووپانەدا وا هەڵگری دروشمی کرێکاری و زەحمەتکێشانەشن، ڕزگاریی کۆڵبەران لەو دۆخەی تێیدان نە بە بەرنامە کراوە و نە پرۆگرامێکیان بۆیان هەیە و ئەوەی دەشکرێ لە چوارچێوەی هەندێک وتەی ڕووکەشدا قەتیس ماوەتەوە کە تا ئێستاش نەبووەتە نان و ئاو بۆ ئەو چینە زەحمەتکێشترینە.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکانی مەدەنییش تەنانەت بەپێی پێویست ئاوڕێکیان لێ نادەنەوە، وەک بڵێی کوژرانی کۆڵبەر لە حاڵەت دەرچووە و بووەتە واقعێکی نەگۆڕ و "قبح"ـی ئەم کوشتنانە بەتەواوی ڕژاوە. لە کوردستان کە زیاتر لە هەزار پارێزەرمان هەیە، بەڵام چەند کەسێکیان نەبێ باقییەکەیان گرنگییەک بەم بابەتە نادەن و بەلای ئەو پەروەندانەدا ناچن؛ نوێنەرانی بەناو کوردی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییش لۆکەیان لە گوێی خۆیان ئاخنیوە بۆ ئەوەی تەقەی تفەنگی سەربازانی "گومنامی ئیمامی زەمان" نەبیستن و متەقیان لێوە نایە. بۆیە لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بەداخەوە هەتا ئاوڕێکی جیددی لە کۆڵبەرانی کورد نەدرێتەوە و هاوسۆزییەکی گشتی و کردارییان لەگەڵ ساز نەکرێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نایهەوێ پاشەکشێ بکات و ئەم سیکلی هەژاری و ناچاری و سەرکوت و کوشتنە بەردەوام دەبێت.

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## مانگرتن بە جەماوەری بکرێ، چەکێکی کارایە



زانایانی زانستی سیاسەت و تێئۆریسییەنەکانی بواری شۆڕش و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەگەر نەڵێن مانگرتن گرنگترین ئەکتی نارەزایەتیدەربڕانەیە، بێگومان وەک یەکێک لە گرنگترینەکان باسی لێ دەکەن. مانگرتن بە

شێوەخەباتێکی کەمتێچوو و پڕدەسکەوت دەناسرێ، بەڵام لە ڕاستیدا مانگرتن لە شۆڕشی سەر شەقام پڕتێچووترە، لەگەڵ ئەوەی خەسارێکی ماددی دەگەیەنێ بە بکەرەکانی، ناشتوانن خۆیان لەنێو جەماوەردا بشارنەوە و دیارن؛ هەر ئەمەش دەتوانێ لە بەرامبەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کێشەی زۆریان لە داهاتوودا بۆ بنێتەوە. بەم حاڵەشەوە لە کوردستان و لە ئێرانیش مێژووی مانگرتن دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لەوەی کۆماری ئیسلامی بێتە سەر کار. لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا و لە سەردەمی پەهلەویدا لە شاری مەهاباد جارێک بەبۆنەی سەردانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لەدوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و جارێکیش بە بۆنەی شەهیدبوونی سولەیمان موعینی و سووکایەتی بە تەرمەکەی لەلایەن ئەرتەشەوە، ئەو شارە مانگرتنێکی سەداسەدیی بەڕێوە بردوە.
لە ئاستی ئێرانیشدا نموونەکان زۆرن بۆ مانگرتنی بەتایبەت چینی کرێکار، کە لە دەیەی بیستی هەتاویدا ئەم ئەکتە ناڕەزایەتیدەربڕانەیە چووە بواری بەرێکخرابوونەوە، هەتا ئەو جێیەی ئەم کولتوورە جێکەوتووە لە بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زەبری کاری و کوشندەی لە جەستەی لاواز و نەخۆشی دەسەڵاتی پەهلەوی دا.

کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتێکی پاوانخوازە لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنیدا دەستی بەسەر هەموو یەکیەتی و سەندیکا کرێکارییەکاندا گرت و تا ساڵانێکی زۆر نەیهێشت بە شێوەی سەربەخۆ چالاکییەکیان هەبێ. لە نیوەی دەیەی حەفتاوە وردەوردە قەوارە سینفی و سەندیکا کرێکارییەکان هەرچەند زۆر تووشی گێرە و قەرقەش بوون و ئەندامانیان گیران و ئەشکەنجە دران، بەڵام هەتا ڕادەیەک بووژانەوە. لەگەڵ خراپتربوونی دۆخی ئابووریی ئێران، لەم ساڵانەی دواییدا شایەدی بەردەوامیی مانگرتنەکان بووین.

مانگرتنی کرێکاران، شۆفیرانی ئوتووبووسواحد، مامۆستایانی قوتابخانە، خانەنشینان، خوێندکارانی زانکۆ، پەرستاران، بازاڕیان، زێڕنگەران، نانەواکان و... ئێستاش شایەدی مانگرتنی یەکگرتووانەی شۆفیر و خاوەنکامیۆنەکانین. ئەم سینفەش وەک هەموو سینفەکانی تر لە ئێراندا بە سەرنجدان بە دۆخی ناکارامەی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە، لەژێر کاریگەریی گرانیی هەوسارپچڕاودا کۆمەڵێک کێشەیان هەیە. بەدیاریکراوی بارهەڵگران و خاوەنکامیۆنەکان لەگەڵ گرانبوونی پێداویستییەکانی ماشینەکانیان، هەڵکشانی تێچوو، داکشانی بەشە سووتەمەنی، نەبوونی بیمە، دۆخی نالەباری جاددەکان، زۆربوونی تەمەنی خانەنشینی و زۆر کێشەی تر لەم سۆنگەیەوە بەرەوڕوون.

کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بە توندوتیژی وڵامی هەموو مانگرتنێکی سینفی و ناشتیخوازانەی داوەتەوە، هەرگیز نەبووە کێشە و ناڕەزایەتییەکان لە چوارچێوەی خۆیدا ببینێ، بەڵکوو هەمیشە کردوویەتە پرسێکی ئەمنیەتی. لەم پێوەندییەشدا دەیهەوێ هەر ئەو ڕێیە بپێوێ و بە گرتنی چەندین شۆفیر لەوانە "سدیق محەممەدی" لە شاری سنە و "شەهاب دارابی" لە



سەرچاوە
Serchawe

شاباد و وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لە شەهابی دارابی، دەیهەوێ بەم هەڕەشانە شۆفیرانی تر چاوترسێن بکات؛ بەڵام ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبیر ناچێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستدا دەیان چالاکی کرێکاری ئێعدام کرد و هەر ئێستاش "شەریفە محەممەدی" چالاکی کرێکاری لەژێر حوکمی ئێعدامدایە، هەروەها کەسانی وەک "مەحموود ساڵحی"، "عوسمان ئیسماعیلی"، "مەنسوور ئۆسانلوو"، "سمایل بەخشی" و دەیان کەسی تری لە بەندیخانە پەستاوت، لێ ئەم کێشانەی بۆ چارەسەر نەبووە و هەرگیز نەیتوانیوە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم چینە مافویستە، بترسن و لە ویستەکانی خۆیان دەست هەڵگرن.

ئەم سینفە کە ئێستا بووەتە ڕۆڵگێڕی سەرەکیی مانگرتنە سریاڵییەکان نابێ بەتەنیا بمێنێتەوە، هەرچەندیش قورسایی ئابووری وڵاتێک لەسەر شانیان بێت ناتوانن بەتەنیا ببنە هۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی، هەر مانگرتنێک پێویستی بە پاڵپشتییە، چونکە خاوەنڕایان لەو باوەڕەدان دەبێ بۆ مسۆگەرکردنی ویستەکان لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا سێونیو لەسەد لە خەڵکی ئەو وڵاتە مان بگرن و ئەم مانگرتنەش ١٢ مانگ بخایەنێ! هەرچەند زانستی سیاسەت جێی ئەوە نیە وا بە ڕەهایی قسەی تێدا بکرێ، بەڵام ئەمە ئەزموون سەلماندوویەتی و پێویستە سینف و چین و توێژی دیکەش پەیوەستی ئەم مانگرتنانە بن بۆ ئەوەی گۆڕانی قووڵ بێتە ئاراوە. پاڵپشتییەکان دەبێ مەیدانی بێ و بەڕێکخراو، نەک وەک ئەوەی ڕاستی توندئاژۆی ئێرانی دەیکات لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە و زیاتر مەبەستی بردنەپێشی مەبەستە سیاسییەکانی خۆی و خۆبەخاوەنکردنە، چون ئەوان هەرگیز باوەڕیان بە کاری بەکۆمەڵ، بوونی هەڵاواردنی چینایەتی و نەبوونی دەرفەتی یەکسان و... نەبووە و نییە، بەڵکوو تەنیا دەیانهەوێ لەم ڕێگەوە ئێعتبارێک بۆ خۆیان بکڕن! دەنا ناکرێ پاڵپشتی لە مانگرتنێکی بەهەقی لەم شێوەیە بکرێ، بەڵام لە بەرامبەردا مانگرتنی بەهەقی کرێکارانی شیرکەتی نەوت لە ساڵی ٥٧دا بە فیتنە و ئاژاوە ناو بهێنرێ! لەم ڕووەوەیە کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە خۆ لەو هەلپەرستییانە ببوێرن و بەرنامەی کارا و یارمەتیدەرانەیان هەبێ بۆ پاڵپشتیی هەمیشەیی لە کرێکاران.

بە هێنانەوەی نموونەیەکی مێژوویی باسەکە کۆتایی پێ دێنین: لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا کاتێک کرێکارانی لەهستان مانگرتنیان کرد، ویستەکانیان تەنیا لە ویستی سینفیدا قەتیس نەکرد، بەڵکوو ویستی سیاسییان هێنایە پێش و بەرامبەر بە نەبوونی ئازادی و بوونی سانسۆر و... لە وڵاتدا، هەڵوێستیان نواند، ئەم کرێکارانە بە ڕاکێشانی سەرنجی هەموو نارازییان توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن و دەوڵەت ناچار بە پاشەکشێ بکەن، بۆیە ئێستا کە ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان و چەندین قەوارەی دیکە پاڵپشتیی خۆیان لەم مانگرتنانە دەربڕیوە جێی هیوایە و پێویستە بەهێزتر و بەکرداریتر بکرێت، هەتا خەڵکانێکی زیاتر هەست بە هاودڵی بکەن.

۱۰ی جۆزەردانی ۲۷۲۵

# بۆ ڕزگاری دەبێ ئیرادە بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە

**بەشی دووهەم**



بابەتی وتووێژ لەسەر پرسی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نێردراوانی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ، دوو مانگە لە ژوورە داخراوەکاندا بەڕێوە دەچێ. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا مۆڵەتێکی یەک مانگەی بۆ کۆماری ئیسلامی دیاری کردبوو و بە پێی ئیدیعاکان لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنیان، هێرشی نیزامی بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئەو وڵاتەی لێ دەکەوتەوە. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ڕاستییانەی وا پێویستە خەڵک بیزانن، ڕوون نیە و هەر جارە یەکێک لە نوێنەرانی ئەو دوو دەوڵەتە دێنە بەر شاشە و شتێک دەڵێن و پاش ڕۆژێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەدی دەکەنەوە؛ لە ڕاستیدا سەرقاڵییەکیان بۆ ئاژانسە هەواڵدەرییەکان ساز داوە و شرۆڤەکاری سیاسییش بەدوایاندا دێن و خەریکی لێکدانەوە دەبن. ئەوەی لەم نێوەدا لە هەمووی ناڕوونترە، چارەنووسی خەڵکی ئێرانە.

لەم چەند دەیە کە لە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ، گەورەترین زیانەکان بەر خەڵکی ئەم وڵاتە کەوتوە. لە گرتن و کوشتن و بڕینەوە بگرە هەتا برسییەتی پێچەشتن. نە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ڕێی پیتاندنی ئۆرانیۆمەوە قازانجێک بە خەڵک بگەیەنێ و نە تیمی وتووێژکەری بەرامبەریشی باسێک لە خەڵک و چاوەڕوانی و مافەکانیان دێنێتە گۆڕێ.

گەر لە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەرەوە کولتووری کاری سیاسیی بەکۆمەڵ و فەرهەنگی حیزبایەتی هاتە نێو ئێرانەوە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بەشێک لە عاملییەت یان لانیکەم هەستەکەی بۆ مرۆڤ و کاری بەکۆمەڵ گەڕاوەتەوە، بەڵام ڕێژیمی پەهلەوی و بەتایبەتیتر کۆماری ئیسلامی ڕێک دەستیان نایە سەر ئەم بەشە و بە سەرکوتی ڕەهای حیزبە

سیاسی و تەنانەت ڕێکخراوە کولتووری و پیشەییەکانیش، هەوڵیان داوە ئەو ئیرادە کۆمەڵایەتییانە لەنێو بەرن، هەتا ئەو جێیەی کە لە ئەمڕۆدا زۆر ڕووناکبیر و نووسەر و چالاکی مەدەنی و... بەشانازییەوە باس لە "سەربەخۆبوون"ی خۆیان دەکەن، بە واتایەکی تر شانازی بە تەنیایی خۆیانەوە دەکەن! کە کێ هەیە نەزانێ کونترۆڵکردنی مرۆڤێکی خاوەنبیر و بەهەڵوێستی تەنیا زۆر ئاسانترە بۆ دەسەڵاتێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامی، هەتا ئەوەی بیهەوێ کۆمەڵێک کەس سەرکوت بکات و بیری هاوبەشیان لەنێو بەرێ؟

ئەم دۆخەی ئێستا ڕەگێکی لە مێژووشدا هەیە. لە ڕووی مێژووییشەوە چاو لێ بکەین، خەڵکی ئێران هەمیشە چاوەڕوانی ڕزگاریدەرێک بوون کە بێ و لەو دۆخەی تێیدان ڕزگاریان بکات! جا ئەم ڕزگاریدەرە یا ئیمامی زەمان بووە، یان سپای وڵاتێکی تر بووە، یان کەسێک بووە کە بوتی لێ ساز کراوە و لە مانگدا بۆی گەڕاون! لەخۆڕا نیە کە "ئەخەوانی سالس" دەڵێ: "کاوەیەک پەیدا نابێ، خۆزگە ئەسکەندەرێک هاتبا..." ئەم باوەڕە بووەتە بەشێک لە ژێنێتیکی مێژوویی خەڵک و هەموو ئاواتەکانیان لەسەر هەڵچنیوە. لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامییش ئەم باوەڕەی زیاتر پەرە پێداوە و تێفکرینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتەی لە هۆکاربوونەوە بۆ بەرکاربوون گۆڕیوە.

لە وەها دۆخێکدایە کە خەڵکی ئەو وڵاتە هەست بە تەنیامانەوەی خۆیان دەکەن و هەمیشە چاویان لە دەستی ئەویدییەکە بێ و ڕزگاریان بکات. تەنانەت ئەم باوەڕە لە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشدا بەهێزە و ئەوانیش هێندەی دی خوێن دەگەیەنن بە جەستەی ئەم بیرۆکە پاسیڤە. ئەوانیش بە داتاشینی بەناو ڕزگاریدەرێک و بە گەرمکردنی بازاڕی هێرشی نیزامی و... خەڵک لە هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان سارد دەکەنەوە.

دەبێ چ بکرێ؟ پێش لە هەر شتێک دەبێ بزانین سیاسەت مەیدانی خەبات و گۆڕانە، جا ئەو گۆڕانە بنەڕەتی بێت یاخود ڕێژەیی، شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە سیاسەت بۆ خولقانی گۆڕانە. پێویستە پرسی سیاسی ببێتە پرسی سەرەکیی خەڵک، هەر لەم ڕێیەشەوە ئیرادە و هەستی بکەربوون بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە. یەکێکی تر لەو پێویستییانەی لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە وشیاری و ئاگاداری بە خەڵک بدرێ، واتە خەڵک بزانن چی بەسوودە بۆیان و چی زیانی هەیە بۆیان، بەم پێیە ڕێکارێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی قازانج و سوودەکە لە خۆیان نزیک بکەنەوە و زەرەر و زیانەکەش لە خۆیان دوور بکەنەوە. بابەتێکی تر کە لێرەدا گرنگە باس بکرێت ئەوەیە کە بۆ چوونە نێو مەیدانی سیاسەتەوە کە وەک گوترا بەرەو گۆڕانمان دەبات، پێویستە لە کەرەسەی سیاسی واتە حیزب و ڕێکخراو و تەشکیلات کەڵک وەربگیرێ. کولتووری حیزبایەتی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک خەڵک بزانن چ ئامانجێکیان هەیە، چون ئەو حیزبەی کە هەڵیانبژاردووە جیهانبینیی خۆی، بەرنامەی خۆی، ئامانجی خۆی، هەڵوێستی خۆی، خوێندنەوەی خۆی بۆ بوارە سیاسی و ئابووری و

کۆمەڵایەتییەکان دیاری و ویستەکانی خۆی فۆرمووله کردووە؛ کەواتە بۆ گەیشتن بەو گۆڕانەی وا لەبەرچاو گیراوە دەبێ لە کەرەستەی سیاسی کەڵک وەربگیرێ نەک بەتەنیا مانەوە و چاوی هومێد گێڕان .

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

---

## کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانخوڵقێنییەکانی خۆیدا



کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک ڕێبەرەکەی گوتی کەوتووەتە سەردەمێکەوە کە لەوێدا "لێدان و دەرچوون" شێوەیەکی بەسەرچووە، بەڵام لە ئێستادا ئەمە ڕێک لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕاستە. کۆماری ئیسلامی چەند دەیەیە هەوڵی داوە ئاڵۆزی لە سیستمی جیهانیدا دروست بکات و خۆی بپارێزێ، لێ سەردەم گۆڕاوە و جیهانی ئێستا هێندە ئاڵۆزە کە وڵامدانەوەیەک بە کۆماری ئیسلامی، زۆر ناتوانێ تێکدەری ئەو بێنەزمییە بێت.

ئۆلتیماتۆمێکی دوو مانگە بە کۆماری ئیسلامی درا کە بتوانێ لەم ماوەیەدا خۆی ساخ کاتەوە و بە ڕێککەوتنێک لەسەر بەرنامەی ناوکییەکەی بگات، ڕۆژی پێنجشەممە کاتی ئەم ئۆلتیماتۆمە بەسەر چوو و هێشتا ڕێککەوتنێکیش نەکرابوو. دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زلهێزانی جیهان، بەتایبەت ئەمریکا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین، ئەویش ئەمەیە کە چەند دەیە وتووێژی جۆراوجۆری ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەمیشە فاکتۆرێکی سەرەکیی بە ناوی ئیسرائیلی لە پشتی پەردەوە هەبووە. ئەم فاکتۆرە بە هیچ ڕێککەوتنێک قایل نەبووە. کۆماری ئیسلامی ئەم فاکتۆرەی لەبەرچاو نەگرتوە و تەنانەت ڕۆژژمێری لەنێوچوونیشی بۆ داناوە! بەڵام بە پێچەوانەوەی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا زۆری لەلا گرنگ بووە، بۆیە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو سەری وتووێژەدا دوورەدەست بووە.

ئیسرائیل لەدوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی ترامپ، بەرەبەیانیی ڕۆژی هەینی هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ئێران. ئەم هێرشە لە درێژەی دوو هێرشی پێشوودا بوو، بەم جیاوازییەوە کە جاری پێشوو، بواری بۆ ئەم جار خۆش و لە ڕووی ئاسمانییەوە ئێرانی بێدەسەڵات کردبوو. ئەم هێرشەی ئیسرائیل کە لە ئەنجامیدا چەندین فەرماندەی نیزامیی پلەباڵای کۆماری ئیسلامی و چەندین شوێنی ستراتیژیک و چەند سایتێکی مووشەکی و دامەزراوەی ناوکیی پێکا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەرتەشی ئەو وڵاتە؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا کۆتاییی نەهاتوە و بڕیار وایە بەردەوام بێت.

سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە یەکەم لێدوانی دوای ئەم هێرشەدا ڕایگەیاند کە ئەوان دەیانهەوێ هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لەسەر خۆیان بڕەوێننەوە و تا لەنێوبردنی ئەو هەڕەشانەش بەردەوام دەبن لە ئۆپەراسیۆنەکەیان کە ناوی "شێری ڕاساو"یان لێ ناوە؛ وەک خۆیان ئاماژەیان پێکردوە ئەم ئۆپەراسیۆنە بۆ مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ئیسرائیل بەڕێوە چووە.

کۆماری ئیسلامییش بۆ وڵامدانەوە بەم هێرشانە لە شەوی ڕابردووەوە چەندین مووشەک و درۆنی لەژێر ناوی "وعدەی صادق ۳" ئاراستەی ئیسرائیل کردوە کە تا ئێستا چەندین کوژراو و برینداری لێ کەوتووەتەوە. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەم ڕووبەڕووبوونەوە هەتا کوێ و چ ئاستێک درێژەی دەبێ.

لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێ ئەوەیە کە ئەم شەڕە کە لانیکەم لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە سێبەری قورسی بەسەر ئێراندا کشاندوە، ئێستا ڕووی داوە و دەستی پێکردوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەسپێشخەری ئەم شەڕە جگە لە کۆماری ئیسلامی نەبووە.

ئەم ڕێژیمە کە نزیکەی پێنج دەیە دەبێ دەستی بەسەر وڵاتی ئێراندا گرتوە، سەرچاوەکانی داگیر کردوە، سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەی لە پاوانی خۆی گرتوە، بەردەوام دروشمی ڕووخانی ئیسرائیل و ئەمریکای داوە، لە هەمان کاتیشدا خەڵکی وڵاتەکەی لە برسییەتی و هەژاریدا هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ئەتۆمییەک ڕابگات کە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بێت لەسەر هەموو جیهان و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی وا مەرگ و نەمانیان بۆ دەخوازێ.

لە وەها دۆخێکدایە کە هیچ لایەنێک باوەڕی پێ ناکات و دەزانن بەو ڕابردوو و کارنامەی کە لە شەڕهەڵایسێنی و ئاژاوگێڕیدا هەیەتی، مەبەستی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەکارهێنانی ئاشتیخوازانەی نییە، بەڵکوو هەڕەشەیەکی گشتی و هەمیشەییە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی هەموو دنیا؛ هەر بۆیە بەتوندترین شێوە وڵام دەدرێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دەیتوانی یەکێک بێ لە سەقامگرتووترین وڵاتانی جیهان، بەڵام ئەم دەسەڵاتە ئیدئۆلۆگ-ئەمنیەتییە هەرگیز ڕێگەی سازانی نەگرتووەتە بەر و بەردەوام لە بیری تێکدانی ئاسایشی وڵاتان و تێرۆر و تۆقاندن و هەڕەشە و شەڕنانەوەدا بووە، بۆیە ئێستاش وڵاتەکەی لە ڕووی ئابووری، نیزامی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و... بردووەتە لێواری دارمان.
وەک دوایین وتە: وەک باس کرا کۆماری ئیسلامی هەموو دەرفەتەکانی سووتاندووە، ئێستا دوو ڕێگای لەبەردەمدایە: یان دەبێ ئەم ڕێیەی گرتوویەتە بەر هەتا کۆتایی بیبا و دژکردەوەی توند و هەستەکیی هەبێ و ئەمریکاش لە ناوچەدا بکاتە ئامانجی هێرشەکانی وێڕای ئیسرائیل. یا تەسلیمی ویستی دوژمنەکانی بێت؛ لە هەردوو حاڵەتدا ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە بەرەو کۆتایی چووە.

٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ تۆڵەیەکی توند لە خەڵک ئامادە دەکات




ئیسرائیل لە هێرشەکانی بۆ سەر پایەگا و دامەزراوە ناوکی و بنکە مووشەکییەکانی ئێران بەردەوامە، کۆماری ئیسلامییش هێرشەکانی ئیسرائیلی لە چەندین شەپۆل لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی "وعدەی صادق ٣"دا وڵام داوەتەوە. لەم نێوانەدا بەدەر لەو ئاستە زەرەرەی کەوا بە یەکتریان گەیاندوە، بابەتێک شیاوی تێڕامانە، ئەویش گیانی زیندانیان و دۆخی گرتن و دەسبەسەرکردنەکان لە ئێراندایە.

ڕاپۆرتەکانی ئەم ماوەیە دەرخەری ئەوەن نەتەنیا هیچ ڕێکارێکی ئەمنی بۆ پاراستنی گیانی زیندانییەکان لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکوو دۆخی ئەمنی و پاراستنیان زۆر خراپتریش بووە و هەتا دێ ژمارەی بەندکراوان زیاتریش دەبێ. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ پاراستنی گیانی زیندانیان لە هەلومەرجی شەڕدا هەیە، چون دەسەڵات لە بەرامبەر گیانیاندا بەرپرسیارە. تەنانەت هەر بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامییش پێویستە زیندانیان لە کات و هەلومەرجی شەڕدا، گیانیان پارێزراو بێت و بگوازرێنەوە بۆ شوێنی ئەمن و دوور لە شەڕ، کە خەساری گیانیان بەر نەکەوێ، هەروەها هەر بەپێی ئەو یاسایە دەکرێ لە هەندێک حاڵەتدا بۆ ماوەی کاتی ئازاد بکرێن. بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەدا لە ئێراندا ڕووی داوە ڕێک پێچەوانەکەی بووە.

کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا هەوڵی داوە قەڵغانی مرۆیی لە خەڵک ساز بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیم ناوەندە نیزامییەکانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک نزیک کردووەتەوە، لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ کرماشاندا چەندین ڕاپۆرتی لەم شێوەیە هەیە و لەلایەن ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەوە پشتڕاست کراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەش هەر بەهۆی ئەوەی لە زۆر شوێنی ئێراندا زیندان و پادگانەکان لە نزیک یەکترن، ئەم مەترسییانە زیاتر بوون. وەک نموونە لە تەنیشت زیندانی "دیزڵاوا"ی کرماشان چەندین شوێنی سەربازیی لێیە، کە لەلایەن ئیسرائیلەوە کراونەتە ئامانج، هەر بەم بۆنەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لە زیندانیانی ئەو زیندانە لە ترسی گیانی خۆیان دەستیان کرد بە نارەزایەتیدەربڕین و خوازیاری ئەوە بوون بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی ئەمن و پارێزراو، بەڵام هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی وڵامی ئەم نارەزایەتییە ڕەوایەیان بە فیشەک دایەوە و چەندین کەس لەو بەندییانەیان لە بێدەنگیی میدیاییدا کوشت و بریندار کرد.

لە زیندانی "ئێڤین"ی تارانیش چەندین کەس لەو بەندییانە بە نامە خەڵکیان لەو دۆخە پڕمەترسییەی کە تێیدان ئاگادار کردەوە و جەختیان لەسەر ئەوەش کردبووەوە کە بەرپرسانی زیندان هیچ خەمێکیان لێ ناخۆن و ئامادە نین لە پێناو پاراستنی گیانیاندا هەوڵێک بدەن. لە زیندانی شاری سەقزیش کە لە پادگانی ئەو شارەوە نزیکە، هەندێک لە زیندانییەکان نارەزایەتییان دەربڕیبوو، بەڵام هێزی سەرکوتیان لەنێو زیندان و دەوروبەریدا جێگیر کردبوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەوەندەش ڕازی نەبووە و هەر لەم ماوەیەدا دەیان کەسی لەژێر ناوی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل دەسبەسەر کردوە و دۆخێکی ئەمنیی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپاندوە. بەپێی زانیارییەکان لە حەوتووی یەکەمی ئەو شەڕەدا لانیکەم ٣٢٢ کەس لە شارە جیاوازەکانی ئێران لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر کراون، بێگومان ئەم ئامارە ناتوانێ دەرخەری هەموو ڕاستییەکان بێ و بەدڵنیاییەوە کەسانێکی زۆرتریش هەر لەم ماوەیەدا گیراون. بە

سەرنجدان بەو تۆمەتە بێبنەمایانەی وا دراونەتە پاڵ ئەم کەسانە کەوا بریتین لە: "هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل"، "وێنەگرتن لە شوێنی هەستیار"، "شێواندنی بیروڕای گشتی"، "بڵاوکردنەوەی ترس"، "پاڵپشتیی میدیایی لە ئیسرائیل"، "پێوەندی لەگەڵ مووساد" و "سیخوڕی" زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ قەڵسە بە خەڵک بگێڕێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەلێشاو دەستی کردووە بە خەڵک گرتن، لە هەوڵێکی کەموێنەشدا دەبیرخانەی شۆرای عالیی ئەمنیەتی میللی ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردووەتەوە کە لەودا داوا لە خەڵک دەکات ئەو کەسانەی وا بە وتەی ئەو "فریوی ڕێژیمی سەهیۆنییان خواردووە" بگەڕێنەوە و خۆیان بناسێنن با بکەونە بەر لێبوردەییی ئیسلامی! ئەمە نیشان لەوەیە کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ لە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵ ئامادە کردوە و لە ڕاستیدا وەک ڕابردوو دەیهەوێ تۆڵەی شکستە نیزامییەکانی لە خەڵک بکاتەوە؛ پێشتریش عەلی خامنەیی وتبووی خوای ئێستاش هەمان خوای دەیەی شەستە!

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو، "ئانتۆنیۆ گۆتێرێش"، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیمەنێکی ترسناکی لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خستە بەرچاو. لەو ڕاپۆرتەدا کە لە شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری "ژنێڤ" پێشکەش کرا، باس لەوە کرابوو کۆماری ئیسلامی لە بەفرانباری ١٤٠٢ەوە هەتا بەفرانباری ساڵی ١٤٠٣ - کە شەڕێکی ڕاستەوخۆش لەو ماوەیەدا لە ئارادا نەبوو - ٩٧٥ کەسی لە سێدارە داوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا جگە لە ڕێژەی بەرچاوی ئێعدام، بە گرتنی سەرەڕۆیانە، ئەشکەنجە، سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕین و هەروەها سەرکوتی کەمینەکان، کارنامەیەکی ڕەشی لە بواری مافی مرۆڤدا بۆ خۆی تۆمار کردوە. ئێستا کە شەڕێک هاتووەتە ئاراوە ئەگەر بێ و کۆماری ئیسلامی لەم شەڕە دەربازی بێت و نەبێتە هۆی ڕووخانی، چاوەڕوان دەکرێ دۆخێکی ئەمنیتر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ و تۆڵەی ئەم شکستانەی لە خەڵک بکاتەوە.

٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

"ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە"



لە چەندین ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین، دارستانەکانی کوردستان ئاگریان تێبەردەبێ و ئەمەش بووەتە کێشەیەکی دووپاتە و چاوەڕوانکراو. لە دوایین حاڵەتدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٤ بەهۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گوماناوی لە داوێنی کێوی ئاویەر لە شاری سنە، پتر لە بیست هێکتار لە زەوییەکانی ئەو دەوروبەرەی سووتاندووە. ئەمە لە کاتێکدایە بە سەرنجدان بە گەرمبوونی پلەی هەوا، وشکبوونی گژوگیا و هەڵکردنی با ئەگەری پەرەگرتنی ئەم ئاگرانە هەیە. بۆیە لە نەبوونی دەوڵەتێکی بەرپرسیار و خۆجێییدا لە بەرامبەر کێشە و قەیرانە ژینگەییەکان، ئەوە ڕێکخراوە مەدەنییەکانیانن هەوڵ دەدەن پێش بە خەساری زۆری ئەم ڕووداوانە بگرن. لە ئەنجامی بەشداریی چالاکانی ژینگەیی لە کوژاندنەوەی ئاگری ئاویەری شاری سنە، بەداخەوە ٨ کەس بریندار بوون و یەک کەسیش بەناوی "حەمید موڕادی"، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ژینگە پارێزیی "شنەی نەوژینی کوردستان" بەهۆی سەختیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. نەبوونی پێداویستیی پێویست و وەڵامدەرنەبوون و نابەرپرسیارەتیی ناوەندە حکوومەتییەکان یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی چوونە سەری ڕادەی ئەم خەسارانەن.

ئەوەی باس کرا دیوی ڕاپۆرتیی ئەم نووسراوەیە بوو. لەم نێوەدا ڕێورەسمی بەشکۆی ناشتنی تەرمی حەمید موڕادی، سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێ لە مێشکدا، چۆنە کۆمەڵێک کەس هەموو ساڵێک و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا گیانلەسەردەستانە ئامادەن بەوپەڕی بێئیمکاناتیەوە بەگژ ئاگری بەتینی ئەو کوێستانانەدا بچنەوە؟ ئایا ئەم هەست بە بەرپرسیارەتیکردنە بووەتە بەشێک لە کولتوورێکی جێگیربوو و باوەڕێکی ئەخلاقی و نیشتمانی؟ ئایا دروشمەکانی وەک "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی" یان "ئێرە کوردستانە، کرنۆش بەرن" لەسەر عەردی ڕووت شین بوون؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا بۆ سەر پرسی ژینگەیی لە وڵاتی ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییەکەی لە دەست کۆماری ئیسلامیدایە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو وڵاتە لە سایەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێژیمە ناکارامەیەدا تووشی چەندەها قەیرانی ژینگەییی قووڵ و کەموێنە بووە، لە وشکبوونی گۆلی ورمێوە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا وشکبوونی ئاوی کاروون لە ئەهواز و بێئاویی بەربڵاوی ئێستا و زۆر حاڵەتی دیکەش، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی داگیرکەر و دژەژینگەیە و نەتەنیا هیچ بەرنامەیەکی بۆ نەهێشتنی ئەم قەیرانانە نییە، بەڵکوو دەستی ڕەشیشی لە پشتی پەردەی هەموو ئەم کێشانەوە دیارە. ڕێژیمێک کە ژینگەپارێزانی وڵاتەکەی بەتۆمەتی درۆیینی سیخوڕی ئێعدام دەکات، دەبێ چ چاوەڕوانییەکت لێی هەبێ؟ ئەو ژینگەپارێزانەی کەوا هۆشدارییان دەدا لەسەر گۆڕانی ئیکۆسیستمی ئەو وڵاتە بە هۆکاری جیاوازی وەک چالاکییەکانی سپای پاسداران و بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

بە لەبەرچاوگرتنی کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەدا کە وەک هەمووبوارەکان کارنامەیەکی ڕەشی لە خۆی تۆمار کردووە، خەڵکی کوردستان بە وشیارانەترین شێوە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی" دەڵێنەوە، داگیرکەر جگە لە خەسارپێگەیاندن و دوژمنایەتیی خاک و خەڵک هیچ بەرنامەیەکی تری نییە، هەر بۆیە لە کوردستان ئەم دروشمە ڕۆژێک بە شێوەی "قاتڵی ژینامانی" دەوترێ و ڕۆژێکیش بە شێوەی "ڕۆڵە" کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان دەگرێتەوە. کۆماری ئیسلامی وەک وترا نەتەنیا قاتڵی ڕۆڵەکانمانە و دژی خەڵکی کوردستانە، بەڵکوو دژی خاک و ژینگەی کوردستانیشە هەروەک چۆن بەمەبەستی تالانوبڕەو خەریکە ژینگەی چەندین گوندی سەر بە شاری سەقز تێک دەدات؛ بۆیە پێویست دەکا لە پەنای ئەو دروشمەدا، ئەم دروشمەش بوترێ: "داگیرکەری ئێرانی، تێکدەری ژینگەمانی"!

کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان چەندین ساڵە گەیشتووەتە قۆناغی خۆبەڕێوەبەری و هەروەها بەهەق گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی چاوی هیوای لە دەسەڵاتی ناوەندی نەبێت و ئەوەی هەیە خۆی بیکات، بەڵام ئەمە بەو واتا نییە کاری دەسەڵاتی ئاسان کردبێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی وشیارانە هەم ڕاهێنانەکە لەسەر بەڕێوەبردنی وڵاتی باوباپیران، هەمیش لەگەڵ چالاکییەکان دروشمی وەدەرنانی داگیرکەر و خۆبەخاوەنزانین لە بەرامبەر ئەو خاکەدا بەرز دەبێتەوە. کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی کوردستان بەتەواوی لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کەوا کۆماری ئیسلامی هێزێکی داگیرکەرە کە ئێستا لە کوردستاندایە، بۆیە نەتەنیا چاوی هیوا و چاوەڕوانییان لێی نییە، بەڵکوو بە ماکەی قەیران و کێشەکانی دەزانن و خوازیاری وەدەرنانی ئەم دەسەڵاتەشن. ئەم چالاکە گیانلەسەردەستانە بەکردەوە شرۆڤەی ئەم شێعرە دەکەن کە دەڵێ: "ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە"؛ ئەمە بووەتە باوەڕێکی جێکەوتوو و نەگۆڕ، ئەوەی لە کوردستاندا دەیبینین تەفسیر و لێکدانەوەی کرداریی ئەم ڕاستییەیە کەوا کورد خاوەنی کوردستانە، ئەوەی لە کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ خاک و خەڵکەکەیدا لەلایەن چالاکانی ژینگەیی و جەماوەری خەڵکەوە دەکرێ خۆلێبەخاوەنکردن نییە، بەڵکوو خۆلێبەخاوەنکردنەوەیە.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی پاشاخوازی لە ئێراندا




بەبۆنەی دەرکەوتنی چەندین بارەی شاخوازەکان لە مونیخ و ئەو بابەتانەی لێی کەوتووەتەوە لێرەدا ئاوڕێک لە چییەتیی ئەم ڕەوتە دەدەینەوە و لە کۆتاییدا باسێک لە بێزاریی کوردستان لەم ڕەوتە دەکەین. ڕەوتی پاشاخوازان – لە ڕووی چییەتییەوە ناتوانین ناوی بزووتنەوەی لێ بنێین – ڕەوتێکی دژەشۆڕشی پیاوسالاری ئۆتۆریتەخوازی ڕزگاریخوازی نۆستالژیی بێهێزە؛ ئەم پەسنانەی کە وەپاڵی درا زیاتر شی دەکرێنەوە.

دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی هەر لە بنەڕەتڕا بە کۆدەتا و بە شێوەی بەستراوەیی و گوێلەمستانە بە دەسەڵات گەیشتوون، هەر بە کۆدەتا و بەستراوەییش دەسەڵاتەکەیان ڕاگرتوە؛ لەگەڵ ئەوەش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پەروەردە کراون، نەک ڕووخاندن و لابردنی دەسەڵات، بۆیە چەمکی شۆڕشگێڕی لەلای ئەوان چەمکێکی نامۆیە و لەگەڵ بەرنامە و ئامانجەکانیاندا نایەتەوە. ئەوان لە ڕاستیدا خوازیاری لابردنی دەسەڵاتی هەنووکەیی نین، بەڵکوو خوازیاری تێپەڕین لەو دەسەڵاتەن و لەگەڵ گۆڕانی بنەڕەتیدا بێگانەن؛ بەم پێیەیە ئیدیعا دەکەین ئەوانە لایەنێکی دژەشۆڕش و کۆدەتاچین.

لە دوایین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێراندا ژنان و لاوان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا. ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕووی تێگەیشتن و ویست و داخوازییەکانیەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پێش کەوتوە و خۆی لانیکەم لە ڕووی تیۆریکەوە لە

زنجیری پیاوانی کۆنسێرڤاتیست ڕزگار کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە سیستمی پاشایەتی بەتەواوی سیستمێکی میراتگرانەی نێرتەوەرە، کە وا بەرهەمهێنەرەوەی ڕۆڵی باوک لە بنەماڵە و رووحانی لە ئایین و پیاو لە کۆمەڵگەیە و ناتوانێ لەگەڵ ئامانجی لاوان کە دەرچوون لەم کۆتانە و بازدان بەسەر ئەم لەمپەرانەیە، یەک بگرێتەوە. پاشاخوازەکان بە هەڵگرتنی دروشمی "مرد، میهن، آبادی" لە بەرامبەر دروشمی پێشکەوتنخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا و هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی نوێی ڕەزا پەهلەوی لە کۆنفرانسی مونیخ کە خوازیاری ئەوە بوو پێی بڵێن "باوک"؛ بەتەواوی کەوتوونەتە دژایەتیی ویستی سەرەکیی بزوێنەرانی شۆڕش لە نێوخۆی ئێراندا.

وەک باس کرا ئەم ڕەوتە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەوڵ دەدەن، هەر بۆیە بەرنامەیان بۆ بەدەسەڵاتگەیشتن نیە، بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتە! ئەوان لە جیات ئەوەی کەلێنی هێز پڕ بکەنەوە، خۆیان بە خاوەنی ئۆتۆریتە دەزانن! لە ئێستاوە پەتی سێدارەکانیان هەڵواسیوە و خوازیاری مەرگ و نەمان بۆ "ملا و چپی و مجاهد" و "تجزیەطلب" و هیی تریشن. ئەمە لە کاتێکدایە ئۆتۆریتە پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە نەک ڕەوتێکی خوازیاری گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام وەک وترا ئەوان هەمیشە خۆیان بەدەسەڵاتدار زانیوە.

ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی و... تەنیا کۆمەڵێک چەمک نین، بەڵکوو ئەمانە بایەخگەلێکن کەوا دەستوێڕاگەیشتن بەم بایەخانە پێویستی بە خەبات و هەوڵێک هەیە کە درێژخایەن و بەردەوام و پێداگرانە بێت، نەک ڕزگاریخوازانە و یەکدابەدوو. ئەوەی باسی "یەک جار بۆ هەمیشە" دەکات، لە ڕاستیدا دەیهەوێ بڵێ یەک جار ئەلف لادەن، با بێ بێتە جێی؛ بۆیەشە خۆی بە ئەرکدار نازانێ لە بەرامبەر ویست و بایەخەکانی خەڵکدا و دەیهەوێ بە گۆڕینی ڕووکەشەکان درێژە هەر بەو بێدادییە بدات.

هەموو سەرمایەی ئەم ڕەوتە زەقکردنەوەی بەشێک لە ڕابردوویەتی. ئەو بەشەی وا سەرکوتی نەتەوەکانی تێدایە، ئەشکەنجەی ساواکی تێدایە، فەساد و گەندەڵیی سیستماتیکی دەربار و دەوروبەری تێدایە، نەبوونی ئازادییە دێموکراتیکەکان و نەبوونی یەکسانیی تێدایە، باس ناکرێت؛ بەڵکوو لە شاشەی "تونل زمان"ەوە کارگە و سینەما و جادەی ئیسفاڵت و ژنانی ئازاد لە پۆشینی جلوبەرگ نیشان دەدات و ئەمەش بە نۆستالژی و حەسرەتێک بۆ ڕابردوو بە خەڵک دەفرۆشێ. لێرەدا پرسیارێکی سادە دێتە گۆڕێ: دەسەڵاتێک کە هەرگیز نەیگوتوە حیجابی زۆرەملێ دەسەپێنم بەسەر خەڵکدا و نەشیکردوە، بۆ ئەم نەکردنەی وەک ئیمتیاز و دەسکەوتێکی مەزن چاو لێ بکرێ؟ یان دەسەڵاتێک بە زیاتر لە پەنجا ساڵ دەرفەتەوە دوو جادەی ئیسفاڵت نەکردبێ و لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی جیهانیدا چەند سینەمای دانەمەزراندبێ، ئەدی چیی کردوە؟

ئەم ڕەوتە بەخۆشییەوە هێزی نیە، لەجیات ئەوەش لە پێناو وەدەستهێنانی هێز و ڕێکخستندا چالاکیی هەبێ، خۆی بە خاوەنی ئۆتۆریتە پێناسە دەکات و دەشیهەوێ لە ڕێی پێوەندیگرتن بە فەرماندەکانی سپاوە تاکە تاکتیکی موبارزاتیی خۆی واتە کۆدەتا بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەم ڕەوتە لە نەبوونی هێز و نەبوونی بەرنامە و نەبوونی خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا دەناڵێنێ و هەر ئەم ڕاستییەش دەسکەوتێکی بەنرخە بۆ باقیی هێزە سیاسییەکان بەو مەرجەی وشیار بن و بەبەرنامە. لە بێهێزیی ئەم ڕەوتە هەر ئەوەندە بەس بێ کە تا ئێستاش نەیتوانیوە بۆ یەک جاریش مانگرتنێک بەڕێوە بەرێ و چوار دووکانی تاران دابخات.

لەبەر ئەوەی ئێمە هێزێکی سیاسیی چالاکی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێرانین، ناکرێ بە لێکدانەوەی ساکارانەی وەک "کارمان بە خۆمان بێ و چمان لە خەڵک داوە" لە ئاست جموجۆڵەکانی دەوروبەرمان کە بێگومان کاریگەرییشیان لەسەرمان دەبێ، بێدەنگ بین و بێهەڵوێست؛ لەبەر ئەوەیە هەوڵ درا لەم بابەتەدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چییەتیی ئەو ڕەوتەی کە خوازیاری بەدەسەڵاتگەیشتنە بدرێ، بەڵام لەبیرمان بێ دنیای سیاسەت، دنیای کردەوە و دژکردەوەیە، هەڵوێستگرتن و ڕوونکردنەوە و تەبیینیش بەشێک لە دژکردەوە و تەنانەت کردەوەشە.

وەک دوایین بەشی بابەتە دەبێ بگوترێ کوردستان کە چالاکترین بزوێنەری نارەزایەتییەکانە بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا، یەک سەدەیە بە شێوەی سیستماتیک لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش کراوە و لە ڕاستیدا پێش لەوەی ئەم بێمافییە لە چاوی کۆماری ئیسلامی ببینێ، لە چاوی دەسەڵاتی ناوەندگەرای فاشیستیی پەهلەویی دەبینێ؛ ئەو دەسەڵاتەی وا ڕووخێنەری کۆماری کوردستان بوو. وێڕای ئەوەش کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە پێشکەوتنخواز و موتەرەققییە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتی میراتگرانە و نادێموکراتیک و ناعادڵانەدا دانووی ناکوڵێ؛ کوردستان گۆڕستانی فاشیستانە، نەک بەهەشتی تەراتێنیان.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی یەکویستیی کوردستان بەرامبەر بە ناوەند



ئەوەی لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەدی هەتاوییەوە هەتا ئێستا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و زۆربەی جومگەکانەوە هاتووە، ڕووداوگەلێکی کەموێنەن و بۆ دوژمنانی ئەو دەسەڵاتە هەم مایەی دڵخۆشین و هەمیش دەرفەتە زێڕینەیەکن. ئەو ڕێژیمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە پێناسەی دەسەڵاتێکی شکستخواردوو یا هەمان "فەیل ستەیت" نزیک دەبێتەوە. ئەوەی کە لە دەیەی نەوەدی هەتاویدا لە چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەراتێنی دەکرد و هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد، لەمێژە کۆتایی پێ هاتووە، بەرنامەی ناوکییەکەی کردبووە کارتی گوشارێک لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەو بۆنەوە ئیمتیازی لێ وەردەگرتن، ئێستا وا نەماوە و پێچەوانە بووەتەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا سەرەڕای ئەوەی توانیویەتی نارەزایەتییەکان سەرکوت بکات، بەڵام نەیتوانیوە دۆخەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکا و لە ڕووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە زۆر ناکارامە دەرکەوتووە و بزوێنەرەکانی نارەزایەتی نەک تەنیا لە جێی خۆیاندا ماون، بەڵکوو پتریش بوون.

لە ئێستادا قەیرانی وزە و ئاو بووەتە قەیرانێکی زۆر جددی و هیچ بەرنامەیەکیش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نابینرێ و تەنیا ڕێکار تا ئێستاش داخستنی ناوەندە ئیدارییەکان بووە، هەواڵدەری سیئێنئێن دەڵێ: "تاران چەند حەوتوویەکی ماوە بگاتە بێئاویی ڕەها، واتە شێری ئاوی ماڵەکانیش وشک بن." ئەم کێشە و قەیران و نارەزایەتیی خەڵک و هەروەها

گوشارانە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسیی گەڕاندنەوەی مکانیزمی سنەپبەک و ئابلۆقە ئابوورییەکان، نابێ لەبیرمان بچێ لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە نەوت هەنارده دەکات، جا گەر ئەو مکانیزمە و ئابلۆقەکان بهێنرێنەوە دووردیمەنی دۆخی کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە شپرێو دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا دۆخی ئەمنیەتیی ئەو ڕێژیمە و تۆڕی بەربڵاوی سیخوڕیی ئیسرائیل لە ئێراندا و بەتایبەت لەنێو کاربەدەستانی پلەباڵای ئەو دەسەڵاتەدا، هەروەها چەندبەرەکیی دەروونیی کۆماری ئیسلامی و چەندین نیشانە و هۆکاری دیکەش، ئەو گریمانەیەمان لەلا بەهێز دەکەن، کەوا جیهان دەبێ خۆی بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

لە وەها هەلومەرجێکدایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەوانەی وا چاوەڕوانی گۆڕانێکن لە ئێراندا وەخۆ کەوتوون. تا ئێرە هەم ئاساییە و هەم دەبێ واش بێت، بەڵام جۆری وەخۆکەوتن و بەرنامەکانیان جێی لێوردبوونەوەیە. وەک پێشتریش باسمان کردووە ڕەوتی شاخوازەکان، ڕەوتێکی ناشۆڕشگێڕی بێتۆلەرەنسی سیاسین و هێزیشیان نییە و ئەوەی نیشانیشی دەدەن زۆرتر لە بەرنامەی کۆمپانیایەک دەچێ هەتا بەرنامەی هێزێکی سیاسیی تۆکمە و خاوەن خوێندنەوە و خاوەن پلان. بەدوای نمایشی ئەم جارەی شاخوازەکان لە ئاڵمان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقیش لە ڕۆم دەرکەوت و بەرنامەکانی خۆی خستنە ڕوو. لەوێدا ئاماژە بە مافی نەتەوەکانی نێو ئێران کرا و وێرای ئەوەی باس لە "خودموختاریی کوردستان" کرا، بابەتی خودموختاری بۆ هەموو نەتەوەکانی تری ئێرانیش هاتە بەر باس. ئەم هەوڵە لە جێی خۆیدا و بەتایبەت بە بەراورد لەگەڵ ڕەوت و لایەن و هێزەکانی دیکەدا، هەوڵێکی ئەرێنییە، بەڵام با بزانین خۆمان وەک نەتەوەی کورد چیمان هەیە و چیمان لەبەردەستدایە.

ویستی ئازادی و ڕزگاری لە کوردستان تەنیا ویستێکی سیاسی نییە و ئەم ویستە ئاوێتەی مێژوو و کولتوور و شوناس و ئیرادەی ئەم نەتەوەیە بووە، بۆیە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بە کەمتر لە سەروەریی نەتەوەیی ڕازی نابێت. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوەی وا کۆماری ئیسلامیی هێنایە لەرزە و گەورەترین ناڕەزایەتیی جەماوەری بوو لەدژی بەڕێوە چوو، هەمان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا. بە واتایەکی تر کوردستان دینامۆی شۆڕشە لە هەموو ئێراندا، هەر ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک لایەن و کەسی فەرامۆشکراو لە تاراوگەوە ببووژێنەوە، ئێستا ڕەوا نییە ئەوان ببنە سیمای دیاری بەناو ڕووخێنەری کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا تێیاندایە کەمترین تێچووی لەم چلوچەند ساڵەدا نەداوە.

لێرەدا ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی قورستر دەبێ. ئەحزابی کورد کە خاوەنی پێشینەیەکی زێڕین لە خەبات و بەربەرەکانین، کە نەتەوەیەکی وا مافویست و لەسەرهەستیان لەگەڵە، نابێ تا ئەم ڕادەیە بێجووڵەیی لە خۆ نیشان بدەن، کە لە

هاوکێشەکاندا لەبەرچاو نەگیرێن و ئەوەی دیار بێ و دەرکەوێ لە دژبەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد بێ، ئەم مەیدانە نابێ بۆ ئەوان چۆڵ و ئاوەڵا بکرێت. پێویستە ئەم حیزبانە لە دەوری چەند خاڵی هاوبەش کۆ ببنەوە و بیکەنە هێڵی سووری ویستەکانیان، دەبێ کوردستان یەکدەنگ و یەکویست بێ بەرامبەر بە ئەوانەی وا دەیانهەوێ بەڕێوەبەریی داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرن؛ ئەم ئەرکە دەبێ لە چوارچێوەی ڕاگەیەنراودەرکردن بچێتە دەرەوە و ویستەکانی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزە سیاسییەکان و بە وەلانانی ناکۆکییەکانیان، ببێتە بانگەوازی زۆرینەی کوردستان و بە گوێی هەموو هێزە و کەسە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بدرێ.

**پێویستە ناوەندێکی بەهێزی هاواهەنگی دروست بکرێ و ویستەکان لەو کاناڵەوە فۆرموولە بکرێن، ناونیشانێکی دیاریکراو بدرێ بە دەرەوەی کوردستان. وەک لە سەرەتادا باس کرا کۆماری ئیسلامی لە ئاویلکەدایە، دەبێ وەخۆ کەوین و لە ئێستاوە لە دیارترین ئەکتەرەکان بین.**

۱۸ی گەلاوێژی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

## هەموو مێژووی هێزی پێشمەرگە شیاوی ڕێزلێنانە




ڕۆژی هەینی ١٤ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی لە پارکێکی گەشتیاریی پاریس ڕێڕەوێک بە ناوی پێشمەرگە کرایەوە. ئەم هەوڵەی شارەداریی شاری پاریس و بەگشتی دەوڵەتی فەڕانسە دەبێ بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسییەوە لێی بڕوانرێ، بەتایبەت بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد کە یەکێک لە هێما و سەمبولەکانی خەباتی نەتەوایەتییەکەی لە ئاستێکی جیهانیدا یادی لێ کراوەتەوە، بایەخێکی زۆری هەیە.

با بەکورتی ئاوڕێک لە مێژووی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە و چییەتیی ئامانجی ئەم دامەزراندنە بدەینەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و زۆرتر لەوەش مان و مەوجوودیەتی ئەم نەتەوەیە بپارێزێ، بۆ ئەم مەبەستەش سپای میلیی کوردستانی دامەزراند کە ئەم سپایە بە هێزی پێشمەرگە ناو براوە. هەر بەم پێیە هۆکاری بوونی ئەم هێزە کوردییە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەوە هەتا ئێستاش کە هەشت دەیە لە تەمەنی تێپەڕ دەبێ، هەمان پاراستنی دەسکەوتەکان و پاراستنی مانی نەتەوەی کورد بووە.

دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی ئەم هێزە لە چوارچێوەیەکی مۆدێرن و نیشتمانی و سیاسیدا لەسەر دەستی ئەم حیزبە لەو سەردەمەدا کە چەکداری کورد لەلایەن دژبەرانیەوە بە "چەتە" و "ڕێگر" ناو دەبران، گرنگیی بابەتەکە پتر دەردەخات. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا کە چەکدارێکی کورد هەستی ئەمنیەتی دەگواستەوە بۆ هاونیشتمانییەکانی خۆی، چەکدارێکی بەپرەنسیپ و بەرپرسیار بوو و هەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خەڵکی دەدا نەک هۆکارێک بێ بۆ گواستنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، ئەم لایەنە لەلای کاربەدەستانی کۆماری کوردستان هێندە گرنگ بووە کە تەنانەت لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ڕاگەیەندراویان بڵاو کردووەتەوە لەمەڕ ئەوەی هیچ کەسێکی چەکدار بۆی نییە بە چەکەوە لە نێو شارەکاندا هاتوچۆ بکات. هەر بۆیەشە لەو کاتەوە هێزی پێشمەرگە کە پارێزەری نیشتمان و دەسکەوتەکانی بوو، هەستی دڵنیایی و پارێزراوی و باوەڕبەخۆیی بۆ تاکی کورد گواستەوە.

ئەم دەسکەوتە مەزنەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان زۆر زوو پەلی بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش کێشا و لە ڕەوتی خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوەی کورددا بووە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. لەمەبەدوا لەگەڵ ئەوەی خەباتی نەتەوەی کورد جەماوەریتریش بوو، بەڕوونی تێکۆشەری کورد لەژێر ناوی پێشمەرگەدا خەباتی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی دەکرد، هەر بۆیە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووش دەڵێ: "ڕاستە سەرمایەی هەرە گەورەمان پشتیوانیی گەلی کوردە، بەڵام هێزی پێشمەرگەش لەو گەلە جیا نییە و لە ڕاستیدا باس لە یەکگرتوویی خەڵک و پێشمەرگە دروست نییە".

ڕوو لە دنیای دەرەوەش حیزبی دێموکرات لە یەکەم ڕێکخراوەکان بوو کە خەباتی ئەم نەتەوەیە و باسکی چەکداری ئەم خەباتەی وەک پێشمەرگە بە ڕای گشتیی دەرەوەی وڵات ناساند، پزشکانی بێسنووری ئەم فەڕانسەی ئێستا بوو کە لە نزیکەوە و لە سایەی هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نزیکەوە هێزی پێشمەرگەیان ناسی و لە شاخ و دوندەکانی کوردستان بۆ خزمەت بەو پێشمەرگانە گیرسانەوە. ئەوەی ئەمڕۆ وڵاتی فەڕانسە کردی، پاشخانێکی مێژوویی هەیە؛ لە یەکەم کەسایەتییە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە توانیی لەگەڵ کاربەدەستانی فەڕانسەیی و


بەدیاریکراوییش "فرانسۆ میتران"ـی سەرۆککۆماری فەڕانسە، دیدار بکات و دۆزی کوردی پێ بناسێنێ، شەهید دوکتور قاسملوو بوو.

وێڕای ئەوەی ئەم هەوڵە دیپلۆماتیکانەی ئێستا بەرز دەنرخێنین، بەڵام نابێ ئەم ڕاستییە لەبیر بکەین کە پێویستە ڕێز لە هێزی پێشمەرگە وەک پارێزەرانی شوناس و نیشتمان و خەباتکارانی ڕێی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەک بگیرێ، نەک تەنیا ڕێز لە ڕەهەند و قۆناغێکی پێشمەرگە بگیرێ کە هاوتەریب لەگەڵ ویستێکی جیهانیدا خەباتی کردووە، بەڵکوو دەبێ سەرانسەری مێژووی خەباتی ئەم هێزە بە ڕێزەوە چاوی لێ بکرێ؛ چون هێزی پێشمەرگە هەرگیز لە تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆیدا هێزێکی تێرۆریست و پرۆکسی و بەکرێگیراو نەبووە، بەڵکوو تەنیا لە پێناو ویست و بەرژەوەندییە ڕەواکانی نەتەوەی خۆی و هەروەها دەستەبەرکردنی بەها مرۆییەکاندا خەباتی کردووە.

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٥

---

## دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی؛ مافویست بەواتای تەواوی وشە



٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٣٣ـیەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی. دوکتور شەرەفکەندی پلەی دوکتورای لە وڵاتی فەڕانسە بەدەست هێنابوو و پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە تاران مامۆستای زانکۆ بوو؛ بەڵام چەند ساڵ پێش لە سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، هەر لە فەڕانسە لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا دەبێ و لەو کاتەوە دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

دوکتور شەرەفکەندی پاش ئەوەی دەچێتە تاران پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و هەروەها چالاکانی سیاسیی کوردی نیشتەجێی تاران ناپچڕێنێ، بۆیە هاوکات لەگەڵ مامۆستایەتی بە شێوەی نهێنییش چالاکیی سیاسیی خۆی بەڕێوە دەبات؛ هەتا ئەو جێیەی لە پێوەندی لەگەڵ هێنانەوە و ناشتنی شەهید عەزیزی یووسفی لە تارانەوە بۆ کوردستان کە یەکەم چەخماخەی ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی کوردستان دژ بە ڕێژیمی پەهلەویی لێ کەوتەوە؛ یەکێک لەو سێ کەسە دەبێ کە پێشوەختە دەچنە مەهاباد بۆ ڕێکخستنی خەڵکی ئەو شارە بەمەبەستی بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی شیاوی خەباتی چەندین ساڵەی عەزیزی یووسفی.

دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی پاشایەتی هەتا دوای شەڕی سێمانگەش هەر لە تاران مابووەوە، وردەوردە بەهۆی ئاڵۆزیی زۆرتری وڵات و سەرکوتی بەرینی کۆماری ئیسلامی، هاتەوە کوردستان و لەوێ درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا. دوکتور سەعید کە کەسێکی بەتوانا و شیاو بوو، هەر زۆر زوو و لە ماوەیەکی کەمدا توانیی خۆی و تواناکانی بسەلمێنێ و پلەکانی سەرکەوتن لە حیزبدا زۆر بەپەلە ببڕێ، هەتا ئەو جێیەی لەدوای کۆنگرەکانی پێنجەم و هەشتەمدا بۆ دوو جار توانیی ببێتە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هەر بەو هۆیەوە دەبێ بڵێین لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دوکتور شەرەفکەندی بووە یەکێک لە داڕێژەرە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە بە کەسێکی قاتع ناوبانگی هەبوو، ئەم تایبەتمەندیی قاتعیەتەی تەنیا تایبەت بە نێوخۆی تەشکیلاتی حیزب نەبوو، بەڵکوو لە دەرەوەش و بەتایبەت ڕوو لە چالاکانی سیاسیی نەتەوەی فارسیش هەیبوو و لە سیاسەتکردن و بردنەپێشی بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبەکەی و هەروەها بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەیدا هیچ تەعارفێکی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک بەتایبەت لایەن و کەسایەتییەکانی نەتەوەی فارسدا نەبوو.
هەر لەم پێوەندییەدا سەرنج دەدەینە بەشێک لە وتووێژی دوکتور سەعید لەگەڵ "علی کشتگر": "وشەکانی ئازادی و دێموکراسی زۆر لێڵ و ناڕوونن. حەمەڕەزاشاش باسی ئازادیی دەکرد، بۆ ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باسی ئازادی و دێموکراسی بە شێوەی خۆی ناکات؟ بەتەنیا ئیدعای دێموکراسی مەسەلەیەک چارەسەر ناکا، مەسەلەکە نێوەرۆکی ئەو ئازادی



سەرچاوە
Serchawe

و دێموکراسییەیە. بۆ وێنە ناکرێ بە کەسێک کە حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە دەکا، بگوترێ دێموکرات، کەوابوو هۆیەک بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو جۆرە هێزانەمان پێ شک نایە. بۆ ئێمە سەرنجدان بە چارەسەری عادڵانەی مەسەلەی نەتەوایەتی مەرجی سەرەکیی بەشداریکردنمان لە هەر بەرەیەکدایە".

یان هەر لە شوێنێکی تری ئەو وتووێژەدا لە وڵامدانەوەیەک بەوەی کە دەڵێن نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران بە شێوەی مێژوویی پێکەوە گرێ دراون و هەتا سەر دەبێ پێکەوەش لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بمێننەوە، دەڵێ: "پێکەوەژیان تەنیا لە ڕێگەی لەیەکترتێگەیشتنەوەیە و هیچ پێشینیەیەکی سەد یا هەزار ساڵە ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. ئەمە وەک ئەوە وایە بە منداڵانی بنەماڵەیەک بگوترێ چونکە لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا لە ماڵێ جیا نەبوونەتەوە، ئێستا لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵاندا ئیدی مافی جیابوونەوەیان نییە! ئەمە نەبوو بە ئیستدلال".

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە لە سەردەمێکدا کەوا زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بە کۆمەڵێک تیۆرییەوە سەرقاڵ بوون و دەیان وتار و کتێب و گۆڤار و وزەیان تەرخانی ئەوە دەکرد بیسەلمێنن دژایەتیی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان چییە و باوەڕی نەتەوەییان بە باوەڕێکی ئیرتجاعی و دواکەوتووانە دەزانیی! دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٠ و لە گوندی شیوەجۆ خەریکی نووسین و ئامادەکردنی کتێبی "کورتەمێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد" بوو.

لە هەمان کاتدا و لەگەڵ ئەوەی کەسێکی پێداگر بوو لەسەر دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورددا، لە پێوەندی لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتییشدا کەسێکی بەهەڵوێست و بەباوەڕ بوو و شێلگیرانە بەدوای نەهێشتنی ستەمی چینایەتییەوە بوو، لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی نۆهەمدا کە دوکتور سەعید ئامادەی کردووە، هاتووە: "ئەمڕۆ گرینگترین و لە هەمان کاتدا پڕداخ و دەردترین مەسەلە لە جیهاندا مەسەلەی نەبوونی هیچ پارسەنگێک لە نێوان دابەشبوونی هەژاری و دەوڵەمەندیدایە، لە حاڵێکدا بەشێکی کەم لە خەڵکی دنیا خاوەنی زۆربەی سەروەت و سامانی گشتیی جیهانن، بەشێکی هەرە زۆر لە ڕووتی و هەژارییەکی یەکجار دڵتەزێندا دەژین. ئەو جیاوازییە کە ئەمڕۆ بە جیاوازیی شیمال و جنووب ناوی دەرکردووە (شیمال بۆ وڵاتانی تێر و جنووب بۆ وڵاتانی برسی) سەرەڕای ئەو هەموو قسە و باسەی لەسەری دەکرێ ساڵ بە ساڵ پتر دەبێ." هەر بەم پێیە ئەم لایەنەی تریش لە کەسایەتیی سیاسیی دوکتور سەعیدمان بۆ دەردەکەوێ؛ ئەو کەسایەتییە سیاسییەی کەوا تێرۆرکردنەکەی ڕووڕەشییەکی مێژوویی و هەتاهەتایی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو.

٢٧ی خەرمانانی ٢٧٢٥

مافی دیاریکردنی چارەنووس هەڵگری ستانداری دووانە نییە



سەرچاوە
Serchawe



لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەندین دەوڵەتی تر فەلەستینیان بەفەرمی ناسی. ئێستا پتر لە ١٥٠ دەوڵەتی دنیا وڵاتی فەلەستین بەفەرمی دەناسن. لەم نێوەدا هەوڵی دوو دەوڵەتی بریتانیا و فەڕانسە وەک دوو ئەندامی هەمیشەیی شۆرای ئەمنیەت بۆ بەفەرمیناسینی فەلەستین سەرنجێکی زیاتری چووە سەر، چون لە ئێستادا لەو پێنج ئەندامەی شۆرای ئەمنیەت لەم بارەوە، ئەمریکا بەتەنیا ماوەتەوە؛ هەرچەند ئەمریکا مافی ڤێتۆکردنی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەسکەوتێکی گرنگە بۆ خەڵکی فەلەستین.

زۆربەی کارناسانی سیاسی پێیانوایە ئەم هەوڵانەی وا لەم دواییانەدا لەلایەن چەند دەوڵەتەوە دراوە، زیاتر لایەنی سەمبولیکی هەیە، بەڵام سەرۆکوەزیرانی بریتانیا ڕایگەیاند بەم هەوڵەیان دەیانهەوێ "چرای هیوای ڕێگەچارەی دوودەوڵەتی بەهەڵکراوی بهێڵنەوە"، واتە ئەمە دەسپێکێک بێ بۆ گەیشتن بە ئاگربەست و ئاشتی و دواتریش وتووێژ و چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل. "ئیمانوئێل ماکرۆن"، سەرۆککۆماری فەڕانسەیش لەدوای ئەوەی وڵاتەکەی، فەلەستینی بەفەرمی ناسیی، وێڕای ئەوەی ڕایگەیاند دانی مافی خەڵکی فەلەستین بە هیچ شێوەیەک پێشێلکردنی مافەکانی ئیسرائیل نییە، لە هەمان کاتیشدا وتی: "هیچ شتێک ناتوانێ پاساو بۆ ئەو شەڕەی ئێستای غەززە بێنێتەوە".

هەر لەم بارەوە "ئانتۆنیۆ گۆتریش"، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ ئەوەی هۆشداری بە دەوڵەتی ئیسرائیل دا کە کۆتایی بە شارەکسازی و داگیرکارییەکانی بێنێ، ڕاشیگەیاند "وڵاتی فەلەستین مافە، نەک خەڵاتی". جیا لە هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەتان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، لە ئێستادا ڕای گشتیی جیهان لەدژی ئیسرائیل و

هەوڵەکانیەتی. "نەتانیاهۆ" حەوتووی پێشوو دانی بەوەدا نا کەوا ئیسرائیل بەتەواوی بەرەو تەریککەوتن دەچێ، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشنای بۆ ئەو دۆخەی وڵاتەکەی تێکەوتووە دۆزیوەتەوە کە ئەویش بریتییە لە درێژەدان بەو سیاسەتانەی وا پێشتر گرتوویەتە پێش، بەڵام ناتوانێ حاشا لەوە بکات، لە ئاستی نێونەتەوەییدا تووشی ئیزۆلەبوون بووە.

ڕوون نییە ئەم هەوڵە سەمبولیکانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن یارمەتی بە دۆزی خەڵکی فەلەستین بکەن، بەڵام لە ئێستادا هەر نەبێ بتوانێ ئەو شەڕە ڕەشەکوژییە ڕابگرێ، دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی فەلەستین و تەنانەت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش. ئینکار و حاشای ماف، هەمیشە ڕێگە بە کردەوەی توندئاژۆیانە دەدات، گەر ئیسرائیل بەڕاستی بیهەوێ ئەم کێشەیە ببڕێتەوە، ئەوە چارەیەکی نییە جگە لەوەی لەجیات هاژەک، وشە و وتووێژ بەکار بێنێت.

ئەوەی لەم نێوەدا بۆ ئێمە گرنگە جیا لە چارەنووسی هەزاران کەس لە خەڵکی شەڕلێدراوی فەلەستینی، ئەوەیە کە هێشتا لە دنیای ئەمڕۆدا مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەفەرمیناسینی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەتوانێ سەرنجی ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ ئەم دانپێدانان و سەرنجانە بە کاناڵی شەڕ و وێرانیدا تێپەڕ ببێت؟!
لە پتر لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە کەوا سنوورەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە شێوەیەکی زۆرەملێ و ناڕەوا داتاشراون، ئەم کێشە و شەڕ و نەهامەتییانە بەردەوام بوون و هەتا چارەسەرێکی بنەڕەتییش بۆ بەشخوراوان نەبینرێتەوە، ئاسۆی گەیشتن بە ئاسایش لەم ناوچەدا هەروا دووردەست دەبێ. ئەم کێشانەی ئێستا هەیە بە کێشە و پرسی نەتەوەی کوردیشەوە، بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەوکاتی بریتانیا و فەڕانسە وەک براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و درێژەدانیان بەو سیاسەتانە. لە ئێستادا کە ئەم دەوڵەتانە باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەفەرمیناسینی وڵاتێک دەکەن، دەبێ بۆ ئێمەی کوردیش جێی خۆشحاڵی بێت، چون ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین زەرەرمەندانی سیاسەتی ئەوکاتی ئەوانین.

نەتەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی قوربانییەکی زۆری داوە و هێشتاش لەم ڕێیەدا بەردەوامە. ئەوەی بووەتە هۆی بەردەوامیی ئەم کێشە و خەباتانە، هەمان دابەشکردنی نازانستییانە و لەوانەشە بەئەنقەستانە بێت کە پێشتر ڕووی داوە، لەگەڵ ئەوەش ئێستاشی لەگەڵدا بێ هیچکام لە دەوڵەتانی زلهێز و تاوانبار لەم پێوەندییەدا ئاوڕێکی جددییان لەم بابەتە نەداوەتەوە. بۆیە ئێمە وەک نەتەوەیەکی بەشخوراو و مافخوراو، وەک پرەنسیپێکیش بووبێ دەبێ بە خۆشحاڵی و چاوی هیواوە بڕوانینە ئەم هاوکێشانە، لەگەڵ ئەوەشدا بە چارەسەربوونی کێشەی فەلەستین – لێرەدا دەبێ جەخت بکرێتەوە لەسەر چارەسەربوونی کێشەکە نەک پووشبەسەرکردنی، کێشەیەکی

بەرچاو و گرنگی تر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەمێنێتەوە، ئەویش کێشە و پرسی نەتەوەی کوردە. ئەمجار پرسی کورد سەرنجەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێ، کە پێویستە لە ئێستاوە و بەتایبەت لە دیاسپۆرا کاری زۆر جددیتر و لێبڕاوانەتری بۆ بکرێ.

دەبێ هیوادار بین و هەوڵیش بدەین چارەسەری کێشەکانی نەتەوەکەمان بە کەمترین تێچوو و قوربانیدان بە ئاکام بگات و هەموو ڕای گشتیی جیهان بێنینە سەر ئەو قەناعەتەی کە گەر لە ئێستادا بەئاشکرا کۆمەڵکوژ ناکرێین بەواتای نەبوونی کێشە نییە، پێویست ناکات هیچ نەتەوەیەک و کۆمەڵێکی مرۆیی بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی خۆی، حەتمەن لە خوێنا بگەوزێ هەتا سەرنجەکان و یارمەتییەکان و دانپێدانانەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

۲ی ڕەزبەری ۲۷۲۵

## ورمێ، هێمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە



لە سەردەمی ڕەزاخانی پەهلەویدا بەمەبەستی سیاسی دابەشکارییەک کرا کە لەوێدا وڵاتی ئێران بەسەر دە پارێزگادا دابەش بوو. ئەم مەبەستە بەدیاریکراوی لە پارێزگای ورمێ بەناوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پیادە کرا، لەم هەوڵەدا ویستیان بە کەڵکاوەژۆوەرگرتن لە بەتایبەت دراوسێیەتیی دوو نەتەوەی کورد و تورکی نیشتەجێ لەو پارێزگایە، تۆوی کۆمەڵێک ناکۆکیی بێبڕانەوە و درێژخایەن لەوێ بچێنن. هەتا ئەو ڕادەیەی کە لە سەردەمی ڕەزاخاندا و بە چاولێکەری لە سەفەوییەکان ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئەو پارێزگایەیان بۆ خۆراسان و پارێزگاکانی باکووری جوغرافیای سیاسیی ئێران، بەزۆرەملێ گواستەوە؛ بۆ ئەوەی لانیکەم ئەو هاوسەنگییە بپارێزن و پێش بە زۆرینەبوونی نەتەوەی کورد لەو پارێزگایە بگرن.

ئەم سیاسەتانەی پەهلەوی دەقاودەق لەلایەن کۆماری ئیسلامییشەوە پەیڕەو کراوە، هەر لەو سەردەمەوە وا تازە هاتبووە سەر کار بە دانی دەسەڵاتی ڕەها بە مەلاحەسەنی و زەهیرنژاد و... بۆ سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کورد، هەتا ئێستاش کە

ئەم سەرکوتە لە شێوەی گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامدا خۆی دەردەخات. بەدەر لەم دژایەتییە ڕەق و زەقانە بە شێوەی نەرمیش هەوڵی سڕینەوە و پەراوێزخستن هەر دەدرێ، بەپێی ئامارەکان کوردانی ئەو پارێزگایە تەنیا دوولەسەد شانسی ئەوەیان هەیە لە پۆستە گرنگە سیاسی و دەوڵەتییەکانی ئەو پارێزگایەدا بەشدار بن و خۆیان ببیننەوە.

ئێستا کە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردووەوە دەستیان لە دیمۆگرافیی ئەو پارێزگایە بە قازانجی تورکەکان وەرداوە، بەوەندەش قایل نەبوون؛ لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە بەشێک لە تورکە توندئاژۆ و دەمارگرژەکان هەر جارە و بەبۆنەیەکی نوێوە بەڵام بە یەک مەبەست دەردەکەون، ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کۆمیسیۆنێکی بەناو مافی مرۆیی و لە ڕاستی و نێوەرۆکدا دژەمرۆیی لەژێر ناوی "کۆمیسیۆنی مافی مرۆیی کانوونی وەکیلانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات" بەیاننامەیەکی بەتەواوی فاشیستی و شۆڤینیستیی دەرکردووە و لەوێدا وێڕای ئەوەی هەموو کوردانی پارێزگای ورمێ بە کوردی پەنابەر لە قەڵەم دەدات، هاوکات کۆمەڵێک تاوانی وەک "سیخوڕی" و "بەستراوەیی بە سەهیۆنیزم" لەژێر پاساوی بەخەمبوونیان بۆ تەواویەتی ئەرزیی ئێران دەداتە پاڵیان! ئەم هەوڵە نەزۆکانە تەنیا بەو مەبەستەیە سەرنجی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران ڕاکێشن و ئەو کارەیان وا لە ساڵی ٥٨ـەوە بۆیان نەکراوە، لە ئێستادا بۆ بکەن؛ ئەویش بریتییە لە نەهێشتنی کورد و سڕینەوەی کورد لە قازانجی ئەو بیرتەسکانەدا.

بەڵام کێ هەیە نەزانێ ناونیشانی سەرەکیی ئەم هەوڵانە کوێیە؟ کاتێک لە شاری تەورێز و ستادیۆمە وەرزشییەکانیدا دروشمی مەرگ و نەمان بۆ کورد دەدرێ و ئاڵای باکۆ و ئانکارا دەشەکێنرێتەوە، هەموو دەزانن سەرچاوەی ئەم کێشانە کوێیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ هەموو چالاکان و "دلواپسان"ـی سیاسیی فارس بێدەنگن و بە تەنیشت ئەم شتانەدا تێدەپەڕن؟ بڵێی ڕێککەوتنێکی نەنووسراو بێ بەڵام بە نێوەرۆکی ڕێککەوتنی سەعدئاباد؟! یانی کۆماری ئیسلامی ئامادەیە زەرەر بکات، بەو مەرجەی نەتەوەی کورد زەرەرمەندتر بێت؟ یان بواریان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی کونترۆڵکراوی نەتەوەیی لەو پارێزگایەدا بۆ دەربازبوونی خۆی لە قەیرانەکان؟!

بەداخەوە ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات بەرهەمی بیرتەسکی و توندئاژۆیی کۆمەڵێک کەسە کە لە سەرچاوەیەکی دیکەوە ئاو دەخواتەوە و گەیشتووەتە دراوسێیەتیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی زۆرتر دەبێتە هۆی بەداخبوون ئەوەیە کەوا کۆمەڵێک کەس بەناوی پارێزەری مافی مرۆڤەوە هەتا ئەم ڕادەیە لە تەوەهەومدان و تا ئەم ئاستە دژی ڕاستییەکان و باوەڕە مرۆییەکانن؛ بەڵێ ئەوەیە بەداخبوونەکە قووڵتر دەکات. ئەم کەسانە لە خەیاڵدا دەژین و توانای بیرکردنەوەی ئەوەیان نییە ڕاستییەکانی دەوروبەری خۆیان ببینن. ئەم مەڵبەندە کە ئێستا شەڕێکی نەرمی لەسەرە و دوور نییە شەڕەکە ئاراستەیەکی تر بەخۆیەوە بگرێ، سەدان ساڵە شوێنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی چەندین نەتەوە و پێڕەوانی چەندین ئایین

و ئـاییـنزای جیـاواز بـووە؛ لەبەرچـاونەگرتنی ئەم ڕاسـتییە و هەوڵـی خۆسـەپاندن لەلایەن هەر لایەک لەم ڕۆڵگێـڕ و دانیشتووانەوە، خەساری قەرەبوونەکراوی بەدوادا دێ.

ئومێـد وایە کەسـانی هەڵـکەوتە و سیاسـیی بەتـایبەتی لەنێـو نەتەوەی تـورکدا، پـێش لەوەی زۆر درەنـگ بـووبێ لەو بێدەنگییە بێنە دەر و هەڵوێستی مەعقوول و مرۆڤانە و ژیرانە بنوێنن. وەبیـر بەشێک لە خەڵکەکەیـان بێننەوە ئەو خـاکە خاکێکی هاوبەشە و سەدان ساڵە چەندین نەتەوە بەئاشتەوایی تێیدا دەژین و بەزاندنی هیچکـام لەو نەتەوانە بـۆ ئەوی دی ئیمکانی نییە و باشترین ڕێگە چارە بۆ پێشگرتن لە هەر ڕووداوێکی تاڵ و نەخوازراو، سازان و ئاشتی و تۆلەرەنسە. دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەن ورمێ کە هێمـای پێکەوەژیـانی کـورد و ئەرمەنـی و جـوو و مەسیحی و تـورک و سـوننی و شێعە و کۆرەسوننی و بەهایی و... بووە؛ هەروا بە ڕەنگاوڕەنگی و پاراستنی جۆراوجۆرییەکانی بمێنێتەوە.

١٠ی رەزبەری ٢٧٢٥

## حەوتی ئۆکتۆبر و لێکەوتەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی



دوو ساڵ بەسەر ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣دا تێپەڕ بوو، ئەو ڕۆژەی کەوا مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبیری ناکات و بە نوختەگۆڕانێکی سەرەکی دەزانێ. لەو ڕۆژەوە تائێستا ئەوە دوو ساڵە ئەو شەڕەی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە هەروا بەردەوامە و چەندین جاریش پەلی بۆ شوێنی دیکەش کێشاوە؛ لەوانە: لوبنان، یەمەن، سووریە و ئێران. هەرچەند

سەرکەوتنی ئەم خولە لە وتووێژەکانی ئاشتی مسۆگەر نیە، بەڵام زۆربەی دەوڵەتان و ڕای گشتیی جیهان بەدوای ئەوەوەن ئەو شەڕە ڕابگیرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە سەرەتای حەوتی ئۆکتۆبرەوە پێیوابوو سەرکەوتنی خێرا بەدەست دێنن و ئیسرائیل لە باشترین حاڵەتیدا لەنێو دەچێ یان هەر نەبێ تووشی شکستێکی مێژوویی دەبێ، سەرەتا و بەخشکە خۆی بە هاوبەشی ئەو ئۆپەراسیۆنە دەزانی، بەڵام جار لەگەڵ جار پاشەکشەی زیاتری پێوە دیار بوو هەتا ئەوەی لەم دواییانەدا بەتەواوی ڕۆڵی خۆی لە دەسپێکی ئەم شەڕەدا ڕەت کردەوە و ئیدیعای کرد، هیچ چەشنە ئاگادارییەکی نەبووە. جیا لەوەی ئەمە دەتوانێ لێدوانێکی چەواشەکارانە بێ، لە ڕاستیدا ئەمە لێدوانێکە لە چوارچێوەی قەبووڵکردنی شکست و زاڵبوونی ترس بەسەریاندا.

ئەگەر حەماس ویستی بەم حەرەکەتە قەزیەی فەلەستین بێنێتەوە ڕۆژەڤ و نێوانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل تێک بدات، هەتا ڕادەیەک لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بوو؛ ئەگەر ئیسرائیل ویستی بەبۆنەی ئەم شەڕەوە بزماری زلهێزبوونی خۆی لە ڕووی نیزامییەوە لە ناوچەکەدا بکوتێ، ئەویش سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەدی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟ ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی تێچوویەکی ماددیی زۆری هەبووە و چەندین ساڵە هەوڵی داوە سامانی ئێران لە بەرنامەی ناوکی و مووشەکی و پڕچەککردنی هێزە نییابەتییەکانی و هەروەها پاڵپشتیی ماددیی ئەو هێزانەی پوتانسییەلی دژایەتیی ئیسرائیلیان هەبووە، تەرخان بکات؛ بەڵام لەم دوو ساڵەدا بەردی واقعییەت و ڕاستییەکان لە سەری دراوە.

کۆماری ئیسلامی ساڵێک بەر لە حەوتی ئۆکتۆبر لەگەڵ گەورەترین و بەرینترین نارەزایەتیی مەدەنیی مێژووی دەسەڵاتداریی خۆیدا بەرەورووو بووەوە، ڕاستە توانی ئەو نارەزایەتییانە بە هێزی چەک و بەکاربردنی توندوتیژیی ڕەها سەرکوت بکات، بەڵام لەو کاتەوە تائێستا نە خۆی گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی پێش لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی و نە خەڵکی ناڕازیی ئەو وڵاتەش؛ بۆیە لەو ڕووەشەوە بە لەدەستدانی "ڕەوایی" و "ئۆتۆریتە"یەک کە پێشتر بۆ خۆی قائیل بوو، تووشی قەیرانێکی قووڵی دەسەڵاتداری بووە.

دواتریش و لەگەڵ بەرینبوونەوەی شەڕی غەززە، حیزبوڵڵا و حووسییەکانی یەمەن کە سەر بە کۆماری ئیسلامین، بەتەواوی لاواز بوون، بەتایبەت حیزبوڵڵا کە ئێستا لە بەرەبەری چەککراندایە. هاوکات لەگەڵ ئەمانە ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە وەک هاوپەیمانێکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی و لەدەستچوونی کۆریدۆری پێوەندی لەگەڵ حیزبوڵڵا لە ڕێگەی سووریەوە زەبرێکی کوشندەیتر بوو وە جەستەی دەمەومەرگی ڕێژیم کەوت. شەڕی دوازدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەی

دەرخەری دەستڕۆیشتوویی و دزەی قووڵی ئیسرائیل لە هەموو ئۆرگانە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوو، لە ڕووی نیزامیشەوە دەریخست کۆماری ئیسلامی کەوا نزیکەی نیو سەدەیە هەڵگری دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئیسرائیل و ئەمریکایە، هەتا چ رادەیەک بێتوانا و بێدەسەڵاتە لە بەرامبەریاندا و هەموو ئەو سەروەت و داراییەی بە درێژایی ئەم ساڵانە بۆ کاروباری نیزامی تەرخانی کردووە، هەتا چ ڕادەیەک بێکەلک و وڵامنەدەر بوون؛ هەر ئەم ڕاستییانە تەنانەت لەنێو لایەنگرانیشیدا تۆوی بێهیوایی و دەستەوەستانی بڵاو کردەوە.

دەسەڵاتی ناکارامەی کۆماری ئیسلامی لە پرسی ژینگە، لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەمنییەتی، دیپلۆماسی و فەرهەنگی و... تووشی دارمان بەواتای تەواوی وشە بووە، ئەم دەسەڵاتە لە هەموو ئەم بوارانەدا شکستی خواردووە و بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانێ پشتی شکاوی لەژێر داروپەردووی تێکڕووخاویدا ڕاست بکاتەوە. هاتنەوەی مکانیزمی سنەپبەک و بەشداریپێنەکردنی ڕێژیم لە هیچ کام لە وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس و کاڵبوونەوەی چاوپۆشییەکانی وڵاتانی ئورووپایی و توندبوونیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و... لە نموونە هەرە نوێکانی ناکارامەیی ئەم ڕێژیمە لە ڕووی دیپلۆماسییەوەیە، بە جۆرێک کە ئێستا بەتەواوی تەریک کەوتووە. هیچ کام لەم نیشانانە و لەم دارمانە قووڵانە بەخۆڕایی نین و بەرهەمی نزیک بە نیو سەدە دەسەڵاتی ناکارامەی ئەم ڕیژیمەیە، لە هەمانکاتیشدا گەورەترین نیشانەن بۆ ئەوەی باوەڕ بەو ڕاستییە بکەین کەوا کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە کۆتایی تەمەنی خۆی.

١٦ی رەزبەری ٢٧٢٥

---

**وەچەی ئاڵفاشمان تەیارە**



سەرچاوە
Serchawe



کاتێک سروودی "کاتیۆشا" داندرا و مەبەست لەو سرووده بەرگریکردن لە نیشتمان لە بەرامبەر فاشیستاندا بوو، ڕەنگە کەمتر کەسێک بیری لەوە کردبێتەوە ئەم سرووده دەبێتە سروودێکی جیهانی و نزیکەی سەدەیەک دواتریش لە زمانەکانی تردا درێژە بە ژیانی دەدات، بەڵام فاشیزم و داگیرکاری لە شێوازی جۆراوجۆردا بەردەوامە و ئەم سروودەشی هەرماو کردووە؛ ئەو سروودەی گیانی بەرخۆدان و نەچەمین و هیواداریبە.

دەقی سروودەکە بە زمانی ڕووسییە و لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشوودا لەلایەن "شاسوار جەلال سەعید" ناسراو بە شەهید ئارام، یەکێک لە سکرتێرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە وەرگێڕراوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە ناوی "ڕێی خەباتمان" دەناسرێتەوە. نیو سەدە پاش لەدایکبوونی ئەم سرووده بە زمانی کوردی، لەو دیوی سنوورە دەسکردەکانەوە منداڵانی خوێندنگەیەک لە شاری جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو جوانڕۆیەی لە پاییزی ١٤٠١دا و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، بە دەستی بەتاڵ بووە "ستالینگراد"ێک و هێزی فاشیستیی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی دابوو، یەکدەنگ لە بەرامبەر فاشیستاندا هاوار دەکەن؛

"ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێت
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لا نادەین
ئێمە بۆ مردنیش ئامادەین"،

**پەیامی سەرەکییەکەی ڕوونە:** دەڵێن هەرچەندە لەمەی کە ئێستاش هەیە دۆخەکە ئەستەمتر بێت، ئەو ڕێیەی گیراوەتە بەر، بەر نادرێ هەتا ئەو ڕۆژەی بەری پێ دەدرێ.

هەر ئەم ڕاشکاوییە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تووڕە کردووە و لە بەرامبەردا پەنای بردۆتە بەر تاکە تاکتیکەکەی واتە نەهێشتن و وەلانان، بۆیە لە درێژەی سیاسەتی وەدەرنان و لاکارلادانیدا خاتوو "زەیتوون کۆهزادی"، بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیەی جوانڕۆی لەسەر کار لاداوە و لە پیشەی مامۆستایەتی دەری کردووە. ئەو تاکتیکەی کەوا پێشتریش و لە پێوەندی لەگەڵ هەزاران کەسی تێکۆشەری تریشدا زۆری بەکار هێناوە، بەڵام کەسیان بیر لەوە ناکەنەوە گەر بەناو ڕێکارەکەیان کاریگەر بووایە، دەبوو هیچ هەوڵێکی لەم چەشنە هەر ئاسەواریشی نەمابا! چونکە پێشتریش مامۆستای قوتابخانەکانیان دەرکردووە و وەلایان ناون، چونکە پێشتریش گەردنی شەهید "فەرزادی کەمانگەر"یان وەک مامۆستایەکی پەروەردەکەر بە پەتی سێدارەوە کردووە، ئەدی بۆ کەس "پشتی لە هۆنراوە و ئاواز و لەیلاکان و خەونەکانی هەڵ نەکردووە"؟

هەر لە شاری جوانڕۆ دوابەدوای ئەوەی ئەو حوکمی دەرکردنە، کە باشترە بڵێین ئەو میدالی شانازییەیان کردە ملی ئەو مامۆستا نیشتمانپەروەرە، لە خوێندنگەیەکی تری ئەو شارە بۆ یەکەم جار جلوبەرگی فەرمیی خوێندنیان کردە جلوبەرگی کوردی، ئەویش بەمەبەستی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان.

بۆیە ئەوەی هاوار دەکەن:

**"لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لا نادەین" تەنیا دروشمێک نییە و بەڕاستی ئەو کۆمەڵگە وشیار و لەسەرهەستە نایەوێ هیچ کات لەو ڕێ پیرۆزە، کە ئەنجام و ئاکامەکەی گەیشتن و گەیاندنی نیشتمان بە ئازادی و دادپەروەرییە، لا بدات.**

کوردستان بە واتای تەواوی وشە کۆڵ نادات و ئەمەی سەلماندوە. زۆر دوور ناکەوینەوە و ناچینە دڵی مێژووەوە هەر باس لە دوێنێی نیشتمان دەکەین کە نەوەی زێد، شەقامەکانی کوردستانی ئازاد کرد، ئەوا ئەمڕۆ لە نەوەی زێدیش تێپەڕی کردووە و نەوەی ئاڵفاشمان تەیارە و بە وزەیەکی نوێترەوە پێی ناوەتە ئەم مەیدانەوە؛ کوردستان هەموو چین و توێژی و هەموو وەچە و نەوەیەکی گڕی نەورۆز و شۆڕشی پێیە و ئەم گڕەی بە داییساوی هێشتۆتەوە.

بەشی دووهەم

باسی شەهید ئارام کرا لەگەڵ ئەوەی دەبێ بۆ جەختێکی زیاتر بڵێین گەر نەهێشتن وڵامدەر بووایە، ئێستا پاش نیو سەدە لە نەهێشتنی ئارام، وا وەچەی زێد و ئاڵفا پیت و وشەکانی ئەویان لەبەر نەدەبوو و نەیاندەوتەوە،

پێویستە ئەو کۆپلە هۆنراوەیەی بۆ یادی شەهید ئارام وتراوە بیهێنینەوە و گەشبین بین بە هەموو ئارامەکانی نیشتمان:

"دە با فاشییەکان بزانن
وا ئێستاکە لە کوردستانی ئاراما
لە کوردستانی قەتماغە و کێڵگەی زاما
هەر دەوەنە و بن تاشەبەردی چیایە
سەنگەرێکە و قوتابخانەی دروستبوونی ئارامێکی تری تیایە".

٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئازادیی ئەندێشە، قوربانیی هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تاران




لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی نوێی دەسبەسەرکردن و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەتا دوایی کۆمەڵگەی ئێران، ئەم جار بەدیاریکراوی هێرشیان کردووەتە سەر چەندین ڕووناکبیر و نووسەر و توێژەر. "هێمن ڕەحیمی"، نووسەر و وەرگێڕ، "مەهسا ئەسەدوڵلانژاد"، نووسەر و وەرگێڕ، "شیرین کەریمی"، نووسەر، "پەرویز سداقەت"، نووسەر و توێژەری بواری ئابووری، "محەممەد ماڵجوو"، ئابووریزان، "ڕەسووڵ قەنبەری"، توێژەری بواری کۆمەڵایەتی، لەو کەسانەن کەوا هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە هێرشکردن بۆ سەر ماڵەکانیان وێڕای ئەوەی دەستیان بەسەر کەلوپەل و کتێب و موبایل و...دا گرتووە، خۆیشیان دەستبەسەر کردوون.

ئەمە یەکەم جار نییە لە مێژووی وڵاتی ئێراندا نووسەر و توێژەر و وەرگێڕ و بەگشتی توێژی ئاگابەخشی ئەو کۆمەڵگەیە بکەونە بەر پەلاماری دامودەزگا سەرکوتکەرەکان، هەر لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان نموونە لەبەردەستە، کەسانی وەک: "میرزادەی عیشقی"، "فەڕڕوخیی یەزدی"، "خوسرەو گوڵسورخی"، "سەعید سوڵتانپوور" و... لەو کەسە دیارانەن کەوا بەبۆنەی هزر و پێنووسیانەوە لەلایەن دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی ئێرانەوە بەفەرمی زیندانی کراون و گیانیان لێ ئەستێنراوە. ئەمە جگە لەوەیە کە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە زیندان کراون یاخود بە هەموو شێوەکان خراونەتە

ژێر گوشار و هەوڵ دراوە زمان و پێنووسیان ببڕن. کۆماری ئیسلامی بەوەش ڕازی نەبووە وێڕای ئەوەی دەیان نووسەر و تەنانەت خوێنەری ڕۆژنامە دژبەرەکانی خۆی لە دەیەی شەستدا ئێعدام کردووە، لە دەیەی حەفتاشدا زنجیرە تێرۆرێکی وەڕێ خست و لە ئاکامی ئەو تێرۆرانەدا چەندین شاعیر و نووسەر و توێژەری بەتوانای وەک: "محەمەد موختاری"، "محەممەدجەعفەر پوویەندە"، "ئەحمەد میرعەلایی" و "حەمید حاجیزادە" و هتدی تێرۆر کرد.

دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە هەوڵیان داوە دەست بەسەر بواری زانیاری و ئاگایی کۆمەڵگەدا بگرن، ئەگەر سانسۆریان بۆ لواوە سانسۆریان کردووە، ئەگەر زیندانیکردنیان بۆ لواوە زیندانییان کردووە، ئەگەر پێیان وابووە بە کوشتن دەتوانن کێشەکەیان ببڕنەوە ئەوە دەستیان داوەتە کوشتن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە "کێشە"ی ئاگایی کۆمەڵگە لەسەر خۆیان لابەرن.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی ڕەوایی خۆی لەدەست داوە، لە وێژمانسازیدا تووشی شکست و بێمایەیی بووە، هێرشی کردووەتە سەر ئەو کەسانەی وا دەزانێ لەو هەژاریی وێژمانەی وا بەسەر دەسەڵاتەکەیدا زاڵ بووە ڕۆڵیان هەبووە، بۆیە هیچ هزرێکی ڕەخنەگرانە و زانیاریبەخش و وەئاگاهێنەر تەحەممول ناکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور بەبۆنەی دووی نۆڤامبرەوە "ڕۆژی جیهانیی کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی لە بەرامبەر تاوانکاری بەدژی ڕۆژنامەنووسان" لیستەیەکی لە دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٥دا بڵاو کردەوە. بە وتەی ئەم ڕێکخراوە ئەو کەس یا دامەزراوانەی وا ناویان لەو لیستەدا هاتووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووسیی سەربەخۆ و مافی دەسڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان لە خەڵک زەوت دەکەن و لە شێوازی وەک کوشتن، گرتن، ناوزڕاندن، بانگەشە، گوشاری ئابووری و ئەرتەشی سایبێری کەڵک وەردەگرن. لەم لیستەدا دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی بەسەر پێنج بواردا دابەش کراون کە بریتین لە سیاسەت، ئەمنیەت، ئابووری، یاسا و کۆمەڵگە؛ لە بەشی سیاسەتدا "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەک سیاسییەکی دوژمنی ئازادیی چاپەمەنی ناوی هاتووە.

هەرچەند ئەم ڕاستییە نابێتە هۆی ڕسوایی لەوە زیاتری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەوا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی سانسۆر و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی زانیاریی ڕاستەقینە دەدات و لە ڕاستیدا ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی دنیایە بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی دەروەست.

دەبێ لەبیرمان بێ ئەم سەرکوتانە تەنیا لە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیاسیدا نابێ قەتیس بکرێن و دەبێ لەو ڕووەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئەمە نیشانەیەکە لە شکستی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئەندێشە و هزردا، ئەمە لە ڕیزی گەورەترین هێماکانی سەلمێنەری دۆڕانی ستراکتۆری ئیدئۆلۆژیکیی کۆماری ئیسلامییە، سەرکوت هەرگیز بە واتای ئێقتدار و دەسەڵاتداری نییە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە نیشانەی ترس و لاوازییە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ ڕەنگە لە کورتماوەدا کپکردنی ئەم دەنگە ناڕازی و ڕوونکەرەوانە بتوانێ کەشێکی ترس بڵاو بکاتەوە، بەڵام بێگومان لە درێژماوەدا ئەوە سەرکوتە شکست دەخوات و ئەوە سەرنێزەکانە دەشکێن و نامێنن، نەک پێنووس و هزر.

١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

## قەیرانی ئاو و قەیرانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی



ئەوە چەند ساڵێکە ئێران تووشی قەیرانی کەمئاوی و بێئاوی بووە، بەشێکی بەرچاو لە رووبار و تالاوەکان لەو وڵاتەدا وشک بوون. ورمێ و کاروون و گاوخوونی و هاموون و... لەو سەرچاوە ئاوییە گرنگانەی نێو ئێران بوون کە ئێستا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن. کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن بەشێک لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئێران بەتەواوی کۆتاییان پێ هاتووە، تەنانەت ئەم کێشە و قەیرانانە هەتا ئاستێک چووە کە دەنگۆی چۆڵکردنی تارانیش دەبیسرێ.

ئەم کێشەیە بێگومان بۆ بێبارانی و کەمبارانی ناگەڕێتەوە و ئەمە تەنیا بەشێکی بچووک لە کێشەکەیە، بەڵکوو رۆڵی هەرە سەرەکی لەم نێوەدا دەگەڕێتەوە بۆ مودیریەتی ئاو لە درێژەی ئەم چەند دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەم بەناو مودیریەتە ناکارامەیە زۆر لەمێژە پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە و لە مودیریەت و بەرێوەبەرییەکی پرکەموکووڕی دەرچووە و ئێستا وەک مافیای ئاو دەناسرێ. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانیان بە چاوی دەسکەوت و غەنیمەت لە هەموو سەرچاوە و کانزایەکی ئەو وڵاتە دەڕوانن و هەر باند و دەستە و کەسێکیان دەستی بەسەر بەشێکدا گرتووە.

ئەوەی بە مافیای ئاو دەناسرێ لە ئێراندا بریتییە لە تۆڕێکی بەربڵاو لە کەسانی کارفرما و سیاسی کەوا بڕیاربەدەستیشن و ئەوان دیاری دەکەن لەسەر کام رووبار بەنداو ساز بکرێ و ئاوی کوێ بۆ کوێ بەرن و کوێ وشک بکرێ و بە کوێ بفرۆشرێ. لێرەدا باسێک لە کۆنترۆڵی ئاو نییە، بەڵکوو باس لەسەر سوود و قازانجی تاکەکەسی و ناوچەییە. ئەوەی لە ئێستادا و لە پێوەندی لەگەڵ ئاودا دەکرێ، جیا لە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە سروشتییە وەل ئامرازی دەسەڵاتداری، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە. بەو واتایەی کەوا بۆ نموونە ئاوی کوردستان بەرەو ئازەربایجانی رۆژهەڵات و ناوەندە پیشەییەکانی تەورێز بەڕێ دەکرێ، ئاوی عەرەبستان دەدزرێ بۆ ئیسفەهان و ناوەندە پیشەییەکان و بەرنامەی مووشەکی و ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هەر ئەم ڕاستییەیە کە بەشێک لە چاودێرانی سیاسی و چالاکان و کارناسانی بواری ژینگەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەوەی لە ئێراندا لە پیوەندی لەگەڵ سەرچاوەکان و بەتایبەتی ئاودا ڕوو دەدا، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی ژینگەییە کە بە قازانجی نەتەوەیەک زیان بە نەتەوەکانی تر دەگەیەنێ.

لە هەمان کاتدا ئەم دەسوەردانە لە ژینگە و سروشت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی تریش دەبێ و هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتووە، بۆ نموونە بە وتەی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، ٧٠ لەسەدی دەشتەکانی ئێران ڕۆ چوون؛ بۆیە ئەم دزی و تالانانە لەگەڵ ئەوەی بوونەتە هۆی بازرگانییەک بۆ کەسانێکی دەسەڵاتدار و


سەرچاوە
Serchawe

سەرهەڵدانی نایەکسانییەکی هەرە بەرچاو، لە هەمان کاتدا هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیکیشی تێک داوە. ئەم کێشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی بەرچاو لە بازرگانانی ئاو هەمان چاودێرانی بواری سیاسەتی ئاویی ئەو وڵاتەن.

لە ئێستادا ئاو دابەش و جیرەبەندی کراوە و بێ ئاگادارکردنەوە ئاو لەسەر خەڵک دەبڕن و تەنانەت نێو زانکۆکانیشی گرتووەتەوە و خۆشۆردنیش بووەتە نۆرەیی! هەتا چەرخی ئەم دەسەڵاتە و دەستی مافیاکانی بجووڵێ و سیاسەتە ناوەندگەرا و ڕەگەزپەرستانەکەی بەردەوام بێ، ئەم قەیرانە قووڵ و قووڵتر دەبێتەوە؛ بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بە هەر قەیرانێک و لەوانەش ئەم قەیرانە گرنگ و سەرەکییە پێویستە کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهێنرێ، چون هەتا بمێنێ زیانە قەرەبوونەکراوەکانی زۆرتر دەبن.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

## ٢٥ی نۆڤامبر؛ دەرفەتێکە بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی دەسەڵات و نەریتی دواکەوتووانە



٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانە. ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕۆژە یاد دەکەینەوە کە زۆربەی ژنان لە ئاستی جیهان و بەتایبەت لە ئاستی ناوچەییدا هێشتا لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان دوورن و بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕۆژانە دەکەونەبەر توندوتیژیی چەندلایەنە. لە بەرەبەری ٢٥ی نۆڤامبری ئەمساڵدا، چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان لەبارەی پێشێلکردنی مافی ژنانەوە بڵاو کردەوە. بەپێی ئەم ئامارە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ١١٠ حاڵەتی ژنکوژی، ٦٣ حاڵەتی دەستدرێژی، ٩ حاڵەتی ئەسیدپڕژاندن و دەیان حاڵەتی دیکەی توندوتیژیی سیستەماتیک دژی ژنان ڕوویانداوە؛ بێگومان وەک هەمیشە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەم ئامارە ناتوانێت دەرخەری هەموو ئەو حاڵەتانە بێت کە ڕوویانداوە و بەدڵنیاییەوە زۆر زیاتر ڕوویانداوە و تۆماریش نەکراون.

مەبەست لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بردنەسەری ئاستی تێگەیشتوویی کۆمەڵگە و هێنانەخوارەوەی ڕێژەی قوربانییانی دەستی ئەم نائاگاییەیە. بەداخەوە و سەرەڕای هەوڵی زۆری چالاکانی ئەم بوارە لە ئێراندا، نەک تەنیا ئەم ئامارانە بەرەو کەمبوونەوە نەچوون، بەڵکوو زیاتریش بوون و ڕەهەندی توندوتیژانەتریشیان بەخۆ گرتووە. لە ساڵی ١٤٠٣دا، ١٨٠ کوشتن بەناوی نامووس لەو وڵاتەدا ڕوویداوە. لەم نێوەندەدا، دەسەڵاتی پیاوسالاریی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا ڕێکارێکی یاسایی گونجاو ناگرێتەبەر، بەڵکوو یاساکانی ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەوەی پیاوان بەئاسانی بتوانن دەستبدەنە کوشتنی ژنانی ژیانیان. ماددەی ٦٣٠ی یاسای سزای ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی، شایەتێکە لەم بارەیەوە کە دەستی پیاوانی بۆ ژنکوشتن ئاوەڵا هێشتووەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بەهۆی بوونی یاسای لەم شێوەیە و باری پەروەردەی ئایدیۆلۆجی و نەبوونی پەروەردەی سەردەمیانە و... دەستی لەو کوشتن و توندوتیژییانەدا هەیە، بە شێوەی ڕاستەوخۆش توندوتیژی دژی ژنان بەکاردێنێت؛ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، سزا و زیندان و لێدانی قامچی و لەسێدارەدانی ژنان و... لەو نموونانەن کە دەلالەت لەسەر توندوتیژبوونی سیستەماتیکی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان دەکەن.

ئەم ئامارانە لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە سەرسوڕهێنەرن. لە کوردستاندا، وەک بەهەق جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، ژنان بە دوو شێوەی ڕەگەزی و نەتەوەیی دەچەوسێنرێنەوە و دەکەونەبەر توندوتیژی، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چینایەتییشەوە هەمان چارەنووسی تاڵیان هەیە و ساڵانە بە دەیان حاڵەت ڕوودەدەن کە تێیاندا ژنانی هەژاری کورد بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە کاری تاقەتپڕووکێن و نائەمنی جۆراوجۆر دەکەن کە زۆر جار ژینگەی کارەکانیان دەبێتە هۆی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

نیگەرانیی بەردەوامیان و تەنانەت ڕوودانی دەستدرێژی لەلایەن خاوەنکار و هاوکارانیانەوە، کە پێویستە ئەم حاڵەتانەش لە شاراوەیی بێنەدەرەوە و بە بەڵگەنامە بکرێن.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا، کە بەبۆنەی ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بڵاویکردووەتەوە، لانیکەم ۳۰ حاڵەتی ژنکوژی و ۲۳ حاڵەتی دەستبەسەرکردنی ژنانی بەهۆی چالاکیی مەدەنی و سیاسییەوە تۆماریکردووە. ژنانی کورد لە ئێراندا، لەلایەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی تاسەر ئێسقان دژەژن و پیاوسالار بەرەوڕوون و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ کۆمەڵێک نەریتی دژەژنانەی کۆمەڵگەی کوردستان، کە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵدایە، بەرەوڕوون.

هەر بۆیە لەسەرمانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و یاساکانی مەحکووم دەکەین، دەبێت هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەکەشمان کە زیانی قەرەبوونەکراو بە ژنان دەگەیەنێت، مەحکووم بکەین و هەوڵ بۆ نەمان و نەهێشتنیان بدەین، تاوەکوو لەم بارەیەوە هاوبەشیی تاوان بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێڵینەوە. وەک چۆن کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە سەرمەشقێکە بۆ هەموو ئێران، دەبێت لەم بارەیەشەوە ببێتە سەرمەشق، با چیتر شایەتیی ژنکوشتن و توندوتیژی بەرانبەر ژنان لە کوردستان و لە ئێران و لە هیچ کوێیەکی جیهاندا نەبین.

٥ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

---

**ئازادیی ڕاگەیاندن، ئازادیی کۆمەڵگەیە**



سەرچاوە
Serchawe




ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی سەرماوەز، ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر دۆخی ئازادیی ڕاگەیاندن لە ئاستی جیهاندا بڵاو کردەوە. لەم ڕاپۆرتەدا بۆ یەکەم جار هۆشداری دراوە کەوا ئازادیی ڕاگەیاندن لە "دۆخێکی بەگشتی دژوار"دایە.

لەم ڕاپۆرتەدا جەختێکی زۆر لەسەر دۆخی ناسەربەخۆی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەنکاران لە ڕووی ئابوورییەوە کراوەتەوە، کە ئەم ڕاپۆرتە پێی وایە ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنەکان بکەونە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتە سیاسی و سەرمایەدارییەکان و لە سەربەخۆیی نووسین دوور بکەونەوە.

ئەمە تاکە کێشەی میدیاکاران نییە، هەر لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە لە یەک ساڵی ڕابردووی زایینیدا ٦٧ ڕاپۆرتنێر کوژراون کە ئیسرائیل بە کوشتنی ٤٣٪ی ئەوانە یەکەمە و ئەرتەشی ڕووسیەش بووەتە هۆی کوژرانی چوار لەسەد لەو میدیاکارانە.
لە ئێرانیش ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێران وەک ساڵانی پێشوو لە دۆخێکی نالەباردان. هەر لە ١٢ی بانەمەڕی ئەمساڵدا لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا کە باس لە ئازادیی ڕاگەیاندن بوو، ئێران لەنێو ١٨٠ وڵاتدا پلەی ١٧٦ی بەدەست هێنابوو، کە ئەمە نیشانەیەکە لە سەرکوتێکی سیستماتیک و بەردەوام کەوا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ دەکرێ. لە ڕاپۆرتەکەی ١٨ی سەرماوەزیشدا ئێران وەک یەکێک لە گەورەترین بەندیخانەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران دەناسرێ و لەم ڕیزبەندییەدا پلەی حەوتەمی بەدەست هێناوە.

دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە ئەم ئامارە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا بەفەرمی ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرن و ئەندامی "خانەی مەتبووعات"ـی ئێرانن، دەنا دەیان ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری سەربەخۆمان هەیە کە لەژێر گوشاری سەرکوتەکانی کۆماری ئیسلامیدان و ناویان لە هیچ ڕاپۆرتێکیشدا نەهاتووە. سەرەڕای ئەوە بە دەیان چالاکی مەدەنی و سیاسی هەن کە هەوڵ دەدەن هەواڵی کەموکووڕی و هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی و دۆخی نالەباری ژیان و ژینگەی خەڵکی ئەو وڵاتە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگوازنەوە، بەڵام هەر بەو هۆیە و لەژێر تۆمەتی پرۆپاگاندا بەدژی ڕێژیم دەستبەسەر دەکرێن و ناویشیان وەک هەواڵنێرێکی دەستبەسەرکراو تۆمار ناکرێ؛ بۆیە ئەم ئامارەش وەک زۆربەی ئامارەکانی تر ناتوانێ دەرخەری تەواوی ئەو دۆخە بێ کەوا کاروباری ڕاگەیاندن لە وڵاتی ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتەر و دەستتێوەردەر لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانی خەڵکدا، هەمیشە هەوڵی داوە دەست بەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بگرێ و یەکێک لەو ڕێگایانەی ئەوە بووە پێش بە ئاڵوگۆڕی ئازادانەی هەواڵ و زانیارییەکان بگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش وێڕای ئەوەی لە پێداویستییەکانی بەردەستی خۆی وەک ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنە حکوومەتییەکان و بەرنامەڕێژیی و بەرئاوەژوونیشاندانی ڕاستییەکان کەڵکی وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا دەستی داوەتە سەرکوتی ڕەق و ڕەهای هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسان و بە لەسەرکارلادان و گرتن و کوشتنیان هەوڵی داوە پێش بە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی ڕاستەقینە بگرێ.

هەرچەندە کۆماری ئیسلامی وەک باس کرا لە هیچ ڕوویەکەوە لەسەر سەرکوتی ئەم توێژە ئاگاییبەخشە درێغی نەکردووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوی دەنگیان کپ بکات و نەیتوانیوە پێش بە گواستنەوەی ئاگایی و زانیارییەکان بگرێ. ئەوەی ئێمە بەتایبەت لەم ساڵانەی ڕابردوودا و لە ڕەوتی ناڕەزایەتیدەربڕینەکاندا شایەدی بووین ئەوە بووە کە سەرەڕای پچڕاندنی تۆڕی ئینتەرنێت، گرتن و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران و هەڕەشەوگوڕەشەی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی، هەر هەبوون ڕاگەیەنکارانێکی دەروەست کەوا سەرەڕای هەموو زەبروزەنگەکان هەموو مەترسییەکیان بە گیان کڕیوە و باقیی خەڵکی ئەو وڵاتەیان لە ڕووداوەکان ئاگادار کردووەتەوە؛ تەنانەت ئەوە هەتا ڕادەیەک بووە کە ململانێی نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامییش لە خەڵک شاراوە نەماوەتەوە و ئەو ڕێژیمە نەیتوانیوە سەرەڕای هەموو سەرکوتەکانی پێش بە دزەی زانیارییەکان بگرێ و تەنیا پەڵەیەکی ڕەشی بۆ ماوەتەوە کە بە نێوچاوانی ئەم ڕێژیمەوەیە و هەتا مێژوو مابێ ناسڕێتەوە.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## لەلای ئەوان مرۆڤی شیعەی فارس‌زمان تەوەری سەرەکییە




لەم ڕۆژانەدا هەواڵێک بڵاو بووەوە کە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. لەو هەواڵەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە: «بەپێی داتاکانی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن دامەزراوەی "کینگز کۆلێژ"ـی لەندەنەوە کراوە، وڵاتی ئێران پلەی یەکەمی لە ڕەگەزپەرستیدا بەدەستهێناوە».

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە ئاماژەی پێ دەکرێت، داتاکان بە شێوەی ڕاپرسیی مەیدانی کۆکراونەتەوە و ئێران بە ڕێژەی ٤٢٪ وەک یەکێک لەو وڵاتانە دەستنیشان کراوە کە زۆرترین ڕێژەی ناپەسەندکردنی دراوسێی کۆچبەر یان کرێکارانی بیانییان هەیە.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئامارانە، هەواڵنێرانی کۆماری ئیسلامی زۆر بەخێرایی و بە شێوەیەکی بەرگریکارانە هەوڵیان دا ئەم داتایانە ڕەت بکەنەوە و گومانیان خستە سەر ڕاستیی ئەم ئیدیعایە. لە هەمان کاتدا، هێرشێکی پێچەوانەیان دەست پێ کرد بۆ سەر بریتانیا و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە و ئەوانیان بە «ماکەی ڕەگەزپەرستی» تاوانبار کرد. بەڵام ئەگەر

ئێمە بە دیدێکی بابەتییانە و بە پشتبەستن بە فاکتە مێژوویی و هەنووکەییەکان ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین، دەبینین کێ ڕاست دەڵێت و واقیعەکە چییە.

بۆ نموونە، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا، ڕۆژنامەی «شەرق» کاردانەوەیەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی وڵاتی شیلی بڵاو کردەوە. لەو نووسینەدا، وێڕای هەوڵدان بۆ سپیکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەرکوت و جینایەتی جەنەراڵ ئاگۆستۆ پینۆشە، پێشوازییەکی ئاشکراش لە بەرنامەکانی «خۆسێ ئەنتۆنیۆ کاست»ی ڕاستڕەوی توندڕەو کرا، بەتایبەت لە بوارەکانی دژی کۆچ و کۆچبەری. کاست لە بەرنامەکانیدا باسی لە بنیاتنانی دیواری بەرز و هەڵکەندنەوەی قووڵکەی بەرین دەکات بۆ ئەوەی کۆچبەران ـ بەتایبەت لە وڵاتانی ڤەنیزوێلا و پیرۆ ـ نەتوانن بگەنە ناو شیلی. ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێت: «ئێمە ژیان بۆ پەنابەران ئاسان ناکەینەوە، بەڵکوو ژیانیان لێ تێک دەدەین»
.
ئەم پەیامە دژەمرۆییە، لەلایەن ڕۆژنامەی شەرق ـ کە نزیکە لە باڵە ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامی ـ بە ناوی «مشتی ئاسنین» و «سیاسەتی بەهێز» ستایش دەکرێت.

ئەم دووفاقییە بێڕەگ نییە. کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا بە تێکەڵەیەک لە کولتووری ئایینی - ناسیۆنالیستی، درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەی سیستەمە ناوەندگەراکانی پێش خۆیەتی؛ واتە سەفەوی، قاجار و پەهلەوی. لە بیرۆکەی باڵادەست و سیستەمی فکریی ئەم دەوڵەتانەدا، «مرۆڤی شیعەی فارس» لە سەرووی هەموو پێکهاتەکانی ترەوە دانراوە و باقی نەتەوەکان وەک پاشکۆی ناوەند سەیر کراون. ئەرکیان تەنیا خزمەتکردن و پاراستنی سنوورەکان بووە بۆ ناوەند.

ئەم ئایدیۆلۆژیایە وای کردووە نەتەوەکانی تر بێبەهرە و پەراوێزخراو نیشان بدرێن؛ وەک ئەوەی هونەر، شارستانییەت و مێژوو تەنها تایبەت بە فارس بێت. ئەم جۆرە ڕوانینە خۆبەزلزانە، بەشێکە لە ناخۆدئاگای کولتووری سیاسیی زاڵدا.

سەیرەکە لەوەدایە کە ئێستا لە وڵاتانی وەک بریتانیا، کەنەدا و وڵاتە پێشکەوتووەکانی دیکە، بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان ـ زۆربەیان لە پێکهاتەی باڵادەست ـ دەژین و مافی پەنابەرییان وەرگرتووە. بەڵام هەمان ئەم کەسانە زۆرجار خۆیان لە ڕیزی حیزبە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی ئەو وڵاتانە دەبیننەوە و دژی سیاسەتە پەنابەرخوازەکان چالاکی دەکەن. ئەوان لە کاتێکدا داوای ماف و ئاسایش بۆ خۆیان لە ڕۆژئاوا دەکەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە لە وڵاتەکەی خۆیان پتر لە چل ساڵە ملیۆنان کۆچبەری ئەفغانستانی دەژین؛ نە تەنها مافی هاووڵاتیبوونیان پێ نەدراوە، بەڵکوو لە زۆرترین دۆخی نادادپەروەری مرۆییدا ژیانیان بەسەر دەبەن.

هەر لە مانگەکانی ڕابردوودا بینیمان چۆن سەدان هەزار ئەفغانستانی بەوپەڕی بێڕێزی و زۆرەملێ دەرکران. لە درێژایی ئەم ساڵانەشدا، میدیا و سیستەمی فەرمیی وڵات ئەوانی وەک هۆکاری سەرەکیی نائەمنی، دزی، بێکاری و گرانی ناساندووە. ئەمە بریتییە لە سیاسەتی «مشتی ئاسنین» و ئەو عەقڵییەتەی کە بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا زاڵە.

کاتێک لە میدیا و ئەدەبیاتی فەرمیدا «بەلووچ» وەک هێمای تێرۆریزم و قاچاخ وێنا دەکرێت، «تورک» بە کەمئاوەز دەناسێنرێت، «عەرەب» بە دواکەوتوو و دەعباخۆر پێناسە دەکرێت، و لوڕ و گیلەک و کورد و نەتەوەکانی دیکە بە پلەدوو لە قەڵەم دەدرێن؛ لە بەرامبەریشدا فارس وەک داهێنەری بێڕکابەری مێژوو و نووسەری یەکەمین مەنشووری مافی مرۆڤ بە خەڵک دەفرۆشرێت.

لەو بارودۆخەدا، هیچ سەیر نییە ئەگەر دامەزراوەیەکی دەرەوە یان ناوەندێکی توێژینەوەیی ئامارێکی وەها بڵاو بکاتەوە. لە ڕاستیدا، ئەوە تەنها گواستنەوەی ئەزموونی تاڵی ژیانی نەتەوە ژێردەستەکانە لە ناو ئەو جوگرافیا سیاسییەدا کە دەسەڵاتەکەی لەسەر بنەمای سڕینەوە و پەراوێزخستنی «ئەوانی دی» دامەزراوە.

٤ی بەفرانباری ٢٧٢٥

---

## "٩ی دەی" لە ڕۆژێکی حکوومەتییەوە بووە ڕۆژێکی خەڵکی

بەشی دووهەم





### هەردی سەلیمی

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا زنجیرە ناڕەزایەتییەک لە چەند شارێکی ئێراندا سەری هەڵداوەتەوە، ئەم ناڕەزایەتییانە بە بیانووی دابەزینی بایەخی تمەن لە بەرامبەر دراوە بیانییەکاندا و هەروەها نەبوونی سەقامگیری لە بازاڕی دراودا سەرەتا لە بازاڕی موبایلی تارانەوە دەستی پێکرد و دواتر بۆ چەند شار و ناوچەیەکی تریش گواسترایەوە. ئەمە یەکەم خۆپیشاندانی بەربڵاوە کە لەو ئاستەدا و لەدوای شەڕی دوازدە ڕۆژەوە بەڕێوە دەچێت.

بەردەوام و بەدروستی لەسەر ئەو ڕاستییە جەخت دەکرێتەوە کەوا لەدوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە، خەڵکی نیشتەجێ لە ئێراندا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هەنگاویان ناوە،

ئێستا لە پاش شکستەکانی هێزە پرۆکسییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە و شکستی ئەمنیەتی-نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئیسرائیل و کاراکردنی میکانیزمی سناپبەک، کۆماری ئیسلامییش هەمان کۆماری ئیسلامی نییە و دۆخی ئەمڕۆی لە دوێنێی شڕترە.

کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی سپای پاسدارانی سەر بەو ڕێژیمە لەدوای ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ و بۆ دژکردەوە بەرامبەر بەو ناڕەزایەتییە خەڵکییانە، ژمارەیەک لایەنگری خۆیان کۆ کردەوە و لە ڕێکەوتی ٩ی مانگی بەفرانباردا مانۆڕێکیان پێ لێ دان، ئەو ڕۆژەیان لە ڕۆژژمێرە حکوومەتییەکاندا بە "حەماسەی ٩ی دەی" ناو برد، ئێستا لە ساڵیادی ئەو ڕۆژە حکوومەتییەدا سپای پاسداران بەیاننامەیەکی بڵاو کردووەتەوە و لەوێدا دیسان هەڕەشە لە خەڵکی نارازی دەکات و ناڕەزایەتییە ئیحتمالییەکان بە "ئاژاوە" ناو دەبات و بەڵێن دەدات پێشوەختە سەرکوتیان بکات.

وەک وتمان نە کۆماری ئیسلامی هەمان کۆماری ئیسلامیی یەک ڕۆژ پێشتریەتی چ بگات بە دە پازدە ساڵ پێشترەکەی، نە ئەو خەڵکەش هەمان خەڵکن؛ دەسەڵات لاوازتر بووە و تەنانەت هێزی دژە شۆڕشیش لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا مانگرتنیان بەڕێوە برد، لە بەرامبەردا خەڵکیش ڕادیکاڵتر بوون و داواکارییە ئابوورییەکانیشیان زۆر بەخێرایی شیفت دەبێت بۆ داواکاریی سیاسی و هەروەها دروشمی وەک "بمرێ دیکتاتۆر" و... جێی ئەو دروشمانە وا پێوەندییان بە گرانی و هەڵاوسانەوەیە دەگرێتەوە. بۆیە ئەو هەڕەشانەی سپای پاسداران چیی تر هەڕەشەی مەترسیدار نییە و ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییەکانیش سووکایەتیکردنێک بەو هەڕەشەوگوڕەشانەیە و ئەم ڕۆژە بەناو مێژووییەی کۆماری ئیسلامییش مۆرکی خەڵکی لێ درا و خەتێک کێشرا بەسەریدا. خەڵک پێش لەوەی ناڕەزایەتی دەست پێبکەن هەمان چاوەڕوانییان لە سپا هەبووە، مادام ڕژاونەتە سەر شەقام بەو واتایە کەوا نەترساون.

کۆماری ئیسلامی لە چەندین زەلکاوی جۆراوجۆردا چەقیوە و دەرچوونی لەو زەلکاوانە زۆر زەحمەتە گەر نامومکینیش نەبێت کە هەیە. ئەم ڕێژیمە هەر جارە و لە هێورکەرەوەیەکی کاتی دەگەڕێ، بەرنامە و توانای دەربازبوونی لەو قەیرانانە بەتایبەت قەیرانی ئابوورییەکەی نییە، بۆ نموونە: بە وەڕێخستنی شەپۆلێک توانی بەشێکی زۆر لە خەڵک و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی خۆیشی لەگەڵ ویستێک بەناوی دەرکردنی ئەفغانستانییەکان ئەویش لەژێر ناو و هەشتەگی "داواکاریی نیشتمانی"دا لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەشێکی زۆریش لەوانەی وا پێشوازییان لەم بانگەوازە کرد و وا ڕێک خرا کە خەڵک بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندوویانە، پێیان وابوو بە وەدەرنانی کۆمەڵێک مرۆڤی خەڵکی ئەفغانستان ئەوە کێشە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە لەوانە بێکاری چارەسەر دەبێت! بەڵام وەک بینیمان کێشەکان قووڵتر بوونەتەوە؛ ئەمە نموونەیەک بوو لەو هێورکەرەوانە.

لە ئێستادا زانکۆکانیش کە هەر لە سەرەتای ئەمساڵی خوێندنەوە کۆمەڵێک ویستی پیشەییان هەبوو کە دەچووە خانەی خۆشبژێوی و ویستی پیشەییەوە، لەگەڵ دەسپێکی ئەم نارەزایەتییانە ویستەکانیان قووڵتر و ڕادیکاڵتر هێناوەتە سەر شەقام و بە خەڵکی کاسبکارەوە پەیوەست بوون. گەر توێژ و سنف و چینەکانی تریش هاوکات ئەم داواکارییانەیان زەق بکەنەوە، ئەوا کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی قەیرانێکی نوێتر و جددیتر دەکەنەوە. ڕاستە نارەزایەتییەکانی ئەم چەند ساڵە لە ئێراندا کاتی بوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێ لەبیرمان بچێت چارەسەرەکانی کۆماری ئیسلامییش هەر کاتی بوون و هەر لە خانەی سەرکوتدا جێیان گرتووە.

لەبیرمان بێت ئەم گرانییە هەوسارپچڕاوەی ئەم جارە و ئەو هەڵاوسانەی وا ئێستا هەیە، تەنانەت بە قازانجی فرۆشیارانیش نییە و ناتوانێ وەک پێشوو و لە ڕێی ئیحتکار و... سوودێکی ئەوتۆ بەو فرۆشیارانە بگەیەنێت، بەڵکوو ئەم دۆخە بەتەواوی بازاڕ لە پێ دەخات و ئاڵوگۆڕی دراو و مامەڵە دەوەستێنێ، هەر بۆیە ئەم جارە بازاڕییەکان لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکاندان.

"ئانتۆنیۆ گرامشی" لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەوا کاتێک سیستمی کۆن بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێ، ئەوە بەستێنێک بۆ سەرهەڵدانی سیستمی نوێ سەر هەڵدەدات، بەڵام بۆ گەیشتن بەو سیستمە نوێیە پێویستمان بە خەبات و تێکۆشانێکی وشیارانە و ئاگامەندانەیە. ئێستای ئێرانی کۆماری ئیسلامی ئەو کاتەیە کە بەستێنی سەرهەڵدانێکی سیستمێکی جیاوازتر لەو سیستمەی ئێستای ڕێژیم ئامادەیە و ئیتر کۆماری ئیسلامی و شێوازی دەسەڵات و شوناسی ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ وەڵامدەر و بەردەوام بێت؛ ئێستا ئەو کاتە لەبارە مێژووییەیە.

١٠ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe